# ڕۆڵی ئافرەت
# لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی
# لە باشووری کوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١

پەرژین جەعفەر ڕۆستەم ئۆمەربلی

لە بڵاوکراوەکانی دەستەی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان
هەولێر-٢٠٢٣

**ناوی کتێب:** ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا ١٩٥٨-١٩٩١

**توێژەر:** پەرژین جەعفەر ڕۆستەم ئۆمەربلی

**دیزاینی بەرگ و ناوەڕۆك:** دیار سەعید پیرانی

**سەرپەرشتی چاپ:** مستەفا نەجم فەیلی

**ساڵی چاپ و شوێن:** ٢٠٢٣-هەولێر

**چاپ: یەکەم**

**چاپخانە: دانیشفەڕ**

**تیراژ: ١٠٠٠ دانە**

**لە بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان/ هەرێمی کوردستان ژمارەی سپاردنی (٦٩٢) ساڵی ٢٠٢٣ی پێدراوە.**

ئـەم پەرتووكـە لـە بنەڕەتـەوە وەك بەشـێك لـە پێداویسـتییەكانی بەدەسـتهێنانی بڕوانەمـەی ماسـتەر لـە مێـژووی نـوێ و هاوچەرخـدا، لـە لایـەن پەرژیـن جەعفـەر ڕۆسـتەم ئۆمەربلـی بەكالۆریـۆس لـە مێـژوو- زانكـۆی سـەلاحەدین-هەولێر و بـە پلـەی نایـاب لـە لایـەن لێژنـەی گفتوگـۆی نامەكـە پەسـەند كـراوە، پێشكەشـی ئەنجوومـەنی كۆلێـژی ئاداب-زانكـۆی سـەلاحەددین-هەولێر كـراوە.

پێشکەشە:

بە گیانی پاکی خوشک و برا شەهید و جینۆسایدکراوەکانم

(زەینەب، سەراب، فاتیمە، تارق، ئیدریس)

هەواڵنامەی کتێب

# پێرست


پوختە.......................................................................................................١١

پێشەکی ......................................................................................................١٣

دەروازە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئافرەتان لە باشووری کورستان ١٩٤٥-١٩٥٨......................٢١


## بەشی یەکەم


ڕۆڵی ئافرەتان لە پارت و بزووتنەوە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان ١٩٥٨-١٩٩١ .....٤٩


### تەوەری یەکەم


ڕۆڵی ئافرەتان لە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان ١٩٥٨-١٩٧٥ .......................٥١

١- حزبی شیوعی عێراق.....................................................................................٥١

٢- پارتی دیموکراتی کوردستان...............................................................................٦٣


### تەوەری دووەم


ڕۆڵی ئافرەت لە پارتە سیاسییەکان ١٩٧٦-١٩٩١ ..........................................................٨٠

١- حزبی شیوعی عێراق.....................................................................................٨٠

٢ـ پارتی دیموکراتی کوردستان..............................................................................٩٠

٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان ...........................................................................٧٩

٤ـ حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان..........................................................١٠٨

٥ پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)......................................................................١١٣

٦ـ ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان...............................................................١١٥

٧ـ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان .......................................................................١٢١


## بەشی دووەم


ڕۆڵی ئافرەتان لە بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان..........................١٢٣


### تەوەری یەکەم


بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ١٩٥٨-١٩٧٥...................................١٢٥

١- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ............................................................................١٢٥


هەواڵنامەی کتێب

٢- كۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتانی عێراق (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية)..١٤٥
٣- بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراق ...................................................١٥٩

تەوەری دووەم

كۆمەڵە و ڕێكخراوەكانی ئافرەتان لە باشووری كوردستان ١٩٧٥-١٩٩١.........................١٦٦
١ـ یەكێتی ئافرەتانی كوردستان......................................................................١٦٦
٢ـ كۆمەڵەی ئافرەتانی كوردستان....................................................................١٧٠
٣ـ ڕێكخراوی لەیلا قاسم ..............................................................................١٧٣
٤ـ یەكێتی ژنانی كوردستان............................................................................١٧٦
٥_ ڕێكخراوی پێشەنگی ئافرەتانی كوردستان ......................................................١٧٩

بەشی سێیەم

ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەكداری و چالاكیە نێودەوڵەتییەكان ..............................١٨٣

تەوەری یەكەم

ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەكداری ١٩٦١-١٩٩١......................................................١٨٥

تەوەری دووەم

ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە چالاكیە نێودەوڵەتییەكان ..........................................٢٠٨

تەوەری سێیەم

هەڵوێستی حكومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی ئافرەتان لە باشووری كوردستان ١٩٥٨-١٩٩١...................................................................... ٢٢٤
ئەنجام ......................................................................................................٢٥١
لیستی سەرچاوەكان......................................................................................٢٥٥
پاشكۆكان ..................................................................................................٢٨٧
بەڵگەنامە...................................................................................................٢٨٧
وێنەكان......................................................................................................٣٥١

هەولێرنامەی كتێب

## لیستی هێما و ناوە کوتکراوەکان

| | |
|---|---|
| **کوردییەکان** | |
| ئا | ئامادەکردنی |
| چ | چاپ |
| ل | لاپەرە |
| ژ | ژمارە |
| بە | بەرگ |
| ب | بەش |
| چ | چاپ |
| و | وەرگێر |
| ب.ش | بێ شوین چاپ |
| ب.س | بێ ساڵی چاپ |
| پ.د.ک | پارتی دیموکراتی کوردستان |
| ی.ن.ک | یەکێتی نیشتیمانی کوردستان |
| ی.ئا.ک | یەکێتی ئافرەتانی کوردستان |
| ژ.ک | کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد |
| ی.ق.ك | یەکێتی قوتابیانی کوردستان |
| **عەرەبیەکان** | |
| ع | العدد |
| ص | الصفحة |
| مج | مجلد |
| ط | طبعة |
| ت | ترجمة |
| د.ت | دون تاريخ الطبع |
| غ.م | غير منشور |
| د.س | بدون سنة |
| ج | جزء |
| **ئینگلیزییەکان** | |
| page | p |

هەواڵنامەی کتێب

# پوختە

خەباتی ئافرەتان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستاندا لە دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ لە عێراق، بەشێوەیەکی کاریگەر لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان توانییان لە ساڵی ١٩٥٨ تاکو ١٩٧٥ ڕۆڵی دیار و گرنگ ببینن، دوای دەستپێکردنی شۆڕشی ئەیلول لە ١١ی ئەیلولی ١٩٦١ چالاکییەکانی ئافرەتانی سەر بە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بە شێوەیەکی نهێنی کارەکانیان بەڕێوەدەبرد و دوای کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ ئەو ڕەوشە سیاسییە نائارام و توندوتیژە دژی چالاکییەکانی ئافرەتان ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی گرتەوە و چەندین ئافرەت ڕووبەڕووی گرتن و ئەشکەنجە و دوورخستنەوە بوونەوە.

خەباتی ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکاندا بە نهێنی بە شێوەیەکی کاریگەر تا ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەردەوام بوو و دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەکە چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا بەردەوام بوو، بەڵام بەهۆی ڕێککەوتننامەی جەزائیر ساڵی ١٩٧٥ چالاکییەکانیان وەستا، تەنها چالاکی ئافرەتانی سەر بە حزبی شیوعی نەبێت کە تا ساڵی ١٩٧٩ بە ئاشکرا بەردەوام بوو.

دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش و دامەزراندنی چەندین پارت و بزووتنەوەی سیاسی لە باشووری کوردستان وەک یەکێتی نیشتیمانی کوردستان و بزووتنەوەی سوشیالیستی و حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان و پارتی گەل و ڕەوتی ئیسلامی، چالاکی ئافرەتان لە چوارچێوەی ئەو ڕێکخستنانە بە شێوەیەکی نهێنی لە هەموو ناوچەکانی باشووری کوردستان ئەنجام دەدرا.

ئافرەتانی کورد لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٥٨ تاکو ١٩٩١ جگە لە ڕێکخستنەکانی پارت و بزووتنە و ڕەوتە سیاسییەکان، لە چەندین ڕێکخراوی ئافرەتان چالاکی هەمە جۆریان نواندووە کە ئەوانەش ڕێکخراوەکانی سەر بە پارتە سیاسییەکانی

باشووری کوردستان بوون، وەک ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و یەکێتی ژنانی کوردستان و کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان و ڕێکخراوی پێشەنگی ئافرەتانی کوردستان. لەم ماوەیەدا توانیان بە شێوەیەکی نهێنی ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر لە ناو کۆمەڵگای کوردستان ببینن، لە ڕێکخستنی ئافرەتان و هۆشیارکردنەوەیان و تێکەڵبوونیان بە خەباتی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە باشووری کوردستان.

ڕۆڵی ئافرەتان جگە لە خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی لە بواری خەباتی چەکداری ڕۆڵێکی دیار و بەرچاویان بینیوە، کە بۆ ئەو قۆناغەی خەباتی شۆڕشگێری بە یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی گەلی کوردستان دادەندرێت، ئەمە سەرەڕای ئەو چالاکییانەی کە لە سەر ئاستی دەرەوە بینیویانە بە تایبەتی لە ڕێگای بەشدارییان لە کۆبوونەوە و کۆنفراسەکان کە لە وڵاتانی دەرەوە بەڕێوەدەچوون و هاتنی شاندەکانی ئافرەتانی جیهانی بۆ کوردستان و دروستبوونی ئاشنایەتی لەگەڵ ئافرەتانی کوردستان، کە ئەمەش هانگاوێکی گرنگ بوو بۆ بەرەوپێشبردن و ناساندنی خەباتی ئافرەتی کورد لە کوردستاندا.

ئەم ڕۆڵە کاریگەرەی کە ئافرەتانی کورد لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی بینویەتی لە ساڵانی ١٩٥٨ تاوەکو ١٩٩١، یەکێک بووە لەو هۆکارە گرنگانەی کە حکومەتە یەک لەدوای یەکەکانی عێراق سیاسەتێکی توندوتیژ بەرامبەر ئافرەتانی ناو بزووتنەوەی سیاسی لە باشووری کوردستاندا بگرێتەبەر، وەک گرتن و دوورخستنەوە و دەرکردن و پەلاماردان و ئەشکەنجە و کوشتن و تیرۆرکردن و لەسێدارەدان. ئەمەش بەڵگەیە لەسەر ئاستی کاریگەری ئافرەت لە خەباتی سیاسی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا. ئەو ڕەوشە سیاسییەش تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام بوو.

# پێشەکی

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ ڕەوشێکی سیاسی نوێ لە تەواوی عێراق هاتە ئاراوە و ڕەخساندنی بواری کاری ئاشکرای پارتە سیاسییەکان و ڕێکخراوە جەماوەرییەکان قۆناغێکی تازەی لە ژیانی سیاسی عێراقدا هێناکایەوە، باشووری کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگ لە عێراق لە کاریگەری ئەم پەرەسەندنە سیاسییانە بەدەرنەبوو بەهەمان شێوەی ناوچەکانی تر چالاکییە سیاسییەکان تیایدا بە شێوەیەکی ڕێکخراو دەستیپێکرد.

هەڵبژاردنی توێژینەوە: ئافرەتان وەک بەشێکی سەرەکی و کاریگەری کۆمەڵگا لە باشووری کوردستان، لە دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز و ڕابوونی سیستەمی کۆماری لە عێراق، ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی لە باشووری کوردستان دەبینن بە بەراورد لەگەڵ سەردەمی پاشایەتی لە عێراق (١٩٢١-١٩٥٨) کە چالاکییەکانیان لە ئاستێکی پێشکەوتوو نەبوو. دەرکەوتنی ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتە سیاسییەکان بە تایبەتی لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کوردستان، قۆناغێکی نوێی خەباتی سیاسی ئافرەتانی هێناکایەوە. پەرەسەندنە سیاسییەکانی باشووری کوردستان لە دوای ساڵی ١٩٧٥ چەندین گۆڕانکاری لە خەباتی سیاسیدا بەدوای خۆیدا هێنا، بە تایبەتی دەرکەوتن و دامەزراندنی چەندین پارت و بزووتنەوەی سیاسی کوردستانی وەك یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حزبی سۆشیالیستی دیموکراتی کوردستان، پارتی سۆسیالیستی کورد- (پاسۆك)، ڕەوتە ئیسلامیەکان، حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان، ئافرەتان لەنێو ڕێکخستنەکانی ئەم پارتانەشدا بە ڕێژەی جیاواز ڕۆڵ و بەشدارییان هەبووە. ئەم چالاکییانە تاوەکو ساڵی ١٩٩١ بەچەند قۆناغێك تێدەپەڕێت، بەڵام بەردەوامی بەخۆیەوە دەبینێت.

گرنگی توێژینەوە: گرنکی ئەم توێژینەوەیە لەوەدایە کە جەخت لە سەر ڕۆڵی

ئافرەتـان لـە چالاکییـە سیاسـییەکان لەو ماوەیـەدا دەکاتەوە کە تاوەکو ئێسـتا بەشـێوەیەکی تایبـەت لـە هیـچ توێژینەوەیەکـی ئەکادیمیـدا کاری لەسـەر نەکـراوە و بەدەرخسـتنی ڕۆڵی ئـەو ئافرەتانـە کـە لـە قۆناغـی ئاشـکرا و نهێنـی توانیویانـە داکۆکـی لـە مافـە نەتەوەیـی و چینایەتیـەکان بکـەن، بۆیـە هەردوو خەباتیان تێکەڵ بەیەکتر کردووە لە پێناو بەدەسـتهێنانی مافـە نەتەوەییەکانـی کـورد، ئەمـە سـەرەڕای ئـەو چالاکییـە هەمەجۆرانـەی لە سـەر ئاسـتی دەرەوەش ئەنجامیـان داوە کـە ئامرازێـك بـووە بـۆ ناسـاندنی خەبـاتی ئافرەتـانی کوردسـتان.

ئامانجـی توێژینـەوە: جگـە لـە ئەنجامـدانی وەک کارنامەیەکـی زانکۆیـی لـە هەمانکاتـدا قوڵبوونەوەیەکـی زانسـتییە بـە مێـژووی ئافرەتـانی کوردسـتان و ڕۆڵ و کاریگەرییـان لـە کایە سیاسـی و ڕێکخراوەییەکانـدا لـە باشـووری کوردسـتان، دەرخسـتنی پێگـە و ڕۆڵیـان لـە نـاو پـارت و بزوتنـەوە سیاسـییەکان، هەروەهـا ئاشـنا کـردنی نـەوەکانی کـورد بـەم خەباتـەی کـە ئافرەتـانی کـورد ئەنجامیـان داوە لـە پێنـاو سەرخسـتنی پرسی نەتەوەیـی و داکۆیکـردن لـە خەبـاتی چینایـەتی و نیشـتیمانیدا.

ڕێبـازی توێژینـەوە: بـۆ نوسـینی ئـەم توێژینەوەیە هەوڵدراوە سـوود لە ڕێبازی (وەسـفی و کرۆلۆنـۆژی مێژوویـی) بە پشـت بەسـتن بە سـەرچاوە و بەڵگەنامـەکان و چاوپێکەوتنەکان ببەسـترێت، بـە تایبـەتی ئەوانـەی هاوچەرخـی ڕووداوەکانـن و لـەو بابەتانـەی پێویسـتی بـە ڕوونکردنـەوە هەبـووە هەوڵـدراوە شـێوازی شـیکاری تێدا بـەکار بێت.

گرفتەکانـی توێژینـەوە: هەمـوو توێژینەوەیـەك کۆمەڵێـك گرفـت بـۆ توێـژەر دروسـت دەکات، گرفتەکانـی ئـەم توێژینەوەیـە نەبوونـی سـەرچاوەی نـووسراوی پێویسـت لەبارەی ڕۆڵـی ئافـرەت لـە کایەی سیاسـی و ڕێکخراوەییـدا بەتایبەت دەربارەی ڕۆڵیان لە ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان، بۆیـە هەوڵـدراوە ئـەم گرفتـە تـا ڕادەیـەک بـە هـۆی چاوپێکەوتنـەکان لەگـەڵ ئـەو ئافرەتانـەی کـە ڕۆڵیـان بینیـوە لـە کاری سیاسـی و ڕێکخراوەییـدا چارەسـەر بکرێـت. نەنوسـینەوەی یاداشـتەکان یەکێکـی تـرە لـەو گرفتانـەی ڕووبـەڕووی توێـژەر بووەتـەوە بـە تایبـەتی دەربـارەی خەبـات و چالاکـی ئـەو ئافرەتانەی کـە لە ژیـان نەماون و یاداشـتەکانیان تۆمـار نەکـردووە، کـە بتواندرێـت وەك سـەرچاوەیەکی ڕەسـەن سـوودی لـێ ببینرێـت. هەروەهـا بەهـۆی هەڵوێسـتی ئـەم پارتـە سیاسـیانە بەرامبـەر هەندێـك لـەم ئافرەتانەی کە ڕۆڵیـان هەبـووە ئامـادەی چاوپێکەوتـن و خسـتنەڕووی زانیارییەکان نەبوون، بەشـێکیتر لەو

هەواڵنامەی کتێب

ئافرەتانە بەهۆی زۆری تەمەنەوە ڕووداوە گرنگەکانی سەردەمی خۆیان لەبیرچووەتەوە، کە ئەمەش گرفتێکە بۆ نووسینەوەی توێژینەوەیەکی لەم جۆرە. یەکێکی دیکە لەو گرفتانەی ڕووبەڕووی توێژەر بووەتەوە گەڕان بووە بە دوای سەرچاوەکاندا، نەبوونی ئەرشیفێکی ڕێکوپێك و دەوڵەمەند لەلایەن ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و تۆمار نەکردنی مێژووی ڕێکخراوەکەیان بەشێوازێکی زانستییانە، لەگەڵ ئەوەشدا پارتە سیاسییەکانیش وەك پێویست بایەخیان بە ئەرشیفکردنی ڕۆڵی ئەو ئافرەتانە نەداوە، کە لە خەباتی سیاسی و چەکداریدا بەشدارییان کردووە، هەروەها ڕاگەیاندنەکانیش وەك پێویست چالاکی و ڕۆڵی ئافرەتان و ڕێکخراوەکانیان لە هەواڵ و ڕاپۆرت و وتارەکانیاندا ئاماژەپێنەکردووە.

ناوەڕۆکی توێژینەوە: ئەم توێژینەوەیە پێکهاتووە لە پێشەکی و دەروازە و سێ بەش و بە ئەنجام و لیستی سەرچاوەکان و پاشکۆیەک لە بەڵگەنامەکان کۆتایی دێت.

دەروازە بریتییە لە کورتەیەکی مێژوویی سەبارەت بە ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئافرەتان لە باشووری کوردستاندا لە ۱۹٤٥-۱۹۵۸. بەشی یەکەم ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەتان لە پارت و بزووتنەوە سیاسییە کوردستانی و عێراقیەکان ۱۹۵۸-۱۹۹۱) لە خۆدەگرێت، لە دوو تەوەر پێکهاتووە، تەوەری یەکەمیان، تایبەتە بە ڕۆڵی ئافرەتان لە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقیەکان ۱۹۵۸-۱۹۷۵، تەوەری دووەمیان، باس لە ڕۆڵی ئافرەتان لەناو پارتە سیاسییەکان لە ۱۹۷۵-۱۹۹۱ دەکات. بەشی دووەم، بە ناونیشانی (ڕۆڵی ئافرەتان لە بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان) لە دوو تەوەر پێکدێت، تەوەری یەکەمیان، بە ناونیشانی بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ۱۹۵۸- ۱۹۷۵، تەوەری دووەمیان، کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە باشووری کوردستان ۱۹۷۵-۱۹۹۱. بەشی سێیەم بە ناونیشانی ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەکداری و چالاکییە دەرەکییەکان و هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر بە خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان کە بۆ سێ تەوەر دابەشکراوە، تەوەری یەکەمیان، ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەکداری لە ۱۹٦۱-۱۹۹۱، تەوەری دووەمیان، بەشداری و چالاکی ئافرەتان لە چالاکییە دەرەکییەکان، تەوەری سێیەمیان، هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان ۱۹۵۸-۱۹۹۱. دەرەنجامی توێژینەوەکە بە شێوەی خاڵبەندی خراونەتەڕوو، هەروەها لیستی سەرچاوەکان بەپێی جۆری سەرچاوەکان ڕێکخراون.

شیکردنەوەی سەرچاوەکان: ئەو سەرچاوانەی لەم توێژینەوەیەدا سوودی لێوەرگیراوە چەند جۆرێکن و بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی نوسراون، بەپێی گرنگی سەرچاوەکە سوودی لێوەرگیراوە بۆ ئەم توێژینەوەیە کە بریتین لە بەڵگەنامەکان، کتێب، ڕۆژنامە، گۆڤار، چاوپێکەوتن.

١- **بەڵگەنامەکان:** سوود وەرگرتن لە بەڵگەنامەکان بۆ نوسینی هەر توێژینەوەیەکی مێژوویی پێویستییەکی زانستییە، ئەو بەڵگەنامانەی کە لەم توێژینەوەیە بەکار هێنراون دابەش دەبن بۆ دوو جۆر:

أ- **بڵاونەکراوەکان:** ئەو بەڵگەنامانەن کە لە ئەرشیفەکانی پارتە سیاسییەکان و کەسایەتیە سیاسییەکان و ئەرشیفی پارێزگای هەولێر، کە هەندێکیان لە شێوەی ڕاپۆرتەکانی دەزگا هەواڵگریەکانن دەربارەی هەندێ لەو ئافرەتانەی کە جموجۆڵ و چالاکی سیاسییان هەبووە، هەروەها بەشێکیان تایبەتن بە لیستەکانی ناوی ئەو ئافرەتانەی گیراون و دوورخراونەتەوە و ئەوانەی پەیوەندییان بە پارتە سیاسییەکان کردووە، چەند بەڵگەنامەیەکیش تایبەتن بەجێبەجێ کردنی حوکمی لە سێدارەدان بۆ ئەو ئافرەتانەی گیراون.

ب_ **بڵاوکراوەکان:** جۆری دووەم لە بەڵگەنامە بەکارهاتووەکانن ئەو بەڵگەنامانەن کە بڵاوکراونەتەوە و سودی هەبووە لە پڕکردنەوەی ئەو بۆشاییانەی کە بەڵگەنامە بڵاونەکراوەکانیش پڕیان نەکردۆتەوە، ئەوانەش لە شێوەی کتێب بڵاوکراونەتەوە یان لە گۆڤار و ڕۆژنامەکان وتوێژینەوەکان خراونەتەڕوو بۆ نموونە:

٢- **چاوپێکەوتنەکان:** لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیە چاوپێکەوتنەکانیش بە سێ جۆر سودیان لێوەرگیراوە، یەکەمیان: ئەو چاوپێکەوتنانەن کە توێژەر بۆ ئەم نامەیە ئەنجامی داوە لەگەڵ ئەو کەسانەی هاوکاتی هەندێ لە ڕووداوەکان بوون کە ژمارەیان زۆرن بۆ نموونە (وەزیرە پیرداود قادر، کوردستان پیرداود قادر، پەخشان عبداللە زەنگەنە، شوکریە حەمەدئەمین، نازەنین عوسمان حەسەن، شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سەبریە مام ئەحمەد، چیمەن حەسەن عبداللە، ئەنجوم عبداللە زوهدی، جەمیلە سابر قادر، ڕووناك شێخ جەناب)، جۆری دووەمیان توێژەر لە ڕێگای تەلەفۆنەوە لەگەڵیان ئەنجامی داوە کە لە

دەرەوەی وڵاتن کە ژمارەیان کەمە وەک (خانم مەحمود محەمەد "خانم زوهدی"، جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئافتاو عەزیز عەلی، سوهەیلە حەسەن وەیس، جەلال دەباغ، سامیە شاکر صادق "چاوشلی"، جۆری سێیەمین ئەو چاوپێکەوتنانەن کە بەشێوەی تۆمارکراو توێژەر بەکاریهێناون.

٣- **نامە زانکۆییەکان:** هەر وەك پێشتر باسمان لێوە کرد ڕۆڵی ئافرەتان گرنگی پێویستی خۆی پێنەدراوە لە توێژینەوە ئەکادیمییەکان، بەڵام هەندێك لە نامەکانی ماستەر کە تایبەتن بە ڕۆڵی ئافرەتان لە سەردەمەکانی پاشایەتی و کۆماریدا تا ڕادەیەك توانرا سودیان لێوەربگیرێت، وەك نامەی هەورین عەلی تۆفیق بە ناونیشانی (ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی کۆیە ١٩٥٨-١٩٩١ / توێژینەوەیەکی (مێژوویی- زارەکی)یە، نامەی صبیحة ابراهیم صالح، بەناونیشانی (دور المرأة في الحياة السياسية والاجتماعية والثقافية في محافظة دهوك ١٩٩١-٢٠٠٣) رسالة ماجستير (**غيرمنشور**)، جامعة الموصل، كلية الأداب/ قسم التاريخ، ٢٠٢٠.

٤- **کتێبەکان:** بەشێکی سەرەکی لە سەرچاوە بەکارهاتووەکان لەم توێژینەوەیەدا بریتین لە کتێبەکان کە بە زمانەکانی کوردی و عەرەبی و ئینگلیزی سوودیان لێ بینراوە، بۆ نموونە چەند کتێبێک دەخەینەڕوو کە سودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە لەوانە کتێبی (کورتەیەك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان هەندێك لە بیرەوەرییەکانم)ی درەخشان جەلال حەفید کە خۆی یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و لە ناو بەشێك لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە بووە، کتێبی (مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد)ی ڕووخۆش عەلی ئەم کتێبە هەر چەند بەشێوازێکی زانستی نەنوسراوەتەوە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە چاوپێکەوتنی تێدایە لەگەڵ ئەو ئافرەتانەی بەشداربوونە لەو سەردەمەدا لە نێو کایەی سیاسی و ڕێکخراوەییدا سوودی زۆری لێبیندراوە.

هەروەها کتێبی (بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد)ی مسعود بارزانی بە تایبەتی بەرگی سێیەم، ئەو کتێبە سوودی زۆری بە توێژینەوەکە گەیاندووە، چونکە

نووسـەر کارەکتەرێکـی سـەرەکی نـاو ڕووداوە سیاسـی و حزبییـەکان بـووە و ئـاگاداری زۆربـەی ڕووداوەکان بـووە و لـە زۆربـەی بابەتەکانیـش پشـتی بـە بەڵگەنامەکان بەسـتووە، (ڕۆڵـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ژنـی کـورد لـە باشـووری کوردسـتان ١٩٢١- ١٩٥٨)ی بەشـدار عومـەر قەرەنـاوی، (رابطـة المـرأة العراقيـة- ١٩٥٢- ١٩٧٥)ی ذکـری عـادل عبدالقـادر کـە وەك سـەرچاوە زۆر بەکارهێنـدراوە، چونکـە مێـژووی دامەزرانـدن و ڕۆڵـی ئـەو ڕێکخراوەی بەشـێوازێکی زانسـتییانە تۆمارکـردووە.

٥- **ڕۆژنامـە و گۆڤـارەکان:** بەشـێك لـەم سـەرچاوانەش بریتین لـەم گۆڤـار و ڕۆژنامانەی کـە هاوکاتـن لەگـەڵ ڕووداوەکان لەوانـەش ڕۆژنامەکانی (التآخی، خەبـات، هاوکاری، ژیـن، برایەتـی، ڕێـگای کوردسـتان) کـە ڕۆژانـە ڕووداوەکان تێیـدا بڵاوکراونەتـەوە، بەشـێك لـەو ڕۆژنامانـە بایەخیـان بـە چالاکییەکانـی ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان داوە. بـە تایبەتـی ڕۆژنامـەی (التآخـی) سـەرجەم کار و چالاکییەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانی بڵاوکردۆتـەوە.

٦- **وتـار وتوێژینـەوە:** جۆرێکـی تر لە سـەرچاوەکان بریتین لەو وتـار و توێژینەوانەی کە بـە زمانـی کـوردی و عەرەبـی لـە گۆڤـار و ڕۆژنامەکانـدا بڵاوکراونەتـەوە و توانـدراوە سـودیان لێوەربگیرێت، بەڵام هەندێکیان پێویسـتیان بە پشت ڕاستکردنەوەی زانستی لـە ڕێـگای بەڵگەنامـە یـان سـەرچاوە ڕەسـەنەکان هەیـە، هەروەهـا بـە هەمانشـێوە سـەبارەت بـە هەندێـك لـە بابەتەکانی کە لـە بڵاوکـراوە حزبییـەکان بڵاوکراونەتەوە.

هـەر چەنـدە کارێکـی لـەم جـۆرە هەڵبـەت بـێ تێبینـی و کەموکـوڕی نابێـت، بـەڵام دەکرێـت بـە کارێکـی زانسـتییانەی نـوێ دەربـارەی مێـژووی خەبـاتی ئافرەتـان لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی لـە باشـووری کوردسـتاندا وەربگیرێـت، چونکـە تـا ڕادەیەکـی زۆر هەوڵـدراوە کـە ڕاستییە مێژووییـەکان بـە ڕەچاوکردنـی ڕێبازی زانسـتی لە نوسـینەوەی مێـژوو تۆماربکرێـت و توێـژەر تـا ڕادەیەکـی زۆر پێیـەوە پابەنـد بـووە. لـە کۆتاییـدا هیـوادارم ئـەم کارنامەیـە قۆناغێکـی گرنگـی لـە نوسـینەوەی مێـژووی خەبـاتی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی کوردسـتان پڕکردبێتـەوە.

**پەرژین جەعفەر حاجی ڕۆستەم**

**توێژەر**

هەواڵنامەی کتێب

هەواڵنامەی کتێب

## دەروازە

## ڕۆڵ و چالاکییەکانی ئافرەتان لە باشووری کورستان ۱۹۴۵-۱۹۵۸

دوای کۆتایی هاتنی جەنگی دووەمی جیهانی ۱۹۳۹-۱۹۴۵ ڕەوشی سیاسی لە باشووری کوردستان چەند گۆڕانکارییەکی بە خۆوە بینی، کە خۆی لە دامەزراندنی پارت و ڕێکخراوە سیاسییەکان و چالاکی جەماوەری فراوان دەبینییەوە، هەروەها هەر لەم ماوەیەدا بە هۆی ڕێگەپێنەدانی حکومەت بۆ دامەزراندنی هیچ پارتێکی کوردی (کوردستانی) بەشێوەیەکی ئاشکرا، شێوازی پێکهێنان و ڕێکخستنی پارتی سیاسی بە شێوەی نهێنی قۆناغێکی گرنگی بە خۆیەوە بینی[1]. بەم جۆرە چەند پارت و کۆمەڵەیەکی سیاسی دامەزران کە ڕەنگدانەوەی پێکهاتەی ئابوری و کۆمەڵایەتی و فکری کۆمەڵگای کوردستان بوون، کە لە چوارچێوەی ڕەوتی نەتەوەیی و کۆمۆنیستی دەرکەوتن و لە بواری تێکۆشاندا ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆشنبیران و ڕوناکبیران و کرێکاران و جوتیاران بەبیروبۆچوونە جیاوازەکانیانەوە ڕێکخران[2]. سەبارەت بە خەباتی سیاسی ئافرەتان لە باشووری کوردستاندا دوای دامەزراندنی پارتە سیاسییەکان لە چوارچێوەی ئەو پارتانە ڕێکخران، هەرچەندە لە ساڵانی ۱۹۴۵-۱۹۵۸ ڕۆڵی ئافرەتان لە چالاکییە سیاسی و ڕۆشنبیری و جەماوەرییەکان لە ئاستێکی بەرز دەرناکەوێت، بەڵام دەکرێت بووترێت ئەو ماوەیە بە قۆناغێکی تازە لە ڕۆڵ و پێگەی ئافرەت لە چوارچێوەی خەباتی سیاسی و ڕێکخراوەیی دوای جەنگ دادەنرێت.

دەرکەوتنی ڕۆڵی ئافرەتان لە ڕێکخستەکانی پارت و کۆمەڵە سیاسییە نهێنییەکان بە یەکێك لە تایبەتمەندییەکانی خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی قۆناغی دوای جەنگ دادەندرێت، بە

---

(۱) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسییەکانی کوردستانی عێراق ۱۹۴۵-۱۹۵۸، سەنتەری لێکۆڵینەوەی ستراتیجیی کوردستان، سلێمانی، ۲۰۰۵، ل۵۵.

(۲) هەمان سەرچاوە، ل۵٦.

تایبەتی لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق و پارتی دیموکراتی کورد[١] کە خۆی لە چالاکییەکانی ڕێکخستن ومانگرتن وخۆپیشاندانەکان دەبینییەوە[٢]. هەر چەندە خراپی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و نەریتە زاڵبووەکانی سەر کۆمەڵگای کوردی بەرامبەر بە ئافرەتان ڕێگربوون لە بەشداری و دەرکەوتنی ڕۆڵیان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا، بەڵام سەرەڕای بەربەستەکانیش چەندین ئافرەت لەم بوارەدا ڕۆڵی پێشەنگ و کاریگەریان لە ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستاندا بینیوە[٣] وەك (ناهیدەی شێخ سەلام[٤]، خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، ساکینە سلێمان، سامیە شاکر صادق (مەشخەڵ)، فەریدە یونس، ڕەمزیە نادر، سنۆبەر ئیسماعیل نصرالله، خەدیجە مستەفا محەمەد (خوشکە فریشتە)[٥]. جێگای ئاماژەیە ئافرەتانی باشووری کوردستان ڕۆڵیان لە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ژیانەوەی کوردستان (ژ.ك)

---

(١) دوای کۆنگرەی سێیەم لە ساڵی ١٩٥٣ ناوەکەی بوو بە پارتی دیموکراتی کوردستان و تا ئەمڕۆش لە ناو خەڵک و هێزە سیاسییەکان بە (پارتی دیموکراتی کوردستان) ناسراوە.

(٢) مهدی محمد قادر، دور المراة الأربيلية في الحياة السياسية ١٩٤٥-١٩٦٣، زانکۆ بۆ زانستە مرۆڤایەتیەکان "گۆڤار"، ژ (٦)، ٢٠١٦، ص٢٦١.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مومتاز حەیدەر عاصم حەیدەری ناسراو بە (مومتاز حەیدەری)، هەولێر، ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری هەولێر لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٤٦ چووەتە بەر خوێندن، بەڵام لەبەر ڕەوشی سیاسی خێزانەکەیان لە ساڵی ١٩٤٩ لە خوێندن دادەبڕێت، و لە ساڵی ١٩٥٥ جارێکی تر دەست بەخوێندن دەکاتەوە تا پۆلی سێیەمی ناوەندی دەخوێنیت، لە ساڵی ١٩٦٠ بە بڕیاری حزبی شیوعی عێراق وەك پەیامنێری ڕۆژنامەی (ئازادی) دەستنیشان دەکرێت، خاوەنی چەندین بەرهەمە لە کتێب و ڕۆژنامە و گۆڤار، لە ساڵانی ١٩٩٩-٢٠٠٣ دوو خول سکرتێری سەندیکای ڕۆژنامەنووسانی کوردستان بووە، ئێستا لە هەولێر دەژێت.

(٤) ناهیدەی شێخ سەلام لە ساڵی ١٩٢٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی و هەڵەبجە تەواوکردوە، خوێندنی خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغدا تەواوکردوە، لە تەمەنی لاوێتیەوە لە ڕێگەی حزبی هیواوە تێکەڵاوی خەباتی سیاسی بووە، یەکەمین ئافرەت بووە کە بووەتە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکەمین سکرتێری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: ناهیدەی شێخ سەلام، ئەوەی لەبیرمە، ئا: چیمەن ساڵح، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨

(٥) سەفەر کەریم هاواری، ئافرەتانی کوردستان پێشەنگ لە خەبات و قوربانیدان، شیکار"گۆڤار"، ژ (١١-١٢)، پاییز و زستانی ٢٠١٥، ل١١٩.

هەبووە، چونکە ئەم کۆمەڵەیە دوای کردنەوەی لقی لە باشووری کوردستان گرنگییان بە ڕۆڵی ئافرەت داوە و هەریەك لە (ناهیدەی شێخ سەلام، نەعیمە ئەحمەد (خوشکی ئیبراهیم ئەحمەد)، ڕۆڵی بەرچاویان لە چالاکییەکانی لقی (ژ.ك) لە شاری سلێمانی بینیوە و توانیویانە چەندین ئافرەت لە دەوری لقەکەدا کۆبکەنەوە[١]، لە دیارترینیان (زەکیە بابان، لوتفیەی مەلا سدیق، فەخریە (هاوسەری واحیدە فەندی)، حەلاوە کچی شێخ مەحمودی حەفید، شەفیقەی (هاوسەری جەمال خەفاف)، شەفیقە سەعید، فاتیمەی محەی ساڵەسوور، هەروەها هەریەك لە پاکیزەی کاکە حەمەئەمین عەتار و ئاتۆڵەی خێزانی ئیسماعیل حەققی شاوەیس و فەخریە عەبدولواحید نوری ئەندامی لقی (ژ.ك) بوونە و کۆبوونەوەیان کردووەو ئابوونەی مانگانەیان داوە[٢]. دوای دامەزراندنی پارتی دیموکراتی کورد لە ١٦ی ئابی ١٩٤٦ چالاکییەکانی کۆمەڵەی (ژ.ك) کۆتایی دێت و زۆربەی ئافرەتەکانی ناو ڕێکخستنەکانی ئەو کۆمەڵەیە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی عێراق دەکەن لە دیارترینیان (زەکیە بابان) بوو[٣]. جێگای ئاماژەیە دوای بەستنی کۆنگرەی یەکەمی حزبی شیوعی عێراق لە ساڵی ١٩٤٥ وبڕیاردان لەسەر کردنەوەی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق لە باشووری کوردستان بووە هۆی ئەوەی ژمارەیەکی زیاتر لە ئافرەتانی کورد بچنە نێو ڕیزەکانی لقی کوردی حزبی شیوعی عێراق[٤] پێگەی ئافرەت لە نێو پرۆگرامی حزبی شیوعی جێگەی بۆ کرابۆوە هەروەکو لە پرۆگرامی لێژنەی مەرکەزی ساڵی ١٩٥٢ لە مادەی یەکەم هاتووە: **"ڕزگاری ئافرەت و یەکسانی لەگەڵ پیاو لەڕووی مافە سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتییەکان"**[٥]. هەوڵی بەدیهێنانی مافەکانیان کاریگەری لەسەر زیادبوونی ژمارەیان لە ناو ئەو حزبە هەبوو[٦] لەسەرەتاشدا ئەو ئافرەتانەی هاتنە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بریتی بوون لە خوشك و دایك و هاوسەری ئەو پیاوانەی ئەندامی حزب بوون و بەم کارەش ئەم ڕێچکەیان شکاند بۆ هاتنی ئافرەت بۆ ناو

(١) چاوپێکەوتنێکی تۆمارکراو لەگەڵ ناهیدە شێخ سەلام، پیرمام، ٢٠١٤، لە ئەرشیفی ئینسکلۆپیدیای پارتی دیموکراتی کوردستان پارێزراوە.

(٢) ناهیدەی شێخ سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٢.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٣٢.

(٤) دەربارەی کردنەوەی لقی کوردی حزبی شیوعی. بڕوانە. مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە ...، ل٧٥-٧٧.

(٥) وفاء الکندی، الحرکة النسوية فی العراق "المرحلة الملكية" ١٩٢١-١٩٥٨، ط (١)، بغداد، ٢٠٢١، ص٢٧٣.

(٦) حنا بطاطو، العراق، الحزب الشيوعي، الكتاب الثاني، ت: غفيف الرزاز، بيروت، ١٩٩٢، ص١٦٩- ١٧٠.

حزب، چونکە ئەوان ڕێگەیان بە کەسی خۆیاندا بچنە ڕیزەکانی حزبی شیوعی، چونکە لەو سەردەمەدا دابونەریتی کۆمەڵایەتی ڕێگەی بە ئافرەتان نەداوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بن و ببن بە ئەندامی هیچ پارتێکی سیاسی[1]. لە لایەکی تریشەوە تێڕوانینی حزبی شیوعی بۆ خەباتی نیشتیمانی و نەتەوەیی لە عێراق هاندەرێکی تر بوو بۆ ئەوەی ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی ڕۆشنبیری کورد لە ناوچە جیاجیاکانی باشووری کوردستان پەیوەندی بە ڕیزەکانی ئەو حزبە بکەن لە دیارترینیان لە شاری هەولێر (سامیە شاکر صادق چاوشلی، ساکینە عوسمان، نەجیبە خەلیل ئیبراهیم، سەبیحە عومەر ئەمین، لامیعە نادر، نازەنین حەیدەر عاصم، ئەدیبە حاجی سەعید،[2]، ساکینە سلێمان[3]، فەتحیە محەمەد مصطفى[4]، بەستی سابیر،

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود ناسراو بە (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٢٨ لە سلێمانی لە دایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە سورداش و ناوەندی لە سلێمانی و ئامادەیی لە بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٤٨ پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە کردووە، لە ساڵی ١٩٥٠ لە بەشی کیمیای زانکۆی بەغدا وەردەگیرێت، بەڵام بەهۆی بەشداریکردن و ڕۆڵی لە ڕاپەڕینەکانی سەردەمی پاشایەتی لە خوێندن دووردەخرێتەوە، یەکێک بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية)، جگە لە کۆنگرەی یەکەم لە سەرجەم کۆنگرەکانی حزبی شیوعی بەشداریکردووە، ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژێت.

(٢) سامیە شاکر (مەشخەڵ)، ڕۆڵی ئافرەتانی هەولێر لە بزاڤی ڕۆشنبیری و نیشتیمانی و نەتەوایەتیدا، ئینسکلۆپیدیای هەولێر، ب (٦) چ (١)، چاپخانەی گرین گالۆری، لوبنان، ٢٠٠٩، ل٢٣-٣٧.

(٣) ساکینە سلێمان، ساڵی ١٩٣٠ لە بنەماڵەیەکی هەژاری قەڵای هەولێر لە دایکبووە، لەناوەڕاستی چلەکانەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، بەشداری لە سەرجەم ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی سەردەمی خۆیدا کردووە، ساڵی ١٩٥٢ خانەی مامۆستایانی سەرەتایی لە شاری بەغدا تەواوکردووە، ساڵی ٢٠٠٥ لە هەولێر کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە گۆڤاری(K٢١) ژمارە(٢-٣) ٢٠٠٨، هەولێر، ل ١٢٤-١٢٥

(٤) فەتحیە محەمەد مصطفى، ناسراو بە(دایکی شوان) لە ساڵی ١٩٣٣ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و دواناوەندی لەو شارە تەواوکردووە، لە چلەکانی سەدەی ڕابردوو لەگەڵ چەندین کچی شاری هەولێر یادی نەورۆزیان کردۆتەوە بەنهێنی لەماڵی نافیع یونس کۆبوونەتەوە و ئاهەنگیان گێڕاوە، لەسەرەتای ساڵی پەنجاکاندا تێکەڵاوی ڕووداوە سیاسی و جەماوەرییەکانی کوردستان بووە، یەکێک بووە لە دامەزرێنەرانی (کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتان- لقی هەولێر)، ساڵی ١٩٥٩ بەشداری لەیەکەمین

نه‌سرین عومه‌ر ئه‌مین، ڕه‌مزیه عه‌دلی، په‌روین عومه‌ر[١] به‌هیه مسته‌فا خۆشناو، فه‌ریده یونس، هه‌یبه‌ت خان هاوسه‌ری (مه‌لا نه‌فته)، ره‌مزیه نادر)[٢] و له شاری سلێمانی هه‌ر یه‌ك له (زه‌كیه بابان، خانم محه‌مه‌د مه‌حمود (خانم زوهدی)، مونیره‌ی مه‌لا فه‌ره‌ج، قومریه مه‌جید تۆفیق، فاتیمه‌ی ساڵحی خدر، شه‌فیقه ئه‌مین مه‌حمود، نه‌سرین مه‌زهه‌ر، شه‌مسه مه‌حمود، وه‌حیده حه‌مید (ته‌نیا)، ناهی نوری قه‌ساب، مونیره ساڵح، مونیره ڕه‌شید، ناهیده سۆفی، خانم بایز، سنه‌وبه‌ر ئیسماعیل نصرالله، رابیعه شه‌وكه‌وت محه‌مه‌د، مه‌لیحه محه‌مه‌د مه‌حمود (مه‌لیحه زوهدی)، پرشنگ واحید، ئامینه سه‌لیم ئه‌حمه‌د، خه‌دیجه شێخ حوسێن به‌رزنجی، نه‌جمه شاسوار (دایكی سه‌رباز)، عائیشه مه‌لا حه‌كیم، مینا شێخ محه‌مه‌د مسته‌فا به‌رزنجی، نه‌جیبه سوفی، شاره‌بان محه‌مه‌د ئه‌مین، عائیشه قادر حاجی سه‌عید، عائیشه شه‌ریف ئه‌حمه‌د[٣]، و له شاری كه‌ركوك هه‌ریه‌ك له (جه‌میله‌ی عه‌لی ساعی، به‌هیه ده‌روێش

---

كۆنگره‌ی (كۆمه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی عێراق) كردووه، هه‌مان ساڵ هاوسه‌رگیری له‌گه‌ڵ كه‌سایه‌تی دیاری نێو حزبی شیوعی (عادل سه‌لیم)دا كردووه، شان به شانی هاوسه‌ره‌كه‌ی بووه‌ته پێشمه‌رگه‌ی حزبی شیوعی تاوه‌كو ساڵی ١٩٧٨ هاوسه‌ره‌كه‌ی شه‌هید ده‌بێت، به‌ڵام ناوبراو به‌رده‌وام ده‌بێت و ساڵی ١٩٨٧ جارێكی دیكه ڕێگه‌ی شاخ و پێشمه‌رگایه‌تی ده‌گرێته‌به‌ر، ساڵی ١٩٩٢ به بڕیاری حزب ڕوو ده‌كاته وڵاتی سوێد، له ساڵی ١٩٩٤ بووه‌ته نوێنه‌ری(كۆمه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی كوردستان) له وڵاتی سوێد، به‌رده‌وام بووه له كار و چالاكییه‌كانی تاكو ساڵی ٢٠٠٩ كۆچی دوایی ده‌كات. بۆ زیاتر زانیاری له‌مباره‌یه‌وه بڕوانه: قاموسی ناوه نه‌مره‌كان، مومتاز حه‌یده‌ری، به‌رگی یه‌كه‌م، چاپی یه‌كه‌م، ٢٠١٤، هه‌ولێر، ل١٥٢-١٥٦

(١) مومتاز حه‌یده‌ری، قاموسی ناوه نه‌مره‌كان، سه‌رچاوه‌ی پێشوو، ل١٥٥.

(٢) په‌یوه‌ندی ته‌له‌فۆنی له‌گه‌ڵ سامیه شاكر صادق (چاوشلی)، ئه‌ڵمانیا، ١٩ی كانوونی دووه‌می ٢٠٢٢. له ساڵی ١٩٤٠ له هه‌ولێر له دایكبووه، قۆناغه‌كانی خوێندنی له هه‌ولێر ته‌واو كردووه، له ناوه‌ڕاستی په‌نجاكانه‌وه بووه به ئه‌ندامی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية)، له هه‌مانكاتدا ئه‌ندامی حزبی شیوعی عێراقی بووه، له ساڵانی ١٩٧٢-١٩٧٥ سكرتێری كۆمه‌ڵه‌ی ئافره‌تانی كوردستان بووه و به‌شداری سه‌رجه‌م كۆنگره‌كانی كردووه تا ساڵی ١٩٧٩، له‌سه‌رجه‌م چالاكییه‌كانی ئه‌و ماوه‌یه به‌شداریكردووه، له ساڵانی١٩٧٤-١٩٧٩ ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی یاسادانان بووه، دواتر به‌هۆی بوونی مه‌ترسی له‌سه‌ر ژیانی كوردستان به‌جێده‌هێڵێت و ده‌چێته وڵاتی ئه‌ڵمانیا ئێستاش له‌و وڵاته ده‌ژێت.

(٣) جه‌لال ده‌باغ، نموونه‌ی ئافره‌تانی تێكۆشه‌ری كوردستان، چیا"گۆڤار"، ژ (٣٢)، نیسانی٢٠١٠، ل٢٨-٢٩؛ په‌یوه‌ندی ته‌له‌فۆنی له‌گه‌ڵ جه‌لال حمه‌ره‌شید (جه‌لال ده‌باغ)، ئه‌ڵمانیا، ٥ی شوباتی

ئەحمەد کەریم، جەیران مەحمود شێخ محێدین، فەهمیە حاکم عەبدولڕەحمان، موجبل بابان)[(١)]، و لە شاری دهۆکیش هەریەك لە (فەخریە محەمەد سەعدوڵلا، نوریە سەعید عیسا، نادرە مەحمود ئەحمەد، ناهیدە محەمەد ئەحمەد، جانیت ڕەشید عیسا، فەزیلە فەخرەدین، فەهیمە عبداللە محەمەد، روناهی ئەحمەد عەلی، بەدیعە سەعید نەجیب، فەهیمە یاسین ئیبراهیم، ساریە عبداللە عەبدولڕەحمان، لەتیفە شێخۆ، ستی ئیسلام[(٢)].

ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی تەنهـا لـە شـارە سـەرەکییەکان قەتیـس نەمابـوو، بەڵکـو ئافرەتانـی قـەزا و ناحیەکانیـش ئەنـدام بوونـە، بـۆ نموونـە لـە ڕێکخسـتنەکانی کۆیـە هـەر یـەك لـە (خەدیجـە مسـتەفا محەمـەد نـاسراو بـە (خوشـکە فریشـتە)، عائیشـە قـادر یونـس نـاسراو بـە (عائیشـە گـوڵ)، عیففـەت سـاڵح محەمـەد، گوڵـە دەروێـش، حەمدیـە مسـتەفا[(٣)] و لـە هەڵەبجـە (فاتیمـە عەلـی ئەڵایـار، ئامینـە حاجی

---

٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٩ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایـک بـووە، خانـەی مامۆسـتایانی لـە سـلێمانی تەواوکـردووە لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـە مامۆسـتا دامـەزراوە، سـاڵی ١٩٥٦ بـووە بـە ئەندامـی حزبـی شـیوعی عێراقـی و لـە سـاڵی ١٩٨١ دەبێتـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـد، لـە سـاڵانی ١٩٨٩-١٩٩١ بەرپرسـی ڕاگەیاندنـی حـزب بـووە، ئێسـتا لـە وڵاتـی ئەڵمانیـا دەژێـت.

(١) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیران مەحمود شـێخ محێدیـن، ئەڵمانیا، ٢٢ی کانـوونی دووەمی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٤١ لـە ناحیـەی قادر کـەرەم سـەربە پارێزگای کەرکوك لـە دایکبووە و سـاڵی ١٩٥٥ بـووە بـە ئەندامـی حزبـی شـیوعی و لقـی کەرکوکی ڕێکخـراوی (رابطـة الدفـاع عـن حقـوق المـرأة العراقیـة) و لەسـەرجەم کۆنگرەکان بەشـداری دەکات، ئەندامێکـی چالاکـی حـزب بـووە و چەندیـن جـار دووچـاری ڕاگواسـتن و دوورخسـتنەوە بـووە و بـەم هۆیەشـەوە نەیتوانیـوە خوێندن تـەواو بکات، سـاڵی ١٩٨٨بووە بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوخـۆی پارێـزگای سـلێمانی. ئێسـتا لە وڵاتـی ئەڵمانیا دەژێت.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ فەتحیـە ئیبراهیـم عەبدوڵـڵا بامەڕنـی، نـاسراو بـە (فەتحیە بامەڕنـی)، دهۆك، ٢٥ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە بامەڕنـی لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەنـدی بە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی و ڕێکخـراوی کۆمەڵەی ئافرەتانـی عێراق کردووە، بەهۆی دۆخی سیاسـی و کاری حزبـی نەیتوانیـوە لـە خوێنـدن بـەردەوام بێت، سـاڵی١٩٨٠ لـە بەڕێوەبەرایەتی کشـتوکاڵی دهۆك دامـەزراوە، بەهـۆی جموجـۆڵ و چالاکییەکانیەوە لە سـاڵی ١٩٨٢ بۆ ماوەی دوو سـاڵ دەسـتگیر دەکرێت و لـە کارەکـەی دووردەخرێتـەوە، دوای ئازادبوونـی لـە زینـدان پەیوەنـدی بـە حزبـی شـیوعی دەکات ودەبێتـە پێشـمەرگە تـا سـاڵی ١٩٩١، سـاڵی ١٩٩٣ بووەتـە بەرپرسـی کۆمەڵـەی ئافرەتانی کوردسـتان لقی دهـۆك و تائێسـتا بەردەوامـە و هـەر لەو شـارە دەژێت.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ عیففـەت سـاڵح محەمـەد، کۆیـە، ١٩ی شـوباتی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٠

ئەحمەد، ئایشێ حەمەکەریم، فاتیمە عوسمان سەعید، نەخشین قاسم حەمەلەتیف، فاتیمە عەبدولڕەحمان محەمەد، عەتیە عەبدولرەحمان عەبدولقادر، ئامینە حاجی ئەحمەد مەلا ئەمین، فاتیمە مەلائەمین چایچی، مەعسومە عەلی ئەحمەد)(١). جێگای ئاماژەیە جگە لەم ئافرەتانە چەندین ئافرەتی تر لە ڕیزەکانی حزبی شیوعیدا کاریان کردوە، بەڵام بەهۆی نهێنی پارێزی لە کارکردندا ناویان نەهێنراوە، هەروەك موکەڕەم تاڵەبانی لەوبارەیەوە دەڵێت: **"من بەرپرسی لقی کچانی حزبی شیوعی بووم لە شاری کەرکووك لەساڵی ١٩٤٦-١٩٤٨ ژمارەی ئەو کچانەی لەم لقە بوون (١٠) کچ بوون، هەموویان قوتابی دواناوەندی کچان بوون لە کەرکووك، بەڵام من بەتەنیا یەکێکیانم دەبینی و پەیوەندیم پێوەی هەبوو، ناوی (نازەنین تۆفیق فەتحوڵڵا) بوو، کەسی دیکەیانم نەدەبینی لەبەر باری ئاسایش و ئاشکرا نەبوونیان"**(٢).

سەبارەت بە کاروچالاکییەکانی ئافرەتان لەم قۆناغەدا زیاتر بریتی بووە لە نووسین و گواستنەوە و گەیاندنی بڵاوکراوە و ڕۆژنامە و گۆڤارە حزبیەکان بەشێوەی نهێنی بۆ ئەندامانی حزب، چونکە ئاشکرابوونی ئەو چالاکییانە دەبووە هەڕەشە و مەترسی بۆ سەر ژیانی خۆیان و خانەوادەکانیشیان(٣). بۆ نموونە ئەنجوم عبداللە زوهدی یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە لە ساڵانی ١٩٤٨-١٩٤٩ بڵاوکراوەکانی حزبی بە دەست نووسیوە و هەندێ کات زیاتر لە (١٠٠) دانەی نووسیوەتەوە، هەر کاتێکیش گومان

کەوانامەی کتێب

---

لە شاری کۆیە لە دایکبووە، تا پۆلی سێیەمی سەرەتایی خوێندووە، یەکێك بووە لە ئافرەتە چالاکەکانی ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨، بەشداری سەرجەم خۆپیشاندانە جەماوەرییەکانی ساڵانی پەنجاکانی دژ بە ڕژێمی پاشایەتی کردووە، ئەندامێکی چالاکی حزبی شیوعی و ڕێکخراوی (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية) بووە، ئێستا لە شاری کۆیە دەژێت.

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٥ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ موکەرەم تاڵەبانی، سلێمانی، ١٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لەساڵی ١٩٢٣ لە شاری کەرکوك لە دایکبووە، لە ساڵانی ١٩٤٦-١٩٥٨ بەرپرسی ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بووە لە شاری کەرکوك، ساڵی ١٩٧٣ بڕوانامەی دکتۆرای لە یەکێتی سۆڤیەت بەدەستهێناوە، ساڵی ١٩٧٧ بووە بە وەزیری گواستنەوەی عێراق، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

لەسەری دروست بوایە لەماڵێك بۆ ماڵێکی دیکە شوێنیان دەگواستەوە[١]. هەروەها جگە لە چالاکی سیاسی لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و هۆشیاری خێزانی ڕۆڵی خۆیان بینیوە، چالاکی و کارەکانی ئافرەتان تەنیا لە ناوخۆی کوردستان نەبووە، بەڵکو زۆرجار لەسەر ئاستی هەرێمایەتی و نێودەوڵەتی ڕۆڵی خۆیان بینیووە، و خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی) یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی لە ساڵی ١٩٥٣ نوێنەرایەتی ئافرەتانی عێراقی لە کۆنگرەی ئافرەتانی جیهانی لە شاری کۆبنهاگن کردووە[٢] هەروەها لە ساڵی ١٩٥٥ بەشداری کۆنگرەی (براغ)ی کردووە[٣].

جێگای ئاماژەیە دوای جەنگی دووەمی جیهانی چەند پارتێکی چەپ لە باشووری کوردستان چالاکییان هەبوو وەك حزبی شیوعی لە کوردستانی عێراق ناسراو بە (شۆڕش) و حزبی ڕزگاری کورد، دەربارەی ڕۆڵی ئافرەت لەم پارتانەدا ناهیدەی شێخ سەلام لە یاداشتەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات، ئەندامانی پارتی ڕزگاری کورد داوایان لێیان کردووە بچنە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی ڕزگاری[٤]، بەمجۆرە ژمارەیەك لە ئافرەتان پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی پارتی ڕزگاری دەکەن و ئابوونەی حزبیان کۆکردۆتەوە[٥]. لە دیارترینیان (حەلاوەخان کچی شێخ مەحمود، فەخریە خان،

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٣٤ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٤ خانەی مامۆستایان لە شاری بەغدا تەواو دەکات و بەشداری لە خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی سەردەمی ڕژێمی پاشایەتی کردووە، ساڵی ١٩٧٢ بەشداری لە کۆنگرەی سێیەمی (ی.ئ.ك) کردووە و بووە بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتییەکە، بەشداری لە چەندین کۆنگرە و کۆنفرانساتی نێودەوڵەتی لەسەر پرسی ئافرەت کردووە، لە دوای نسکۆی شۆڕش لە (پ.د.ك) دادەبڕێت و ساڵی ١٩٨٤ لە پیشەی مامۆستایەتی خانەشین بووە و ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) ذکری عادل عبدالقادر، رابطة المرأة العراقیة ودورها في الحرکة النسویة في العراق ١٩٥٢-١٩٧٥، ط (١)، مطبعة دار المزدهرة، بغداد، ٢٠١٥، ص١٠٦.

(٤) ناهیدەی شێخ سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مومتاز حەیدەری، هەولێر، ١٥ی شوباتی ٢٠٢٢.

نەعیمە ئەحمەد[١]، عائیشە قادر یونس (عائیشە گوڵ)[٢].

سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە ناو پارتی دیموکراتی کورد هەر لە سەرەتای دامەزراندنیەوە تا ساڵی ١٩٥٨ ئافرەتان ئەندامیەتیان هەبووە، بەڵام بە ڕێژەیەکی زۆر کەم، هەر چەندە لە کۆنگرەی دامەزراندن ئاماژە بۆ ئەوە کراوە کە پارتی دیموکراتی کورد تێدەکۆشێت لەپێناو یەکسانی ئافرەت لەگەڵ پیاو لە تێکڕای ماف و ئەرکەکانیدا، بواری ڕەخساندوە بۆ کارکردنی ئافرەت لە ڕیزەکانیدا[٣]، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان چالاکییان نواندووە (ناهیدەی شێخ سەلام، بەهیە مەعروف بەرزنجی، درەخشان جەلال حەفید، زەکیە ئیسماعیل حەقی، پاکیزە شەکیب، جەمیلە سابر قادر، گەلاوێژ مام ئەحمەد، سەبریە مام ئەحمەد، نەسرین قادر، شەفیقە سەعید، نەسرین مەزهەر، سەبریە مستەفا، عەتیە ئەحمەد کەریم، نەجیبە جەلی زادە[٤] مونیرە قەفتان، ئەنجوم عبداللە زوهدی، جوان ئەحمەد عەزیز، ڕوناک زوهدی، نەعیمە ئەحمەد[٥] سانیە عەبدولمەجید تیلی[٦].

---

(١) لقاء مع الشخصية الوطنية الكوردية المعروفة ناهيده الشيخ عبدالسلام، خبات "جريدة"، ع (٨٣٧)، ١٥-٨-١٩٩٧.

(٢) هەورین عەلی تۆفیق، ڕۆڵی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیری ژنانی کۆیە ١٩٥٨-١٩٩١/ توێژینەوەیەکی (مێژوویی- زارەکی)یە، (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی زانستە مرۆڤایەتیەکان، زانکۆی کۆیە، ٢٠٢١، ل١١.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە. حبيب محمد كريم، تاريخ الحزب الديمقراطى الكوردستاني العراق (في محطات رئيسة) ١٩٤٦-١٩٩٣, مطبعة خبات, دهوك، ١٩٩٨، ص ٣٥-٣٧ ؛ طاهر حسو مير الزيباري، دور المرأة الكردية في المشاركة السياسية. دراسة ميدانية في مدينة اربيل، دار اراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٦، ص٦٧.

(٤) بەشدار عومەر قەرەناوی، ڕۆڵی کۆمەڵایەتی و سیاسی ژنی کورد لە باشوری کوردستان ١٩٢١-١٩٥٨، (لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی سیاسیی کۆمەڵایەتی)، چ (١)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠٢٢، ل ١٤١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٢ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٥٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) و (ی.ئ.ك) کردوە، ساڵی ١٩٦٤ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئادابی زانکۆی بەغدای تەواوکردووە، ئێستا خانەنشینە و لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٦) سعيد الحاج صديق زاخوى، لمحات من التراث والأساطيرفى زاخو للفترة ١٩٠٠-١٩٦١، مطبعه

دەربارەی کاری ڕێکخستن و چالاکی و کۆبوونەوەکانی ئافرەتان لە ڕێکخستنەکانی ئەم پارتەدا بەشێوەی تاك و بەنهێنی ئەنجامدراوە هەر کەسە و لەئاستی خۆیەوە ئیش و کارەکانی جێبەجێ دەکرد، مانگی یەکجار کۆبوونەوەی ئاسایی ئەنجامدەدرا، بەڵام ١٥ ڕۆژجارێك کۆبوونەوەی نائاسایی ئەنجامدەدرا، ئەگەر هەواڵێکی بەپەلەش هەبوایە کۆبوونەوەی خێرا دەکرا و تەواوی وردەکاری هەواڵەکە لە ڕێگەی ڕێکخراوەکەوە دەگەیەنرایە سەرووی خۆیان، کۆبوونەوەکانیش هەر جارەی لە ماڵی یەکێك لەم ئافرەتانە ئەنجام دراوە[1]، لە کۆبوونەوەکاندا زیاتر تیشکخراوەتە سەر بارودۆخی سیاسی کوردستان و خەباتی نەتەوەیی ئەو سەردەمە و هاندانی زیاتری ئافرەتان بەمەبەستی زیادبوونی ژمارەی ئەندامانی ئافرەت لە نێو ڕێکخستنەکاندا[2].

ئافرەتان جگە لە کارکردن لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتە سیاسییەکان ڕۆڵی گرنگیان لە ناو ئەو کۆمەڵە و ڕێکخراوە پیشەییانەی کە تایبەت بوون بە ئافرەتان بینی کە لە سالانی دوای جەنگی دووەمی جیهانی دامەزران، (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) یەکێکە

---

خانی، ٢٠١٠، دهوك، ص٥٥؛ ژنە خەباتگێڕی کورد سانیە، خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٢٣٦٥) ٢٠٠٦/١٢/٢٥؛ لە ساڵی ١٩٢٠ لەشاری زاخۆ لە دایکبووە، لە ساڵانی پەنجاکانی سەدەی بیستەم پەیوەندی بە (پ.د.ك) کردووە، ڕۆڵێکی بەرزی هەبووە لە ڕێکخستنی ئافرەتان و دامەزراندنی لقی زاخۆ-یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەشداری لە شۆڕشی ئەیلول کردووە، لە خەباتی پێشمەرگایەتی ڕۆڵێکی دیاری بینیوە و ساڵی ١٩٦٤ بەشداری لە کۆنگرەی شەشەمی (پ.د.ك) کردوە، لە ساڵی ١٩٩٦ لە سوێد کۆچی دوای کردووە.

(١) ڕووخۆش عەلی، مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد لە مەلەکیەتەوە تا دوای ڕاپەڕین بەشێك لە مێژوویەکی فەرامۆشکراو، چ (١)، سلێمانی، ٢٠١٥، ل٢١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی١٩٤٠ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ڕێگەی ناهیدەی شێخ سەلامەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بووە، لەسەرەتای پەنجاکاندا بووە بە ئەندامی (پ.د.ك) و لە (ی.ئ.ك)دا کاری کردووە، لە ساڵی ١٩٦٩ (پەیمانگای هونەری ماڵ المعهد الفنون البیتی) لە هەولێر تەواو کردوە، ساڵی ١٩٧٢ بووە بە بەرپرسی (ی.ئ.ك) لقی سلێمانی، لە ساڵی ١٩٩٢ وەك مامۆستا دامەزراوە و لە ساڵی ٢٠١٠ خانەشین بووە و ئێستا لە سلێمانی دەژێت.

لەو کۆمەڵانە کە لە ناوەڕاستی چلەکانی سەدەی بیستەم دامەزراوە و چالاکییەکانیان لە بواری کۆمەڵایەتی و ئابوورییەوە بەڕێوەدەبرد، بەڵام دواتر هەوڵیاندا لە بواری سیاسیشدا ڕۆڵی خۆیان ببینن، بە تایبەتی لە بەشداریکردن و چالاکی نواندن لە خۆپیشاندانەکان و توانیان لە خۆپیشاندانەکانی کانوونی دووەمی ١٩٤٨و تشرینی دووەمی ١٩٥٢ ڕۆڵی دیار ببینن[١]. ئەم کۆمەڵەیە لەلایەن (سەعدیە خانی) هاوسەری مستەفا قەرەداغی موتەسەڕیفی سلێمانی سەرکردایەتی دەکرا و چواردە ئافرەتیش تێیدا ئەندام بوون کە ئەمانەن (حەپسەخانی نەقیب، بەهیەخانی هاوسەری شێخ مەحمود، زەهرە خانی هاوسەری عیزەت عوسمان، ڕەحمە هاوسەری میرزا فەتاح، شوکریە هاوسەری جەمیل ڕەشید، سەدیقە هاوسەری حەمەئاغا، مەلیحە هاوسەری عەبدوڵا نوری، فاتیمە هاوسەری مەلا محێدین، فاتمە هاوسەری قادرئاغا، ئەختەر هاوسەری حەمەساڵح بەگ، فاتمە هاوسەری برایم ئاغا، بەهێ سەعید ئەفەندی، ئایشەخان هاوسەری مستەفا مەزهەر، فاتمەخانی هاوسەری میرزا کەریم)[٢]، هەروەها لە مانگی ئابی ١٩٤٥ لە شاری کەرکووك کۆمەڵەیەکی تر بەناوی (کۆمەڵەی ئافرەتانی شۆڕشگێڕی کوردستان) دامەزرا، لەلایەن (باجی ئامین)[٣] سەرۆکایەتی کراوە و ئەم کۆمەڵەیە ژمارەیەك لە ئافرەتانی شاری کەرکووك کاریان تێدا کردووە، کە خاوەنی پیشەی هەمەجۆر بوونە، بەهۆی بەشێك لە داهاتەکانیانەوە یەکێك لەکارە دیارەکانیان بریتی بووە لە یارمەتیدانی هەژار و کەمدەرامەتەکانی شارەکە[٤].

ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی عێراق یەکێکی ترە لەو ڕێکخراوانەی کە ئافرەتانی کوردستان چالاکییان تێیدا نواندووە، لە ساڵی ١٩٤٥ لە شاری بەغدا بەسەرۆکایەتی

---

(١) درەخشان جەلال حەفید، کورتەیەك لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی ئافرەتانی کوردستان هەندێك لە بیرەوەرییەکانم، چ (١)، چاپخانەی شڤان، سلێمانی، ٢٠١٠، ل٢٦-٢٧.

(٢) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٤.

(٣) ئەم ناوە لەسەرچاوەکاندا بەشێوەی جیاواز هاتووە وەك (باجی ئامین، باجی ئەجێ، کەچی خانم).

(٤) شیرین ئامێدی، ئافرەت و سەروەرییەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ١٩٩٨، ب (١)، ل١٧٧ ؛ "لەیلا قاسم و لەیلا زانا" گۆڤار، ژ( (٢، هەولێر، بەهاری ٢٠١١، ل٦٩.

(ئاسیاخان)[1]ی خێزانی تۆفیق وەهبی دامەزراوە[2]، هەرچەندە ئەم ڕێکخراوە عێراقی بووە و زۆربەی چالاکییەکانی لە شاری بەغدا ئەنجامداوە، بەڵام سەرۆکی ڕێکخراوەکە ئافرەتێکی کورد بووەو هەربۆیە چالاکییەکانی لە ناوچەکانی باشووری کوردستانیش هەبووە و ئەندام و لایەنگری ئافرەتی کورد لەم ڕێکخراوەدا بوونیان هەبووە[3]، ئاسیاخان لەو ماوەی سەرۆکی ڕێکخراوەکە بووە سەرپەرشتی و بەشداری چەندین کۆنفرانسی لە سەر ئاستی عەرەبی و نێودەوڵەتی کردووە لەوانە سەرپەرشتیکردنی کۆنفرانسی عەرەبی کە لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری بەغدا بەستراو نوێنەری وڵاتانی میسر و سوریا و لوبنان و فەلەستین بەشدارییان تێدا کردووە[4]. هەروەها لە ٧-١٣ی حوزیرانی ١٩٥٤ بەشداری لە کۆنگرەی بەیروت دەکات و وانەیەك بە ناونیشانی (المشاكل الصحية فی الاقطار العربية) پێشکەش دەکات[5].

ڕێکخراوی کۆمەڵەی بەرگری لە مافی ئافرەتانی عێراق (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية) یەکێکی ترە لەو ڕێکخراوانەی کە لە کۆتاییەکانی سەردەمی پاشایەتی لە عێراق ڕۆڵی گرنگ و کاریگەری بینیوە و ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی کوردیش تێیدا ئەندام بوون، ئەم ڕێکخراوە لە ١٠ی ئازاری ١٩٥٢ لە کۆبوونەوەیەکی نهێنی لە ماڵی (سلوی ئیسماعیل سفوت) لە ناوچەی (العيواضيه)ی ڕەسافە بە ئامادەبوونی هەریەك لە (سەعدیە سەلیم ألرەحال، مجبل ئەدیب بابان، بشری عبدالجلیل برتو، سالمه الفخری، فخریە أبو أقلام، وفیە ابو أقلام، خانم زوهدی، أنعام دلێمی، أنعام

---

(١) ئاسیا خان کچی بازرگانێك بووە لە (ریزەلی)ی تورکیا بە ناوی "رضا" و خوشکی دکتۆر عەبدولجەبار بووە، یەکێك بووە لە پێشڕەوانی نەهزەی ئافرەتانی عێراق کە لە ڕیزی زۆر کۆمەڵەی ڕۆشنبیری و خێرخوازیدا بەشداری کردووە، سەرۆکی ڕێکخراوی ئافرەتانی عێراق بووە هەر لەسەرەتای دروستبوونیەوە تا شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: محەمەد ڕەسوڵ هاوار، بیرەوەری، بنکەی ژین، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥٣٤-٥٣٦.

(٢) خانم زهدی، صفحات من تاريخ الحركة النسائية العراقية، دار الرواد المزدهرة للطباعه والنشر، بغداد، ٢٠٠٧، ص٣٦.

(٣) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٦٦.

(٤) محەمەد ڕەسوڵ هاوار، سلێمانی، ٢٠٠٧، ل٥٣٤-٥٣٥.

(٥) ذكری عادل عبدالقادر، المصدر السابق، ص١٠٥.

ألعبايجی، ناهیدە ألعبايجی، حيات حسن ألنهر، أمينە حسن ألنهر، سەمیرە ئەدیب بابان، عفيفە أسماعيل ألبوستانی، نظيمة رشيد وهبی، ووعد هاشم لفتە دامەزرا[١].

سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەتانی باشووری کوردستان لەناو ئەم ڕێکخراوەدا سەرەتای پەیوەندی کردنیان دەگەڕێتەوە بۆ کاتی بەستنی کۆنفرانسی یەکەم کە بەشێوەیەکی نهێنی لە ٨ی ئاداری ١٩٥٤ لە یەکێك لە باخەکانی دەوروبەری شاری بەغدا بە ئامادەبوونی (٥٤) ئەندام لە ناوچە جیاجیاکانی عێراق بەسترا[٢]. بەشێکی زۆری سەرچاوەکان ئاماژە بە بەشداربوونی ئافرەتانی هەموو ناوچەکانی عێراق بە ئافرەتانی کوردیشەوە دەکەن، بەڵام تەنها ناوی (مجبل ئەدیب بابان) وەك بەشداربووی ئافرەتی کورد لە کۆنفراسەکەدا هاتووە[٣]. کاروچالاکییەکانی ئەم ڕێکخراوە لەسەرەتادا بەشێوەی نهێنی لە چوارچێوەی شاری بەغداو دەوروبەری تێپەڕی نەدەکرد، بەڵام دوای تێپەڕ بوونی چەند ساڵێك چالاکییەکانی لە دەرەوەی بەغدا دەرکەوت و لقی لە زۆربەی شارو شارۆچکەکانی کوردستان دا کرایەوە، ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی کورد چوونە ڕیزەکانی ئەم ڕێکخراوە و کاریان تێدا کردووە[٤]، لە شاری سلێمانی لە١٥ی ئەیلوولی ١٩٥٢ لقی ئەو ڕێکخراوە کرایەوە، مونیرە ساڵح ئاماژە بەوە دەکات کە خۆی دامەزرێنەری لقی سلێمانی ئەم ڕێکخراوە بووە لەگەڵ مەلیحە محەمەد مەحمود (مليحە زوهدی)، زەکیە فەرەج خێزانی مستەفا خۆشناو، بەهێ ئەحمەد قادر چاوەش لەمبارەیەوە دەڵێت: **"دوای ئەوەی ڕێکخراوی ئافرەتانمان دامەزراند و کەوتینە کار و گورج و گوڵی بۆ پەیداکردنی ئەندام هەتا ٨ی مارسی ١٩٥٣ توانیمان (٥٢) ئافرەت ڕێکبخەین لە ناو کۆمەڵەی ئافرەتان"**[٥]. پەیوەندی ڕاستەوخۆ لە نێوان ئەم لقە و سەرۆکایەتی ڕێکخراوەکە لە بەغدا هەبووە، هەر

(١) موفق خلف غانم، نزيهة الدليمی و دورها فی الحركة الوطنيةو السياسية العراقية، بغداد، ٢٠١٤، ص٦٤ ؛ ذکری عادل عبدلقادر، المصدر السابق، ص٩٥.

(٢) مهدي محمد قادر، دور المرأة ...، ص ٢٦٨-٢٦٩ ؛ ذكرى عادل عبدالقادر، المصدر السابق، ص ١٠٨.

(٣) المساواة "جريدة"، ع (٢٠)، السنة (٩)، ٢٠١٢/٣/٨.

(٤) عالیە عەبدولکەریم، خەباتی ئافرەتی کورد، هیوا "گۆڤار"، ژ (٩-١٠)، ساڵ (٢)، نیسان و مایس ١٩٥٩، ل٧٣.

(٥) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢.

بەیاننامـە و بڕیارێـك لـە بەغـدا دەرچووبێـت بـە ئەندامانـی لقـی سـلێمانی گەیشـتووە، لـە شـاری هەولێریـش لقـی ڕێکخراوەکـە کراوەتـەوە و سـاکینە سـلێمان سـەرۆکایەتی کـردووە لـە دیارتریـن ئەندامەکانـی (سـامیە شـاکر صـادق "چاوشـلی"، فەریـدە یونـس، فەوزیـە فایـەق، سـاکینە عوسـمان، نەجیبـە یونـس، نەجیبـە خەلیـل ئیبراهیـم، شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی، حەمدیـە سـابر، نازەنیـن حەیـدەر عاصـم حەیـدەری) بـوون، ئـەم ئافرەتانـە ڕۆڵێکـی بەرچاویـان هەبـوو لـە خەباتکـردن بـۆ بەدیهێنانـی مافەکانـی ئافرەتـان و بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری و نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە نـاو ئافرەتانـی شـاری هەولێـر[1]. دوای دامەزراندنـی لقەکانـی سـلێمانی و هەولێـر لـە شـاری کۆیـەش بەهەمـان شـێوە لقـی ئـەم ڕێکخـراوە دادەمەزرێـت بەسـەرۆکایەتی خەدیجـە مسـتەفا محەمـەد (خوشـکە فریشـتە) و دواتـر چەندیـن ئافرەتـی تـر دەبنـە ئەندامـی ئـەم ڕێکخـراوە لـە دیارترینـان (عیففـەت سـاڵح محەمـەد (عیففـەت کاکـە مـەلا)، عائیشـە حەیـدەری، کاترینا ئیبراهیـم، بەسـیە حەمـەد، جەمیلـە مسـتەفا، شـوکریە مەجیـد[2]، قەدریـە عەبدولجاسـم، بەهیـە فەتحوڵـڵا)[3] ئافرەتانـی کوردسـتان لـە ڕێگـەی لقەکانـی ڕێکخراوەکـەوە ڕاپۆرتـی تایبەتیـان بـەرز کردۆتـەوە و داواکارییەکانیـان تێـدا خسـتۆتەڕوو کـە زیاتـر پەیوەسـت بـوو بـە کاروبـاری ئافرەتـان و چارەسـەرکردنی کێشـە و گیروگرفتەکانیـان[4]، جێـگای ئاماژەیـە ئافرەتانـی کـورد توانیـان سـەرکەوتووبن لـە کردنـەوەی چەنـد قوتابخانەیـەك بەمەبەسـتی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە شـاری سـلێمانی و هەولێـر کـە هەریـەك لـە (سـەمیرە

(١) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صـادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیـا، ١٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگـەڵ مومتـاز حەیـدەری، هەولێـر، ١٥ی شـوباتی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگـەڵ شـوکریە حمەدئەمیـن عەلـی، (دایکـی ئامێـز)، هەولێـر، ٢ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٧ لـە شـاری ڕەوانـدوز لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٦ پەیمانـگای مامۆسـتایانی لـە شـاری بەغـدا تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٥٥ پەیوەنـدی بـە حزبـی شـیوعی کـردوە، جگـە لـە کۆنگرەی یەکـەم بەشـداری لـە سـەرجەم کۆنگرەکانـی ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی بەرگـری لـە مـافی ئافرەتـان کـردووە، لـە سـاڵانی ١٩٩٨-٢٠٠٧ سـکرتێری ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان بـوو، ئێسـتا لـە شـاری هەولێـر دەژێـت.

(٢) ڕێزان عوسمان مستەفا، هەڵوێستی ئافرەتانی شاری کۆیە لە وشیارکردنەوەدا (بەنموونە فریشتەخان) لێکۆڵینەوەیەکی شیکاری ڕەخنەییە، شیکار"گۆڤار"، ژ (١١و١٢)، پاییز و زستانی ٢٠١٥، ل٢٤٦.

(٣) هەروین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤.

(٤) حقوق المرأة"الجريدة"، ع (٢)، ١٩٥٤.

ئەدیب بابان، زەکیە شاکر) هەفتانە سی ڕۆژ لە شاری سلێمانی لەو قوتابخانانە وانەیان دەگوتەوە[١]، هەروەها (مجبل ئەدیب بابان) یەکێك بووە لە ئافرەتە کوردەکانی ناو ئەم ڕێکخراوە کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە چالاکییە سیاسییەکانی ڕێکخراوەکە، ئەمە جگە لەوەی چەندین داواکاری تایبەت بە مافی ئافرەتان لە ژیانی سیاسی دا بەرز کردۆتەوە بۆ ڕێکخراوە جیهانییەکان[٢]. سەبارەت بە لایەنی سیاسی ئەم ڕێکخراوە هەرچەندە بە فەرمی ئاماژە بە هیچ حزبێکی سیاسی عێراق نەکراوە، بەڵام خانم زوهدی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم ڕێکخراوە سەر بە حزبی شیوعی عێراق بووە، چونکە سەرۆك و بەشێکی زۆری ئەندامە سەرەکییەکانی ئەم ڕێکخراوە، لەهەمان کاتدا ئەندامی حزبی شیوعی بوون، بۆیە دەکرێت بڵێین ئەم ڕێکخراوە سەر بە حزبی ناوبراو بووە[٣].

ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کە لە ١١ی کانونی یەکەمی ١٩٥٢ بەشێوەیەکی نهێنی دامەزرا[٤]، یەکێکی ترە لەو ڕێکخراوانەی کە ئافرەتانی کورد لە باشووری کوردستان ڕۆڵی گرنگیان تێدا بینیوە لە هۆشیارکردنەوەی ئافرەت و هاوکاریکردنی ڕێکخستنەکانی حزب و بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسی و جەماوەرییەکان و بەشداری لە خۆپیشاندانەکان. دەربارەی چۆنێتی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان درەخشان جەلال حەفید تاکە سەرچاوەیە ئاماژە بە چۆنێتی دامەزراندنی ئەو ڕێکخراوە بکات و لەمبارەیەوە دەڵێت:**"لە ڕۆژی ١١-١٢-١٩٥٢ لەلایەن بابە تاهیری شێخ جەلال حەفید و شەهابی شێخ نوری کە هەردووکیان ئەندامی پارتی دیموکراتی کورد بوون ئەوکات، بە من و سورەیای مەلا گەورەیان ڕاگەیاند کە لە کاتژمێر ٢ی هەمان ڕۆژدا لە ماڵی میرزا غەفوری باوکی مامۆستا**

(١) ذكرى عادل، المصدر السابق، ص١١٠ـ ١٢٢.

(٢) ريما الصبان، الدليل العربي لحقوق الانسان، "حقوق المرأة"، دار الرواد، بغداد، ٢٠٠٣، ص١٠.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٤) لقاء مع الشخصية الوطنية الكوردية المعروفة ناهيده الشيخ عبدالسلام، خبات"جريدة"، ع (٨٣٧)، ١٥-٨-١٩٩٧ ؛ لقاء مع الشخصية الوطنية الكوردية المعروفة، زەكية اسماعيل حقي، التاخي"جريدة"، ع (٤٣٤)، ١٢-٥-١٩٧٠.

**کەمـال غەفـور کـە هـەر لـە سـلێمانی بـوون ئامـادە بیـن بـە مەبەسـتی دامەزراندنـی ڕێکخـراوی ناوبـراو، ئێمـە لـە کاتـی دیاریکـراودا لـەو شـوێنە ئامادەبوویـن، تەنیـا ١٠ ئافرەتـی لێبـوو، ئـەوەی لـە بیـرم بێـت (ناجیـە خانـی مسـتەفا ئەفەنـدی موفتـی، ناهیـدە خانـی میـرزا غەفـور، ناجیـە خانـی میـرزا غەفـور، ئەفتـاو کەریـم، مەدیحـە محەمـەد کەریـم، سـورەیای مـەلای گـەورە، درەخشـان جـەلال حەفیـد) بوویـن، چەنـد ئافرەتێکـی دیکـەی وەکـو (ناهیـدەی شـێخ سـەلام و زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی) ئاگادارکرابوونـەوە کـە ئامـادە بـن، بـەڵام بەهـۆی نالەبـاری دۆخـی ئـەو ڕۆژگارە نەیانتوانـی ئامادەبـن، بەمجـۆرە لـە ڕۆژی ١١-١٢-١٩٥٢ بانگـی دامەزراندنـی یەکێتیەکـە درا"**[1]. هەرچەنـدە لـەم ڕۆژەدا نەتوانـرا هەڵبـژاردن بکرێـت و پەیڕەوێکـی ڕێکخسـتن دابنرێـت، بەهـۆی کەمـی و ئامـادە نەبوونـی ژمـارەی تـەواوی ئەندامـان، بـەڵام دوای چەندیـن سـاڵ لـە کاتـی بەسـتنی کۆنگـرەی یەکەمـی یەکێتـی ئافرەتـان ئـەو ڕۆژە کـرا بـە ڕۆژی دامەزرانـدن و نـاوی یەکێتییەکـەش لـە یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی کوردسـتان گـۆڕا بـۆ یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان[2]. ئەگەرچـی زۆربـەی سـەرچاوەکان کۆکـن لەسـەر ئـەو مێـژووە بـۆ دامەزراندنـی یەکێتییەکـە، بـەڵام هەندێـك سـەرچاوە دامەزراندنـی ئـەو ڕێکخـراوە دەگەڕێننـەوە بـۆ کاتـی بەسـتنی کۆنگـرەی سـێیەمی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـە لـە ٢٦ی کانـوونی دووەمـی ١٩٥٣ لـە شـاری کەرکـووك بەسـترا، لـەو کۆنگرەیـەدا لەسـەر ڕاسـپاردەکانی و ئەنجامەکانـی چەنـد بڕیارێـك درا، لەوانـە، گۆڕینـی ناوەکـەی بـۆ پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و دامەزراندنـی ڕێکخـراوە جەمـاوەری و پیشـەییەکان، یەکێـك لـەو ڕێکخراوانـەش (یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان) بـوو[3]. جێـگای ئاماژەیـە چەندین سـەرچاوە و بۆچـوون هـەن کـە پێیانوایـە ١١ی کانـونی یەکەمـی ١٩٥٢ ڕۆژی دامەزراندنـی ئـەم ڕێکخراوەیـە، بـەڵام بـە هـۆی بارودۆخـی سیاسـییەوە لـەم مێـژووەوە سـەرجەم چالاکـی و کارەکانـی بەنهێنـی ئەنجامـدراوە، ئەمـەش وایکـردووە کەمـتر هەسـت بەبوونیـان بکرێـت

(١) درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٨-٢٩.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٢٩

(٣) حەبیـب محەمـەد کەریـم، المصدی السـابق، ص٤٩؛ مـام جـەلال، دیـداری تەمـەن لـە لاوێتیـەوە بـۆ کۆشـکی کۆمـاری، ئـا: سـەلاح ڕەشـید، چ (٢)، چاپخانـەی فـاروق، سـلێمانی، ٢٠١٧، ل٦٦.

و بناسرێـن[1]، یەکـەم چالاکـی کـە ڕێکخراوەکـە ئەنجامیـداوە پێشـوازیکردن بـووە لـە تەرمـی (حەپسـەخانی نەقیـب)[2] لـەڕۆژی١٢ی نیسـانی ١٩٥٣ [3] لـە گرنگتریـن ئـەو چالاکییانـەی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە دامەزراندنییـەوە تاوەکـو سـاڵی ١٩٥٨ ئەنجامیانـداوە بریتـی بـوون لـە بەشـداریکردن لـە بۆنـە نەتەوەیـی و نیشـتیمانییەکان وەك ئاهەنگەکانـی (نـەورۆز)، بەشـداریکردن لـە خۆپیشـاندانەکان و مانگرتنەکانـی ئـەو سـەردەمە، یارمەتیدانـی ئەندامـان و لایەنگرانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی عێـراق و حەشـاردان و یارمەتیدانـی ڕێکخسـتنە نهێنییـەکان لەنـاو شـارەکان و گواسـتنەوە و گەیاندنـی چاپکـراو و نـووسراوە نهێنییەکانیـان و بەشـداریکردن لـە یارمەتیدانـی قوتابیانـی هـەژار بـۆ تەواوکردنـی خوێنـدن[4].

سـەبارەت بـە سـکرتێری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە دامەزراندنییـەوە تـا ٢٤ی تەمموزی ١٩٥٨ (ناهیـدەی شـێخ سـەلام) یەکـەم سـکرتێری یەکێتـی ئافرەتانی کوردسـتان بـووە[5] لـەم قۆناغـەدا یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان هیـچ بڵاوکراوەیەکـی تایبـەت

---

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ جەمیلـە سـابیر قـادر، سـلێمانی، ١٥ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢.

(٢) حەپسـەخانی نەقیـب لـە سـاڵی ١٨٩١ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، کچـی شـێخ مەعـروف حەفیـدی کاك ئەحمـەدی شـێخە و هاوسـەری شـێخ قـادری حەفیـدە، لـە ٢٨ی حوزەیرانـی١٩٣٠ کۆمەڵەیەکـی ئافرەتانـی دامەزرانـدووە بەنـاوی (کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کـورد) کـە ئـەم کۆمەڵەیـە لەسـەرەتاکانی ئـەو کۆمەڵانـە دەژمێردرێـت کـە تایبـەت بـووە بـە ئافرەتـان و ڕۆڵیـان تێـدا بینیـوە لـە دیارتریـن چالاکییـە سیاسییەکانی ناردنـی نووسراوێـك بـووە بـۆ کۆمەڵـەی گـەلان کـە تێـدا داوای کـردووە پارێـزگاری لەگەڵـی کـورد بکرێـت و مافـە نەتەوەییەکانـی پـێ بدرێـت، لەسـەرەتایی سـییەکانی سـەدەی بیسـتەم، حەپسـەخان لـە چالاکییـە سیاسـی و ڕۆشـنبرییەکان بەردەوامـی هەبـووە تاوەکـو مردنـی لـە ١٥ی نیسـانی ١٩٥٣. بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە. عبدالجبـار محمـد جبـاری، ئافرەتـە ناودارەکانـی کـورد، ١٩٦٩، ل١١-١٣؛ نوخشـە عەبدوڵـڵا، ڕۆڵـی ژن لـە ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی باشـوری کوردسـتان، ١٩١٨ تـا ١٩٤٥، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل١١٨ـ ١٢٦ .

(٣) دەرخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٠.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٣٠ـ٣٢ ؛ چاوپێکەوتنێکی تۆمار کراو لەگەڵ ناهیدەی شێخ سەلام، پیرمام، ٢٠١٤.

(٥) چاوپێکەوتنێکـی تۆمارکـراو لەگـەڵ ناهیـدەی شـێخ سـەلام، پیرمـام، ٢٠١٤؛ دەرەخشـان شـێخ جـەلال، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٣٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی،

بەخـۆی نەبـووە، هــەروەك كچــە كــورد (پرشــنگ) داوای دەركردنــی بڵاوكراوەیەكــی تایبــەت بــۆ ئافرەتــان دەكات كــە هاوشــانی خوشــكە عەرەبــەكان كــە گۆڤــاری دایــك و منــداڵ (الأم والطفــل) تایبــەت بەخۆیــان هەبــووە، ناوبــراو ئامــاژە بــەوە دەكات كــە ڕۆژنامــەی (ژیــن)، (هیــوا)، (هەتــاو) درێغییــان نەكــردووە بــۆ هەمــوو نووســینێكی بەكەڵكــی ئافرەتــان، بــەڵام لەگــەڵ ئەوەشــدا بوونــی بڵاوكراوەیەكــی تایبــەت بــۆ ئافرەتــان بەپێویســت زانــراوە[1].

دەربــارەی ڕۆڵــی ئافرەتــان لــە خۆپیشــاندان و مانگرتــن و چالاكییــە جەماوەرییــەكان، دوای ئــەوەی دەرفەتــی زیاتــر ڕەخســا بــۆ ئافرەتــان تــا لــە نــاو پــارت و كۆمەڵە سیاســییەكان چالاكــی بنوێنــن، یەكێــك لــەم لایەنانــەی بەشــدارییان تێــدا كــردووە ئــەو مانگرتــن و خۆپیشــاندانانەن كــە لــە چلــەكان و پەنجاكانــی ســەدەی بیســتەم لــە عێــراق و باشــووری كوردســتان ڕوویانــدا، لــە دیارتریــن بەشــدارییەكانی ئافرەتــان لــە مانگرتنــی گاورباغــی بــوو لــە شــاری كەركــووك كــە لــە ١٣ی تەممــووزی ١٩٤٦ ڕوویــدا[2]، ئافرەتانــی شــاری كەركــوك كــە ژمارەیــان نزیكــەی (٧٠) ئافــرەت بــوون لــە چالاكییەكانــی ڕۆژانــەی مانگرتنەكــەدا شــان بەشــانی پیــاوان بەشــداربوونە وەك ناڕەزایــەك دژ بــە توندوتیژییەكانــی حكوومــەت و كۆمپانیــای نەوتــی كەركــووك بەرامبــەر مافــی كرێــكارەكان[3]، لــە شــاری هەولێریــش لــە ژێــر دروشــمی چاككردنــی بــاری كرێــكاران و ئازادكردنــی گیــراوەكان خۆپیشــاندانێك ئەنجامــدرا، لــەم خۆپیشــاندانەدا ژمارەیەكــی بەرچــاو لــە ئافرەتانــی شــارەكە وەك ناڕەزایــی بەرامبــەر هەڵوێســتی حكومــەت و پاڵپشــتی لــە داواكانــی كرێكارانــی كۆمپانیــای نەوتــی كەركــووك بەشــدار بــوون لــە دیارترینیــان (ســاكینە سلێمان، ناهیــدە یونــس، بەســێ ســابر، نەســریــن عومــەر ئەمیــن، ڕەمزیــە عەلــی، ئەڵماســە حەمــە ســەعید) بــە درێژایــی ڕۆژانــی

٩ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(١) كچــە كــورد (پرشــنگ)، گۆڤارێكــی تایبــەت بــۆ ئافــرەت، هیــوا "گۆڤــار"، ژ (٩)، ســاڵ (١)، ئــاداری ١٩٥٨، ل٣٤.

(٢) دڵشـــاد مەحمـــود عبدولرەحـــمان، كەركـــووك لێكۆڵینەوەیەكـــی مێژوویـــی دەربـــارەی ڕۆڵـــی سیاســـی و ڕۆشـــنبری١٩٣٢-١٩٥٨، نامـــەی ماســـتەر، بەشـــی مێـــژوو، كۆلێـــژی ئـــاداب، زانكـــۆی ســـەلاحەدین هەولێـــر، ٢٠٠٦، ل١٣٩.

(٣) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٤.

خۆپیشـاندانەکان ڕۆڵـی بەرچاویـان لـە پشـتگیریکردنی مافـی کرێـکاران بینیـووە[١].

دوای مۆرکردنـی پەیماننامـەی پۆرتسـمۆس لـە نێـوان عێـراق و بەریتانیـا لـە کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨ وەك ناڕەزایـی دژی ئـەو پەیماننامەیـە خۆپیشـاندان لـە زۆربـەی شـارەکانی عێـراق دەسـتیپێکرد و داوای هەڵوەشـانەوەیان دەکـرد، ئافرەتانـی کـورد بەشـداری کارایـان لـەم خۆپیشـاندانانەدا بینیـوە بەتایبەتـی کچـە کوردەکانـی زانکـۆی بەغـدا[٢] هەروەهـا هەر یـەك لـە نەجیبـە یونـس، حەلیمـە حەیـدەری، سـەلمە حەیـدەری، فاتیمـە دووسـەرەیی، فەریـدە یونـس، سـاکینە سـلیمان[٣] لـە بەشـداربووانی خۆپیشـاندانەکانی شـاری هەولێـر بـوون، سـەرەڕای بەشـدارییان وتـاری پـڕ جـۆش وخرۆشـیان لە ڕۆژانـی ڕاپەڕیندا پێشکەشـی خۆپیشـاندەران کـردووە وخەڵکیـان هانـداوە بـەردەوام بـن لەسـەر داواکارییەکانیـان بـۆ بەدیهێنانـی مافـە ڕەواکانیـان[٤]. ئافرەتانـی شـاری سـلێمانی بەهەمانشـێوە بـە ڕێژەیەکـی بەرچـاو بەشـداربوونە لـە خۆپیشـاندانەکان لـە دیارترینیـان، ناهیـدە محەمـەد محێدیـن نـاسراو بـە (ناهیـدەی سـۆفی)[٥]، پیرەمێـردی شـاعیر ئـەو دەمـە شـاهێد حاڵـی ڕووداوەکـە

(١) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان ....، ل٢٣٤.

(٢) جەمـال بابـان، یاداشـتەکانم ئەزموونـی ژیانـم، چ (١)، چاپخانـەی ڕوون، سـلێمانی، ٢٠٠٧، ل ١٨٨؛ کازیـوە سـاڵح، ژنـی کـورد لـە دەروازەی سـێیەمدا، چاپخانـە و ئۆفیسـی سـەردەم، سـلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٩.

(٣) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٩.

(٤) مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەکان...، ل ٢٢٧؛ گـۆران سـۆران فەیـزی، بـاری ئەدەبـی کـوردی لـە شـاری هەولێـر لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٣٥- ١٩٥٨، چ (١)، دەزگای چـاپ و بڵاوکردنـەوەی ئـاراس، هەولێـر، ٢٠٠٦، ل٣٧؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ مومتـاز حەیـدەری، هەولێـر، ١٥ی شـوباتی ٢٠٢٢.

(٥) ناهیـدە محەمـەد (محێدیـن) نـاسراو بـە (ناهیـدە سـۆفی)، لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە گەڕەکـی مەڵکەنـدی شـاری سـلێمانی، لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٤٦ بەهـۆی کەریـم سـۆفی برایـەوە پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی حیزبـی شـیوعی عێراقـەوە کـردووە، لـە ١٩٤٨ بەشـداری خۆپیشـاندانی دژبـە پەیمانـی (پۆرتسـمۆس)کردووە و ڕابەرایەتـی خۆپیشـاندانەکەی کـردووە، هـەر لەبـەر ئـەو مەبەسـتەش لـەو خۆپیشـاندانەکەدا دەسـگیر کـراوە و گوێزرایـەوە بـۆ زیندانـی بەغـداد، سـاڵێک لـە زینـدان مایـەوە، بووبـە یەکـەم کچـی زیندانـی سیاسـیی لـە کوردسـتان. لـە سـاڵی ١٩٨١ ئەمنـی سـلێمانی بەهـۆی پەیوەندیکردنیـان بـە پێشـمەرگایەتی و خەباتـی چەکدارییـەوە (ناهیـدە سـوفی و خێزانەکـەی) دەسـتگیرکران، بـە تەسـفیرات لـە زیندانـی سـلێمانییەوە گواسـترانەوە بـۆ زیندانـی کەرکـوک- بەغـداد، دواتـر گوێزرانـەوە بـۆ گونـدی (غـرف) لـە ناحیـەی (الشـنافیە)ی پارێـزگای سـەماوە، لـە سەرسـنووری

دەبێت و لەو باریەوە هەڵبەستێك بۆ بوێری ناهیدە سۆفی پێشکەش دەکات و دەڵێت:

**تا ئێستا رووی نەداوە لە تاریخی میللەت داقەڵغانی گولە سنگی کچان بێت لە هەڵمەت دا**[1]

هەروەها ناهیدەی شێخ سەلام، خانم مەحمەد مەحمود (خانم زوهدی)، ئەنجوم عبداللە زوهدی، ڕووناك جەمیل سائیب، نەسرین جەمیل سائیب[2] لە بەشداربووانی خۆپیشاندانەکە بوون بەپێ گێڕانەوەکانی ڕووناك جەمیل سائیب، ئەوکات قوتابی پۆلی چوارەمی سەرەتایی بووە، ناهیدەی شێخ سەلام یەکێك بووە لە مامۆستاکانی قوتابخانەی (الاحداث) کە نزیکەی (٥٠) قوتابی بردوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکە[3].

جێگای ئاماژەیە ئەندامانانی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردووەو ڕۆڵێکی کاریگەریان تێدا گێڕاوە[4]، هەروەها قوتابیانی قوتابخانەکانی کچان لە شاری سلێمانی بەدەر نەبوون لە بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکانی کانوونی دووەمی ١٩٤٨ بەتایبەتی قوتابیانی قوتابخانەی (صدیقە)ی

---

عێراق - سعودیە، دوو ساڵ لەوێ لە زیندان دا بوون. لە ١٩٩٤/٩/١١ ناهیدە سۆفی کۆچی دوای کرد(وەگیراوە لە کورەکەی ناهیدە سۆفی بەناوی»بارزان سەعید گەوهەر). کوردستانی نوێ"ڕۆژنامە"، ژ (٨٥٥٦)، ساڵ (٣)، ٢٠٢٢/١/٨.

(١) بڕوانە تەواوی هۆنراوەکە لە: عوسمان مستەفا خۆشناو، دیوانی مەرگ و لە دایك بوونەوەیەکی نوێ، چ (١)، چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین، هەولێر، ١٩٩٩، ل٧٠-٧٢.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ڕووناك جەمیل سائیب، بەریتانیا، ١٨ی شوباتی ٢٠٢٢: ناوبراو لە ساڵی ١٩٣٨ لە شاری کەرکووك لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لەشاری سلێمانی تەواوکردوە، ساڵی ١٩٥٩ پەیمانگای مامۆستایانی شاری سلێمانی تەواوکردووە، سەبارەت بە لایەنی سیاسی سەر بە هیچ ڕێکخستنێکی سیاسی نەبووە، تەنیا لایەنگری حزبی شیوعی بووە و بەشداری لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٤٨ کردووە، هەمان ساڵ وەك مامۆستا لەو شارە دامەزراوە، ساڵی ١٩٨٤ خانەنشین بووە، ساڵی ١٩٩٣ چووەتە وڵاتی بەریتانیا و ئێستا لەوێ دەژێت.

(٤) درەخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣-٢٦.

کچان ئەمەش بەهۆی ڕۆڵی مامۆستا مونیرە قەفتان کە یەکێك بووە لە مامۆستاکانی قوتابخانەکە، و هانی قوتابیەکانی داوە بۆ بەشداریکردن لە خۆپیشاندانەکە و بۆ ئەم مەبەستەش یارمەتیداون لە هاتنە دەرەوەی قوتابییەکان لە ڕۆژانی خۆپیشاندان هەر بەهۆی ئەم هەڵوێستەیشی لە دوای ڕاپەڕینەکە دوورخرایەوە بۆ ناوچەی بەلەدروز لە پارێزگای دیالی[1]. بەڵام لە شاری کەرکووك ئافرەتان بەشدارییان لە خۆپیشاندانەکانی کانووندا نەکردووە و هۆکارەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ پێکهاتەی دانیشتوانی ئەم شارە کە دوورەپەرێزبن لە ڕووداوە سیاسییەکان[2]، هەروەها ئافرەتانی خانەقین بەشداری خۆپیشاندانەکەیان کردووە لە دیارترینیان (بەدریە عەرەب دایکی هەردوو هونەرمەند (ناسر حەسەن و جەعفەر حەسەن) سەرپەرشتی بەشێك لە ڕاپەڕینەکەی کردووە، جگە لە ناوبراو چەندین ئافرەتی دیکە ڕۆڵیان لە ڕاپەڕینەکەدا گێڕاوە لەوانە (ستارە خان (خەسووی فواد مەعسوم) باجی خەیریە، باجی قەمەرناز، وەردە محەمەد ساڵح[3]، لە هەردوو شارۆچکەکانی کۆیە و ڕەواندز ئافرەتان بەشدارییان لەخۆپیشاندانەکانی کانوونی دووەمدا کردووە، بەڵام یەکێك لە جیاوازییەکانی خۆپیشاندانی کۆیە ئەوەبوو، نەك بەشداربووی خۆپیشاندان بوون، بەڵکو خۆیان ڕێکخراو و سەرپەرشتیاری خۆپیشاندان بوونە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانە کە ڕۆڵی دیار و کاریگەریان هەبووە (خەدیجە مستەفا محەمەد ناسراو بە (خوشکە فریشتە)، عایشە قادر یونس (عایشە گوڵ)، قەدرییە عەبدولجاسم، بەسێ قادر، عیففەت ساڵح محەمەد، گوڵێ (دایکی سامی عەوداڵ)، فاتیمە بیلال، لەعلیە تەها، عاسمە بەهجەت ئاغا، شوکریە مەجید مستەفا، فاتیمە قادر، ڕەحمە محەمەد ساڵح)[4] هەر وەك کەریم ئەحمەد ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە عائیشە قادر یونس ناسراو بە (عائیشە گوڵ)

(١) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٢-١٣٣

(٢) هەمان سەرچاوە، ل١٣٣.

(٣) سەربەست برزۆ، ئافرەتانی خانەقین لە نێوان دوێنی و ئەمڕۆدا، خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٤٨٢٨)، ٢٢-٦-٢٠١٥؛ خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٥٠٣٣)، ١٦-٥-٢٠١٦.

(٤) هەورین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

لـە پێشـەوەی ئـەو خۆپیشـاندانەدا بینیومـە، کـە ڕۆڵێکـی دیـار و بەرچـاوی هەبـووە[1]، هەروەهـا لـە قـەزای ڕەواندزیـش ئافرەتـان لەڕۆژانـی خۆپیشـاندانەکاندا ڕۆڵیـان بینیـوە، ئەگەرچـی ژمـارەی بەشـداربوونیان بەرێژەیەکـی زۆر نەبـووە، لـە دیارترینیـان (حەلیمـە ئەسـعەد تاهـر دایکـی شـوکریە حەمەدئەمیـن، عائیشـە خـان دایکـی بەدیعـە و نافیـع)، شـوکریە حەمەدئەمیـن هـەر چەنـد تەمەنـی بچـوك بـووە، بـەڵام لەگـەڵ دایکـی بەشـداری خۆپیشـاندانەکەی کـردووە[2]. دەکرێـت بووترێـت بەشـداریکردنی ئافرەتـان لـە ڕاپەڕینـی کانوونـی دووەمـی ١٩٤٨ بـە یەکێـك لـە تایبەتمەندییەکانـی ئـەم ڕاپەڕینـە دادەنرێـت، چونکـە پێشـتر ئافرەتـان ئـەو ڕۆڵەیـان نەبینیـوە، هەروەهـا ئافرەتانـی کوردیـش لـە باشـووری کوردسـتان بەهەمـان شـێوازی بەغـداد و شـارەکانی تـر لەڕۆژانـی ڕاپەڕینـدا ڕۆڵ و کاریگـەری خۆیـان دەرخسـتووە.

یەکێکـی تـر لـە بەشـداری ئافرەتـانی کـورد ڕاپەڕینـی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٢ بـووە کـە لـە ئەنجامـی سـەرهەڵدانی کێشـەی قوتابیانـی کۆلێـژی دەرمانسـازی و کیمیـا لـە شـاری بەغـدا سـەریهەڵدا[3]، ئـەو قوتابیـە کچـە کوردانـەی کـە لـە شـاری بەغـدا دەیانخوێنـد ڕۆڵی دیاریـان لـە ڕۆژانی خۆپیشـاندانەکان بینیـوە لـە دیارترینیـان (ڕوونـاك زوهـدی، درەخشـان عـارف نەجیـب، درەخشـان شـێخ جـەلال، نـەوزەر نـوری، نازەنیـن سـاڵح قەفتـان، گوڵشـەن ڕەوانـدزی، نەزیـرە ڕەشـید، ناجیـە مسـتەفا، شـەوقیە ئەحمـەد، زەکیـە عومـەر سـام ئاغـا،

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریـم ئەحمـەد، هەولێـر، ١ی شـوباتی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٢٢ لـە گونـدی (گردمـەلا)ی سـەر بـە ناحیـەی (قوشتەپە) لـە دایکبووە، لـە سـاڵی ١٩٣٤ لە قۆناغـی یەکەمی سـەرەتایی لـە شـاری هەولێـر لـە قوتابخانـە وەرگیراوە، لـە سـاڵی ١٩٤٤ پەیوەندی بە حزبی شـیوعی عێـراق کردووە، سـاڵی ١٩٤٦ پەیمانـگای وەرزش لـە هەمـان شـار تـەواو کـردووە، لـە هەمـان سـاڵدا وەك مامۆسـتا لـە شـاری کۆیـە دامـەزراوە، لەسـاڵی ١٩٥٣ بەشـێوەیەکی کاتـی بووەتـە سـکرتێری کۆمیتەی ناوەنـدی حزبی شـیوعی عێراق. سـاڵی ١٩٩٣ بووە بە سـکرتێری حزبی شـیوعی کوردسـتان، لە سـاڵی ٢٠٠٤ وازی لە کاری حـزب هێنـاوە و لـە١٤ی تەممـوزی ٢٠٢٢ کۆچـی دوای کردووە.

(٢) شـوکرییە حەمەدئەمیـن ڕەوانـدوزی (دایکـی ئامێـز)، چیرۆکەکانـی ژنێـك، چاپخانـەی بینایـی، هەولێـر، ٢٠١٤، ل٣٩.

(٣) بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە. جعفـر عبـاس حمیـدی، التطـورات السیاسـیة في العـراق ١٩٤١-١٩٥٣، مطبعـه النعـمان، النجـف، ١٩٧٦، ص٧١٣-٧١٨.

سورەیا محەمەد، حۆری عەلی ئاغا)[1]. خانم زوهدی کە قوتابی بووە لە بەشی کیمیا لە زانکۆی بەغدا یەکێك بوو لەوانەی کە لە دەستپێکی ڕۆژانی خۆپیشاندانەکان تا کۆتایی هاتنی ڕۆڵێکی دیار و بەرچاوی بینیوە، تەنانەت بە هۆی ئەو هەڵوێستەیەوە بڕیاری دەستگیرکردنی لەلایەن دەزگا ئەمنیەکانەوە بۆ دەردەچێت و دەستگیر دەکرێت و بەم هۆیەوە لە خوێندنی زانکۆ بێبەش دەکرێت[2]. هاوکات خۆپیشاندان لە شار و شارۆچکەکانی کوردستان ڕوویدا و سەرجەم چینەکان بەشدارییان تێیدا کرد، لە سلێمانی جەماوەری شارەکە لەژێر دروشمی (بڕووخێ حکومەتی پاشایەتی، بڕووخێ حکومەتی مستەفا عومەری) هاتنە سەر شەقامەکان و ئافرەتانی ئەم شارە هاوشان لەگەڵ پیاوەکان بەشدارییەکی کارایان کرد، جێگای ئاماژەیە بوونی کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد لە شاری سلێمانی لەم ماوەیەدا ڕۆڵی ئافرەتانی لە خۆپیشاندانەکانی شارەکە بەهێز کردبوو[3]. لە شاری هەولێریش لە ڕۆژی ٢٠ی تشرینی دووەمی ١٩٥٢ لە خۆپیشاندانێکی جەماوەریدا ئافرەتانی شارەکە بەشدارییان کرد لە دیارترینیان (فەریدە یونس، ساکینە سلێمان، ڕەمزیە عەلی، بەسێ سابر)[4]، لە قەزای کۆیە لە ڕۆژانی ڕاپەڕینی تشرینی دووەمدا خۆپیشاندانێکی جەماوەری بە بەشداری ئافرەتانی شارەکە بەڕێوەچوو لە ئافرەتە بەشدار بووەکان (عیففەت ساڵح محەمەد، خەدیجە مستەفا محەمەد، گوڵەباخ قادر، عاسمە مەلا ساڵح، نەجیبە حەسەن، زوبێد مەلا ساڵح، قەدریە عەبدولجاسم، فاتیمە بیلال، جەمیلە عەلی ساعی، شکوریە مەجید مستەفا، عاسمە بەهجەت ئاغا، ڕەحیمە محەمەد، بەسێ قادر، حەمدیە محەمەد

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە. کەمال مەزهەر ئەحمەد، ئافرەت لە مێژوودا کورتە باسێکی مێژوویی و کۆمەڵایەتی، چاپخانەی الحوادث، بغداد، ١٩٨١، ل٧٩-٨٠.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحموود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان ...، ل٢٩١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٤) إسماعيل شكر رسول، أربيل دراسة تأريخية في دورها الفكري والسياسي ١٩٣٩-١٩٥٨، مطبعة بينايي، السليمانية، ٢٠٠٥، ص٣١١-٣١٢.

ساڵح، لەعلیە تەها)[1]، بەڵام لە دهۆك هەرچەندە خۆپیشاندانی گەورەی تێدا ڕوویداوە، بەڵام ئافرەتان تێکەڵی خۆپیشاندان و ڕاپەڕینە جەماوەرییەکان نەبوون، ئەمەش دەگەڕایەوە بۆ داخراوی و پارێزگاری بەهێزی خەڵکی ناوچەکە بۆ دابونەریتی کۆن و پابەندبوونی ئافرەتان تەنیا بەکاروباریماڵەوە[2]. هەرچەندە ڕاپەڕینی تشرینی دووەم نەیتوانی ئامانجەکانی بهێنێتەدی، بەڵام بە وەرچەرخانێکی نوێی خەباتی ڕزگاری نیشتیمانی دادەنرێت لەسەر ئاستی عێراق.

دوای ئەوەی لە شوباتی ١٩٥٥ ڕێککەوتنامەی هاوکاری نێوان عێراق و تورکیا (پەیمانی بەغدا) مۆرکرا[3]، لەسەر ئاستی جەماوەری بە پاڵپشتی حزبی شیوعی عێراق لە ڕێگای خۆپیشاندانی جەماوەری دژی پەیماننامەکە وەستا و بانگەشەی دژایەتیکردنی پەیماننامەکەی ئاراستەی هێزە نیشتیمانییەکانی عێراق کرد[4]، کوردیش لەسەر ئەو بنەمایەی کە وڵاتانی پێکهێنەری پەیماننامەکە دژی پرسی کوردن و یەکگرتنەکەشیان لەسەر ئەو بنەمایە بووە کە چالاکییەکانی کورد لە سنووری وڵاتەکانیان لەناوببەن، کەوتنە دژایەتیکردنی پەیماننامەکە[5]، لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان لە سەرجەم شارەکانی عێراق خۆپیشاندان دەستیپێکرد، لە شاری سلێمانی لە ٢٥ی شوباتی ١٩٥٥ دژ بە بەستنی پەیمانەکە و حکومەتی نوری سەعید خۆپیشاندان کرا و ئافرەتانی شارەکە ڕۆڵی بەرچاویان لەم خۆپیشانەدانە بینی، بەتایبەتی (کۆمەڵەی ئافرەتانی کورد) لە نێو ماڵەکاندا کۆبوونەوەیان بە ئافرەتان دەکرد و مەترسییەکانی پەیماننامەکەیان بۆ دەخستنەڕوو و هانیان دەدان بۆ خۆپیشاندان و ناڕەزایی دەربڕین دژی ئەو پەیماننامەیە[6]، دیارترین ئەو ئافرەتانەی بەشداربوون (مەلیحە محەمەد مەحمود،

(١) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٢) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٥.

(٣) دەربارەی ئامانجەکانی ئەم پەیماننامەیە بڕوانە. عبدالرزاق الحسني، حلف بغداد لماذا، افاق عربية"مجلة"، ع (٦)، السنة (١٢)، حزيران ١٩٧٨، ص٣٣.

(٤) حنابطاطو، المصدر السابق، ص٣٥٤.

(٥) إسماعيل شكر رسول، المصدر السابق، ص٣٣٧.

(٦) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٠-١٥١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم

ناهیدەی شێخ سەلام، زەکیە ئیسماعیل حەقی، مونیرە ساڵح قەفتان، درەخشان جەلال حەفید، جەمیلە سابر قادر، ئەنجوم عبداللە زوهدی، سەمینە ئەحمەد، جوان ئەحمەد عزیز ئاغا، فاتیمە شەریف، بەهیە مەعروف)[١]، هەروەها خۆپیشاندان لە کۆیە ئەنجامدرا کە ڕێکخستنەکانی (پارتی و شیوعی) ڕۆڵیان تێدا بینی[٢]، ئافرەتانی کۆیە بە ڕێژەیەکی زۆر بەشدارییان لەم خۆپیشاندانە کرد و لەو کاتەی توندوتیژی دەکەوێتە نێوان دەسەڵات و خۆپیشاندەران ئافرەتان ڕۆڵێکی بەرچاو دەبینن لە حەشاردان و گواستنەوەی گومان لێکراوەکان[٣]. هەر لە چوارچێوەی هەڵوێستە نیشتیمانیەکاندا ئافرەتانی کورد لە دژی هێرشی سێ قوڵی بۆ سەر میسر لە ساڵی ١٩٥٦ بە دروشمی (بژی میسر و سەرۆك جەمال عەبدولناسر) بەشداری خۆپیشاندانەکانیان کردووە[٤]، لە بەشداربووەکان (مەلیحە محەمەد مەحمود، ناهیدەی شێخ سەلام، زەکیە ئیسماعیل حەقی، مونیرە ساڵح قەفتان، درەخشان جەلال حەفید، جەمیلە سابر قادر، ئەنجوم عبداللە زوهدی، سەمینە ئەحمەد، جوان ئەحمەد عزیز ئاغا، فاتیمە شەریف، بەهیە مەعروف بەرزنجی، ڕوناك ڕەئوف)[٥]، بەڵام لە شاری هەولێر بەهۆی ئەو ڕێوشوێنە

---

عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلیحە محەمەد مەحمود (مەلیحە زوهدی)، سلێمانی، ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٣٨ لە سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٤ بووە بە ئەندامی حزبی شیوعی و ئەندامی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق و لە ساڵی ١٩٥٥ بە هۆی بەشداریکردنی لە ڕاپەڕینی دژی پەیمانی بەغدا بۆ ماوەی سێ ساڵ لە خوێندن دوور دەخرێتەوە و لە ساڵی ١٩٦٢ پەیمانگای مامۆستایان لە سلێمانی تەواو دەکات، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) کریم شارەزا، لمحة عن تاريخ كويسنجق و انحائها، زاگرۆس"مجلة "، ع (٣)، ١٩٩٧، ص٤٩؛ جەمال فەتحوڵڵا تەیب، کۆیە ١٩١٨-١٩٥٨، چ (٢)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠٠٨، ل٢٠١ ؛ شیلان تاهیر ساڵح، کۆیە لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ز توێژینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی، ٢٠٠٨، ل٢٩.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٥.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلیحە محەمەد مەحمود (مەلیحە زوهدی)، سلێمانی، ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

توندانـەی حکومـەت گرتیـە بـەر هیـچ خۆپیشـاندانێك ئەنجـام نـەدرا[1]، لـە دهۆکیـش ئافرەتـان بەشـدارییان لـە خۆپیشـاندانەکان نەکـرد و لـە شـاری کەرکـووك بەهەمانشـێوە خۆپیشـاندان بـۆ پشـتیوانی گەلـی میـسر ئەنجامـدرا، بـەڵام ئافرەتانـی شـارەکە بەشـدارییان تێـدا نەکـرد[2]. لـە قـەزای کۆیـەش ئافرەتـان بـۆ پشـتیوانیکردنی گەلـی میـسر بەشـداری خۆپیشـاندانەکان دەکـەن[3] لـە دیارترینیـان (خەدیجـە مسـتەفا محەمـەد، عیففـەت سـاڵح محەمـەد، عائیشـە قـادر یونـس)[4]. بەمجـۆرە چالاکـی و ڕۆڵـی سیاسـی ئافرەتانـی کـورد دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ و هاتنەکایـەوەی سیسـتەمی کۆمـاری لـە عێـراق دەچێتـە قۆناغێکـی تـازەوە.

---

(١) دەبـارەی هـۆکاری ئەنجـام نەدانـی خۆپیشـاندانەکە لـە شـاری هەولێـر بڕوانـە. اسـماعیل شـکر رسـول، المصـدر السـابق، ص ٣٤٢-٣٤٣؛ مەهـدی محەمـەد قـادر، پێشـهاتە سیاسـیەکان...، ل٣٨٣-٣٨٤.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە. مەهدی محمەد قادر، پێشهاتە سیاسیەکان ...، ل٣٨٠-٣٨٢.

(٣) بەشدار عومەر قەرەناوی، سەرچاوەی پێشوو، ل ١٥٥.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

# - بەشی یەکەم -

# ڕۆڵی ئافرەتان لە پارت و بزووتنەوە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان ١٩٥٨-١٩٩١

## تەوەری یەکەم

## ڕۆڵی ئافرەتان لە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان ١٩٥٨-١٩٧٥

دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ بـە هـۆی ئـەو بارودۆخە سیاسـییەی هاتـە ئـاراوە، پارتـە سیاسـییەکان بنکـەی جەماوەرییـان فـراوان بـوو وە مەترسـییەکانی گرتـن و دوورخسـتنەوە و بەندکـردن بـۆ سـەر ئەنـدام و لایەنگرانیـان کـەم بـووەوە، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی کـە ئافرەتـان بـە شـێوەیەکی فراوانـتر تێکـەڵ بـە کاری سیاسـی بـن و لـە ڕێکخسـتنەکانی ئـەو پارتـە سیاسـییانەدا چالاکییەکانـی خۆیـان بنوێنـن، ئـەو پارتانـەی لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ ئافرەتـان لـە باشـووری کوردسـتان لـە ڕێکخسـتنەکانیان کاریـان تێـدا کـردووە ئەمانـەن:

### ١- حزبی شیوعی عێراق

سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ و ڕابوونـی سیسـتەمی کۆمـاری بـوو بـە وەرچەرخانێـك لـە مێـژووی هاوچەرخـی عێراق، دەرکەوتنـی کار و چالاکی پارتە سیاسـییەکان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـە یەکێـك لـەو گۆڕانکارییانـە دادەندرێـت کـە لـە دەرەنجامـی ئـەو شۆڕشـە هاتەکایـەوە[١]. حزبـی شـیوعی عێـراق یەکێـك بوو لـەو حزبانـەی کە لـەم ماوەیەدا خـاوەن بنکەیـەکی جەماوەری فراوان و ڕێکخسـتنێکی سەرانسـەری بوو لە هەمـوو عێراقدا[٢].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی عێـراق لـە باشـووری کوردسـتاندا، ڕۆڵێکـی زۆر دیـار و گرنگیـان بینیـوە بەتایبـەتی لـە جێبەجێکردنـی

---

(١) دەربـارەی دەسـکەوتە سیاسـیەکانی شۆڕشـی ١٤ تەممـووز بڕوانـە: محمـود فهمي درويـش و اخرون، دليـل الجمهوريـة العراقيـة لسـنة ١٩٦٠، ط (١)، مطبعـة المتمـدن، بغـداد، ١٩٦١؛ اللجنة العليـا لاحتفالات ١٤ تمـوز، ثـورة ١٤ تمـوز في عامهـا الأول، ط (١)، مطبعـة دار الاخبـار، بغـداد، ١٩٥٩، ص٢٤٩ -٢٦٣.

(٢) نایب عەبدوڵلا، بیرەوەری ٢١ ساڵی تێکۆشان، چ (٢)، سلێمانی، ١٩٩٧، ل٢٢١ .

ئـەو ئەرکانــەی پێیــان ســپێردراوە و توێژێکــی بەرچــاو بوونــە لــە پاراســتن و بەرگــری کــردن لــە دەســتکەوتەکانی شــۆڕش، ڕۆڵــی زۆریــان بینیــوە لــە بەهێــز کردنــی پێگــەی ئافــرەت لــە نــاو ڕێکخســتنەکانی حزبــی شــیوعی[1]، لــە دیارتریــن ئــەو ئافرەتانــەی لــەو ماوەیــەدا ڕۆڵێکــی بەرچاویــان هەبــووە لــە شــاری هەولێــر ئەمانــەن؛ ســامیە شــاکر صــادق (چاوشــلی)، شــوکریە محەمــەد ئەمیــن عەلــی، فەتحیــە محەمــەد مســتەفا، مامــز عەبدوڵــڵا خــدر، نازەنیــن حەیــدەر عاصــم حەیــدەری (نازەنیــن حەیــدەری)، عائیشــە مەحمــود خــدر، نەجیبــە خەلیــل ئیبراهیــم، ســاکینە ســلیمان، فەریــدە یونــس، نەجیبــە یونس مــەلا هیدایــەت، ساجدە صبری، ســەعدیە صبری، سعاد صبری، ســەعدیە عەبدولڕەحــمان، فەزیلــە عەبدولڕەحــمان، قەدریــە عەبدولڕەحــمان، کافیــە عەبدولرەحــمان، مەلیحــە عەبدولڕەحــمان، ئامینــە مــەلا غەفــور، سامیە مــەلا صبری، ئەدیبــە ســەعید خــدر، نەسریــن عومــەر ئەمیــن، پەرویــن عومــەر ئەمیــن، ســاکینە عثــمان، صبیحــە عمــر عثــمان، انعــام مجیــد، خەیریــە نــادر، لامعــە نــادر ئەفەنــدی [2] جەمــرە ســابر ئەحمــەد[3].

ســەبارەت بــە ڕێکخســتنەکانی شــاری ســلێمانی هــەر یــەك لــە زەکیــە فــەرەج، مەلیحــە محەمــەد مەحمــود (مەلیحــە زوهــدی)، مونیــرە ســاڵح، زەکیــە بابــان، مونیــرە ڕەشــید، فاتیمــە ســاڵح خــدر، فاتیمــە شــەریف، عائیشــە شــەریف، توبــا عەبدولکەریــم، خانــم محەمــەد مەحمــود (خانــم زوهــدی)، نەجمــە شاســوار، ئافتــاو عەزیــز عەلــی، پەخشــان عبداللــە زەنگەنــە، ســنۆبەر ئیســماعیل نصراللــە، ڕابیعــە شــەوکەوت محەمــەد، شــەفیقە ئەمیــن مەحمــود، عائیشــە عەبدولحەکیــم محەمــەد، شــارەبان محەمــەد ئەمیــن،

---

(١) عالیــە عەبدولکەریــم، خەباتــی ئافرەتــی کــورد، هیــوا "گۆڤــار"، ژ (٩-١٠)، ســاڵ (٢)، نیســان و مایســی ١٩٥٩، ل٧٣.

(٢) سامیە شاکر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٣٩؛ ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٦٢)، ٢٠٢١/٩/٢١.

(٣) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ جەمــرە ســابیر ئەحمــەد، هەولێــر، ٢٤ی ئایــاری ٢٠٢٢. ســاڵی ١٩٤٧ لــە گونــدی (دۆڵــەزە)ی ســەر بــە پارێــزگای هەولێــر لــە دایکبــووە، لــە دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووزی ١٩٥٨ لــە ڕێگــەی براکانیــەوە بــووە بــە ئەندامــی حزبــی شــیوعی عێراقــی و ئەندامــی ڕێکخــراوی (رابطــة الدفاع عــن حقــوق المــرأة العراقیــة)، بەشــداری لەچەندیــن خولــی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری و ڕۆشــنبیری و هۆشــیاری کۆمەڵایەتــی کــردووە، ئەندامێکــی چالاکــی حزبــی شــیوعی بــووە و پابەندبــووە بەپرەنســیپە حزبیــەکان، ئێســتا لــە هەولێــر دەژێــت.

خەدیجە شێخ حوسێن بەرزنجی، عائیشە شێخ حسین بەرزنجی، نەجیبە سدقی، فاتیمە ڕۆستەم، فاتیمە عوسمان سەعید، دولبەر عەلی ئەمین، قومریە مەجید تۆفیق، ئامینە سەلیم ئەحمەد، ئامینە ئەحمەد ئەمین، زەکیە خۆشناو، مینا شێخ محەمەد مستەفا، شەمسە مەحمود، خانم بایز ڕەشید بوون[١].

شاری کەرکوك چەند ئافرەتێك لە ڕێکخستنەکاندا کاریان کردووە لە دیارترینیان، عائیشە ڕەمەزان حەمە عەلی، بەهیە دەروێش ئەحمەد، گەلاوێژ عەسکەری، فائیزە نامیق، سەبریە عومەر، بەهیە تۆفیق، مصریە عبداللە، فاتیمە حاجی جەبار، ناهیدە عبداللە بوون[٢]. لە شاری دهۆك ڕێکخستنەکانی ئافرەتان ڕۆڵی دیاریان بینیوە و هەر یەك لە بەڵقیس عەبدولمەجید قازی، عالیە دەروێش، نافیعە محەمەد خالید، حەلیمە پیرموس، نەسرین حوسێن، چنار عەبدوڵڵا، فاتیمە عەبدوڵڵا لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون کە چالاکی و کاری ڕێکخستنیان لە ناوەوەی شارەکە ئەنجام داوە[٣].

ڕێکخستنەکانی ئافرەتان جگە لە شارەکان لە قەزا و ناحیەکان و هەندێ لە دێهاتەکانیش بوونیان هەبووە، کاروباری حزبیان لەم شوێنانە بەڕێوەدەبرد بە تایبەتی ئەو چالاکییانەی کە پەیوەندی بە ئافرەتان هەبووە، بۆ نموونە لە قەزای کۆیە ڕێکخستنەکانی ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاویان بینیوە لە ڕاپەڕاندنی ئەرکەکانی حزب و پێگەیاندن و هێنانە پێشەوەی ڕۆڵی ئافرەت لە کاری سیاسیدا، هەر یەك لە خدیجە مستەفا محەمەد

(١) نائیب عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٨; چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلیحە محەمەد مەحمود (مەلیحە زوهدی)، سلێمانی، ٤ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لە گەڵ ئافتاو عەزیز عەلی، ئەڵمانیا، ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٤٨ لە شاری سلێمانی لە دایك بووە، تا پۆلی شەشەمی ئامادەیی خوێندووە، لە ساڵی ١٩٦٤ پەیوەندی بە ڕیزەکانی حزبی شیوعی عێراق کردوە، لە ساڵی ١٩٧٣ بە فەرمانبەر لە کۆمپانیای خۆراك لە سلێمانی دامەزراوە، ئەندامێکی چالاك و کارا بووە بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی ئافرەتانی ئەو سەردەمەی کردووە، ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژیت.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فەتحیە بامەڕنی، دهۆك، ٢٥ی شوباتی ٢٠٢٢.

ناسراو بە (خوشکە فریشتە) و عائیشە قادر یونس ناسراو بە (ئایشە گوڵ)، عیففەت سالّح محەمەد، گوڵە دەروێش، حەمدیە مستەفا، جەمیلە عەلی ساعی، عائیشە قادر ڕەواندزی[1] لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون، هەروەها لە قەزای ڕەواندز هەر یەك لە هەمین جەرجیس یوسف، گولیزار مستەفا مەزهەر، حەبیبە مستەفا مەزهەر، گوڵێ تاهیر، حەبیبە حەمەدئەمین، شوکریە ئەحمەد، ئامینە تاهیر، عطیە خان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بوون[2]. لە شەقڵاوەش کە بنکەی جەماوەری فراوانتر بوو هەریەك لە درەخشان عەلی عەبدولقادر، مەریەم باسە، فائیزە کوڕ، ئامانج قادر، ڕەمزیە بیا سڵێوە ناسراوە بە (دایکی سەلام) ڕۆڵی دیاریان بینیوە[3]. لە شارۆچکەی کفریش حزبی شیوعی توانیویەتی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگران پەیدا بکات و ئافرەتانیش لەناو ڕێکخستنەکانیدا ڕۆڵی خۆیان ببینن لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش: ئەدیبە سەعید محەمەد، توبا عەبدولکەریم حەسەن، عادیلە کەریم عارف، سەرگوڵ محەمەد، عەینە محەمەد حەیدەر، ئامینە فەرەج، غەنیمە نادر قادر، نادیە نادر قادر، شوکریە قادر، حاجی دولبەر، شوکریە حەیدەر، ئاسکە خورشید، سوهیلە کەریم، عائیشە

---

(١) هەورین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٨: ڕێگای کوردستان "ڕۆژنامە"، ژ (١١٨٦)، ٢٠١٩/٩/٣ ؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عففەت سالّح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٠٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە محەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەمین جەرجیس یوسف، ڕەواندوز، ٢٤ی شوباتی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٣٩ لە ڕەواندز لەدایکبووە، دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموز پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردووەو سەرپەرشتی ڕێکخستنەکانی ئافرەتانی شارەکەی کردووە، زۆربەی کۆڕ و کۆبوونەوەی ئافرەتان لە ماڵی ناوبراو ئەنجام دەدرا، چەندین کار و چالاکی وەك کۆکردنەوەی ئابوونە و هاوکاری بۆ پێشمەرگە و گواستنەوەی بڵاوکراوە و ڕاگەیەنراوی حزب ئەنجام داوە، ئێستا لە ڕواندوز دەژێت.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ درەخشان عەلی عەبدولقادر، فنلەندا، ٢٥ی شوباتی٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٢ لە شەقڵاوە لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٦ بەشی زمانی ئینگلیزی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغداد تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٧ دوای دەرچوونی فەرمانی دەستگیرکردنی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، دوای گەڕانەوەی بۆ کوردستان لە ساڵی ٢٠١٠ لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی سەلاحەدین وەك مامۆستا دادەمەزرێت، ساڵی ٢٠١٣ خانەشین بووە، ئێستا لە وڵاتی فنلەندا دەژێت.

ئەحمەد حاجی، حەیات حەسەن، نیعمەت حەسەن، حەپسە حەمید[١]. هەروەها لە هەڵەبجە چەندین ئافرەت ڕۆڵی دیار و گرنگیان بینیوە لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لەوانە ناهیدە نوری قەساب، ئامین تەیارەی شیرەمەڕ، خوشکە شیرین، لەیلا عەلی[٢]. هەروەها هەر لە سنوری ناوچەی هەڵەبجە چەندین ئافرەتی تر لە ڕێکخستنەکاندا کاریان کردوە لەوانە فاتیمە مەلا ئەمین چاپچی، ئافتاو حاجی فەرەج هەڵەبجەیی، ئامینە ئیسماعیل باوە، فاتیمە عەبدولڕەحمان محەمەد، نەخشین قاسم حەمە لەتیف، سەلمە حوسێن حەسەن، عەتیە عەبدولڕەحمان عەبدولقادر، سەفیە حوسێن، ناهی عەول محەمەدی هەورامی، پەروین حاجی ڕەحیم، بەدریە ئەحمەد، ئایشێ حمە کەریم، ئامینە ئەحمەد ئەمین هەڵەبجەیی، فاتیمە عەلی ئەڵلایار، مەهدیە عەبدوڵڵا قادر، صبیحە ئەحمەد محەمەد[٣]. سەبارەت بە شاری خانەقین چەند ئافرەتێك لە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا ڕۆڵیان هەبووە لە دیارترینان: زینب قهرمان علی، سعاد قهرمان علی[٤].

(١) سەباح عەلی سلێمان، کەلار ١٩٢٧-١٩٧٥/ لێکۆڵینەوەیەك لە بارودۆخی سیاسی، کارگێڕی و ڕۆشنبیری، نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، ٢٠٢١، هەولێر، ل٧٦؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ توبا عەبدولکەریم حەسەن، سلێمانی، ١ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٤ لە کفری لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی دەکات، لە نێوان ساڵانی ١٩٧٣-١٩٧٦ لە کفری سەرپەرشتی چەندین شانەی نهێنی ئافرەتانی کردووە و دواتر بەهۆی فەرمانی دەستگیرکردنەوە، ڕوو لە شاری سلێمانی دەکات، لە ئێستادا خانەنشینە و لە سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەبدولڕەحمان فارس عەبدولڕەحمان ناسراو بە (ئەبو کاروان)، کفری، ١٠ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٥ لە کفری لەدایکبووە، ساڵی ١٩٧١ پەیوەندی بە حزبی شوعیەوە کردووە، ساڵی ١٩٧٨ ئامادەیی کشتوکاڵی لە زاخۆ تەواو کردووە، لە کۆنگرەی دووەمی حزبی شیوعی کوردستان بووە بە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی، لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی کوردستان بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی هەڵبژێردراوە، ساڵی ٢٠١٣-٢٠١٨ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە. ئێستا لە کفری دەژێت.

(٢) نایب عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٠١-٢٠٢.

(٣)پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٥ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤) شموس ساطعة، لعراق حر وشعب سعید، شهیدات الحزب الشیوعي العراقي ١٩٣٤-٢٠٢١، دار الکتب و الوثائق، بغداد، ٢٠٢٢، ص ٣٠٨.

دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز جۆرێــك لــە ئــازادی بــیرورا و کارکــردن لەنــاو پارتــە سیاســییەکان هاتەکایــەوە، بــەڵام دوای تێکچــوونی پەیوەنــدی نێــوان ســەرۆك وەزیــران عەبدولکەریــم قاســم (١٩٥٨-١٩٦٣) و حــزبی شــیوعی عێــراق و پێنــەدانی مۆڵــەتی کارکــردنی ئاشــکرا لەلایــەن وەزارەتی ناوخــۆ بــە حزبــی شــیوعی، کاری ڕێکخســتنەکان تــا ڕادەیــەك بــە نهێنــی بەڕێوەدەچــوو، ڕێکخســتنی ئافرەتانیــش بــە هەمــان شــێوە کارەکانیــان بەشــێوەی نهێنــی ئەنجــام دەدا، بــە تایبــەتی شــوێنی ئەنجامدانــی کۆبوونــەوەکان کــە لــە بارەگایەکــی دیاریکــراو نەبــوو، بەڵکــو هەوڵــدەدرا هــەر جــارە و لــە ماڵــی ئەندامێکــی باوەڕپێکــراو و جێــی متمانــەی حــزب ئەنجــام بدرێــت[١]. بەرپرســی لێژنــەی ناوخــۆی حزبــی شــیوعی هــەر شــارێك سەرپەرشــتی کۆبوونــەوەی شــانە حزبیەکانــی ئافرەتــانی دەکــرد، بابەتــی کۆبوونــەوەکان بەپێــی بارودۆخــی ســیاسی دیــاری دەکــرا، هەروەهــا هەوڵــدەدرا بــۆ وشــیارکردنەوەی ئەندامــان لــە ڕووی کۆمەڵایەتــی و سیاســی و ڕۆشــبیری و ئاشــنا بــوون بــە مــاف و ئــەرك و داخوازییەکانیــان و هاندانیــان بــۆ بەشــداریکردن لــە چالاکییــە سیاســییەکان، بــۆ ڕاکێشــانی زیاتــری ئافرەتــان بــۆ نــاو ڕێکخســتنەکان[٢]، و لــە هەنــدێ کاتــدا بۆنــە کۆمەڵایەتییــەکان بــۆ ئــەو مەبەســتانە بەکارهێنــدراون بــۆ نموونــە بەشــداربوونی ئەندامــانی حــزب لــە پرســەکان بــە مەبەســتی بەتینکــردن و فراوانکردنــی پەیوەندییــە جەماوەرییــەکانی لەگــەڵ خەڵــك، ئافرەتــانی لێهاتــوو لــەم بــوارەدا ڕۆڵــی دیاریــان بینیــوە لەوانــە عائیشــە شــەریف ئەحمــەد یەکێــك بــووە لــەو ئافرەتانــەی کــە لــە شــاری ســلێمانی بەشــداری زۆربــەی پرســەکانی ئافرەتانــی دەکــردو ڕۆڵــی دەبینــی لــە پتەوکردنــی پەیوەندییــەکان و گەیاندنــی بڵاوکــراوەکان وەك بەیاننامــە و ڕۆژنامــە و گۆڤــار[٣]. بەشــێکی زۆری ئــەو بڵاوکراوانــەش لــە ماڵــی ئەندامانــی حــزب چــاپ دەکــرا، مینــا

(١) پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ خانــم محەمــەد مەحمــود (خانــم زوهــدی)، هۆڵەنــدا، ٣ی کانــوونی دووەمــی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ شــوکریە حەمەدئەمیــن عەلــی، هەولێــر، ٢ی کانــوونی دووەمــی ٢٠٠٢.

(٢) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ مەلیحــە محەمــەد مەحمــود (مەلیحــە زوهــدی)، ســلێمانی، ٤ی کانــوونی دووەمــی٢٠٢٢؛ پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ ئافتــاو عەزیــز عەلــی، ئەڵمانیــا، ٢٠ی شــوباتی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ شــوکریە حەمەدئەمیــن عەلــی، هەولێــر، ٢ی کانــوونی دووەمــی ٢٠٠٢.

(٣) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٥٢)، ٢٠٢١/٧/٦.

شێخ محەمەد مستەفا یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە بە هاوکاری هاوسەرەکەی دکتۆر سەعید کە ئەندامی حزبی شیوعی بووە زۆربەی بڵاوکراوە و بەیاننامەکان لە ماڵەکەیدا چاپ دەکرا[١]، جێگای ئاماژەیە ئامینە سەلیم ئەحمەد یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵێکی گرنگی بینیوە لە دەرکردنی ڕۆژنامەی ئاڵای کارگەران[٢]، هەروەها ڕۆژنامەی دەنگوباس کە مانگانە بە کوردی و هەندێکجار بە عەرەبی دەردەچوو وە ڕۆژنامەی ڕێگای کوردستان لە ماڵەکەیان بەڕۆنێو چاپ دەکرا، ئامینە سەلیم بە هاوکاری کوڕەکەی بڵاوکراوەکانیان بە شێوەیەکی نهێنی دەگەیاندە بنکە نهێنییەکانی حزب بۆ دابەشکردن و گەیاندنیان بە ڕێکخراوەکانی حزب لە ناو شاری سلێمانی و لەوێوەوە بۆ ناوچەکانی تر[٣].

دوای ڕووداني کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ کۆتایی بە دەسەڵاتی عەبدولکەریم قاسم هات، قۆناغێکی زۆر مەترسیدار ڕووبەڕووی ئەندامان و لایەنگرانی حزبی شیوعی بووەوە بە تایبەتی دوای دەرکردنی بەیاننامەی ژمارە (١٣) کە ڕێگای بە ئەندامانی (حەرەس قەومی) دا کە هەر شیوعییەك دەستگیر کرا لە هەمان شوێن بێ دادگاییکردن بکوژرێت[٤]. سەرکردایەتی حزبی شیوعی دژی کودەتاکە وەستایەوە و لە بەیاننامەی ژمارە (١) و (٢) داوای لە جەماوەی عێراق کرد دژی ئەو کودەتایە بوەستنەوە[٥]، بەڵام (بەعسی و ناسری)یەکان توانیان دەسەڵات بگرنە دەست و (عەبدولسەلام عارف ١٩٦٣ -١٩٦٦) بوو بە یەکەم سەرۆك کۆماری عێراق[٦].

(١) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٦٠)، ٢٠٢١/٩/٧.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٥ی شوباتی ٢٠٢٢. بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت ڕاگەیاندنەکانی حزبی شیوعی بڕوانە: سعدی المالح، الصحافة الكردية للحزب الشيوعي العراقي ١٩٤٤-١٩٧٢، ط (١)، مطبعة هيڤي، أربيل، ٢٠٠٨، ص٨٤ .

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەلال دەباغ، ئەڵمانیا، ٥ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤) حامد مصطفي مقصود، مدارات الاخوة الاعداء ثورة ١٤ تموز الخلفيات، الوقائع، و سيرة الذاتية، مطبعة وزارة التربية، أربيل، ٢٠٠٢، ص٣٣٣.

(٥) بڕوانە دەقی بەیاننامەکان لە: سمير عبدالكريم، أضواء على الحركة الشيوعية في العراق ٨ شباط ١٩٦٣-١٨ تشرين الثاني ١٩٦٣، قدم له: د. صلاح محمد، دار المرصاد، بيروت، د.س، ج (٣)، ص٣٥، ٣٨.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەو ڕوداوانە بڕوانە: احمد فوزي، عبدالكريم قاسم و ساعاته

ئافرەتـانی نـاو ڕێکخسـتنەکانی حـزبی شـیوعی لـەو ڕۆژگارە مەترسـیدارەدا ڕۆڵـی زۆر گرنـگ و گەورەیـان بینیـوە بـە جۆرێـك ئەگەر ئـەو ئافرەتانـە نەبوونایـە زیان و کـوژراوەکان زۆر زیاتـر دەبـوو، بەدەیـان خێـزانی ئـەو ئافرەتانـە بەخۆیـان و مـاڵ و منداڵیانــەوە کەوتنـە شـاردنەوەی کادیرەکانـی حـزب و پەنایانـدان و ژمارەیـەکی زۆریـان ڕزگارکـردن و گەیاندنیانـە ناوچـە ڕزگارکـراوەکانی کوردسـتان[1]، ئەمـە جگـە لـە سـەرکردایەتی کردنـی چەنـد ڕێکخراوێـك کـە لـەو سـەردەمەدا بـە پیـاو نەدەکـرا، یەکێـك لـە دیارتریـن ئـەو ڕێکخراوانـەی کـە دوای کودەتـای ٨ی شـوبات دامـەزرا نووسـینگەیەکی ئافرەتـان بـوو لـە شـاری هەولێـر بـە سـەرۆکایەتی سـامیە شـاکر صـادق (چاوشـلی) و ئەندامێتـی هـەر یـەك لـە شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی و سـاکینە سـلێمان و نەجیبـە خەلیـل ئیبراهیـم[2]. ئـەم نووسـینگەیە بـۆ ماوەیـەکی زۆر بـە شـێوەیەکی نهێنـی لـە پـاڵ کارەکانی خـۆی وەك کردنـەوەی خـول و چالاکییەکانـی ئافرەتـان لـە کردنـەوەی بنکـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری چالاکییـە سیاسییەکانیشـیان ئەنجـام دەدا[3]. هەروەهـا بـە شـێوەیەکی نهێنـی زانیارییەکانیـان ئاڵوگـۆڕ کـردووە و پێویسـتییەکانی پزیشـکی و برینپێچییـان ڕەوانـە کـردووە و لـە کاتـی زۆر پێویسـتدا خۆیـان تیـماری برینداراەکانیـان کـردووە[4].

یەکێـکی تـر لـە چالاکییـەکانی ئافرەتـان لـە نـاو حـزب بریتـی بـوو لـە بەشـداربوونیان لـە کۆنگـرەکان، لـە دوای شـۆڕشی ١٤ی تەممـووز تـا سـاڵی ١٩٧٥ تەنهـا یـەك کۆنگـرە بەسـترا کـە کۆنگـرەی دووەم بـوو، لـە کۆتایـی مانگـی ئـاب و سـەرەتایی ئەیلوولـی سـاڵی ١٩٧٠ لـە ناوچـەی باڵـەك لـە باشـووری کوردسـتان بەسـترا[5]، ئـەو ئافرەتانـەی لـەم

---

الاخيرة، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩، ص ١٤٤-١٥٥، ١٦٤-١٧١.

(١) نایب عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢١٩.

(٢) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی کانـوونی دووەمی٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٦٢)، ٢٠٢١/٩/٢١.

(٤) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیـا، ١٩ی کانـوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـوکریە حمەدئەمیـن عەلی، هەولێـر، ٢ی کانـوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٥) صـلاح الخرسـان، صفحـات مـن تاريـخ الحركـة الشـيوعية في العـراق، ط (١)، بيـروت، ١٩٩٣، ص١٣٧؛ بەهادیـن نـوری، بیرەوەرییەکانـی بەهادیـن نـوری، چاپخانـە تـاران، ٢٠١٩، ب (٢)، ل٨٣ .

کۆنگرەیە وەك ئەندامی کۆنگرە بەشداربوون هەر یەك لە عایدە یاسین (هاوسەری بەهادین نوری)، خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، بوشرا عەبدولجەلیل برتۆ (هاوسەری ڕەحیم عەجینا)، سامیە شاکر صادق (چاوشلی) بوون[١].

دوای ڕاگەیاندنی بەرەی نیشتیمانی دیموکراتی پێشکەوتنخواز لە ١٧ی تەمموزی ١٩٧٣ لە نێوان حزبی شیوعی عێراق و پارتی بەعسی عەرەبی سۆسیالیست، بواری زیاتر ڕەخسا بۆ ئافرەتانی ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بۆ ئەنجامدانی کاری سیاسی و توانییان ڕۆڵی زیاتر بگێڕن، لەگەڵ ئەوەشدا جۆرێك لە دوو دڵی و ترس و بڕوا نەبوون بە پابەندبوونی بەعسییەکان بەرامبەر بە ڕێککەوتنەکە لەلایەن ئافرەتانی نێو حزبی شیوعی هەبوو، بۆیە بەشێکی زۆریان بەناوی نهێنی و شوێنی نهێنی و بەوریاییەوە کاریان دەکرد[٢].

سەبارەت بە پەیوەندی نێوان شانەکان لەناوخۆی شارەکاندا بەشێوازێکی زۆر تایبەت و نهێنی و پارێزراو بووە، تەنیا بەرپرسی شانەکان یەکتریان دەناسی و ڕاستەوخۆ پەیوەندیان بەیەکترەوە دەکرد، سەبارەت بە پەیوەندی شانەکان لە شارێکەوە بۆ شارێکی تر بەپێی شێواز و ئامرازی ڕێکخستنی حزبی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی و زۆرجاریش بەهۆی بۆنە نەتەوەیی و نیشتیمانی و حزبیەکان ئەنجام دراوە، بۆ نموونە ئاهەنگەکانی جەژنی نەورۆز و ١١ی ئادار و ڕۆژی جیهانی ئافرەتان لە ٨ی ئادار، یادی شۆڕشی ١٤ی تەمموز توانیویانە دیدەنی یەکتر بکەن و ڕاو بۆچوونیان لەبارەی ڕووداوەکان گۆڕیوەتەوە و پەیوەندییەکانیان پتەو کردووە و ئامرازی کارکردنی هاوبەشیان دادەنا[٣]، هەر وەك لە نووسراوی موتەسەرفیەی هەولێر ئاراستەی هەموو قائیمقامەکان کراوە کە

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاکر صادق (چاوشلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.
(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئافتاو عزیز علی، ئەڵمانیا، ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.
(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢، پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئافتاو عەزیز عەلی، ئەڵمانیا ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢.

ئـاگادار بـن ئەندامانی حزبی شـیوعی بۆنـەکان بەکاردێنن بۆ چالاکییەکانیان بـە تایبەتی جەژنی نـەورۆز[١]، بـۆ نموونـە یەکێك لـەو ئافرەتانەی کـە پەیوەندی بـە ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتان لە ناوچـەکانی ناوەڕاسـتی عێـراق هەبوو عایدە یاسـین (هاوسـەری بەهادین نـوری) کە بە ناوی پەیامنێـری ڕاگەیاندنـی حـزب نامـەی چوکلێتی (الحلوائـی) دەگەیاندە ناوچەکانی ناوەڕاسـتی عێـراق[٢]، هەروەهـا یەکێکـی دیکـە لـەو ئافرەتانـەی کـە پەیوەندییەکـی فراوانـی هەبـوو بـە سـەرجەم ڕێکخسـتنەکانی ناوخـۆی ئافرەتـان لـە باشـووری کوردسـتان و ناوەڕاسـت و باشـووری عێـراق عائیشـە قـادر یونس (عائیشـە گوڵ) بووە کە بـەردەوام لە نێوان شـارەکاندا هاتووچـۆی دەکـرد و پەیـام و بڵاوکـراوە و نامـە نهێنییەکانـی حـزبی دەگواسـتەوە[٣].

چالاکییەکانـی ئافرەتـان لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی بـە چەنـد جۆرێـك دەردەکـەوت، جگـە لـە چالاکییـەکانی نـاوەوەی شـارەکان ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە لـە کۆکردنـەوەی ئابوونـە و هاوکارییـەکان لـە دۆسـتەکانی حـزب و سەرپەرشـتیکردنی ئـەو ئافرەتانـەی بـە ڕێـگای پیشـە دەسـتییەکانەوە وەك دوورمـان پارەیـان بـۆ حـزب کۆدەکـردەوە[٤]، (شـیرین ئـادەم شـلیمون) یەکێـك بـووە لـەو ئافرەتانـەی کـە کاری دوورمانـی کـردووە و بـە داهاتەکـەی یارمەتـی پێشـمەرگە و خانەوادەکانـی داوە[٥]، جێـگای ئاماژەیـە هەندێـك چالاکـی مەترسـیدار لـە ڕێـگای ئـەو ئافرەتانـەوە کـە لـە نـاو حزبـدا جێگـەی متمانـە بـوون ئەنجـام دراوە وەك گواسـتنەوەی چـەك و فیشـەك و کەرەسـتەی سـەربازی و پێویسـتییە پزیشـکییەکان و جلوبـەرگ بـۆ هێـزی پێشـمەرگە و گواسـتنەوەی مـاڵ و خێزانـی پێشـمەرگە بـۆ شـوێنە شـاراوەکان[٦]، فەتحیـە محەمـەد

---

(١) متصرفيـه لـواء أربيـل، الى القائمقاميـات كافـة، مكـرر الشرطـة اربيـل، لاسـلكية الـسري، ع: (١٧)، الموضـوع: اعـمال التخريبيـة فـى أربيـل، ١٩٦٣/٣/٢٠.

(٢) بەهادین نوری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٨ .

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤) سلام فـواز العبيـدى، دهـوك لمحـات عـن ماضيهـا و حاضرهـا، مطبعـة خـاني، دهـوك، ٢٠١٥، ص٧٢ ؛ ڕێـگای کوردسـتان "ڕۆژنامـە"، ژ (١٢٤٣)، ٢٠٢١/٤/٢٧.

(٥) المصدر نفسه، ص٧٢.

(٦) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ خانـم محەمـەد مەحمـود (خانـم زوهـدی)، هۆڵەنـدا، ٣ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صـادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیـا،

مستەفا و بەسێ قادر حسن و بدریە مصطفی غزالی لەو ئافرەتانە بوون کە ڕۆڵی بەرچاویان لەم بوارەدا بینیوە[١]. مونیرەی مەلا فەرەج یەکێکی ترە لەو ئافرەتانەی کە لە ساڵی ١٩٦٦ تاوەکو ١٩٧٠ ماڵەکەی ببووە شوێنی کۆبوونەوەکانی لێژنەی مەحەلی سلێمانی، زۆربەی کۆبوونەوەکان لەوماڵەدا بەڕێوە دەچوو، هەروەها چەند کۆنفرانسێکی لێژنەی ناوخۆیی حزب لە پارێزگای سلێمانی لەو ماڵەدا بەسترا، هەروەها دایکە ئامینە یەکێکی تر بوو لەو ئافرەتانەی کە ماڵەکەی شوێنی کۆبوونەوەکانی شانەکانی حزب بوو[٢]، حمدیە مستەفاش یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵی گرنگی لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی بینیوە لە دیارترین ئەو کارانەی ئەنجامی داوە گواستنەوەی چاپخانەی حزب لە شاری بەغداد بۆ شاری کەرکوك بە ڕێگای شەمەندەفەر، دوای ئەوەی چاپخانەکەی پارچە پارچە کردووە خستوویەتییە ناو سندوقێك کاتی گەیشتنی بە شاری کەرکوك بە پۆلیسەکانی وێستگە دەڵێت: **"کەس نییە ئەو مەکینە قورسەی دوورمانیم بۆ هەڵبگرێت"**. بەمجۆرە پۆلیسەکان یارمەتییان داوە و تا ناو عەرەبانەی گواستنەوەکە بۆیان بردووە، چونکە دەیزانی کەس نەیدەتوانی لێپرسینەوە لە پۆلیس بکات کە ئەو سندوقانە چی تێدایە[٣]. دوای دەرچوونی بەیاننامەی حزبی شیوعی عێراق لە مانگی نیسانی ١٩٦٢ بە ناونیشانی (استئناف الحملة العسكرية علي كردستان يعرض وحدة الجمهورية واستقلالها للخطر ايها المواطنون ناضلوا لحل ازمة كردستان بالوسائل السلمية) کە لە بەشێکیدا هاتووە: **"... سەرۆك وەزیران بە چاوی خۆی بینی لە کۆنگرەی کۆمەڵەی جوتیاران یەکێك**

---

١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٤٣)، ٢٠٢١/٤/٢٧.

(١) ڕێگای کوردستان "ڕۆژنامە"، ژ (١٢٥٤)، ٢٠٢١/٧/٢٧ ؛ چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بدریە مصطفی غزالی، هەولێر، ١١ی تشرینی یەکەمی ٢٠٢٢. ناوبراو ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی (قوڵتەپە) سەر بە ناحیەی قوشتپە لە دایکبووە، بەهۆی بنەماڵەکەیان پەیوەندی هەبووە لەگەڵ ڕووداوەکانی ماوەی نێوان ساڵانی (١٩٧٠-١٩٨٠)، لە چالاکییەکانی ناو شاری هەولێر هاوکار و یارمەتیدەری پێشمەرگە بووە و کارئاسانی بۆ کردوون و لە ماڵەوەش خزمەتی هێزەکانی پێشمەرگەی کردووە لە ئامادەکردنی خواردن و شوێنی حەوانەوە، ئێستا لە هەولێر دەژێت.

(٢) نایب عەبدوڵڵا، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٠٦، ٢١٩-٢٢٠.

(٣) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١١٣٩)، ٢٠١٨/٩/٥.

**لـە دایکـە جوتیـارەکان داوای لێکـرد کوڕەکـەی لـە بـەرەکانی کوشـتن لـە کوردسـتان بـۆ بگەڕێنێتـەوە ...»**[1] . دوای ئـەو بەیاننامەیـە ڕێکخسـتنەکانی حـزبی شـیوعی لەنـاو شـاری هەولێـر کەوتنـە بڵاوکردنـەوەی (دورشـمەکانی ئاشـتی بـۆ کوردسـتان، ڕاگرتنـی کوشـتار لـە کوردسـتان، ئارامـی و سـەقامگیری سیاسی لـە عێـراق، دیموکـراسی ڕێگایەکـە بـۆ ڕێگـری کـردن لـە خوێـن ڕشـتن) لـە نـاو گـەڕەك و سـەر دیـوار و شـوێنە گشـتییەکان[2]. جێـگای ئاماژەیـە ئـەو هەنگاوانـەی حـزبی شـیوعی دوای سـەرهەڵدانەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان لـە زۆر شـار و شـارۆچکە بەڕێوەچـوون بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی ئیمـزا بـۆ گەڕانـەوەی ئاشـتی بـۆ کوردسـتان، چەندیـن ئافـرەت لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە، بەگیـسی مسـتەفا دانیشـتوی گـەڕەکی خانەقـا لـە هەولێـر یەکێـك بـووە لـەو ئافرەتانـە، بەپێـی نـووسراوی بەڕێوەبەرایـەتی پۆلیـسی هەولێـر ناوبـراو یەکێـك بـووە لـەو ئافرەتانـەی کـە لـە ماڵەکەیـدا بەشـێوەیەکی نهێنـی لیسـتی کۆکردنـەوەی ئیمـزا و ڕۆژنامـەکانی حـزبی شـیوعی و بڵاوکـراوەکانی حـزبی شـیوعی حەشارداوە، وەك لـە بەشـێکی نووسراوەکـەدا هاتـووە: **"... لـە شـەوی ١٥ی تەممـووزی ١٩٦٢ دوای چەنـد گوللەیـەك ئاراسـتەی چەنـد سـەربازێك کـراوە لـە گـەڕەکی خانقـاە و دوای گرتنـی چـواردەوری گەڕەکەکـە و پشـکنینی دەسـت گـیرا بەسـەر چەنـد لیسـتێك لـە نـاو کـە ئیمزایـان لەبەرامبـەردا کـردووە بـۆ ئـەوەی ئاراسـتەی سـەرۆك وەزیـران بکرێـت و سـێ ژمـارە لـە ڕۆژنامـەی طریـق الشـعب و پەرتوکێـك بەناونیشـانی سیسـتەمی پەرلەمـانی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت لـە ماڵـی گومانلێکـراو بەگیـسی مسـتەفا دەسـتی بەسـەرداگیراوە و ڕەوانـەی دادوەری لێکۆڵینـەوە کـرا ...»**[3].

دەتوانـین بڵێـین ئافرەتـان لـە نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ لـە باشـووری کوردسـتان ڕۆڵێکی زۆر گرنـگ و کاریگـەر و بەردەوامیـان بینیـوە لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی حـزبی شـیوعی سـەرەڕای ئـەو نەهامەتیانـەی دوای تێکچـوونی پەیوەندییـەکانی عەبدولکەریـم قاسـم و حـزبی شـیوعی و ڕووداني کودەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ ڕووبەڕوویـان بـووەوە.

(١) بيان الحزب الشيوعى العراقي، بغداد، ٢ نيسانى ١٩٦٢.

(٢) مديريـة الشرطـة لـواء أربيـل، القلـم السري، ع: ١/٢٣٠٢، كتـاب الى متـصرف لـواء اربيـل، الموضـوع: توزيـع نـشرات، ٢٨ حزيـران ١٩٦٢.

(٣) مديريـة الشرطـة لـواء أربيـل، القلـم السري، ع: ١/٢٥٨٨، كتـاب الى متـصرف لـواء اربيـل، الموضـوع: العثـور عـلي عرائـض و بعـض جرائـد شـيوعية، ١٩ تمـوز ١٩٦٢.

## ٢- پارتی دیموکراتی کوردستان

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەپێـی یاسـای پـارت و ڕێکخـراوەکان ژمـارە ٨٠ی سـاڵی ١٩٦٠ لـە ٩ی کانـونی دووەمـی ١٩٦٠ بەشـێوەیەکی فەرمـی مۆڵـەتی کارکـردنی ئاشـکرای لەلایـەن وەزارەتی ناوخـۆ پێـدرا[1]، ئـەم هەنـگاوەش بـوو بـە سـەرەتای قۆناغێـکی نـوێ لـە مێـژووی خەبـاتی سـیاسی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان. ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی پـارتی دیموکراتـی کوردسـتان لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ دابـەش دەبێـت بـۆ سـەر سێ مـاوەی مێژوویـی، یەکەمیـان، لـە ساڵی ١٩٥٨ تاوەکـو ١٩٦١، دووەمیـان، ١٩٦١ تاوەکـو ١٩٧٠، سـێیەمیان، لـە سـاڵی ١٩٧٠ تاوەکـو ١٩٧٥.

سـەبارەت بـە مـاوەی یەکـەم لـە سـاڵی ١٩٥٨-١٩٦١، ئافرەتـان ڕۆڵێـکی دیاریـان لـە چالاکییـەکانی نـاو ڕێکخسـتنەکانی پـارتی بینیـوە بـە تایبـەتی دوای وەرگرتنی مۆڵـەتی کارکردنی ئاشـکرا لـە کانـونی دووەمـی ١٩٦٠ کـە بـواری زیاتـر ڕەخسـا بـۆ دەرکەوتنیـان، یەکێـك لـەو چالاکییانـەی لـەو ماوەیـەدا ڕۆڵیـان تێـدا بینیـوە بەشـدار بوونیانـە لـە کۆنگـرەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ بەسـتراوە، وەك بەشـداربوونیان لـە کۆنگـرەی چوارەمـی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە لـە ٤-٧ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٥٩ لـە شـاری بەغـداد بەسـترا[2]، زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی وەك یەکەمـین ئافـرەت کـە بەشـداری کۆنگـرە بـووە و وەك ئەندامـی لێژنـەی چاودێـری و پشـکنینی بـاڵا دەستنیشـان کـراوە[3]، هەروەهـا لـە کۆنگـرەی پێنجـەم کـە لـە ئایـاری ١٩٦٠ لـە شـاری بەغـدا بەسـترا[4]، هـەر یـەك لـە ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی و ناهیـدە شـێخ سـەلام و زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی وەك

---

(١) مسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، بەرگـی دووەم ١٩٥٨-١٩٦١، دەزگای چـاپ و پەخشـی ڕۆژهـەڵات، ٢٠٢٠، چ (٢)، ل٨٨ .

(٢) حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص٦١.

(٣) مێـژووی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کۆنگـرە و کۆنفرانـس (پرۆگـرام و پەیـڕەوی ناوخـۆ) دەسـتەی ئینسـکلۆپیدیا (پ.د.ك)، چاپخانـەی ڕۆژهـەڵات، ٢٠٢١، بـە (١)، ل١٣٤-١٣٥؛ شـێرکۆ فتـح اللـە عمـر، الحـزب الديمقراطـي الكوردسـتاني و حركـة التحـرر القوميـة الكورديـة في العـراق ١٩٤٦-١٩٧٥، مطبعـة روون، السـليمانية، ٢٠٠٤، ص٦٧ـ ٦٨.

(٤) حبيب محمد كريم، المصدر السابق، ص٦٨.

ئەندامـی کۆنگـرە بەشـدارییان کـردووە[١]، هـەر لـەم کۆنگرەیـەدا ناهیـدەی شـێخ سـەلام بۆ یەکـەم جـار وەك ئافرەتێـك بـە ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی هەڵدەبژێردرێـت[٢]، جێـگای ئاماژەیـە ئـەو هەنـگاوە پێشـکەوتنێکی جـۆری بـوو لـە نـاو پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان کـە ئافـرەت بتوانێـت ئـەو ڕۆڵـە وەربگرێـت و دوای تـەواو بـوونی کۆنگـرەش بەرپرسـیاریەتی پەیوەندییـەکانی پـارتی وەردەگرێـت[٣].

مـاوەی دووەم کـە لـە هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوولی ١٩٦١ تاوەکـو ١٩٧٠ دەخایەنێـت، پـارتی دوو کۆنگـرەی بەسـتووە، کۆنگـرەی شەشـەم کـە لـە تەممـووزی ١٩٦٤ بەسـترا[٤]، ئافرەتێـك بەنـاوی سـانیە عەبدوڵەجیـد تیلـی بەشـداری تێداکـردووە[٥]، لـە کۆنگـرەی حەوتـەم کـە لـە ١٥-٢١ی تشرینـی دووەمـی سـاڵی ١٩٦٦ لـە گەلاڵـە بەسـتراوە[٦]، بەشـداری ئافرەتـان لـەم کۆنگرەیـەدا لـە ئاسـتێکی زۆر نزمـدا دەردەکەوێـت کـە دەکرێـت بڵێـین هۆکارەکـەی بـۆ تایبەتمەنـدی قۆناغەکـە دەگەڕێتـەوە.

مـاوەی سـێیەم کـە دوای ڕاگەیانـدنی بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ دەسـتپێدەکات تاوەکـو نسـکۆی ١٩٧٥ دەخایەنێـت، لـەو ماوەیـەدا کۆنگـرەی هەشـتەم لـە ١ی تەممـووزی ١٩٧٠ لـە ناوپـردان بەسـترا[٧]، هـەر یـەك لـە زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی، پەرویـن سـاڵح مەولـود، سـاجیدە محەمـەد مـزوری وەك ئەندامـی کۆنگـرە بەشـدار بـوون[٨]، زەکیـە

---

(١) حبیب محمد کریم، المصدر السابق، ص٦٨؛ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٤-١٣٥؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبدالله زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی، ٢٠٢٢.

(٢) ناهیدەی شیخ سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦؛ درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٤.

(٣) ناهیدەی شیخ سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦.

(٤) حبیب محمد کریم، المصدر السابق، ص٧٠.

(٥) ژنە خەباتگێڕی کورد سانیە، خەبات "ڕۆژنامە"، ژ (٢٣٦٥)، ٢٠٠٦/١٢/٢٥.

(٦) حبیب محمد کریم، المصدر السابق، ص١٠١.

(٧) المصدر نفسە، ص١١١-١١٧.

(٨) بـۆ زیاتـر زانیـاری سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافـرەت لـە کۆنگرەکانـی (پ.د.ك) بڕوانـە: پەرژیـن جعفـر حاجـی روسـتم، ڕۆڵ و پێگـەی ئافرەتـان لە کۆنگرەکانـی پارتی دیموکراتـی کوردسـتاندا، خەبات"ڕۆژنامە" ژ (٦٤٣٦)، دوو شـەممە، ٢٠٢٢/١٢/٥.

ئیسماعیل حەقی بە ئەندامی لێژنەی مەرکەزی هەڵبژێردرا[١].

سەبارەت بە ڕۆڵیان لە ناو ڕێکخستنەکاندا، لە ساڵی ١٩٥٨ تاوەکو ١٩٧٥ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی ناوچە جیاوازەکانی باشووری کوردستان لە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کاریانکردووە، شانەکانی ڕێکخستنی ئافرەتان بەشێوەی ڕێکخراو ئەندامەکانی ڕێکخستووە و یەکێك لە ئافرەتەکان سەرپەرشتی دەکرد، بۆ نموونە پەروین شەکیب محەمەد بەرپرسی یەکێك لە شانەکانی ئافرەتانی شاری سلێمانی بووە کە هەر یەك لە پاکیزە شەکیب، پەخشان غەفور، نەسرین قادر، شەفیقە عەلی تێیدا ئەندام بوون[٢]. لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە لە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) لە شاری سلێمانی کاریان کردووە ئەمانەن، درەخشان جەلال حەفید، بەهیە مەعروف بەرزنجی، مونیرە قەفتان، مونیرەی عەبلان، عائیشە عەلی، سەبری ئابونە، عائیشە قەشانی[٣]، ساجیدە محەمەد مزوری، جەمیلە سابیر قادر، چیمەن حەسەن عبداللە، شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سەعدیە عەلی کاتب، ڕوناك عەبدوڵڵا زوهدی، عەتیە ئەحمەد کەریم، قومریە سەعید، نەخشە عەبدوڵڵا، حەسیبە ئیبراهیم، شەمسە تۆفیق، ناهیدە فەتاح زۆراب، ناهیدە کەریم سەعید، ئامینە غەفور شەریف، گەلاوێژ شەوکەت حەسەن، عاسیمە محەمەد ڕەحیم، سنۆبەر قادر حەمە[٤]، حەلاو شێخ ئەحمەد و ئامینە شێخ ئەحمەد، ئافتاو براخاس، ڕەعنا محەمەد ساڵح خالاوی، گوڵەباخ کەریم، ئافتاو ئەحمەد، سەبریە شێخ حەسەن مارگر، بەیان عومەر شەریف، بەدریە ئەحمەد، عەتیە ئیبراهیم، نەجمە موراد وەیس، فەخریە

---

(١) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٦١-١٩٧٥، چاپخانەی ڕۆکسنا، هەولێر، ٢٠٢٠، ب (٣)، ل٥٧.

(٢) نەسرین کوردە، ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، چ (١)، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٢.

(٣) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٢٧؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

ئیبراهیـم، شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـەبریە مـام ئەحمـەد.....[1].

سـەبارەت بـە قـەزا و ناحیـەکانی سـەر بـە پارێـزگای سـلێمانی، ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان لەچوارچێـوەی شـانە حزبییـەکان ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە، بـۆ نمونـە لـە هەڵەبجـە ئافرەتـان کاریـان لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی پارتیـدا کـردووە و بەشـداری چالاکییەکانیـان کـردووە، لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـە، فاتیمـە فەتـاح عەبـد محەمـەد، عەتیـە ئەحمـەد، نەسریـن ئەحمـەد غـوڵام، کافیـە ئەحمـەد، مەقبولـە کەریـم، شەمسـە بـرا خـاس، گەلاوێـژ میـرزا برایـم، ڕونـاك ڕەئـوف، دەرخشـان ئیبراهیـم، خەدیجـە باقـی حەمـە عەزیـز، ڕونـاك مـەلا عەلـی، لەمیعـە ئەحمـەد، کەلسـوم حاجـی عیـزەت، گەلاوێـژ میـرزا برایـم، پاکیـزە عەلـی کاتـب، خورشـیدە بابـان، ئەختـەر حاجـی ئەحمـەد، ئافتـاو حامـی بـەگ، ناهیـدە داود بـەگ، روقیـە محەمـەد عەلـی بـوون[2].

هەروەهـا لـە خانەقیـن، ئافرەتـان لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) ڕۆڵیـان بینیـوە لـە دیارترینیـان پەرویـن عەلـی محەمـەد (پەرویـن بیوکـی)، خەیرییـە مسـتەفا، فەهیمـە نەسروڵـڵا، لەیـلا فەیزوڵـڵا ئەرکـەوازی، فەوزیـە محەمـەد عەلـی، سـەبیحە محەمـەد عەلـی، لەیـلا عەبدولحەمیـد، فائیـزە حوسـێن عەبـاس، نەسریـن عەبدولعەزیـز، شـوکریە حەسـەن عەلـی، قەدرییـە حەسـەن عەلـی[3]. قـەڵادزێ یەکێکـە لـەو ناوچانـەی

---

(١) خووله پەروش، المراة الكوردستانية والبارتي، خبات"جريده"، ع (٨٨٧)، ١٩٩٨/٨/١٤.

(٢) نەرمیـن عوسـمان، گوڵدانـی ژن، چاپخانـەی کارۆ، ٢٠٢٠، ل٣١٥؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ فاتیمـە فەتـاح عەبـد محەمـەد، سـلێمانی، ١٥ی ئـاداری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە هەڵەبجـە لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٥٨ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـردووە، بەرپرسـی شـانەی سـەرەکی ئافرەتـان بـووە لـە شـاری هەڵەبجـە، دوای نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ پەیوەنـدی بـە ڕیزەکانـی (ی.ن.ك) کـردووە و بووەتـە ئەندامـی هێـزی ژنـان کـە لـە سـاڵی ١٩٩٧ دامـەزراوە، سـاڵی ٢٠١٨ لـە کاری حـزبی دوورکەوتۆتـەوە و ئێسـتا لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەرویـن عەلـی محەمـەد نـاسراو بـە (پەرویـن بیوکـی)، هەولێـر، ٨ی ئاداری ٢٠٢٢. لـە ساڵی ١٩٥٢ لـە خانەقیـن لـە دایك بـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ پەیمانگای مامۆسـتایانی لەشـاری بەعقوبـە تـەواو کـردووە، هەمـان سـاڵ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) کـردووە، سـاڵی ١٩٧١ بووەتـە بەرپرسـی لقـی (ی.ئـا.ك) لـە خانەقیـن، سـاڵی ١٩٧٢ بووەتـە ئەندامـی سـکرتاریەتی (ی.ئـا.ك)، لـە سـاڵی ٢٠٠٤ بووەتـە بەرپرسـی لقـی بەغـدا (ی.ئـا.ك)، سـاڵی ٢٠٠٨

کە ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتانی هەبووە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش کە کاری ڕێکخستنیان کردووە، فاتیمە خالید ئەمین، خەدیجە سابیر، فەخریە عەبدولڕەحمان، سەبریە سەید وەسیم، سەبریە بابەکر ئەحمەد بوون[١].

ئافرەتانی چەمچەماڵیش لە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك)دا جموجۆڵ و چالاکییان نواندووە، هەڵوێستی دیاریان خستۆتەڕوو، بۆ نموونە لەو کاتەی فەرمانی لە سێدارەدان بۆ (غەنی بلوریان* و سێ لە هاوڕێکانی لە ئێران دەرچووە بە نووسراوێك بە واژۆی (٤٨) ئەندام داوای هەڵوەشانەوەی ئەم فەرمانەیان کردووە و ئافتاو شەفیق نوێنەرایەتی

---

بووەتە کارگێڕی لقی (٥)ی (پ.د.ك) لە بەغدا، تائێستاش بەردەوامە و لەشاری بەغدا دەژێت.

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ فاتیمە خالید ئەمین، بەریتانیا، ١٠ی ئاداری ٢٠٠٢. لە ساڵی ١٩٥٢ لە قەڵادزێ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٥٩ پەیوەندی بە (پ.د.ك) کردووە، ساڵی ١٩٦٨ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە فەرماندەکانی (پ.د.ك) بەناوی (ڕەسوڵ مامند) کردووە، ئەمەش هۆکارێك بووە بۆ بەردەوامبوونی لە چالاکییەکانی لە نێو ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٥- ١٩٧٨ زیندان بووە، لە ساڵی ١٩٧٩ هاوشان لەگەڵ هاوسەرەکەی بووەتە ئەندامی بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان، بەردەوام بووە لە چالاکییەکانی تاوەکو ساڵی ١٩٨٩ دواتر چووەتە وڵاتی بەریتانیا و ئێستاش لەو وڵاتە دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە بابەکر ئەحمەد، هەولێر، ١٠ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٤ لە قەڵادزێ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٩ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی کردووە، ساڵی ١٩٩١ بووەتە بەرپرسی لقی ڕانیەی یەکێتی ئافرەتان، ساڵی ١٩٩٦ بووەتە ئەندامی سکرتاریەت وساڵی ٢٠٠٦ بووەتە ئەندامی مەکتەبی ناوەندی ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان، ساڵی ٢٠١٦ وازی لە کاری حزبی هێناوە و ئێستا لە شاری هەولێر دەژێت.

* غەنی قادر بلوریان، لە ساڵی ١٩٢٤ لە شاری مەهاباد لەدایکبووە، سیاسەتمەدارێکی دیاری ڕۆژهەڵاتی کوردستانە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە مەهاباد تەواوکردووە، ساڵی ١٩٤٥ لەسەر ڕاسپاردەی قازی محەمەد بۆ خوێندنی سەربازی دەنێردرێتە باکۆ لەیەکێتی سۆڤیەتی پێشوو. ئەندامی چالاکی کۆمەڵەی ژیانەوەی کورد (ژ.ك) و حزبی دیموکراتی کوردستان (حدك) بووە، لە ٩ی ئاداری ٢٠١١ کۆچی دوایی کردووە. بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: هۆشمەند عەلی مەحمود، ئیسماعیل عەبدولڕەحمان سەعید، غەنی بلوریان ژیان و تێکۆشانی سیاسی (١٩٢٤-٢٠١١) لێکۆڵینەوەیەکی مێژووییە، بەشی مێژوو- فاکەڵتی پەروەردە، زانکۆی کۆیە، چاپخانەی حاجی هاشم، هەولێر، ٢٠١٥، ل٢-ل٥

هەموویانی کردووە لە ناردنی نارەزاییەتیەکە بۆ وڵاتی ئێران[١].

لە شارۆچکەی کفری، ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی ڕۆڵیان بینیوە و چەندین کار و چالاکی گرنگیان ئەنجامداوە و ڕاستەوخۆ لەلایەن لێژنەی ناوچەی کفری سەرپەرشتی کراون، لە دیارترین ئەو ئافرەتانە، بەشیرە مەلا ئەحمەد، لەتیفە وەستا محەمەد، مەلیحە عەبدوڵڵا چاوش، حەبیبە کەریم بەگی جاف[٢]، لەتیفە ئەحمەد ساڵح، تەمینە تۆفیق، فاتیمە کەریم چایچی، مەریەم کەریم چایچی، لەیلا کەریم چایچی، شەمسە ئەحمەد ساڵح، روناهی عەلی حەمدی[٣]، هەروەها لە ناوچەی کەلار لە بواری ڕێکخستنەکانی ئافرەتاندا چەند ئافرەتێك ڕۆڵی دیاریان بینیوە لەوانە، حەبیبە کەریم بەگی جاف یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵێکی گرنگ و بەرچاوی هەبووە[٤]، جێگای ئاماژەیە لە هەندێ گوند لە ناوچەی گەرمیان شانەی ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتان هەبوو، بۆ نموونە گوندی (ئۆمەربل)* سەر بە شارۆچکەی کفری شانەیەکی ڕێکخستنی ئافرەتانی تێدا بووە لەسەردەمی

(١) خبات"جريدة"، ع (٢٤٩)، السنة الثانية، ١٩٦٠/٧/٢٧.

(٢) حوسێن ئیسماعیل خانی دەلۆ، ناوچەی کفری لە نێوان ساڵانی ١٩٤٥-١٩٦٣، "زانکۆی گەرمیان" گۆڤار، ژ (تایبەت)، ٢٠١٩، ل١٥١.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ لەتیفە ئەحمەد ساڵح ناسراو بە (عەمە لەتیفە)، کفری، ١٨ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٥ لە کفری لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە و بەشداری لە زۆربەی کارو چالاکییەکانی ئەو حزبەدا لە کفری کردووە، بەشداری مەراسیمی پێشوازی لە گەڕانەوەی مستەفا بارزانی لە ساڵی ١٩٥٨ لە یەکێتی سۆڤیەت کردووە، ساڵی ١٩٧١ بووەتە بەرپرسی ناوچەی کفری (ی.ئا.ك)، لە ساڵی ١٩٩٦ جارێکی تر بووە بە بەرپرسی ناوچەی کفری یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، ئێستا لە کفری دەژێت.

(٤) عومەر عەلی شەریف، ٧٠ ناوداری کەرکووك و گەرمیان، چ (١)، چاپخانەی ئارابخا، کەرکوك، ٢٠٠٧، ل٥٧.

* ئەم گوندە دەکەوێتە دووری (١٥)کم لە باکوری شاری کفری لەڕووی ئیدارییەوە سەر بە قەزای (کفری)یە، هەمیشە بنکە و بارەگای هێزەکانی پێشمەرگە لەم گوندەدا بوونی هەبووە، ژمارەیەکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکە پێشمەرگە بوونە، لەلایەن حکومەتە یەك لە دوا یەکەکانی عێراقەوە چەندین جار دووچاری سوتان و وێرانکردن بووەتەوە، دواجار ساڵی ١٩٨٨ لە پرۆسەی قۆناغی سێیەمی ئەنفالدا بەشێکی زۆر لە دانیشتوانی گوندەکە ئەنفالکران.

شۆڕشـی ئەیلوولـدا هەریـەك لـە (سـەبیحە حەمـە سـاڵح عـەول، گـەردە محەمـەد ئەمیـن خـەسرۆ، نەسریـن حەمـە تەنەکەچـی، مامۆسـتا فەوزیـە) ئەندامـی ئـەم شـانەیە بـوون، کـە لەلایـەن شـەوکەت محەمـەد ئەمیـن خـەسرۆ سەرپەرشـتیکراوە ناوبـراو بەرپرسـی ڕێکخسـتنەکانی پارتـی بـووە لـە سـنوری گونـدی ئۆمەربـل و دەوروبـەری[1].

سـەبارەت بـە شـاری هەولێـر شـانەکانی ڕێکخسـتنی ئافرەتـان دوای شـۆڕشی ١٤ی تەممـووز ڕۆڵـی دیـار و گرنگیـان بینیـوە، لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـەی لـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) کاریـان کـردووە ئەمانـەن، سـاڵیحە عەبدولمەنـاف سـەعید شـکاك (هاوسـەری خیرولـڵا عەبدولکەریـم)، بەرپـرسی ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتانـی نـاو شـار بـووە، هەروەهـا سەرپەرشـتی ڕێکخسـتنەکانی ئـەو ئافرەتـە ڕووسیانەشـی کـردووە کـە لـە ڕووسـیا لەگـەڵ هاوسـەرەکانیان گەڕاونەتـەوە کوردسـتان، کـە ژمارەیـان (١٩) ئافـرەت بـوون، کـە هاوسـەرگیریان لەگـەڵ هاوەڵانـی بارزانیـی کردبـوو، بەناوەکانـی (نایلـە بیـوك مـوراد، ڕەشـیدە ئەمیتۆڤـا، عەنیفـە مسـتەفا، موکمیـل ئاخـو نجـان، منـوەر ئیبراهیمۆڤـا، پەلینـا پاپۆڤـا، شـوکریە ئوسـینەوا، لاریسـا نیکیتۆڤـا، تەمـارا کتینـك ئۆڤـا، رایـە عوسـمان، تەنیـا سـەحەر ڤدینـا، نینـا ئوسـمانوڤا، زولجیـە عوسـمان، عائیشـە قـادر، گولیـزار میـرزا، تانیـا ئەلکسـندر، جەمیلـە میرزایوڤـا، پاکیـزا کورتیڤـا، ڤیـرا ئەتایوڤـا)[2] ڕازیـە حەسـەن

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ گـەردە محەمـەد ئەمیـن خـەسرۆ، هەولێـر، ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە گونـدی ئۆمەربـل لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٦١ لـە تەمەنێکـی منداڵییـەوە لـە ڕێگـەی براکـەی (شـەوکەت محەمـەد ئەمیـن) پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٥ هاوسـەرگیری لەگـەڵ (جعفـر حاجـی روسـتم) دەکات، ئەمـەش هۆکارێـك بـووە بـۆ بەردەوامـی لـە نێـو ڕێکخسـتنەکان و بەشـداری لـە بەشـێکی زۆری شـەڕ و داسـتانەکانی سـنوری گونـدی ئۆمەربـل و دەوروبەریـدا کـردووە (٥) لـە منداڵەکانـی شـەهید و ئەنفـال بـوون، لـە سـاڵی ١٩٩١ لـە کاتـی ڕاپەڕینـی باشـووری کوردسـتان لەگـەڵ دوو لـە کچەکانـی (پەرویـن و پەرژیـن) زینـدان دەکرێـت، بـەڵام دوای ئـازاد کردنـی کفـری لـە زینـدان ئـازاد دەبێـت، ئێسـتا لـە هەولێـر دەژێـت.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ نایلـە بیـوك مـوراد (نایلـە ڕووسـی)، هەولێر، ٢٧ی ئـاداری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٩ لـە جەزیـرەی قـرم لـە دایکبـووە، هاوسـەرگیری لەگـەڵ یەکێـك لـە هاوەڵـەکانی بارزانـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت بەنـاوی (عەلـی مسـتەفا دۆڵەمـەڕی) کـردوە، دوای گەڕانـەوەی بـۆ کوردسـتان لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان لەگـەڵ سـاڵیحەخان کاریکـردووە، چەنـد جـار لـە لایـەن حکومەتـی عێراقـەوە زیندانـی کـراوە و هەڕەشـەی بـە زۆر ناردنـەوەی بـۆ یەکێتـی سـۆڤیەت لێکـراوە، بـەڵام سـور

خەتـاب یەکێـکی تـرە لـەو ئافرەتانـەی کـە ڕۆڵـی دیـاری هەبـووە لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی شـاری هەولێـر لـە تەمەنـی (١٦) سـاڵییەوە پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) کـردووە و چەندیـن کار و چالاکـی گرنگـی ئەنجامـداوە و سەرپەرشـتی چەندیـن شـانەی ڕێکخسـتنی کـردووە. هەروەهـا دوای ئـەوەی بـواری زیاتـر ڕەخسـا چەندیـن ئافـرەتی تـر پەیوەندییـان بـە شـانەکانی ئافرەتـانی هەولێـر کـرد لـە دیارترینیـان نەزاکـەت کەتیـب، سـوبحیە تاهیـر سـەلیم، جەمیلـە کەتیـب، قەدریـە سـابیر، گەلاوێـژ نامیـق، خوشـکە مامـز، خدیجـە محمـود قـادر، ئەمیـرە پیـرداود قـادر، وەزیـرە پیـرداود قـادر، ویـداد خاڵـس، لەیـلا کۆیـی، سـەید نەخشـین، عەتیـە ئەحمـەد، گەلاوێـژ فەتـاح، ئامینـە ڕووهەڵگـر، پاکیـزە هاوسـەری شـێخلی حەسـەن، ساهیرە نەقشـبەندی، پەرویـن یەعقـوب، نەخشـین ئەحمـەد مەولـود (حاجـی نـازدار) بـوون[1].

ئافرەتـانی هەولێـر لەپـاڵ بەشـداریکردنیان لـە نـاو ڕێکخسـتنەکان ڕۆڵیـان هەبـووە لـە دامەزراندنـی ڕێکخـراوی لاوەکـی بـە مەبەسـتی بڵاوکردنـەوەی بیـری نەتەوەیـی هـەر وەك ڕەمزیـە عەلـی لـەم بارەیـەوە دەڵێـت: "**... لـە سـاڵی ١٩٦٢- ١٩٦٣ لـە شـاری هەولێـر لەگـەڵ حـەوت ئافرەتـی دیکـە لەوانـە حەمدیـە سـابر، جەلیلـەی خێزانـی حەیـدەر شـەرەف، .....چەنـدانی تـر، بـە شـێوەیەکی نهێنـی ڕێکخراوێکـی ئافرەتانمـان دامەزرانـد لـە ماڵـی حەیـدەر شـەرەف کۆبوونەوەمـان دەکـرد و لـەم کۆبوونەوانەشـدا**

---

بووە لەسەر مانەوەی لە کوردستان. ئێستا لە شاری هەولێر دەژێت.

(١) وێ"گۆڤـار"، ژ (١)، کانوونـی یەکـەم، ٢٠٠٧، ل١٠؛ درەخشـان جـەلال حەفیـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٠٠؛ زایـەر عەبدوڵـڵا، حاجـی نـازدار.. نـازدار بـوو، باس"هەفتەنامـە" ژمـارە (٣٧٦)، ٣/٤/ ٢٠١٨؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـوبحیە تاهیـر سـەلیم (دایکـی ئەحمـەد کانـی)، هەولێـر، ١ی نیسـانی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٤ لـە شـاری هەولێـر لـە دایکبـووە، بەهـۆی تەواوکردنـی خولـی پەروەردەیـی دەبێتـە مامۆسـتا، لـە سـاڵی ١٩٦١ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) کـردووە، یەکێـك بـووە لـە ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری لقـی هەولێـری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، ماوەیـەك سـکرتێری (ی.ئـا.ك) بـووە، سـاڵی ١٩٧٢-١٩٧٤ سـەرۆکی لقـی هەولێـری (ی.ئـا.ك) بـووە، سـاڵی ١٩٧٥ وازی لـە کاری حزبـی هێنـاوە. لـە سـاڵی ١٩٧٨ لەسـەر داواکاری خـۆی خانەشـین بـووە و لـە دوای ڕاپەڕیـن لـە سـاڵی ١٩٩٢ جارێکـی دیکـە گەڕاوەتـەوە خزمەتـی مامۆسـتایەتی، ئێسـتا خانەشـینە و لـە شـاری هەولێـر دەژێـت.

**باسـی هەمـوو بابەتـەکان دەکـرا، بـە تایبـەتی پەرەپێـدان بـە بـیری نەتەوەیـی لـە لای ئافرەتــان و ڕۆڵەکانمــان ...»[١].**

ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان جگـە لـە نـاو شـار لـە قـەزا و ناحیـەکانی سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر چالاکییـان هەبـوو، بـۆ نمونـە لـە قـەزای ڕەوانـدز ئافرەتـان ڕۆڵیـان هەبـووە و چالاکییـان ئەنجامـداوە لـە دیارترینیـان، عائیشـە عەبـاس قـادر[٢]، سـارە شـێخە ئەحمـەد، عائیشـە عوسـمان حەسـەن (عائیشـە ڕەش)، کـە ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـووە لـە هاوکاریکردنی پێشـمەرگە تەنانـەت زۆرجـار لەکاتـی چالاکییـە پارتیزانییـەکان دەبـووە ڕێنیشـاندەری هێزەکانــی پێشــمەرگە، لــە هەندێــك لــەو جوڵــە پارتیزانیانــەی هێزەکانــی پێشــمەرگە ناوبــراو دەچــووە لای هێــزە ئەمنییــەکان و ســەرقاڵیانی دەکــرد بەگفتوگــۆ تــا هێــزە پارتیزانییەکانـی پێشـمەرگە خۆیـان لـە ناوچەکـە دەربـاز بکـەن[٣]، لـە دەڤـەری باڵەکایەتـی ئافرەتــان ڕۆڵێکــی دیاریــان بینیــوە لــە ڕێکخســتنەکان و بــەردەوام پەیوەندییــان بــە پێشـمەرگە هەبـووە، یەکێـك لـەو ئافرەتانـەی کـە لـەم بـوارەدا ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـووە بەنـاوی زەینـەب خـدر (١٩٢٧-٢٠٠٣) کـە بـەردەوام نـان و خـۆراکی گەیاندۆتـە ناوچـە ئازادکـراوەکان[٤]، لـە قـەزای کۆیـە، هەریـەك لـە نەجیبـە جەلـی زادە، سـورەیا جەلـی زادە، زێبـا واحیـد موختـار، سـەبیحە عەبـدە، پەرویـن تۆفیـق ڕۆڵێکـی دیـار و بەرچاویـان لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) بینیـوە[٥]. دەتوانـین بڵێـین ڕۆڵ و چالاکییـەکانی ئافرەتـانی

---

(١) شاوشکا "گۆڤار"، ژ (١)، جۆزەردانی ٢٠٠١، ل٤٢.

(٢) نـوری بێخاڵـی، شـێرە کچێـك لـە نـاو جەنگەڵـی ژیـان، کۆوار"گۆڤـار"، ژ (٤٣)، سـاڵ (٤)، تەممـوزی ٢٠٠٩، ل٤٢.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەمام محەمـەد زیـاد (کچـی عائیشـە ڕەش)، ڕەوانـدز، ٨ی نیسـانی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە ڕەوانـدز لـە دایـك بـووە، هـەر لـە منداڵییـەوە لەگـەڵ دایکـی و باوکـی یارمەتـی و هـاوکاری پێشـمەرگەیان کـردوە، دوای نسـکۆی شـۆڕش و شـەهید بوونـی باوکـی خێزانەکەیـان پەیوەندی دەکـەن بـە (ی.ن.ك) سـاڵی ٢٠٠٣ بـووە بـە لێپـرسراوی لقـی سـۆرانی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان تاوەکـو ئێسـتا بەردەوامـە. لـە ڕەوانـدز دەژێـت.

(٤) بــۆ زیاتــر زانیــاری بڕوانــە: ئافرەتێکــی قارەمانــی باڵەکەیەتــی، خەبات"ڕۆژنامــە"، ژ (٤٢٤٨)، ٢٠١٣/١/٣٠.

(٥) هەوریــن عەلــی تۆفیــق، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٣٠؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ عیففــەت ســاڵح محەمــەد، کۆیــە، ١٩ی شــوباتی٢٠٢٢.

ناوچــەکانی دەرەوەی هەولێــر بــە تایبــەتی ناوچــەکانی ڕەوانــدوز و باڵەکایــەتی و هــیران و چۆمــان و دەڤــەری مێرگەســور و بــارزان و خەلیفــان لــە ســاڵانی ١٩٦١-١٩٧٠ زیاتــر دەردەکەوێــت، چونکــە لــەم ماوەیــەدا ئــەو ناوچانــە ڕاســتەوخۆ پەیوەندییــان لەگــەڵ پێشــمەرگە هەبــووە و ئافرەتــەکان زۆر کاری نهێنییــان لــە کاتی شۆڕشــدا ئەنجــام دەدا.

ڕێکخســتنەکانی ئافرەتــان لەنــاو هەنــدێ لــە گوندەکانــدا لــە شــانە نهێنییــەکان کاریــان کردووە، بۆ نموونە لە گوندی دوگردکان سـەر بە ناحیەی قوشتەپە، ئاواز دزەیی سەرپەرشـتی شــانەیەکی ئافرەتــانی کــردوە و رەمزیــە ئەحمــەد دزەیــی، ســەنیە کێخــوا عەلــی، فەخریــە قــادر بەســێ، نەزیــرە کێخــوا ئەحمــەد، خەدیجــە مــەلا رەســوڵ، گوڵــێ پلکــە شــەمام، گوڵیزار ســەید تۆفیــق، شــوکریە محەمــەد وەلــی، نەزیفــە پیــرداود خەلیــل، نەســریــن حاجــی کەریــم تێیــدا ئەنــدام بــوون، ئــەم شــانەیە ڕاســتەوخۆ پەیوەندییــان لەگــەڵ ســاڵیحە عەبدوڵەنــاف ســەعید بــوو[١]. دەتوانیــن بڵێیــن ئــەو ئافرەتانــە لەلایــەن بنەماڵەکانیــان پشــگیری کــراون بــە تایبــەتی لەلایــەن ئەحمــەد حەمەدەمین دزەیی کە گــەورەی بنەماڵەکە بــووەو یەکێك بووە لە کەسایەتییە نــاسراوەکانی دەشــتی هەولێــر، بەپێــی نوسراوێــکی مەڵبەندی هەواڵگری هەولێر کــە ئاراســتەی معاونیــەی ئەمنــی هەولێــر کــراوە، بــە هــۆی جموجۆڵــەکانی داوای چاودێــری ناوبــراو دەکات، وەك لــە بەشــێکیدا هاتــووە: **"... دەقی ئەو دوو نامەیەتــان بە زمانی عەرەبی بــۆ دەنێریــن کــە لــە لایــەن عبدالکریم رەئوف مامۆســتا لــە قوتابخانــەی خالدیە لــە هەولێر بــۆ ئەحمــەد حمەدەمــین دزەیــی ناردویــەتی ... و داوا دەکەیــن چاودێرییەکی تونــدی ناوبراو لــە گوندەکــەی خۆی بکــەن..."**[٢].

هــەر بەیاننامــە و بڵاوکراوەیــەك لەلایــەن پارتــی دیموکراتــی کوردســتانەوە دەردەچــوو وەریــان دەگــرت و دەیانخوێنــدەوە و مانگانــە ئابوونەیــان کۆدەکردەوە، هەروەها بەشــداری چەندیــن چالاکییــان کــردووە وەك نووســینی تلگــراف بــە زمانــی عەرەبــی بــە ناونیشــانی ئافرەتانــی کوردســتان لــە دێــی دوگردکانــەوە و ناردنــی بــۆ شــاری بەغــدا بەمەبەســتی پیرۆزبایــی دەرچوونــی ڕۆژنامــەی (خەبــات) لــە ٤ی نیســانی ١٩٥٩ دوای دەرچوونــی

---

(١) ئــاواز دزەیــی، دەنگێــك لــە دوگردکانــەوە، چاپخانــەی ڕۆژهــەڵات، هەولێــر، ٢٠١٤، ل ٨ ؛ ئــاواز دزەیــی، ئافــرەت و بیــرەوەری، شاوشــکا "گۆڤــار"، ژ (٣)، نــەرۆزی ٢٠٠٢، ل ٢٦.

(٢) مركز استخبارات أربيل، كتاب الى معاونية أمن أربيل، ع: ٤/١٦٩، الموضوع: التحقيق، ١٨ تموز ١٩٦٢.

ڕۆژنامەکـە و بڵاوبوونـەوەی تلگرافەکەیـان و ناوهاتنـی ئـەو ئافرەتانـەی کـە پیرۆزباییـان نـاردووە هاندەرێـك بـووە گڕوتینـی زیاتـری پێـداون کـە بـەردەوام بن لـە چالاکییەکانیـان[1].

ســەبارەت بــە ناوچــەی بادینــان، ڕێکخســتنەکانی ئافرەتــان لــەم ناوچەیــەدا ڕۆڵـی دیـار و گرنگیـان بینیـوە، زاخـۆ یەکێـك بـووە لـە ناوچـە گرنگـەکانی دەڤـەری بادینـان کـە ڕێکخسـتنی ئافرەتـان تێیـدا چـالاك بـووە و چەندیـن ئافـرەت کاریـان تێـدا کــردووە[2] لــە دیارترینیــان، ســانیە عەبدوڵەجیــد تیلــی، قومــری ئیســماعیل حاجــی، فاتیمــە ئەســعەد شــاهین، ناهیــدە جــەلال، عایشــە ئەحمــەد حاجــی، عایشــە عەلــی، ســالیمە عەبدوڵــڵا، هەدییــە حەمــەد، ئامینــە عەلــی، فەوزیــە جــەلال، هەدییــە عومــەر، قومــری محەمــەد، زەکیــە شــەمعون، ئامینــە ئەحمــەد عەبــدی، ســەبریە ســلێمان جەقســی، پیــرۆز ســمۆ، بەســنا خەلــەف، ناهیــدە محەمــەد ئیسـماعیل، ئامینـە حوسـین، مریـەم نـوری افنـدی، ئامینـە ئیبراهیـم، عـەدلا محەمـەد، شــیرین محەمــەد، وەســیلا محەمــەد بۆســەڵی، ســاریە دۆســکی[3]. جێــگای ئاماژەیــە دوای هەڵگیرسـانی شـۆڕشی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٦١ ڕۆڵـی ئافرەتـان بـە شـێوەی نهێنـی دەردەکەوێـت بـە تایبـەتی لـە ڕاپەڕانـدنی ئەرکەکانیـان وەك هێنـان و بـردنی زانیـاری بـۆ هێـزی پێشـمەرگە لەشـێوەی تەتـەر* کـە چەنـد ئافرەتێـك لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە لـە دەڤـەری بادینـان وەك زەینـەب عوسـمان، حەلیمـە عەلـی، قومـری حاجـی، غــەزل عومــەر، جەمیلەخــان، بدریــە یوســف عەلــی، هەروەهــا هــەر کاتێــك هەواڵــی بەپەلــە و خێــرا و لەنــاکاو هەبوایــە ڕێکخســتنەکانی (پ.د.ك) هەواڵەکانیــان لــە

(١) ئاواز دزەیی، ئافرەت و ...، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

(٢) خـەڵات موسـا، ڕێکخسـتنا ئافرەتـان د شورەشا ئەیلولـی دا زاخـۆ وەکـو نموونـە، رەوشـەن"ڕۆژنامە"، ژ (٦)، ٢٠٠٨/١/٢٦.

(٣) ژنـە خەباتگێـڕی کـورد سـانیە، خەبات"ڕۆژنامـە"، ژ (٢٣٦٥)، ٢٠٠٢/١٢/٢٥ ؛ رۆژیـن چلبـی منیـر، زاخـۆ ١٤ی تیرمەهـا ١٩٥٨ـ ٦ی ئـادار ١٩٧٥، ڤەکۆلینـەکا مێـژووی- سیاسـی، چ (١)، زاخـۆ، ٢٠١٨، ل٢٥٦؛ حوسـێن عوسـمان عەبدوڵرەحـمان، سـاریا مسـتەفا بازیـدا دۆسـکی١٩٠٢-١٩٨٨، رووگـەه "گۆڤـار"، ژ (١٣)، هاڤیـن و پاییـزا ٢٠٢١، ل٢٣ـ ٢٤.

* بەو کەسانە دەگوترا کە کاری گواستنەوەی نامە و بڵاوکراوەکانی حزبیان بە نهێنی ئەنجام دەدا.

ڕێگـەی ئـەو ئافرەتانـەوە بـۆ فەرماندەکانـی پێشـمەرگە لـەم دەڤـەرە دەنـارد[1]. ئـەو ئافرەتانــە لــە زاخــۆ سەرپەرشــتی چەندیــن شــانەی ڕێکخســتنی نهێنــی ئافرەتانیــان کــردووە و چەندیــن ئەرکــی ســەخت و مەترســیداریان ڕاپەڕانــدووە، بــۆ نموونــە کاتێــك هاوســەری ســامیە عەبدوملەجیــد دەســتگیر دەکرێــت، ناوبــراو لێپرسراوێتــی شــانەکان لــە زاخــۆ دەگرێتــە ئەســتۆ، هەروەهــا دوای ئــەوەی پەیوەندییــەکانی نێــوان عەبدولکەریــم قاســم و مســتەفا بــارزانی تێکدەچێــت و مۆڵەتــی کارکردنــی ئاشــکرا لــە پارتــی وەردەگیرێتــەوە، ســەرەتاکانی ڕێکخســتنی نهێنــی لــە زاخــۆ لــە ماڵــی ســامیە عەبدوملەجیــد دەســتی پێکــردەوە[2]، هەروەهــا ئافرەتــان بــۆ دابینکردنــی پێداویســتی پزیشــکی بــۆ هێــزی پێشــمەرگە کاری برینپێچییــان ئەنجامــدەدا و بەشــێوەیەکی نهێنــی ماڵەکانــی خۆیــان وەك نەخۆشــخانە بەکاردەهێنــا، دیارتریــن ئــەو ئافرەتانــە کــە لــەم بــوارەدا ڕۆڵیــان بینیــوە لــە دەڤــەری بادینــان زەینــەب عوســمان و بەدریــە یوســف عەلــی[3]. لــە ســلێمانی هەریــەك لــە شــەونم نەجمەدیــن عەلــی بەرزنجــی، چیمــەن حەســەن عبداللــە بــوون[4].

سـەبارەت بـە شـاری کەرکـووك ئافرەتـانی ئـەو شـارەش ڕۆڵـی دیاریـان لە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) بینیـوە بـە تایبـەتی لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ چەنـد شـانەی تایبـەت بـە ئافرەتـان

(١) ڕۆژین چلبی منیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٦-٢٥٧.

(٢) ژنە خەباتگێڕی کورد سانیە، خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٢٣٦٥)، ٢٠٠٢/١٢/٢٥.

(٣) رۆژین چلبی منیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

(٤) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ چیمـەن حەسـەن عەبدوڵـڵا، سـلێمانی، ٣ی نیسـانی ٢٠٢٢. سـاڵی ١٩٤٤ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، لەسـەردەمی شۆڕشـی ئەیلوولدا پەیوەنـدی کـردووە بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك)، سـاڵی ١٩٧٠ پەیوەنـدی بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـردووە، لـە کۆنفرانسـی سـاڵی ١٩٧٢ بەشـداریکردوە، ئێسـتاش بەردەوامـە لـە کاری سـیاسی و لـە سـلێمانی دەژیـت؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـلێمانی، ٥ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٤٧ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە و تاکـو پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٦٤ وەك فەرمانبـەر لـە نەخۆشـخانەی سـلێمانی دامـەزراوە، لـە سـاڵی ١٩٦١ پەیوەندیکـردووە بـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك)، سـاڵی ١٩٧٠-١٩٧١ بەرپرسـی لقـی سـلێمانی (ی.ئـا.ك) بـووە، بەشـداری کۆنگرەی ١١ و ١٢ی (پ.د.ك) و کۆنگـرەی (٦،٥،٤،٣،٢)ی (ی.ئـا.ك) کـردووە. سـاڵی ٢٠٠٠ جارێکـی دیکـە بووەتـەوە بەرپرسـی لقـی سـلێمانی (ی.ئـا.ك). ئێسـتا بەرپرسـی بەشـی ڕاوێـژە لـە لقـی ٤ی (پ.د.ك)، لـە سـلێمانی دەژێـت.

لە شارەکە چالاکییان نواندووە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لە ڕێکخستنەکان کاریان کردووە، زیبا عەبدلواحید، مەلیحە قارەمان، ئایشە سەید تەها بەرزنجی، نەزیرەخان هاوسەری شێخ قادری بەرزنجی، نەجیبە خان هاوسەری (حەمید ئەفەندی)، هەمینە مستەفا، فاتیمە مستەفا (خوشکانی عومەر دەبابە)، سەمیرە عەلی سەروەت، سەعدیە هەمەوەندی، شەفیقەخان هاوسەری کەریم ئەفەندی، سەعدیە کەریم ئەفەندی و سەبیحە کەریم ئەفەندی، ئامینەخان هاوسەری شێخ عەبدوڵڵای کەوەڵە، نەسرین عەبدوڵڵا کەوەڵە، فاتیمە محەمەد سلێمان، ناجیە شەرەف، ژیان عەلائەدین ئەحمەد نورسی[١].

شێوازی ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لە ناو پارتی دیموکراتی کوردستان دوای ساڵی ١٩٦١ بەشێوەی شانەی نهێنی بووە وئافرەتێك سەرپەرشتی ڕێکخستنی شانەکەی کردووە، پەیوەندی لەگەڵ کەسی سەرەوەی خۆی هەبووە و ڕێنمایی و ڕاسپاردەکانی حزبی لەلایەن ئەو کەسەوە پێدراوە، ئەویش لە ڕێگای کۆبوونەوەکان دەیگەیاند بە ئەندامانی شانەکە[٢]، کۆبوونەوەکان لە ماڵی ئەو ئافرەتانە دەکرا کە ئەندامی ڕێکخستنەکان بوون، بۆ نموونە ماڵی ناهیدەی شێخ سەلام، درەخشان شێخ جەلال، بەهیە مەعروف بەرزنجی، ئەنجوم عبداللە زوهدی، جەمیلە سابیر قادر لە دیارترین ئەو ماڵانە بوون کە کۆبوونەوەکانی تێدا ئەنجام دەدرا[٣].

لە کۆبوونەوەکاندا جەختیان دەکردەوە لە سەر هاندانی ئافرەتان بۆ بەشداریکردن لە چالاکییە سیاسییەکان، و هەروەها دیارخستنی تواناکانی ئافرەتان لە بوارە جیاجیاکاندا و ئەوانەی خوێندەوارییان نەبوو فێری خوێندن دەکران[٤] و هەر لە کۆبوونەوەکان

(١) عەقیلە ڕەواندوزی، یادوئافەرین، چ (١)، چاپخانەی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥، ل١٨٣؛ درەخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٠.

(٢) بەهیە مەعروف بەرزنجی، هەندێك لە بیرەوەرییەکانی، ئا: لوتفیە ئیبراهیم ساڵح، چ (١)، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری، سلێمانی، ٢٠٠٢، ل٤٠.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٤) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨٧; چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی

ئابوونـەی ئەندامـان وەردەگیـران کـە بڕەکـەی لـە ٥٠ فلـس دەسـتیپێدەکرد و هـەر کەسێك بەپێـی توانـای خـۆی بڕێکی ڕەمزی دەبەخشـی و هەندێکجار بەرپرسـی شـانەکان لەگیرفانی خۆیـان پارەیـان دەخسـتە سـەر ئابوونەکـە تـا بڕەکە زیـاد بێـت[1]. هەندێك جار لـە کاتی زۆر پێویسـتدا ئابوونـە لـەو ماڵانـەش کۆکراوەتـەوە کـە لایەنگـر و دۆسـتی حـزب بـوون یاخـود جـێ متمانـە بوونـە ئەگـەر ئەندامیـش نەبوونایـە، و ئەوانـەی توانـای دارایـان بـاش بـووە بڕێکـی زیاتـر پارەیـان وەکو ئابوونە دەبەخشـی، جێـگای ئاماژەیـە ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتان لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی گرنگیـان بینیوە[2].

شـانەکانی ئافرەتـان لـە زۆربـەی بوارەکانـدا ڕۆڵیـان بینیـوە، بـۆ نموونـە بـە بۆنـەی تێپەڕبـوونی دووەمـین سـاڵ بەسـەر شـۆڕشی ١٤ی تەممـووز هەریـەك لـە بەهیـە مەعـروف، ئەنجـوم زوهـدی، دەرخشـان جـەلال پیرۆزبایـی ئاراسـتەی سـەرکردایەتی شـۆڕش دەکـەن وەك لـە بەشـێکیدا هاتـووە:"**... بـە نـاوی هەمـوو ئەندامانمـان لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە شـاری سلێمانی لـە ناخـی دڵمانـەوە گەرمتریـن پیرۆزبایـی لـە کەسایەتی بەڕێزتـان و سـوپای پاڵەوانمـان دەکەیـن... بـە بۆنـەی جەژنـی دووەمـی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی نەمـر و بەڵێـن دووپـات دەکەینـەوە کـە سـەربازێکی دڵسـۆز بیـن بـۆ بەرگریکـردن لـە کۆمارەکەمـان و پەیـڕەوە دیموکراتییەکـەی بەسـەرۆکایەتی ئێـوە و بـۆ بەهێزکردنـی برایەتـی کـورد و عـەرەب**"[3].

بەشـدار بـوونی ئافرەتـان لـە کـۆڕ و کۆبوونـەوە و کۆنفرانسـەکان لایەنێـکی تـر بـوو لـە چالاکییەکانیـان، لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـەی لـەم بـوارە ڕۆڵیـان بینیـوە، ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، نەجیبـە مـەلا محەمـەد کۆیـی، سـورەیای مـەلا محەمـەد کۆیـی، بەهیـە مەعـروف بەرزنجـی، درەخشـان جـەلال حەفیـد[4]. جێـگای ئاماژەیـە کۆکردنـەوەی

---

دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(١) درەخشـان جـەلال حەفیـد، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٩٧؛ بەهیـە مەعـروف بەرزنجـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٤٠؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢.

(٣) خبات"جريدة"، ع (٢٦٤)، السنه الثانية، ١٨ تموز ١٩٦٠.

(٤) نەرمیـن عوسـمان، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٨١؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی،

هاوکاری و پیتاك و جلوبەرگ و پێڵاو و پێخەفەکانی نوستن وەك بەتانی و پشتی و لێفە و خواردەمەنییەکان و پێداویستیەکانی پاککەرەوە، ئافرەتان لە ڕێگای کۆکردنەوەی ئابوونە و هاوکارییەکان لەو ماڵانەی جێگەی متمانە بوون ئامادەیان دەکرد، هەروەها چەند ئافرەتی خۆبەخش هەڵدەستان بە دوورینی جلوبەرگی پێشمەرگە و بۆیان ڕەوانە دەکردن[١]. بەشێکی دیکەی چالاکییەکانی ئافرەتان لە بواری پەیوەندی کردن و ڕاگەیاندن بووە وەك بڵاوکردنەوەی ڕاگەیەنراوەکانی حزب، لەوانەن هەڵواسینی پۆستەر و نووسینی دروشمەکان لەسەر دیوارەکان و هەروەها بڵاوکردنەوەی نامیلکە و چاپەمەنییەکانی حزب[٢]، کە لە زۆر کات بە نهێنی لە ژێر دەرگای ماڵانەوە فرێدەدرایە ژوورەوە یاخود لە فەرمانگە حکومییەکان بەنهێنی بڵاو دەکرایەوەو زۆرجار لەناو دۆڵابەکانی فەرمانگەکان بەجێیان دەهێشت[٣]. هەروەها کۆکردنەوەی دەرمان و پێداویستی پزیشکی کە لە ڕێگەی ئافرەتانەوە دەستەبەر دەکرا و لە زۆر کاتدا ئافرەتان وەك نەخۆش سەردانی نەخۆشخانەکانیان دەکرد تاکو دەرمانیان بۆ بنووسن و وەریبگرن و دواتر لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانی خۆیانەوە بۆ پێشمەرگە ڕەوانە دەکرا[٤]، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵیان بینیوە لە دابینکردنی دەرمان لە نەخۆشخانەکاندا لەشاری سلێمانی شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، چیمەن حەسەن عبداللە، نەسرین حەسەن، مونێرە ساڵح، مونیرە عەزیز، تەلیعە حوسێن،

---

سلێمانی ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(١) سەردار جاف، ئافرەت و شۆڕشی کورد، دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ (٨)، ئابی ١٩٩٨، ل٢١؛ درەخشان جەلال حەفید، کورتەیەك لە بزووتنەوەی ...، ل٤٦.

(٢) ویداد خالیس ئەلقازی، چەند وێستگەیەکی تەمەنم، چ (١)، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٢، ل٥٣؛ درەخشان جەلال حەفید، کورتەیەك لە بزووتنەوەی...، ل٤٩؛ غەریبا ڕەجەب نێروەیی، ئافرەت و خەبات و کوردایەتی، دەنگی پیشمەرگە "گۆڤار"، ژ (٣٦)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٠، ل٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٤) بەهیە مەعروف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سلێمانی، ٥ی نیسانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چیمەن حەسەن عەبدوڵڵا، سلێمانی، ٣ی نیسانی ٢٠٢٢.

روقیـه ئەحمـەد، پرشـنگ عوسـمان بـوون[1]. هەروەهـا هەندێکجـار لەلایـەن ئافرەتـە شـارەزاکان دەرمانـی کوردەواریـان دروسـت دەکـرد و بـۆ پێشـمەرگەیان ڕەوانـە دەکـرد و برینـدارەکانیـان بـەو دەرمانـە کوردەوارییانـە چارەسـەر دەکـرد[2]. لـە شـاری هەولێـر کاترینـە گۆرگیـس مووشـێ یەکێـك بـووە لـەو ئافرەتانـەی کـە ڕۆڵێکـی کارای هەبـوو لـە چارەسـەرکردنی برینـدارەکان[3]، جێـگای ئاماژەیـە ئـەو ئافرەتانـەی کـە وەك فەرمانبـەر لـە کەرتـی تەندروسـتی کاریـان دەکـردو پەیوەندییـان بـە ڕێکخسـتنەکانەوە هەبـوو، لـە ڕێـگای پیشـەکەیانەوە پەیوەندیـان بـە بەندکـراوە ئافرەتەکانیـش دەکـرد، لـە چـوار چێـوەی ئـەو لێژنـە پزیشـکییانەی کـە سـەردانی بەندیخانەکانیـان دەکـرد بـۆ پشـکنین و چارەسـەری گـیراوەکان[4]. بێجگـە لـەم کارانـەی ئەنجامیـان دەدا، یەکێـك لـە ئەرکـە سـەختەکان کـە بـە ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان ئەنجـام دەدرا بریتـی بـوو لـە گواسـتنەوەی چـەك و تەقەمەنـی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە[5]، هـەر یـەك لـە حـەلاوە حەسـیب، ئافتـاو براخـاس، خەدیجـە حەیـدەر، ئامینـە شـێخ ئەحمـەد، باجـی گوڵەبـاغ، ڕەعنـا محەمـەد، حـەلاوە نەسروڵـڵا، نەزیـرە محەمـەد تۆپچـی لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـە بـوون[6]، جێـگای ئاماژەیـە زۆر جـار ئافرەتـان زێـڕی خۆیـان فرۆشـتوە و چـەك و فیشـەکیان بـۆ پێشـمەرگە پێکڕیـوە یـەك لەوانـە ئامینـە خـان کچـی حەمـە ئاغـای ئەمیـن ئاغـای شـاعیری بەناوبانگـی کـورد نـاسراو بـە (ئەختـەر)[7].

---

(١) ڕووخـۆش عەلـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢١؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـلێمانی، ٥ی نیسـانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ چیمـەن حەسـەن عەبدوڵـڵا، سـلێمانی، ٣ی نیسـانی ٢٠٢٢.

(٢) غەریبا ڕەجەب نێروەیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٣) پەیامی ئەیلوول"گۆڤار"، ژ (٤)، تەمموزی ٢٠٠٨، ل ٥٥-٥٦.

(٤) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١١٥.

(٥) درەخشـان جـەلال حەفیـد، کورتەیـەك...، ل٩٥؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانـوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٦) ڕووخـۆش عەلـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١١٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـلێمانی، ٥ی نیسـانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٠٢.

(٧) شاوشکا"گۆڤار"، ژ (٧)، ٢٠٠٣، ل١٧.

دوای بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان چـووە قۆناغێکـی نوێـوە، جگـە لـە شـارەکانی کوردسـتان لـە شـاری بەغـدا شـانەی ڕێکخسـتنی ئافرەتـان پێکهێنـدرا و بەشـدارییان لـە چالاکییـەکان دەکـرد بـە تایبـەتی لـە ڕێپێوانەکانـی جەمـاوەری بـۆ پشـتگیریکردن لـە بەیاننامـەی ١١ی ئـادار، هەریـەك لـە سـاجیدە محەمـەد مـزوری، شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، شـوکریە محەمـەد عەلـی، سـەبریە مـام ئەحمـەد، حەسـیبە ئیبراهیـم، نوخشـە عەبدولعەزیـز، نەزیـرە محەمـەد تۆپچـی، بەهـێ مەعـروف بەرزنجـی، ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، عائیشـە ڕەسـوڵ، لوتفیـەی حاجـی ئیبراهیـم لـە بەشـداربووانی چالاکییـەکانی شـاری بەغـدا بـوون[١].

بەمجـۆرە چالاکییـەکانی ئافرەتـان لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە کوردسـتان و شـارەکانی تـر بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بـەردەوام بـوو تـا ١١ی ئـاداری ١٩٧٤، دوای هەڵگیرسـانەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان تـا نسـکۆی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٥ ئافرەتـان چالاکییەکانیـان بـەردەوام دەبێـت.

(١) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵی ئافرەت لە پارتە سیاسییەکان ١٩٧٦-١٩٩١

دوای بەستنی ڕێککەوتنامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول، ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان دەچێتە قۆناغێکی تازە. ڕۆڵی ئافرەت لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازیدا بە هۆی ئەو بارودۆخە سیاسییە مەترسیدار و سەخت و پڕ لە تەنگ و چەڵەمە و شپرزەییە دەوەستێت، بەڵام دوای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦ جارێکی تر ئافرەتانی باشووری کوردستان ڕۆڵی خۆیان لە ناو ڕێکخستنی پارتە سیاسییەکاندا بینییەوە، ئەو پارتە سیاسییانەی کە لە ساڵانی ١٩٧٥-١٩٩١ ئافرەتان ڕۆڵیان تێدا بینیوە ئەمانەن:

### ١- حزبی شیوعی عێراق

حزبی شیوعی عێراق لە دوای نسکۆی شۆڕشی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٥ جموجۆڵ و چالاکییەکانی بە شێوەیەکی ئاشکرا بەردەوام بوو بە هۆی مانەوەی لە بەرەی نیشتیمانی نەتەوەیی پێشکەوتنخواز، ئافرەتانی سەر بە ڕێکخستنەکانی هەرێمی کوردستانی حزبی شیوعی عێراق لە باشووری کوردستان چالاکییەکانیان بە شێوەیەکی ئاشکرا بەردەوام بوو، یەکێك لە دیارترین چالاکییەکانی ئەو قۆناغە بەشدارییان بوو لە کۆنگرەی سێیەمی حزبی شیوعی کە لە ڕۆژانی ٤-٦ی مایس ١٩٧٥ لە شاری بەغداد بە بەشداری (٣١٨) ئەندام بەسترا[1].

دەربارەی ڕۆڵ و بەشداری ئافرەت لەم کۆنگرەیەدا، بڕیاردرا کە ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی حزب و جموجوڵە پیشەییەکاندا بواری تەواویان پێبدرێت، چونکە پێشکەوتن و بەرەوپێشچوونی کۆمەڵگا لەڕووی کۆمەڵایەتی

---

(١) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٤٩.

و شارستانییەوە بەشێوەیەکی تەواو بەرجەستە نابێت ئەگەر ئافرەت ڕۆڵی خۆی شانبەشانی پیاو تێدا نەبینێ[١]. دەربارەی ڕێژەی بەشدارییان لەم کۆنگرەیە ژمارەیەك لە ئافرەتانی باشووری کوردستان بەشدارییان تێدا کرد، لە لێژنەکانی بەڕێوەبردنی کۆنگرەدا ڕۆڵی خۆیان بینی و هەروەها لە کاتی گفتوگۆکردن دەربارەی پێگەی ئافرەت لە ناو پرۆگرامەکانی حزب و پێویستییەکانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان و پاڵپشتیکردنی سەرکردایەتی حزب بۆ ئەم چالاکییانە هەڵوێست و بیروڕای خۆیان خستۆتەڕوو[٢]، جێگای ئاماژەیە هەر یەك لە (خانم محەمەد مەحمود- خانم زوهدی، عایدە یاسین (هاوسەری بەهادین نوری)، سامیە شاکر صادق (چاوشلی)، پەخشان عبداللە زەنگەنە، ئافتاو عەزیز عەلی، زەکیە بابان، خەدیجە مستەفا محەمەد (فریشتە کۆیی)، سنۆبەر ئیسماعیل نصراللە) لە ئەندامانی کۆنگرە بوون[٣].

لەم کۆنگرەیەدا عایدە یاسین وەك ئەندامی لێژنەی مەرکەزی دەستنیشان کرا، کە سێیەم ئافرەت بوو لە مێژووی حزبەکەدا لە دوای هەریەك لە أمینە الرحال،

(١) طريق الشعب"جريدة"، ع (٨١٢)، ١٩٧٦/٥/٢٩.

(٢) المصدر نفسه.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی زانکۆیی لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە حزبی شیوعییەوە کردووەو چەندین پۆستی حزبی وەرگرتووە وەك ئەندامی لێژنەی مەحەلی پارێزگای سلێمانی و سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان. لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگە کردووە، لە ساڵی ١٩٨٩ بە بڕیاری حزب گەڕاوەتەوە کوردستان و لە ناو شاردا بە نهێنی کار دەکات، لە ساڵی ١٩٩٣ بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی حزبی شیوعی، ئێستا لە هەولێر دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لە گەڵ تاهیر کەریم عەلی ناسراو بە (مامۆستا ڕەوەند)، هەولێر، ٥ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٦ لە هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٨ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٦٢ پەیوەندی بە حزبی شیوعی کردووە، چەندینجار دووچاری گرتن و ئازاردان بۆتەوە، لە زۆربەی کۆنگرەکان بەشداریکردوە و ساڵی ٢٠٠٤ بووە بە ئەندامی مەکتەبی سیاسی، لە ١ی کانونی یەکەمی ٢٠٢٢ کۆچی دوایی کردووە.

نزیهـة الدلیمـی، ئـەم پۆسـتەی وەرگرتـووە[١].

جێـگای ئاماژەیـە ئافرەتـانی بەشـداربووی کۆنگرەکـە ڕۆڵێـکی کاریگەریـان بینیـوە لـە چەسـپاندنی بەنـدی هەشـتەمی پرۆگرامـی ناوخـۆی حـزبی شـیوعی کـە جەخـت دەکاتـەوە لەسـەر ئـەوەی کـە پێویسـتە ئافـرەت بەشـدارییەکی کارای هەبێـت لـە ژیانـی سیاسـی و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و سـەربەخۆبوونی لـە ڕووی ئابوورییـەوە، و هاوسـەنگی بـوونی لـە مافەکانیـدا لەگـەڵ پیـاو[٢].

ئافرەتانـی نـاو ڕێکخسـتەکانی حزبـی شـیوعی هەوڵیـان دەدا چالاکییەکانیـان بـە شـێوەیەکی کـرداری لـە نـاو دام و دەزگاکانـدا ڕەنگدانـەوەی هەبێـت، بـۆ نموونـە هەوڵیـان دەدا بـۆ هۆشـیار کردنـەوەی کرێـکارە ئافرەتـەکان کـە لـە کارگەکانـدا کاریـان دەکـرد وەك کارگـەی جگـەرە و ڕسـتن و چنیـن، هانیـان دەدان بـۆ خستنەڕووی داواکارییەکانیـان و کردنـەوەی سـەندیکای تایبـەت بـە کرێـکاران و پەیڕەوکـردنی خەباتـی مەدەنـی بـۆ باشـترکردنی ژیـان و گـوزەران و کرێـی کارکـردن و دابینکردنـی بیمـەی تەندورسـتی و کۆمەڵایەتـی و کردنـەوەی خولـی تایبـەت[٣]. پەخشـان زەنگەنـە یەکێـك بـووە لـەو ئافرەتانـەی کـە لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی دیـاری هەبـووە.

سـەبارەت بـە هەڵوێستی ئافرەتـانی نێـو ڕێکخسـتنەکانی حـزبی شـیوعی لـە بەرامبـەر ڕووداوە سیاسـییەکان هەمـان هەڵوێسـتی حزبـی شـیوعی بـوو، بـۆ نموونـە لـە بـارەی ڕووداوە سیاسـییەکانی ئـەو سـەردەمەی لوبنـان و فەلەسـتین چالاکییەکانـی ڕێکخسـتنی ئافرەتانـی حزبـی شـیوعی لـە چوارچێـوەی پاڵپشـتی لـە خەباتـی ئافرەتانـی لوبنـان و فەلەسـتین بـوو[٤]، هەروەهـا لـە بۆنـە حزبییەکانـدا لـە ڕێـگای بەیاننامـە و نواندنـی چالاکـی ڕۆشـنبیری و کۆبوونـەوەی جەمـاوەری ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە، بـۆ نموونـە لـە سـاڵی ١٩٧٧ لـە یـادی (٤٣) سـاڵەی دامەزراندنـی

---

(١) شموس ساطعة، المصدر السابق، ص١٧٦-١٧٧.

(٢) طريق الشعب"جريدة"، ع (٨٤١)، ١٩٧٦/٦/٢٣.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی ٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ ئافتـاو عەزیـز عەلـی، ئەڵمانیـا، ٢٠ی شـوباتی ٢٠٢٢.

(٤) طريق الشعب"جريدة"، ع (٨٦٨)، ١٩٧٦/٧/٢٨.

حزبـی شـیوعی عێـراق، ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان لـە شـارەکانی باشـووری کوردسـتان چەندیـن چـالاکی حـزبی و جەماوەرییـان ڕێکخسـتووە و ڕۆژنامـەی (طریـق الشـعب) دەربارەیـان نووسـیویەتی:"... **بزووتنەوەکانـی ئافرەتـان پێگەیەکـی جەمـاوەری فراوانـی گرتۆتـەوە و تیکـەڵ بـە چەندیـن لایەنـی ژیـان بـووە، ئافرەتانـی سـەر بـە حزبـی شـیوعی ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە لـەم جەنگانـەدا لـە پێنـاو بەدیهێنانـی بنەماکانـی حـزب و ڕزگاربوونـی ئافـرەت لـە هەمـوو جۆرەکانـی بەکارهێنانـی و زیادبوونـی ڕۆڵـی لـە کایەکانـی ژیـان و کاری وەبەرهێنـان لـە شـار و لادێ لـە پێنـاو بـەرەو پێشـچوونی کۆمەڵـگا...**"[1].

دوای کۆبوونـەوەی لیژنـەی مەرکـەزی حـزبی شـیوعی لـە تەممـووزی ١٩٧٩ لـە (بـراگ)ی پایتەختـی چیکۆسـلۆڤاکیا بـە شـێوەیەکی فەرمـی کۆتایـی بـە هاوپەیمانێتـی لەگـەڵ (حزبـی بەعـس) ڕاگەیانـد[2]، و دروشـمی (ڕووخـان بـۆ حوکمـی دیکتاتـۆری) بەرزکـردەوە[3]، دوای ئـەو هەڵوێسـتە حـزبی شـیوعی ئەنـدام و لایەنگـرانی لـە تـەواوی عێـراق کەوتنـە بـەر هەڵمـەتی هەڕەشـەی گرتـن و ئەشـکەنجەدان و پاکتاوکـردن[4]، لـەم کاتـەوە شـێوازی نهێنـی لـە ڕێکخسـتنەکان پەیڕەوکـران و جێگۆڕکـێ بـە بەرپـرسی شـانەکانی حـزب و کادیـران کـرا، ئەندامـانی سـەرکردایەتی و مەکتەبـی سیاسـی هەندێکیـان چوونـە دەرەوەی عێـراق و هەندێکیشـیان هاتنـە ناوچـە ئازادکـراوەکانی باشـووری کوردسـتان[5].

سـەبارەت بـە ڕێکخسـتنی ئافرەتـان زۆربـەی ئەوانـەی ناوەکانیـان لـە لایـەن دەزگا ئەمنییـەکان ئاشـکرا بـوون بـە ناچـاری هاوشـانی سـەرکردایەتی حـزب شـاریان جێهێشـت بـەرەو ناوچـە ئازادکـراوەکان چـوون، ئەوانـەی ناوەکانیـان ئاشـکرا نەبـوون بەشـێوەی

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: طریق الشعب"جریدة"، ع (١٠٦٥)، ١٩٧٧/٣/٢٩.

(٢) عزیز سباهي، عقود من تاریخ الحزب الشیوعي العراقي، ج (٣)، دار الرواد، بغداد، ٢٠٠٦، ص١٨٠.

(٣) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٦٣.

(٤) ڕێـڕەوی تێکۆشـان، بیرەوەرییەکانـی کەریـم ئەحمـەد، و: جـەلال دەبـاغ، چاپخانـەی ڕەهەنـد، سـلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٧٠.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٠؛ بەهائەدین نوری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

شانەی نهێنی لە ڕێکخراوەکانی ناو شاردا مانەوە و لە چالاکییەکان بەردەوام بوون[١].
ئەم بارودۆخە بەمجۆرە مایەوە تا بەستنی کۆنگرەی چوارەم کە لە ١٠-١٥ی تشرینی دووەمی ١٩٨٥ لە قەزای سیدەکان سەر بە پارێزگای هەولێر بەڕێوەچوو[٢]، ئەم کۆنگرەیە لە قۆناغێکی زۆر سەخت و دژواردا بەسترا، چونکە بەشێکی زۆری ئەندامانی نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە دەرەوەی عێراق بوون، تەنیا ئەوانەی لە ناوەوەی عێراق مابوونەوە بەناوی نهێنی بەشداریان کرد. ئەو ئافرەتانەی کە لە باشووری کوردستان بەشدارییان کرد، هەر یەك لە خانم محەمەد مەحمود- خانم زوهدی، پەخشان عبداللە زەنگەنە، ئافتاو عەزیز عەلی، سنۆبەر ئیسماعیل نصراللە) بوون و ڕۆڵێکی دیاریان بینی لە جەخت کردنەوە لەسەر مافەکانی ئافرەتان و پارێزگاریکردن لە مافەکانیان[٣].

دوای تەواو بوونی کارەکانی کۆنگرە و سەر لە نوێ ڕێکخستنەوەی شانەکان، چالاکییەکانی ئافرەتان بە شێوەیەکی نهێنی لە شارەکان دەستیپێکردەوە، بەمجۆرە لە ساڵی ١٩٨٥ تاوەکو ١٩٩١ ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان لە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی چالاکییان نواندووە، لە شاری هەولێر دیارترین ئەو ئافرەتانەی ڕۆڵیان بینیوە ئەمانەن، شوکریە حەمەدئەمین عەلی، ساکینە سلێمان، سامیە شاکر صادق، تامان عەبدوڵلا شاکر، فەتحیە محەمەد مصطفی، مامز عەبدوڵلا، زوهدی عەبدوڵلا، هەیبەت هاوسەری مەلا نەفتە، سوعاد سەبری، ساجیدە سەبری[٤]، و لە شاری سلێمانی ئەو ئافرەتانەی لەو قۆناغەدا لە ڕێکخستنە نهێنییەکان کاریان کردووە، پەخشان عبداللە زەنگەنە، ئافتاو عەزیز عەلی،

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢: پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) صلاح الخرسان، المصدر السابق، ص١٩٩؛ کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٣١٩.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٠٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەفتاو عەزیز عەلی، ئەڵمانیا، ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاکر صادق (چاوشلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

جەیــران مەحمــود شــێخ محــی الدیــن، زەکیــە محەمــەد ئەمیــن بابــان، مونیــرە ڕەشــید، ســنوبەر ئیســماعیل نصراللــە، مونیــرەی قــادر ئاغــا، فاتیمــە شــەریف، عائیشــە شــەریف، خەدیجــە شــێخ حوســێن بەرزنجەیــی، ســەبریە ئەحمــەد ســەعید، رابیعــە شــەوکەت محەمــەد، قــەدەم خێــر (نەجیبــە)، ڕێــواس ئەحمــەد بانیخێلانــی، خەرمــان محەمــەد ڕەســوڵ، هێــرۆ عەبدولــڵا گــۆران، نیشــتیمان ئەحمــەد محەمــەد، عائیشــە قــادر ســەعید، نەجیبــە ســدقی، نەجیبــە مەحمــود، ســەبریە ســەعید محێدیــن، بەهیــە دەروێــش ئەحمــەد کەریــم، فاتیمــە عوســمان ســەعید، ئامینــە ئەحمــەد ئەمیــن، رەعنــا مەعــروف محەمــەد، گێــلاس ســابیر ئەحمــەد، شەمســە مەحمــود، حەپســە حەســەن، پەخشــان جــەلال، بەســۆز ئیبراهیــم، ســەبری ئەکــرەم، ســەبیحە مامەیــارە، بەنــاز ئەکــرەم، مونیــرە ســاڵح، شــلێر عەبدولمەجیــد، ســۆزە ئەمیــن، ئامانــج ئەمیــن، زریــا عومــەر، کوێســتان ڕەحیــم، ماردیــن ئیبراهیــم، پەرویــن غەریــب، ئاڤــان عــارف، شــوکریە ســەعید، کــەژاڵ غەریــب، تۆبــا عەبدولکەریــم حەســەن)[١]. جێــگای ئاماژەیــە توبــا عەبدولکەریــم حەســەن یەکێــك بــووە لــەو ئافرەتانــەی کــە بەرپرســی کارگێــڕی فەرمانگــەی ڕێگاوبانــی سلێمانی بــووە پیشــەکەی خــۆی بەکارهێنــاوە بــۆ ڕزگارکردنــی ئەندامــان و پێشــمەرگەکانی حزبــی شــیوعی لــە کاتــی مەترســی دەســتگیرکردنیان، ئەویــش لــە ڕێــگای دروســتکردنی باجــی تایبــەت لەژێــر ناونیشــانی (مجهــود حربــی) کــە کەرتــی ســەربازی دروســتیان دەکــرد بــۆ ئــەو کرێــکار و فەرمانبەرانــەی لــە پرۆژەکانــی

(١) ڕێــگای کوردســتان "ڕۆژنامە"، ژ (١٤٣١)، ٢٠٢١/٢/٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ پەخشــان عبداللــە زەنگەنــە، هەولێــر، ١٣ی نیســانی ٢٠٢٢؛ پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ ئەفتــاو عەزیــز عەلــی، ئەڵمانیــا، ٢٠ی شــوباتی ٢٠٢٢؛ پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ خەرمــان محەمــەد رەســوڵ، ئەڵمانیــا، ٢٠ی نیســانی ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٥٧ لــە قــەڵادزێ لــە دایکبــووە، لــە ســاڵی ١٩٨١ بەشــی پیشەســازی کارەبــا تــەواو دەکات، ســاڵی ١٩٧٥ پەیوەنــدی بــە ڕێکخســتنەکانی حزبــی شــیوعی کــردووە، ڕۆڵێکــی کارای هەبــووە لــە بــواری ڕاگەیاندنــی حــزب و ئەرکــی چاپکــردن و بڵاوکردنــەوەی بەیاننامــەکانی لــە ئەســتۆ بــووە، ئەڵقــەی پەیوەنــدی بــووە لــە نێــوان شــار و شــاخدا، ســاڵی ١٩٩٢ بووەتــە بەرپرســی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کوردســتان و لەهەمــان ســاڵ بــووە بــە ئەندامــی لێژنــەی قــەزا، ئێســتا بەرپرســی کۆمیتــەی حزبــی شــیوعی کوردســتانە لــە وڵاتی ئەڵمانیــا.

ڕێگاوبـــان کاریـــان دەکـــرد، هەروەهـــا هـــەر نووسراوێـــك بـــۆ فەرمانگەکـــەی بهاتبایـــە کـــە پەیوەنـــدی بـــە سیاســـەتی حزبـــی بەعســـەوە هەبوایـــە بەرامبـــەر بـــە ئەندامـــان و لایەنگرانـــی حزبـــی شـــیوعی بـــە مەبەســـتی خۆپاراســـتنیان ســـەرووی خۆیـــان لـــێ ئـــاگادار دەکـــردەوە[1]. لـــە شـــاری دهـــۆك هـــەر یـــەك لـــە (فەتحیـــە ئیبراهیـــم بامەڕنـــی، ڤیـــان عەبدولڕەحـــمان عەلـــی، ڤیکتۆریـــا یەڵـــدا نـــاسراو بـــە (ام عیســـام)، حەلیـــم پیرمـــوس، نەسریـــن حوســـێن، چنـــار عەبدوڵـــڵا، فاتیمـــە عەبدوڵـــڵا، نەفیعـــە محەمـــەد خالیـــد، حەلیمـــە ســـەعید، فیکتۆریـــا گۆرگیـــس)[2]، لـــە شـــاری کەرکـــوك (حەمدیـــە مســـتەفا، ســـەنیە جەبـــاری، عالیـــە عەبدولکەریـــم، جەمیلـــە ئەمیـــن یامولکـــی، لوتفیـــە عەبدواحیـــد، ســـەبریە حاجـــی عەبدوڵـــڵا، پەرویـــن خـــان هاوســـەری (عەلـــی روســـی)، گەلاوێـــژ عەزیـــز، گەلاوێـــژ ســـاڵح، ســـەمیرە ئەحمـــەد حەســـەن، مەدیحـــە عەلـــی شـــاڵی، خەرامـــان شـــوکر لەتیـــف، گەلاوێـــژ شـــوکر لەتیـــف، نەهلـــە حوســـێن شـــاڵی، ڕەســـمیە نەجمەدیـــن تاڵەبانـــی، ســـەفیە جەبـــاری، ســـەبریە عبداللـــە، جنینـــە مســـتەفا جەلالـــی، ئەنیســـە یوســـف، شـــەمێران شـــمونی) کاریـــان لـــە نـــاو ڕێکخســـتنە نهێنییـــەکان کـــردووە[3].

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ توبا عەبدولکەریم حەسەن، سلێمانی، ١ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ فەتحیـە بامەڕنـی، دهـۆك، ٢٥ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتـن لەگـەڵ نەفیعـە محەمـەد خالیـد، دهـۆك، ٢٧ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٠ لـە ناحیـەی بامەڕنـی لـە دایکبـووە، ژماریـەك لـە ئافرەتانـی ناوچەکـە لـە ڕێگـەی ناوبـراو پەیوەندیـان بـە حزبـی شـیوعی کـردووە و زۆربـەی چالاکییەکانیـان لـە ناوچـەکانی بامەڕنـی و ئامێـدی و دهـۆك ئەنجامـداوە، بەرپرسـی چەندیـن شـانەی ئافرەتـان بـووە و چەندیـن جـار دووچـاری لێپرسـینەوە و لێکۆڵینـەوەی دەزگا ئەمنیـەکان بـووە، ئێسـتا لـە دهـۆك دەژێـت؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ڤیـان عەبدولڕەحـمان عەلـی، دهـۆك،٩ی ئایـاری ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە ئامێـدی دایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی کـردوە و یەکێـك بـووە لـە ئەندامـە کارا و چالاکـەکانی ناوچەکـە، سـاڵی ٢٠٠٨ بـووە بـە سـکرتێری کۆمەڵـەی ئافرەتـان لقـی دهـۆك، ئێسـتا بـە هـۆی خراپـی بـاری تەندروسـتییەوە وازی لـە کاری حـزبی هێنـاوە، لـە دهـۆك نیشـتەجێیە.

(٣) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ خەرامـان شـوکر لەتیـف، هۆڵەنـدا، ١٥ی ئایـاری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە شـاری کەرکـوك لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٣ پەیوەنـدی بـە حزبـی

ڕێکخستنەکانی ئافرەتان جگە لە شارە سەرەکییەکان لە هەندێ قەزا و ناحیەش چالاکیان هەبووە، لەوانە لە قەزای کۆیە هەریەك لە (عائیشە قادر- عائیشە گوڵ، خەدیجە مصطفی، عیففەت ساڵح محەمەد، قدریە عبدالجاسم، کەترینا فەلە) لە ڕێکخستنە نهێنیەکان کاریان دەکرد و بەتایبەتی عائیشە قادر جگە لە ناوخۆی کوردستان سنوری چالاکییەکانی بەغدا و موسڵ و شارەکانی دیکەی گرتبووەوە[1]، یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە ببووە ئەڵقەی پەیوەندی ڕێکخستنەکانی کوردستان لەگەڵ شارەکانی بەغدا و موسڵ، کە بڵاوکراوە و بەیاننامەکانی حزب و ڕاپۆرتە تایبەتەکان و ڕۆژنامەکان و هەواڵەکانی گەیاندۆتە شانەکانی ڕێکخستن[2]. کەلسوم حەلاق یەکێك لە کچەکانی ناوبراو دەربارەی یەکێك لە هەڵوێستەکانی دایکی دەڵێت: **"دایکم توانایەکی سەرسوڕەێنەری هەبوو لە ئازایەتی و بوێری و بەلاڕێبردنی نەیارەکان. جارێکیان حکومەت هێزێکی ئەمنی ڕەوانە کرد بۆ پشکینی ماڵەکەمان لەوکاتەدا چەند پارچە چەکێکی حزبی شیوعی لە ماڵەکەیدا حەشار درا بوو بۆ ئەوەی دەستبەسەر ئەو چەکانەدا نەگیرێت هەموو چەکەکان دەباتە حەمامی ماڵەکەی و یەکێك لە کچەکانی دەنێرێتە ناو حەمامەکە و دەڵی کەفاوێکی زۆر بگرەوە بۆ شاردنەوەی چەکەکان کچەکەی دەڵێت: چۆن من لەگەڵ ئەو هەموو چەك و ئاگرەیەدا لە حەمام بم، ئەویش دەڵێ هیچ چارەیەکم نییە هەم ماڵ و هەم نهێنی ڕێکخستن و چەکەکان ڕزگار دەکەم"**[3].

لە شارۆچکەی کفریش ئافرەتان ڕۆڵی دیاریان لە ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا بینیوە و ئابوونەیان کۆکردۆتەوە و کۆبوونەوەی مانگانەیان ئەنجامداوە

شیوعی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٨ پەیمانگای کشتوکاڵی لە ناحیەی (کەڵەك) تەواو کردووە، بەهۆی ئەنجامدانی چالاکییەکانی لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٧٨-١٩٨٥ سێ جار دەستگیرکراوە، هەروەها چوار برای لە لایەن حکومەتی عێراقەوە لە سێدارە دراوە، لە ساڵی ١٩٨٦ بووەتە پێشمەرگە تاوەکو ساڵی ١٩٩٠، ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژێت.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٢

(٢) کەکۆن"گۆڤار"، ژ (٢٣)، تەمموزی ٢٠١٤، ل٣.

(٣) سڤیل"گۆڤار"، ژ (٢٢٠)، ساڵ (٥)، ٢٠١٤/٢/٢٢، ل٢٢.

بەزۆریــش کۆبوونــەوەکان لــە ماڵــی (شــێخ عەتــا) کەســایەتی دیــاری شــاری کفــری یاخــود ماڵــی ئەندامانــی نێــو ڕێکخســتنەکان ئەنجــام دەدران لــە دیارتریــن ئــەو ئافرەتانــە، ئەدیبــە ســەعید محەمــەد عەلــی، نــەسرەت خــان (هاوژینــی شــێخ عەتــا)، عادیلــە کەریــم عــارف، ســەرگوڵ ئەحمــەد، عەینــە محەمــەد حەیــدەر، چیمــەن ســەعید جەوهــەر، چــرا ســەعید جەوهــەر، زەینــەب مــەلا عەزیــز، بەیــان فــارس، نەسریــن مــەلا عەزیــز، جــوان مــەلا عەزیــز، پرشــنگ حەمــە ســاڵح، غــەزال ڕەحیــم، پەرژیــن حەمــە ســاڵح، گەلاوێــژ حەمیــد، ســوڵتانە حەمیــد، نەسریــن فــەرەج، ئاســکە خورشــید، ســوهیلە کەریــم، عائیشــە ئەحمــەد حاجــی، ڕونــاك مەجیــد، ڕەعنــا مــەلا عەبدوڵــڵا[1]. لــە قــەزای هەڵەبجــە ئافرەتــان لــە نــاو ڕێکخســتنەکانی حزبــی شــیوعیدا ڕۆڵیــان هەبــووە و کاروچالاکییــان ئەنجامــداوە لــە دیارترینیــان، ناهیــدە نــوری قەســاب، مینــای ڕەحیــم لەیلــێ، هەتــاو حەمەســاڵح، قومریــە مەجیــد تۆفیــق، مەهدیــە عەبدوڵــڵا قــادر، فاتیمــە عەلــی ئەڵڵایــار، عائیشــە حەمــە کەریــم، عەتیــە عەبدولڕەحــمان عەبدولقــادر، ســەلمە حوســێن حەســەن، فاتیمــە عەبدولڕەحــمان محەمــەد، ئامینــە ئیســماعیل بــاوە، تانیــا حەمــە شــەل، بەهــرە عەلــی، لەیــلا عەلــی[2]. جێــگای ئاماژەیــە بەپێــی ڕاپۆرتــەکانی دەزگا ئەمنییــەکان چالاکییــەکانی حزبــی شــیوعی لــە ناوچــەکانی باشــووری کوردســتان بــە شــێوەیەکی بەرچــاو و کاریگــەر دەرکەوتــووە بــۆ نمونــە لــە ســاڵی ١٩٨٣ لــە چەندیــن ناوچــەی جۆربەجــۆر چــالاکی نوانــدووە وەك مەخمــور، چۆمــان، هەولێــر، شــەقڵاوە،

(١) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ ئەدیبــە ســەعید محەمــەد نــاسراو بــە (ئەمــل)، ســلێمانی، ٢٧ی شــوباتی ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٥٢ لــە کفــری لەدایــك بــووە، لــە ســاڵی ١٩٧٦ پەیمانــگای پێگەیاندنــی مامۆســتایان لــە شــاری هەولێــر تــەواو کــردووە، هەمــان ساڵ پەیوەنــدی بــە حزبــی شــیوعی کــردووە و ئەندامێکــی کارا و چــالاك بــووە و بەرپرســی ڕێکخســتنەکانی ئافرەتانــی حزبــی شــیوعی بــووە لــە کفــری، ســاڵی ١٩٩١ بووەتــە بەرپرســی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کفــری، ســاڵی ١٩٩٧ دەســتبەرداری ئیشــوکاری حزبــی بــووە و ئێســتا لــە شــاری ســلێمانی دەژێــت؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ عەبدولڕەحــمان فــارس عەبدولڕەحــمان نــاسراو بــە (ئەبــو کاروان)، کفــری، ١٠ی نیســانی ٢٠٢٢.

(٢) پەیوەنــدی تەلەفۆنــی لەگــەڵ جــەلال دەبــاغ، ئەڵمانیــا، ٥ی شــوباتی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ عەبدولڕەحــمان فــارس عەبدولڕەحــمان نــاسراو بــە (ئەبــو کاروان)، کفــری، ١٠ی نیســانی ٢٠٢٢.

کویسنجق[1]، بەڵام دوای کۆتاییهاتنی جەنگی نێوان عێراق و ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨ چالاکییەکانی ئافرەتانی ناو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە ناوەوەی کوردستان زۆر لاواز بووە، تەنها ئەوانەی لە دەرەوەی عێراق بوون لە ڕێکخستنەکان بەردەوام دەبن، ئەو بارودۆخەش تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەردەوام دەبێت، دواتر قۆناغێکی تازە لە خەباتی سیاسی ئافرەتان لە بزووتنەوەی ڕزگارخوازیدا دەستپێدەکات.

(١) منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، مركز استخبارات أربيل، ع: ١س ٨٣٩/١٩، الموضوع: التقرير الامني الشهري عن منطقة الشمالية، ١٩٨٣/٣/٢٠، ص٢؛ قائمقامية قضاء مخمور، قلم السرى، ع: ٤/١٣١، الموضوع: التقرير الامني الشهري، ١٩٨٣/٣/١٧، ص٢؛ قائمقامية قضاء كويسنجق، التحرير، ع: ٨٣/٢ الموضوع: المراسلات السرية/ التقرير الامني لشهر نيسان ١٩٨٣، ١٩٨٣/٤/١٨، ص٢؛ قائمقامية قضاء جومان، المراسلات السرية، ع: ١س، ٧٤ الموضوع: التقرير الشهري لشهر نيسان ١٩٨٣، ١٩٨٣/٤/٢٠، ص١.

## ٢ـ پارتی دیموکراتی کوردستان

دوای نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول لە ساڵی ١٩٧٥ بە هۆی بەستنی ڕێککەوتننامەی جەزائیر لە ٦ی ئاداری ١٩٧٥ [١]، بارودۆخێکی دژوار ڕووبەڕووی پارتی دیموکراتی کوردستان بووەوە، سەرجەم ڕێکخستنەکانیان لە باشووری کوردستان وەستان، ئافرەتان بواری کارکردنیان نەما، بەشێکی زۆریان ئاوارەی وڵاتی ئێران بوون، لەناو ئەو کەشە سیاسییە سەخت و دژوارە لە١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٧٥ سەرکردایەتی کاتی پارتی دیموکراتی کوردستان دامەزرا[٢].

دەربارەی چالاکییەکانی ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) لەم قۆناغەدا زۆر سنووردار بووە و بەدەگمەن دەیانتوانی چالاکی لە ڕێکخستنەکان ئەنجام بدەن[٣]. ئەو چالاکییانەش کە ئەنجام دەدران زیاتر بریتی بوون لە گۆڕینەوەی زانیاری و هەواڵ لە نێوان لقەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆکردنەوەی ڕاپۆرت و ڕاسپاردەکان و لە ڕێگەی ڕێکخستنەکانەوە دەگەیەنرایە سەرکردایەتی[٤]، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لەم قۆناغەدا ڕۆڵی کاریگەریان بینیوە وەزیرە پیرداود قادر، کوردستان پیرداود قادر، ڕازییە حەسەن خەتاب بوون[٥].

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی ئەم بابەتە بڕوانە مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشو، ب (٣)، بە (٢)، ل١٦٧-١٨٤.

(٢) حبیب محمد کەریم، المصدر السابق، ص١٤٧؛ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ل٣٥٣.

(٣) مسعود بارزانی، بارزانی و بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلی کورد ١٩٧٥ـ١٩٩٠، شۆڕشی گوڵان، ب (٢)، بە (٤)، ل١٥٧.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە ڕیزەکانی (ی.ق.ك) کردووە ڕۆڵی دیاری لەسەردەمی شۆڕش بینیوە، دوای نسکۆی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٥ ئاوارەی ئێران بووە، لە ساڵی ١٩٨٣ بووە بە سکرتێری (ی.ئا.ك) لقی ئاوارەکان، بەشداری کۆنگرەکانی (٩،١٠،١٢،١٢،١٣) ی (پ.د.ك) کردووە، ئێستا لە پیرمام دەژێت.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کوردستان پیرداود قادر، هەولێر، ٤ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری قەزوین تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٧٤ پەیوەندی بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەکات، لە ساڵی ١٩٨٦ یەکێك بووە لە دەستەی دامەزرێنەرانی

جێگای ئاماژەیە هەندێك لە ئافرەتە ئاوارەکان توانییان چەند شانەیەکی ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتان لە شار و شارۆچکەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابمەزرێننەوە، بۆ نموونە لە شاری نەغەدەی ڕۆژهەڵاتی کوردستان شانەیەکی سەرەکی ئافرەتان هەبوو بەناوی (شانە سەرەکی شەهید) کە سەربە ڕێکخراوی برایەتی بوو نزیکەی٣٠-٣٥ ئافرەتی لەخۆگرتبوو[1] کە لە حەوت شانەی لاوەکی پێکهاتبوو، هەر شانەیەك (٥) ئافرەتی لەخۆدەگرت، کە لەلایەن، (ئەشرەف ئیبراهیم ڕەسوڵ) سەرپەرشتی دەکرا و بە ئەندامیەتی هەر یەك لە (خانزاد مام وسو، معسومە شێخۆ، جەمیلە محەمەد ساڵح، فاتیمە خدر، خەیرە محەمەد، ئامینە وەسمان)[2]، شانەکانی ئافرەتان لە کۆبوونەوەکاندا بەیاننامە و بڕیار و چاپەمنییەکانی وەك گۆڤار و ڕۆژنامەکانیان دابەش دەکرد و سەردانی ماڵە ئاوارەکان و کەسوکاری پێشمەرگەیان دەکرد و هاوکارییان بۆ کۆدەکردنەوە و بەدواداچوونیان بۆ کێشەی ئاوارەکان دەکرد و چالاکی جۆراوجۆریان لە بۆنە نەتەوەییەکان ئەنجام دەدا، هەروەها وەرگێڕانیان

---

سکرتاریەتی (ی.ئ.ا.ك)ـ لقی ئاوارەکان، لە خولی دووەمی پەرلەمان لە ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ئێستا لە هەولێر دەژێت.

(١) خەبات"ڕۆژنامە" ژ (٤٢٦٣)، چوار شەممە، ٢٠١٣/٢/٢٠

(٢) خەبات"رۆژنامە"، ژ (٤٢٦٣)، ٢٠١٣/٢/٢٠؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەشرەف ئیبراهیم ڕەسوڵ، هۆڵەندا، ٧ی ئایاری ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٦٤ لە سەنگەسەر لەدایکبووە، لە دوای نسکۆی شۆڕش لەگەڵ باوکیدا ئاوارەی ئێران بووە و قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە ئێران تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٩ بڕوانامەی دبلۆمی بەدەستهێناوە لەبواری زانستی ئابووری. لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە و سەرپەرشتی چەندین شانەی ڕێکخستنی ئافرەتانی کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩-١٩٩٧ بەرپرسی ناوچەی نەغەدەی (ی.ئ.ك)بووە، ئێستا لە وڵاتی هۆڵەندا دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خانزاد مام وسو دزەیی، هەولێر،١٠ی ئایاری ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٧١ لە قەڵادزێ لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە ئێران تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨١ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخراوی یەکێتی قوتابیانی کوردستان، بە هۆی ئاستی خوێندەواری سەرپەرشتی شانەی ئافرەتە بە تەمەنەکانی کردووە، ساڵی ١٩٩١ گەڕاوەتەوە باشووری کوردستان، لە کۆنگرەکانی (٤ ، ٥، ٦)ی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و کۆنگرەی (١٢) ی پارتی بەشداریکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ لە بەڕێوەبەرایەتی گەنجینەی هەولێر دامەزراوە، ساڵی ٢٠١٤ بوەتە ئەندامی ئەنجوومەنی پارێزگاری هەولێر، ئێستا لە هەولێر دەژێت.

بۆ بڵاوکراوەکان بە زمانی فارسی دەکرد کە لە بنکەکانی فەرهەنگی بڵاودەکرانەوە بۆ ئەوەی ئەندامەکان بتوانن بە ئاسانی بیخوێننەوە و لێی تێبگەن[١]، هەروەها بەمەبەستی گەیاندنی داواکاری خێزانە ئاوارەکان بەشدارییان لە ڕێپێوانەکان و بۆنەکانی حزبی و نەتەوەیی لە شاری نەغەدە دەکرد، هەریەك لە زەکیە سەید ساڵح و خوناو خورشید شێرە، خەبات تاریق مەولود (خەبات ساڵەیی)، ناهیدە محەمەد عیسا، شوکریە ڕەشید، سەبیحە ئەحمەد مستەفا، حەلیمە ڕەسوڵ، بەیان سندی، حەپسە خان، خوناو شاهین، لەم بوارەدا ڕۆڵی دیاریان بینیوە[٢]، جگە لە شانە ئاشکراکان شانەی نهێنی هەبوو کە هەر یەك لە (شنۆ ئەمین مەنسور، شەهلا عەلی تۆفیق، کوێستان ئەحمەد) بە نهێنی کاریان تێدا کردووە هەرچەند بە تەمەن بچووك بوونە، بەڵام بەهۆی کاریگەری پەروەردەیی نەتەوەیی خێزانەکانیان لە تەمەنێکی منداڵییەوە تێکەڵاوی کاری سیاسی بوونە[٣].هەروەها هەندێك لە ئافرەتەکان بەهۆی کارکردنیان لە نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئێران ڕۆڵێکی گرنگیان بینی بۆ پەیداکردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگەکان یەکێك لەوانە ڕەحمە عومەر سەلیم[٤].

---

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەشرەف ئیبراهیم ڕەسوڵ، هۆڵەندا، ٧ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زەکیە سەید ساڵح، هەولێر، ١٤ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٥ لە دەڤەری کانی ماسی لە دایك بووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە ئێران تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ بووە بە بەرپرسی لقی دهۆکی (ی.ئا.ك)، لە خولی سێیەم ٢٠٠٩-٢٠١٣ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە بریکاری وەزارەتی کاروکاروباری کۆمەڵایەتی و لە هەولێر دەژێت.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شنۆ ئەمین مەنسور، هەولێر، ١٨ی ئایاری٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٧٣ لە خانەقین لە دایکبووە، قۆناغی ناوەندی لە شاری مەریوان خوێندوە و قۆناغی ئامادەیی لە دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ لە کەلار تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە قۆناغی ئاوارەییدا، ساڵی ٢٠٠١ کۆلێژی یاسای لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٩٨ بووە بە بەرپرسی لقی کەرکوکی (ی.ق.ك)، لە هەمان کاتدا ئەندامی لێژنەی ناوچەی کەلار بووە، بەشداری کۆنگرەی ١١ و ١٣ی پارتی کردوە، لە ساڵی ٢٠١٠-٢٠١٨ بووەتە ئەندامی سکرتاریەتی (ی.ئا.ك). ئێستا لە شاری هەولێر دەژێت.

(٤) ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٠ لە قەزای پشدەر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٨ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك

پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لـە ٢-١٢ کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٩ کۆنگـرەی دەیـەم لــە گونـدی (هێشــماوا)ی ناوچــەی (مەرگـەوەڕ)ی سـنووری نێـوان عێـراق و ئێـران دەبەستێت[١]، چەنـد ئافرەتێـك وەك ئەندامـی کۆنگرە بەشـداری تێـدا دەکـەن وەك رازییـە حەسـەن خەتـاب، وەزیـرە پیـرداود قـادر، کوردسـتان پیـرداود قـادر، ئـەشرەف ئیبراهیـم ڕەسـوڵ، جەمیلـە محەمـەد ئیسـماعیل، سـەبیحە ئەحمـەد مستەفا، زاهیدە شـێخۆ، شـیرین ئامێـدی[٢]. بڕیـارەکانی کۆنگـرە بـووە هەنگاوێـکی گرنـگ بـۆ سـەر لـە نـوێ ڕێکخسـتنەوەی شــانەکانی ڕێکخســتن لەنــاوەوەی شــارەکان، ئافرەتانیــش توانیــان لــە نــاو شــارەکاندا شـانەکانیان ڕێکبخەنـەوە و چالاکییەکانیـان ئەنجـام بـدەن، هەروەهـا لـە هەنـدێ قـەزا و ناحیـەش ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان چالاکیەکانیـان دەسـتپێکردەوە بـۆ نموونـە لـە سـنووری قــەزای مێرگەســور شــانەی نهێنییــان دروســتکردووە و هــەر یــەك لــە (بلمــەز سـلێمان حــادێ، بەسـنا محەمــەد سـەیدا، مەریــەم مــەلا) ڕۆڵیــان تێـدا بینیــوە[٣]. لــە قــەزای

لـە پێشـمەرگانی شۆڕشـی ئەیلـوول بەنـاوی (خورشـید تۆفیـق) کـردووە، ئەمـە هۆکارێـك بـووە بـۆ پەیوەندیکـردن بـە ڕیزەکانـی (پ.د.ك)، لەسـاڵی ١٩٧٤ دوای نسـکۆی شـۆڕش لەگـەڵ خانەوادەکـەی ئـاوارەی وڵاتـی ئێـران بـووە و لـە شـاری نەغـەدە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان نیشـتەجێ دەبێـت و ڕۆڵێکـی گرنگـی بنیـوە لـە سـەرجەم چالاکییـە نیشـتیمانی و نەتەوەییـەکان لـەو شـارەدا، دواتـر بەهـۆی نالەبـاری بارودۆخـی خێزانـە ئـاوارەکان لـەو شـارەدا شـوێنی نیشـتەجێبوونیان دەگوزانـەوە بـۆ شـارۆچکەی کامێـران و لەیەکێـك لـە نەخۆشـخانەکانی ئـەو شـارەدا وەك پەرسـتار دەسـتبەکار دەبێـت و ڕۆڵێکـی گرنـگ دەبینـێ لـە دابینکردنـی دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە، سـاڵی ١٩٩١ دەگەڕێتـەوە باشـوری کوردسـتان و لـە سـاڵی ٢٠٠٩ کۆچـی دوایـی دەکات، چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ نازەنیـن خوریشـد تۆفیـق، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی ٢٠٢٢، ناوبـراو سـاڵی ١٩٧١ لـە قـەزای پشـدەر لەدایکبـووە، کچـی گـەورەی ڕەحمـە سـەلیم قـادرە و لەسـەرجەم کاروچالاکییەکانـی دایکـی لـە سـاڵانی ١٩٨٥ تاوەکـو ١٩٩١ بەشـداریکردووە، ئێسـتا لـە هەولێـر نیشـتەجێیە.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ب (٤)، ل٣٦٢؛ مێژووی پارتی دیموکراتی کوردستان، ل٤١٩.

(٢) وێ"گۆڤـار"، ژ (١)، کانوونـی یەکەمـی ٢٠٠٧، ل١٠؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ وەزیـرە پیـرداود، هەولێـر، ٢٨ی ئـاداری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ کوردسـتان پیـرداود، هەولێـر، ٤ی نیسـانی ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ بلمـەز سـلێمان حـادێ، هەولێـر، ١٢ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە مێرگەسـور لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پـارتی کـردووە و بـەردەوام لـە هاتوچـۆ و پەیوەنـدی بـووە لـە نێـوان باشـور و ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان، نامـەی حزبـی کـە لـە بەغـداوە هاتـووە گەیاندویەتـی بـە سـەرکردایەتی حـزب لـە (کـەرەج) لەوێشـەوە نامـەی

ڕەواندز جەمیلە ساڵح حەکیم، عائیشە محەمەد، ئامینە ئەسعەد، ڕازیە ڕەمەزان، زەکیە مستەفا، عەقیلە عەبدولقادر (عەقیلە ڕەواندوزی)، شوکریە عەبد) لە ناو شانە نهێنییەکاندا چالاکانە ئەرك و ڕاسپاردەکانیان لەو سنوورەدا ڕاپەڕاندووە[1].

سەبارەت بە شاری سلێمانی لە نێو ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) دا شانەی نهێنی ئافرەتان هەبوو کە لەناو شاردا کاری ڕێکخستنیان کردووە و بەردەوام لە پەیوەندیدا بوونە لەگەڵ پێشمەرگەکان و ڕێکخستنەکانی دەرەوەی شار لە دیارترین ئەو ئافرەتانە (سەبریە مام ئەحمەد، شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، چیمەن حەسەن عبداللە، ڕووخۆش فەرەج، ئافتاو برا خاس، رەعنا محەمەد ساڵح، سەبریە شێخ حەسەن مارگر، گوڵەباغ کەریم، بەدریە ئەحمەد، فەخریە ئیبراهیم، عەتییە ئیبراهیم، نەجمە موراد وەیس، عەتیە ئەحمەد کەریم) بوون[2]. جێگای ئاماژەیە هەروەك لە تەوەری یەکەمدا ئاماژەمان بۆ کرد هەر یەك لە شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی و چیمەن حەسەن عبداللە لە ڕێگەی پیشەکەیان کە لە بنکەی تەندروستی سلێمانی کاریان دەکرد جگە لە ناردنی دەرمان و پێداویستی پزیشکی بۆ هێزەکانی پێشمەرگە لە کاتی گەڕان بە مەبەستی پشکنین و بڵاوکردنەوەی ڕێنماییە تەندروستییەکان، ئەم دەرفەتەیان دەقۆستەوە سەردانی ئەو ماڵانەیان دەکرد کە ئەندامی ڕێکخستنەکانی پارتی بوون دەرمان و پێداویستی تەندروستییان بۆ دەبردن و هەر هەواڵ و زانیاری و بڵاوکراوەیەکی پارتی هەبوایە دەیانگەیاندە

دەهێنایەوە بۆ مێرگەسور زۆربەی کۆبوونەوە و نەخشەی چالاکییەکانی پێشمەرگە لە ماڵی ناوبراو ئەنجامدراوە. لە پیرمام دەژێت.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە ساڵح حەکیم، ٩ی شوباتی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٤٩ لە ڕەواندز لە دایکبووە، دەرچووی خانەی مامۆستایانی هەولێرە، ساڵی ١٩٦٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە و هەمان ساڵ پەیوەندی بە (ی.ئا.ك) کردووە و یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی لقی ڕەواندز (ی.ئا.ك)، ساڵی ١٩٧١ بووە بە سەرۆکی لقی ڕەواندز (ی.ئا.ك)، بەشداری چەندین کۆنگرەی (ی.ئا.ك)و سەرپەرشتی چەندین شانەی ڕێکخستنی ئافرەتانی کردووە و ئێستا لە سۆران دەژێت.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سلێمانی، ٥ی نیسانی ٢٠٢٢; چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چیمەن حەسەن عبداللە، سلێمانی، ٣ی نیسانی ٢٠٢٢.

ماڵـە پێشـمەرگەکان یاخـود ئـەو ماڵانـەی کـە سـەر بـە ڕێکخسـتنەکان بـوون[١].

هەروەهـا لـە قـەزای هەڵەبجـە هەریـەك لـە (عـەزرا ڕەحـمان قـادر، نەزیـرە کەریـم ئەحمــەد، شــکۆفە محەمــەد، ئافتــاو حەمــە عەلــی، فەریــدە عەزیــز، شــەوبۆ میــرزا ئەمیـن، نـاز حەمەوەیـس نەسروڵـڵا لـە ڕێکخسـتنەکانی پـارتی کاریـان کـردووە و چەندیـن کار و چالاکـی گرنگیـان ئەنجامـداوە[٢].

هەروەهـا لـە سـنووری پشـدەر چەندیـن ئافـرەت لـە ڕیزەکانـی پارتـی دیموکراتـی کوردســتاندا چالاکــی و بەشــداری کاریگەریــان هەبــوو لــە پەیوەنــدی کــردن و ڕێکخســتنەوەی ئافرەتــان و هێنــان و بردنــی بڵاوکــراوە و چاپەمەنییەکانــی حــزب لــە دیارترینیـان (شـلێر حەمـە ئیبراهیـم بـاوەزی، بەیـان همـزە، ڕوونـاك همـزە، ڕێـزان حەمـە ئیبراهیــم بــاوەزی، نازەنیــن حەمــە عەبدوڵــڵا، کەلســوم حەمــە عەبدوڵــڵا، نازەنیــن عەبدوڵـڵا نورەدیـن، اسـماء سـۆفی ئیبراهیـم، قـەدەم خێـر سـۆفی ئیبراهیـم، رووخسـار سـەلیم، خونچـە کاکەڵـڵا، گەیـلان حەمەسـور[٣]، هـەوار عەبدوڵـڵا ئەحمـەد، گوڵەبـاغ عەلــی خــدر، خوبــی عوســمان حەســەن، ئەســتی ســوارە عەبــاس، بێگــەرد ڕەســوڵ عەبدوڵـڵا، قەدەمخێـر مسـتەفا میـرزا، ئەسـتی مـەلاوە، فاتـم مـەلا قـادر، بسـکان محەمــەد حوســێن، پەرژیــن حەمەســور ســەلیم[٤].

سـەبارەت بـە شـاری کەرکـوك ئافرەتـان لـەم شـارەدا جموجـوڵ و چالاکیـان هەبـووە لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، بـەڵام بەشـێوەیەکی کەمتر بـە بەراورد

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ چیمـەن حەسـەن عبداللـە، سـلێمانی، ٣ی نیسـانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـلێمانی، ٥ی نیسـانی ٢٠٢٢.

(٢)چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ تاهیـر نـادر هەورامـی، هەولێـر، ٢٥ی نیسـانی٢٠٢٢. کـوڕی (عـەزرا ڕەحـمان قـادر)ە، لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە هەولێـر لـە دایکبـووە، بەهـۆی ئـەوەی باوکـی یەکێـك بـووە لـە فەرماندەکانـی (پ.د.ك) بۆیـە ناوبـراو لـە تەمەنێکـی منداڵییـەوە ئاشـنابووە بـە کاری سیاسـی، سـاڵی ١٩٨٣ لـە وڵاتـی سـوێد پەیمانـگای ڕاگەیاندنـی تـەواو کـردووە، لـە نێـوان سـاڵانی ٢٠٠٩-٢٠١٩ چەنـد پۆسـتی حزبـی و حکومـی وەرگرتـوە، ئێسـتا ئەندامـی (بـارەگای بارزانی)یـە لـە شـاری هەولێـر دەژێـت.

(٣) عومەر هەمزە ساڵح، تۆمارێك لە خەباتی نهێنی ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان لە سنووری پشدەر لە ساڵی ١٩٧٠ تا ١٩٩١ (شۆڕشی گوڵان)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل١٣١.

(٤) هەمان سەرچاوە، ل٢٣٣، ٢٧٥.

لەگەڵ شوێنەکانی تر، ڕووناك سەعید خانەقا یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی لە بواری گەیاندنی زانیاری و هەواڵ و بڵاوکراوەکانی پارتی لە کەرکوك ڕۆڵی دیاری بینیوە[1].

سەبارەت بە ناوچەی بادینان ئافرەتانی ئەم ناوچەیەش ڕۆڵیان هەبووە و بەشداربوونە لە ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و بەردەوام زانیاری و هەواڵ و کەلوپەلی پەڕاوگە و چاپەمەنی و پێداویستی تەندروستی و دەرمان لە ڕێگەی شانەکانی ڕێکخستنی ئافرەتانەوە ڕەوانەی هێزەکانی پێشمەرگە دەکرا لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی کە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە ئەمانەن؛ قومری ئیسماعیل حاجی، زەهرا حاجی ڕەسوڵ سلێڤانەیی، کوردستان نەبی حەمامەدین سلۆ، حەربیە ئەحمەد عومەر، بەیان موسا، ڕەمزیە عەبدال عەلی، ژیان ساڵح حوسێن، عالیە حوسێن، ژیان عەبدولڕەحمان فەتاح، نەزیرە عەبدولکەریم عەبدولقادر، بەیان بەرواری، وەحید عەبدال عەلی، جەیرییە نەبی حەمامەدین سلۆ، بێریڤان ڕەشید محەمەد، ڕەونەق تەیب مەلا عاسم، فەزیلە عەبدوڵڵا، عاسیە محەمەد قازی[2]. جێگای ئاماژەیە دوای وەستانی جەنگی عێراق و ئێران لە ٨ی ئابی ١٩٨٨، بەهۆی دەستگرتنی سوپای عێراق بەسەر زۆربەی ناوچەکانی باشووری کوردستان، چالاکییەکانی ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان تەنها لەدەرەوەی کوردستان بەردەوام بوو و تاوەکو ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ بەمجۆرە مایەوە.

---

(١) ڕووناك سەعید خانەقا بۆ خەبات دەدوێ، خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٤٣٧٩)، لە ٢٠١٣/٨/٦.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ زەهرا حاجی ڕەسوڵ سلێڤانەیی، دهۆك، ٢٦ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥١ لە زاخۆ لە دایکبووە، قۆناغی زانکۆیی لە بەغداد تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردووە، ساڵی ١٩٩٧-٢٠٠٤ ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، ساڵی ٢٠٠٤-٢٠٠٥ ئەندامی کۆمەڵەی نیشتیمانی عێراق بووە. ئێستا لە شاری زاخۆ دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بێریڤان ڕەشید محەمەد، دهۆك، ٢٨ی نیسانی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری دهۆك لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری دهۆك تەواوکردوە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (پ.د.ك) کردوە، ساڵی ١٩٩٣ بەرپرسی ڕاگەیاندنی (ی.ئا.ك) لقی دهۆك بووە، ئێستا لە دهۆك دەژێت.

## ٣- یەکێتی نیشتیمانی کوردستان

یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ١ی حوزەیرانی ١٩٧٥ دامەزرا[١]، یەکەمین کۆبوونەوەی سەرکردایەتی لە ٣١ی ئابی ١٩٧٧ لە دۆڵی خواکوڕك ئەنجامدرا و لەم کۆبوونەوەیەدا سەرکردایەتییەکی سیانی لە نێوان باڵەکانی (کۆمەڵە، بزووتنەوەی سۆسیالیست، خەتی گشتی) پێکهێنرا، و جەلال تاڵەبانی بە سکرتێری گشتی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دیاریکرا[٢].

شێوازی ڕێکخستنەکان بە شێوەی نهێنی لە چوارچێوەی ئەڵقە و شانەکان ڕێکخرا[٣] سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان، هەر لە سەرەتاکانی دامەزراندنیەوە ئافرەت ڕۆڵی دیار و گرنگیان تێدا بینیوە و پەیوەندییان بە ڕێکخستنە نهێنیەکانی یەکێتی کردووە لە دیارترینیان: نەرمین عوسمان حەسەن، ڕووناك شێخ جەناب نوری، هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد، نازەنین عوسمان حەسەن، پرشنگ مامند، سەرگوڵ غەریب، سوعاد ساڵح، پەخشان جەلال حەفید، پاکیزە مستەفا زیاد، گەلاوێژ حەسەن عوبێد[٤].

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندن بڕوانە. ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە سەرپەرشتی: فەرید ئەسەسەرد، چ (٤)، بە (١)، ٢٠٢١، ل٨١٨-٨٢٢؛ سەروەر عەبدولڕەحمان، مێژووی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ١٩٧٥-١٩٧٦ دامەزراندن و دەستپێکردنەوەی شۆڕش، چ (٢)، بە (١)، هەولێر، چاپخانەی هێڤی، ٢٠١١، ل١١٦: حەمەی حەمە سەعید، دەنگی خاك بیرەوەری ١٩٧٦-١٩٩١، بە (١)، چ (١)، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٦، ل١٠٣.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە. ئەحمەد حەمەدئەمین ئۆمەر، ڕەوتی چەپ لەباشوری کوردستان کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان وەك نموونە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٤٢.

(٣) برایم جەلال، چەپێکێك لە مێژووی کۆمەڵە، چاپی سێیەم، چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠١١، ل٤٤-٤٥.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕووناك شێخ جەناب، سلێمانی ١٠ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٤ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە سلێمانی تەواوکردوە، هەر لەگەڵ سەرەتاکانی دروستبوونی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان پەیوەندی کردووە بەم کۆمەڵەیە، ساڵی ١٩٧٩ لەپەیمانگای تەکنەلۆژیای بەغدا وەرگیراوە، بەڵام لەبەر مەترسی لەسەر ژیانی لە پەیمانگا دوور کەوتۆتەوە، پەیوەندی بە خەباتی پێشمەرگایەتی دەکات، ساڵی١٩٨٠ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بەناوی (حیکمەت محەمەد کەریم) ناسراو بە (مەلا

ئـەم ئافرەتانـە چەندیـن کار و چالاکـی گرنگیـان ئەنجامـداوە، کۆبوونەوەکانیـش لـە ماڵـی یەکێـك لـە ئەندامانـی نێـو ڕێکخسـتەکان بەڕێوەدەچـوو، بەتایبەتـی ئـەو ماڵانـەی کـە داخـراو بـوون بـەو واتایـەی کـە (ژن وپیـاو) هەردووکیـان ئەندامـی ڕێکخسـتنەکان بـوون بـە مەبەسـتی دوورخسـتنەوەی مەتـرسی لـە سـەر ئاشـکرابوونی شـوێنی کۆبوونـەوەکان، بۆنموونـە ماڵـی (نەرمیـن عوسـمان) یەکێـك لـەو ماڵانـە بـوو کـە کۆبوونـەوەکانی تێـدا ئەنجـام دەدرا[1].

ڕێکخسـتنی ئافرەتـان لـە سـەرەتای هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم، لـە شـاری هەولێـر لـە سـەرەتادا بەشـێوەی کۆمیتەیەکـی تایبـەت دامـەزرا بـە ئەندامیەتـی هەریـەك لـە (کنێـر جەمیـل حەسـەن خەیلانـی، شـەرمین خۆشـناو، مامۆسـتا نەرمیـن، فەزیلەخـان، شـەرمین هەولێـری[2]، ئـەم کۆمیتەیـە لەلایـەن عبداللـە ڕەسـول نـاسراو بـە (کـۆسرەت ڕەسـوڵ عەلـی) سەرپەرشـتی دەکـرا لـە ڕێگـەی شـەرمین هەولێرییـەوە کـە پەیوەنـدی ڕاسـتەوخۆی پێـوە هەبـوو[3]، لـە گرنگتریـن کار و چالاکییەکانـی ئـەم کۆمیتەیـە کۆکردنـەوەی زانیـاری و ئامادەکردنـی ڕاپـۆرت بـوو دەربـارەی ڕووداو و هەواڵـەکانی نـاو شـاری هەولێـر و گەیاندنـی بـە سـەرکردایەتی یەکێتـی، جگـە لـەوەش ڕۆڵیـان هەبـوو لـە پێگەیانـدن و ئامادەکردنـی کادیـرانی

بەختیار) کردووە، بەردەوام بووە تاوەکو ساڵی ١٩٩١، ئێستا لە ژیان ماوە و لە سلێمانی دەژێت.

(١) نەرمیـن عوسـمان، لەسـەر ڕێـگای گەیشـتن بـە ئاسـۆ، کۆدیـدار لەگـەڵ نەرمیـن عوسـمان، ئـا: خەڵـەف غەفـور، چ (١)، چاپخانـەی شـڤان، سـلێمانی ٢٠١٣، ل٣٤.

(٢) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ کنێـر حەسـەن جەمیـل خەیلانـی، هۆڵەنـدا، ١٨ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٤ لـە شـارۆچکەی هەریـر سـەر بـە پارێـزگای هەولێـر لـە دایکبـووە، قۆناغـی خوێندنـی سـەرەتایی لـە ڕەوانـدز و ناوەنـدی لـە هەریـر و ئامادەیـی لـە هەولێـر تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی (ی.ن.ك) کـردووە لـە نـاو شـاری هەولێـر ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـووە و چەندیـن چالاکـی ئەنجامـداوە، لـە سـاڵی ١٩٨٩ وەرگیـراوە لـە کۆلێـژی پـەروەردە لـە زانکـۆی موسـڵ، بـەڵام بەهـۆی زیندانـی کردنـی لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی عێراقـەوە نەیتوانیـوە درێـژە بەخوێنـدن بـدات، لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٨٣ تـا ١٩٨٩ چـوار جـار دەسـتگیرکراوە، سـاڵی ١٩٩٧ چووەتـە دەرەوەی وڵات و ئێسـتا لـە هۆڵەنـدا دەژێـت.

(٣) نەرمین عوسمان، گوڵدانی ژن، سەرچاوەی پێشوو، ل٩١.

ئافـرەت و هاندانــی گەنجـان بـۆ پەیوەندیکـردن بەهێزەکانــی پێشـمەرگە[1]، جگــە لــەو کۆمیتەیــە کەرتــی تایبــەت بــە ڕێکخســتنی ئافرەتــان لەنــاو شــاردا هەبــوو، بــۆ نموونــە یەکێــك لــەو کەرتانــە پەرویــن عەلــی محەمەدئەمیــن سەرپەرشــتی کــردووە و هەریــەك لــە (شــیرین عبدالواحیــد تەهــا، ئەســمەهان عبدالواحیــد، شــادیە ئیســماعیل قــادر، نازەنیــن محەمــەد شــەریف، حەنیفــە محەمــەد، ئاورینــگ بەکــر حەســیب، تروســکە ئیســماعیل، لاولاو ئیســماعیل، ئاریــە ئیســماعیل، نەسریــن عەلــی، نەرمیــن عەلــی، عەتیــە تەهــا نــوری) تێیــدا ئەنــدام بــوون[2]، کەرتــی شــەهید یوســف دەرگەڵــە کــە پێکهاتبــوو لــە هەریــەك، کافیــە ســلێمان کەریــم، بەیــان یونــس، تانیــا ســابیر عەزیــز، زوڵێخــا محەمــەد ســەمیر، ڕەحیمــە موحســن ســلێمان، عائیشــە کەریــم خــدر، عەزیمــە ســەلیم کەریــم، و کەرتــی شــەهید عەلــی ســاڵح کــە پێکهاتبــوو لەهەریــەك ناســکە حەمەدئەمیــن، خیرییــە ســتار سـلێمان، فەخریــە ڕەشـید حوسـێن، خـاوەر خـدر حوسـێن، عەزیمــە عەبدولکەریـم[3] و کەرتــی شــەهید حەمەشــینە بــە لێپرسراوێتــی هەمــزە ئیســماعیل مەحمــود و بــە ئەندامێتــی، ئامینــە قــادر محەمــەد، مەلیکــە کەریــم ئەمیــن، ئەســمەر ئیســماعیل مەحمــود[4]، و کەرتــی شــەهید شــوان ڕێکخســتنەکانی ئــەم کەرتــە دابەشــبوون

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کنێر حەسەن جەمیل خەیلانی، هۆڵەندا، ١٨ی نیسانی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەروین عەلی محەمەد ئەمین، سلێمانی، ٦ی ئایاری٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٧٠ لە دبس لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکان و بەرپرسی شانەی سەرەکی دبس بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ دەبێتە بەرپرسی شانەیەکی ڕێکخستنی ژنان لە هەولێر، ساڵی ٢٠٠٢ لە کۆلێژی یاسا لە زانکۆی سلێمانی بڕوانامەی بەکالۆریۆسی وەرگرتووە، ئێستا مامۆستایە لە زانکۆی پۆلیتەکنیکی سلێمانی و لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عەبدولقادر محەمەد عومەر ناسراوە بە(مەلا قادر)، سلێمانی،١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٦٠ لە تەقتەق لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٦ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) کردووە، لە سالانی ١٩٧٩ ـ ٢٠١٣ چەندین پلەی حزبی وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠١٤ ـ ٢٠١٨ ئەندامی خولی چوارەمی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق بووە، لە ساڵی ٢٠٢١ دەبێتە ڕاوێژکاری دارایی لە ناوەندی کاروباری یاسایی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مەلیکە کەریم ئەمین، هەولێر، ١١ی ئایاری ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٥٢ لە

بەسـەر هـەردوو شـاری هەولێـر و کەرکـووك کـە پێکهاتبـوون لـە سـێ شـانەی ئافرەتـان شـانەی یەکـەم، پێکهاتبـوو لـە (نێرگـز تەیـب، شـلێر غەریـب، کەلسـوم قەڵادزەیـی، سـەعدیە غەریـب، ئەنیسـە خۆشـناو)، شـانەی دووەم، هەریـەك لـە (فەزیلـە قـادر، دڵـدار ڕەوانـدوزی، پەخشـان ڕەوانـدوزی، شـیرین خۆشـناو)، شـانەی سـێیەمیان، پێکهاتبـوو لـە هەریـەك لـە (ڕێـزان ئیبراهیـم، کچەکانـی سـتار کۆیـی ناویـان نەنـاسراوە)، و کەرتـی شـەهید عەبدولخالـق مەعـروف پێکهاتبـوو لـە هەریـەك لـە، کەوسـەر عەبدولکەریـم، سـوهەیلە تەهـا[1].

هـەر لـە نـاو شـاری هەولێـر چەنـد ئافرەتێـك هەبـوون ڕۆڵـی کاریگەریـان بینیـوە لـە بـواری ڕێکخسـتندا لـە دیارترینیـان (کـەژاڵ عوسـمان حەسـەن) کـە سەرپەرشـتی چەنـد شـانەی نهێنـی ئافرەتـانی کـردووە[2]، فایـەق محەمـەد گوڵپـی دەربـارەی ڕۆڵـی ناوبـراو دەڵێـت: **"سـاڵی ١٩٨١ لـە نەخۆشـخانەی کۆمـاری هەولێـر وەك پزیشـکی خـولاو کارم دەکـرد، هەوڵـم دەدا پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان دروسـت بکەمـەوە، دۆسـتێکم هەبـوو بەنـاوی ئـاوات لـە زانکـۆی سـەلاحەدین ڕۆژێـك هـات بـۆ لام لەگـەڵ کچێکـدا و پێـی ناسـاندم کـە ئەمـە (کەژاڵ)ـە و بەرپرسـی ڕێکخسـتنی ئێمەیـە، دوای قسـەکردن لەسـەر بـاری**

هەولێـر لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٣ هاوسـەرگیری کـردووە لەگـەڵ (هەمـزە ئیسـماعیل مەحمـود) هـەر لـە ڕێـگای هاوسـەرەکەی پەیوەنـدی بـە شـانە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی دەکات و چەندیـن کار و چالاکـی نهێنـی ئەنجامـداوە، بـە تایبـەتی لـە بـواری تەتـەری ڕۆڵـی گرنگـی هەبـووە، ئێسـتا وازی لـە کاری سیاسی هێنـاوە و لـە شـاری هەولێـر دەژێـت.

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ عەبدولقـادر محەمـەد عومـەر نـاسراو بـە مـەلا قـادر، سـلێمانی،١٤ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ نازەنیـن عوسـمان حەسـەن، سـلێمانی، ٨ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە کۆیـە لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە دەکات، سـاڵی ١٩٧٩ بەهـۆی چالاکـی و جموجۆڵـەکانی بـۆ چەنـد ڕۆژێـك لـە شـاری موسـڵ دەسـتگیر دەکرێـت، کـە ئـەوکات قوتابـی بـووە لـە کۆلێـژی پزیشـکی زانکـۆی موسـڵ، دواتـر پەیوەنـدی بـە شـۆڕش دەکات وەك کارمەنـدی نەخۆشـخانەی شـۆڕش کار کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٤ دەچێتـە فەرەنسـا و بڕوانامـەی دکتـۆرا لـە بـواری ڤێتەرنـەری زانسـتی بەدەسـت دەهێنـێ، سـاڵی ٢٠٠٨ گەڕاوەتـەوە کوردسـتان و ئێسـتا مامۆسـتایە لـە زانکـۆی سـلێمانی.

**کوردستان لە کۆتایی ساڵی ١٩٨١دا جارێکی تر لە ڕێگای ئاوات پەیوەندیم بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردەوە"[(١)].**

جێگای ئاماژەیە هەریەك لە ئاشتی برایم ئەفەندی، خەدیجە حەمەد سادق، نەجیبە ساڵح عەزیز و فاتیمە ساڵح عەزیز (خوشکانی جەمیل ڕەنجبەر)، مەحبوبە عەلی مەولود (خێزانی جەمیل ڕەنجبەر)، ئاسکەخان دایکی (جەمیل ڕەنجبەر)، گەلاوێژ محەمەد کەریم، خوناو محەمەد کەریم، کوردستان عومەر، سورەیا محەمەد کەریم، ئەسمەر حەمە شێخەشەل، حاجی مامز خورشید، ئەدیبە مەلا عەبدوڵڵا، عائیشە خان شێخ محەمەد، گەلاوێژ ساڵح خدر، جەمیلە کەریم ڕەسوڵ، خوناو عوسمان حەمەد لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی شاری هەولێر بوون[(٢)].

هەروەها جگە لەناو شار لە قەزا و ناحیەکانی سەر بە شاری هەولێر ڕێکخستنەکانی ژنان ڕۆڵی دیاریان بینیوە، بۆ نمونە لە قەزای ڕەواندز هەریەك لە (شەمام محەمەد زیاد، مەلیحە محەمەد زیاد، سافیە محەمەد زیاد، خەبات عوسمان حەمەدئەمین، فاتیمە عوسمان بەکۆ، پەری ئەحمەد، ئامینە ئەحمەد قادر، حەسیبە مستەفا عەبدوڵڵا، سەعیدە مستەفا عەبدوڵڵا،

---

(١) فایەق محەمەد گوڵپی، کە لێرەوە سەیری ژیانی خۆم ئەکەم ١٩٦١-١٩٨٩، چاپخانەی تاران، ٢٠١٧، بە (١)، ل١٢٣ـ١٢٤.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خەدیجە حەمەد سادق، هەولێر، ٧ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٢ لە هیران لەدایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە، دواتر بەهۆی ئاشکرا بوونی پەیوەندی بە پێشمەرگە کردووە و یەکێکە لە دامەزرێنەرانی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان، ساڵی ١٩٩٧ بووە بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ژنانی کوردستان، ساڵی ١٩٩٨ چوەتە وڵاتی هۆڵەندا و ئێستاش لەو وڵاتە دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە کەریم ڕەسوڵ، هەولێر، ٦ی نیسانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦١ لە شاری هەولێر لە دایکبووە، لە تەمەنێکی منداڵییەوە لە ڕێگەی باوکییەوە تێکەڵاوی ڕێکخستنەکان بووە و کاری گواستنەوەی بەیاننامەو بڵاوکراوە و هەندێ جار چەك و تەقەمەنیشی کردووە، ساڵی ٢٠٠٥ بووەتە بەرپرسی کۆمیتەی بنەسڵاوەی یەکێتی ژنان، لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە بەرپرسی لقی هەولێری یەکێتی ژنانی کوردستان، ئێستا لە هەولێر دەژێت.

گولیــزار مســتەفا ڕەســوڵ، هەندرێــن مەحمــود، شــیرین مەحمــود عەبدوڵــڵا، ناهیــدە ئەحمــەد) ڕۆڵــی دیاریــان بینیــوە[1]. هەروەهــا لــە قــەزای کۆیــە ژمارەیــەکی زۆر لــە ژنــان لــە نــاو ڕێکخســتنەکانی یەکێتــی ئەنــدام بــوون و چالاکییــان نوانــدووە لــە دیارترینیــان (کــوردە عومــەر عەبدوڵــڵا) نــاسراو بــە (کــوردە خــان)، نیشــتیمان حەمــەد ئەحمــەد (نیشــتیمانی کاکەحەمــە)، لوعبــەت رەشــید عەلــی، نێرگــز تۆفیــق فــەرەج، نەجیبــە حەمــە دەروێــش، چیمــەن رەفیــق عەبدولکەریــم[2] جگــە لــە نــاو شــاری کۆیــە لــە گوندەکانــی دەوروبەریــش شــانەی ڕێکخســتنی ژنــان هەبــووە، بــۆ نموونــە لــە گونــدی (ئیلینجاغــی گــەورە) شــانەیەکی ڕێکخســتنی ئافرەتــان هەبــووە کــە (زولەیخــا وســو وســمان، ســەبری حەســەن محــی الدیــن، شــلێر قــادر بایــز، عەیشــێ ئەحمــەد ڕەســوڵ، بوســتان فەیزوڵــڵا) تێیــدا ئەنــدام بــوون[3].

سـەبارەت بـە ڕێکخسـتنەکانی ئافرەتـان لـە شـاری کەرکوك، هەریـەك لـە (دڵپـاك تاهیر دەروێـش، درەخشـان جەبـاری، مەدیحـە سـوفی، نەجیبـە ئەحمـەد، ڕوونـاك شـوانی[4]، حەسـیبە عەبدوڵـڵا خورشـید، ڕوونـاك عوسـمان، نیشـتیمان عوسـمان، لەیـلا محەمـەد غەریـب، فکریـە ئەمیـن، کابـان خـدر[5]، ئـاڵا تەحسـین شـێخ حەبیـب (ئـاڵا تاڵەبانـی)،

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەمام محەمەد زیاد، ڕەواندز، ٨ی نیسانی ٢٠٢٢

(٢) هەورین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦-٤٧

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ زولەیخـا وسـو وسـمان، کۆیـە، ١١ی ئایـاری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٤ لـە گوندی (ئیلینجاغـی) سـەر بـە کۆیـە لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٩ دوای هاوسـەرگیری لەگـەڵ (عەلـی ئیلینجاغـی) ی پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی کردووە، لە ساڵانی هەشـتاکانی سـەدەی بیسـتەم چەندین کارو چالاکـی گرنگـی وەك گواسـتنەوەی بڵاوکـراوە و چـەك و پێداویسـتییەکانی هێزەکانـی پێشـمەرگە وەك تەتـەر لـە هەولێـرەوە بـۆ ناوچـە ئازادکـراوەکان ئەنجـام داوە، ئێسـتا لەشـاری کۆیـە دەژێـت.

(٤) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ دڵپـاك تاهیـر دەروێـش، سـلێمانی، ٢ی نیسـانی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٦٠ لـە کەرکـوك لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکان کـردووە، لـە ١٩٩٧ دەبێتـە ئەندامـی مەکتەبـی پەیوەندییـەکان، لـە سـاڵی ٢٠٢١ بروانامـەی دکتـۆرای لـە یاسـایی نێودەوڵەتـی بەدەسـت هێنـاوە، لـە سـاڵی ٢٠١٨ بـووە بـە ئەندامـی مەکتەبـی ڕاگەیانـدن، دوای کۆنگـرەی چـوارەم لـە ٢٠١٩ بـووە بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی و ئێسـتا مامۆسـتایە لـە زانکـۆی پۆلیتەکنیکـی سـلێمانی و لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(٥) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ حەسـیبە عبداللـە خورشـید، ١٦ی نیسـانی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە کەرکـوك

پرشنگ عەبدوڵڵا شەریف، پەخشان عەبدوڵڵا شەریف، ساجیدە مەنسور حسین لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون کە ڕۆڵی گرنگیان بینیوە[١]، جگە لە ناو شاری کەرکووک لە قەزا و ناحیەکانی دەوروبەریشی ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتان هەبوو، بۆ نمونە لە قەزای دبس شانەیەکی ڕێکخستنی ئافرەتان هەبووە، هەریەك لە (پەروین عەلی حەمەد ئەمین، نەرمین عەلی حەمەد ئەمین، نەزیرە بەکر، وەزیرە بەکر، رەیحان ناوێك) تێدا ئەندام بوون[٢]، هەروەها لە گوندەکانی دەوروبەری کەرکووك ئافرەتان لە نێو ڕێکخستنەکاندا کاریان کردووە یەکێك لەوانە کوردستان حەمەڕەحیم لەو بوارەدا ڕۆڵێکی کارای هەبوو[٣]، لە ڕێکخستنە نهێنیەکانی ئافرەتان کاریان کردووە، سەبارەت بە ناوچەی بادینان ڕێکخستنی تایبەت بە ئافرەتان هەبووە و لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی ڕۆڵیان تێیدا بینیوە (ئیلهام سەبری محەمەد، ساریا عەبدولسەلام شەمسەدین، عەزیزە بەهادین، ئاسمین یوسف ئەحمەد، زەهرا ئیسماعیل، ناهیدەخان) بوون[٤].

---

لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیمانگای مامۆستایان لە کەرکوك تەواو دەکات، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) کردووە، لە ساڵی ٢٠١٥ بووە بە ئەندامی مەڵبەندی (٢)ی کەرکوك، لە کۆنگرەی چوارەم لە ٢٠١٩ بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵبژێردرا، ئێستا لە کەرکوك دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ لەیلا محەمەد غەریب، سلێمانی،٣ی نیسانی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٦١ لە کەرکوك لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیمانگای ژمێریاری تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) دەکات، ساڵی ١٩٩٣-١٩٩٦ وەك ژمێریار لە مەکتەبی ڕێکخستن و لە ١٩٩٦-١٩٩٨ لە مەکتەبی دارایی کاریکردووە، لە ٢٠٠٣-٢٠٠٧ کارگێڕی مەڵبەندی(٢)ی کەرکووك بووە، ساڵی ٢٠٠٧ ـ ٢٠١٠ ئەندامی مەکتەبی چاودێری بووە، لە کۆنگرەی سێیەم لە ٢٠١٠ بە ئەندامی ئەنجوومەنی ناوەندی هەڵبژێردرا، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت.

(١) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە(١)، ل٦٦؛ نەسرین کوردە، سەچاوەی پێشو، ل١٥٠، ١٧٥، ١٩١.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەروین عەلی محەمەد ئەمین، سلێمانی، ٦-٥-٢٠٢٢.

(٣) رووخۆش عەلی، بیرەوەرییەکانی ژنانی شاخ، چاپخانەی تەوار، ٢٠٠٦، ل ٣٣٨.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئیلهام سەبری محەمەد، هەولێر، ٧ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٢ لە شاری موسڵ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی (ی.ن.ك) کردووە، ساڵی ١٩٩٢ یەکێك بووە لە دامەزرێنەرانی لقی بادینانی یەکێتی ژنانی کوردستان، ساڵی ٢٠٠٤ بووەتە سەرپەرشتیاری یەکێتی ژنان لە دەڤەری بادینان، لە ٢٠١٤ بووە بە ئەندامی پارتی دیموکراتی کوردستان، ئێستا ڕاوێژکارە لە (ی.ئا.ك) لە شاری هەولێر دەژێت.

سەبارەت بە شاری سلێمانی ژنان بەڕێژەیەکی زیاتر بە بەراورد لەگەڵ شارەکانی تر لە ڕێکخستنەکاندا بە شێوەیەکی نهێنی کارو چالاکییان ئەنجام داوە، لە دیارترین ئەو ژنانەی لە کۆتایی حەفتاکان و بە درێژایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆڵیان بینیوە جگە لەو (١٠) ئافرەتەی کە لەسەرەتادا ئاماژەمان بۆ کرد ئەمانەن: ڕوناك عەزیز ئیسماعیل، ڕوناك محەمەد مستەفا، دڵگیر جەمال ڕەفعەت، سۆزان شەهاب نوری، نەزیرە حارس، وەزیرە جەلال سەعید، چرا عومەر سابیر، پەروین کاکە حمە سەعید، جەمیلە مەحمود کەریم، سوهیلە حەسەن وەیس، نەسرین حەسەن وەیس، ئەمیرە محەمەد ئەمین، بەهرە عوسمان، خەمینە ساڵح ئەحمەد، شوکریە کەریم قادر، شەوقیە کاکە حەمە، بەهرە عوسمان[1]، نەسرین عەبدوڵلا کوردە، بەهار شێخ عەبدولڕەحمان، کەلسوم ڕەسوڵ خدر، شیرین سەعید عەبدوڵلا، عیسمەت مەمەند ئاغا سەعید، بێگەرد مستەفا مەعروف، عائیشە عەبدولکەریم محمەمەد ئەمین، ئەڵماس فەرەج عەبدولکەریم، نەرمین حسین

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە جەلال سەعید، سلێمانی، ١١ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٦ لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیمانگای کارگێری لە سلێمانی تەواوکردووە، لە ڕێگای براکەیەوە (ئارام جلال ناسراو بە شەهید ئارام) هەر لەسەرەتای دروستبوونی کۆمەڵە پەیوەندی پێوە کردووە، لە ساڵی ١٩٨١-١٩٩١ چەند بەرپرسیاریەتی حزبی وەرگرتووە، لە ساڵی ٢٠٠٤ ڕێکخراوێکی بەناوی (ژیانی نوێ بۆ ژنانی ئەنفال) دامەزراندوەو لە شاری سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چرا عومەر سابیر، سلێمانی، ١١ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٣ لە سلێمانی لە دایکبووە، تاکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، بەهۆی ئەوەی خوشکی (ئاسۆی دەلاك) بووە کە یەکێك بووە لە پێشمەرگە پارتیزانییەکانی (ی.ن.ك) بەهۆی فشاری زۆری دەزگا ئەمنییەکان لەخوێندن دوورکەوتۆتەوە و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە، ساڵی ٢٠٠٠ بووە بە لێپرسراوی کەرتی ژنان، لە ساڵی ٢٠١٩ لە کۆنگرەی چوارەمی (ی.ن.ك) بە ئەندامی ئەنجومەنی ناوەند هەڵبژێردراوە، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە کەریم قادر، سلێمانی، ٦ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٦ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، بەهۆی بارودۆخی سیاسییەوە لە خوێندن دادەبڕێت، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی دەکات بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵە، بەشداری زۆربەی چالاکییە نهێنیەکانی ناو شاری سلێمانی دەکات، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ پەیوەندی بە یەکێتی ژنانی کوردستان دەکات، ئێستا لە سلێمانی دەژێت.

ڕەمەزان، ناجیە سەعید کەریم، فاتیمە شێخ مەجید، حەبیبە حەسەن قادر، گێلاس حەمە سەعید، سەبریە رەسوڵ ئیبراهیم، ڕەحمە عەلی محەمەد، فەخریە جەبار حەمەبۆر، ناهیدە ئەحمەد ڕەشید، شنۆ عەلی حەمە، شیرین عەبدولڕەحمان کاکەحمە، گێلاس محی الدین، نەسرین جەمال، فاتیمە محەمەد قادر، نەعیمە حسین، پەیمان عوسمان سەعید، نیشتیمان تاهیر شاکر، ئاورنگ ڕەحیم، نەسرین حسین، نەهاوەند نەجمەدین غەریب، چیمەن سوارە محەمەد، شلێر عەلی حەمە، سەرگوڵ نەجمەدین فەرەج ڕەحمان، ژیان عوسمان ساڵح، عائیشە سەلیم عەلی، پەروین کەمال، شیرین مەحمود[1] فاتیمە محەمەد ئەمین ئافرەتێکی ترە کە لە کاری نهێنی و تەتەریدا ڕۆڵی بینیوە و چاپکراو و بڵاوکراوەکانی گواستۆتەوە و زۆرجاریش کاری گەیاندنی پێداویستی وکەلوپەلەکانی تایبەت بە ڕێکخستنەکانی ئەنجامداوە، کە لەناو ڕێکخستەکاندا نازناوی (دایکی کوردستانی) پێبەخشرابوو[2]، هەروەها لە قەزا و ناحیەکانی سەر بە شاری سلێمانی ڕێکخستنەکانی ژنان ڕۆڵیان بینیوە. ناوچەی گەرمیان یەکێکە لەو ناوچانەی کە ژنان توانیویانە ڕۆڵی دیار و گرنگ تێیدا ببینن بە تایبەتی لەناو ڕێکخستنە نهێنییەکان لە سەرەتای سەرهەڵدانەوەی شۆڕش لە ساڵی ١٩٧٦، لە شارۆچکەی کفری هەریەك لە مەهاباد قەرەداغی، لەیلا قەرەداغی، نوریە عەبدولحەمید عەبدوڵڵا، نەسرین ئیبراهیم خەلیفە، هەدیە ڕەشید ئەحمەد، ڕوناك جەمال سایەق، بەیان رەشید برزۆ، ئاریان مەلا عەول، موژدە هیدایەت عەلی، میعاد شوکر، شادییە حوسێن زەرداوی[3]، نەعیمە محەمەد عەلی، سەرگوڵ

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نەسرین عبداللە (نەسرین کوردە)، سلێمانی، ١٢ی کانونی دووەمی٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی یەکێتی کردووە، لە ساڵی ١٩٩٦ دەبێتە لێپرسراوی کۆمیتەی حەپسەخانی نەقیب کە سەر بە یەکێتی ژنانی کوردستان بووە، ساڵی ٢٠١٤ بووە بە ئەندامی مەڵبەندی یەکی ڕێکخستن لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١٨ بووەتە کارگێڕی هەمان مەڵبەند، خاوەنی چەندین بەرهەمە لە بواری مێژووی خەباتی ئافرەتان، ئێستا لە سلێمانی دەژێت.

(٢) مەحمود قەرەداغی، لەودیو سنوورەکانی مەرگەوە، یادەوەرییەکانی زیندان، چ (٣)، سلێمانی، ٢٠١٩، ل٢٢.

(٣) مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم، مێژووی تێکۆشان بۆ مافی یەکسان لە باشووری کوردستان ١٩٨١-٢٠١٨، چاپخانەی شەهاب، هەولێر، ٢٠١٨، ل ٣٤٥؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ

محەمـەد حەیـدەر، شـازاد حوسـێن سـەعید، جەمیلـە مسـتەفا محـی الدیـن، شـعریە محەمـەد ئەمیـن، فەزیلـە محەمـەد عەزیـز، لەیـلا حەمـە عەزیـز، گەلاوێـژ عەدنـان مەجیـد[1]، جگـە لـە شـارۆچکەی کفـری لـە گوندەکانـی دەوروبەریـش ئافرەتـان ڕۆڵیـان هەبـووە لـە نێـو ڕێکخسـتنەکان، بـۆ نموونـە گونـدی (ئۆمەربـل) هەریـەك لـە (سـەبریە مەحمـود یـارە، قەمـر حاجـی سـابیر، رەسـمیە عەلـی بتـار، جەیـران نـوری دەروێـش، نەسریـن سـاڵح فـەرەج، مەعسـومە فـەرەج، ئاسـکە ڕۆسـتەم، نەرمیـن حەمـە عەلـی، شـەرمین حەمـە عەلـی، شـوکریە حاجـی مەدحـەت، حەمدیـە سـدیق مەحمـود، شـعریە ئەحمـەد غەریـب، شـاناز محەمـەد فـەرەج، ئـاواز کامـل عەبـاس، جەمیلـە نـوری عەبـاس، ڕێـزان حاجـی سـەعید، شـیرین ئەحمـەد ڕەشـید، دولبـەر حەمـە سـەعید دارا، شەمسـە جەبـار) لـە ڕێکخسـتنەکان کاریـان کـردووە[2].

---

هەدیـە ڕەشـید ئەحمـەد، کفـری، ٤ی شـوباتی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە شـاری کفـری لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٨٢ لـە ڕێگـەی براکانیـەوە پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە کـردووە، هەمـان سـاڵ لەلایـەن دەزگا ئەمنییـەکان دەسـتگیر کـراوە و تـا سـاڵی ١٩٨٢ لـە زینـدان دەبێـت، لـە سـاڵی ١٩٩٢-١٩٩٤ ئەندامـی ڕێکخـراوی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان بـووە، دواتـر دوور دەکەوێتـە لـە کاری ڕێکخسـتن و ئێسـتا لـە شـاری کفـری دەژێـت.

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ جەمیلـە مسـتەفا محـی الدیـن، کفـری، ٣ی شـوباتی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٦٥ لـە کفـری لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکات، سـاڵی ١٩٩٤ کـراوە بـە لێپـرسراوی کۆمیتـەی کفـری یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان، ئێسـتا لـە کـەلار دەژێـت؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ گەلاوێـژ عەدنـان مەجیـد، کـەلار، ٧ی شـوباتی٢٠٢٢، ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٧٠ لـە شـاری کفـری لەدایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٨٣ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکان کـردووە، سـاڵی ١٩٩٢ یەکێـك لـە ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری کۆمیتـەی کفـری ـ یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان بـووە، لـە سـاڵی ١٩٩٤ لـە کاری سـیاسی دوور دەکەوێتـەوە، ئێسـتا لـە کـەلار دەژێـت.

(٢)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەیـران نـوری دەروێـش، کفـری، ٦ی شـوباتی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٤ لە گوندی ئۆمەربـل لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـە کردوە، لـە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٩١ بەرپرسـی شـانەی ڕێکخسـتنە نهێنیەکانـی یەکێتـی بـووە لـە گوندی ئۆمەربـل، دواتر هاوسـەرگیری لەگـەڵ یەکێـك لـە پێشـمەرگەکانی یەکێتی نیشـتیمانی کوردسـتان لە دەڤـەری گەرمیان بەنـاوی (ئەحمەد حاجـی ڕەشـید) کـردووە، ئەمـە هۆکارێـك بـووە بـۆ زیاتر بـەردەوام بوونـی لە نێـو ڕێکخسـتنەکان تاوەکو شـەهید بوونـی هاوسـەرەکەی ساڵی ١٩٩٣، ئێسـتا لـە گونـدی (ئۆمەربـل) دەژێت.

هەروەها لە خانەقین ژنان بەهەمان شێوە لە نێو ڕێکخستنەکاندا بەشدار بوون لە دیارترینیان (وەسفیە بەنی وەیس-دایکی شەهیدان[١]، سەبیحە شێر محەمەد، بیام احمد محمد، لەمیعە محمد قادر، فەوزیە حوسێن قولی حەیدەر، ناهیدە مهدی، مامۆستا ئەڵماس[٢]، تابان عبداللە تەیب[٣] لە چەمچەماڵیش ئەندامی چالاك هەبووە و لە ڕێکخستنەکان کاریان کردووە، لە دیارترینیان (ئەڵماس کەریم تۆفیق) بوو، پیشەی مامۆستا بووە و ئەندامی لێژنەی ڕێکخستن بووە و یەکێك بووە لە ئافرەتە چالاکەکان و ڕۆڵی کاریگەری هەبووە لە ناو مامۆستایان و قوتابیانی کچ و لە شاردنەوە و گواستنەوەی پەخشنامە و چەك و پێداویستییەکان[٤]. جێگای ئاماژەیە ڕێکخستنەکانی ژنان لە ڕیزەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان دوای راپەڕینی بەهاری ١٩٩١ لە باشووری کوردستان دەچێتە قۆناغێکی نوێ.

(١) وەسفیە بەنی وەیس لە ساڵی ١٩٥٢ لە شاری خانەقین لە دایك بووە، ساڵی ١٩٧٥ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانەوە کردووە، هەمان ساڵ بەشی کوردی کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٧ بووەتە لێپرسراوی یەکێك لە دوو بەشەکەی ڕێکخراوی شەهید لەیلا قاسم، یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکێتی ژنانی کوردستان، ساڵی٢٠٠٣ بە جێگری بەرپرسی مەڵبەندی خانەقین هەڵبژێردراوە، ساڵی ٢٠١٠ بە ئەندامی سەرکردایەتی (ی،ن،ك) هەڵبژێردراوە، هەمان ساڵ بووەتە لێپرسراوی مەکتەبی شەهیدان، لە ساڵی ٢٠١٦ کۆچی دوای کردووە. بۆ زیاتر زانیاری لەم بارەیەوە بڕوانە ئینسکلۆپیدیایی (ی،ن،ك)، چ(٤) بە(٣)، ل ٢٣٢٢-٢٣٢٣

(٢) مامۆستا مەحمود قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٨؛ فخریە علی امین، دور المرأة الكردية السياسي في المجتمع من ١٩٧٩-٢٠٠٣ (خانقين نموذجا)، زانکۆی گەرمیان"گۆڤار"، ژ (٥٣)، ٢٠١٧، ل٦٠١-٦٠٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تابان عەبدوڵڵا تەیب، ناسراو بە(تابان گەرمیانی)، کەلار، ٧ی شوباتی ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٧٢ لە خانەقین لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی کردووە بە ریکخستنەکانی کۆمەڵە، ساڵی ١٩٨٨ بەشێکی زۆر لە خێزانەکەی بەر شاڵاوی ئەنفال دەکەوێت، ساڵی ١٩٨٩ بووە بە ئەندامی یەکێتی ژنانی کوردستان، دوای ڕاپەڕینی ١٩٩١ چەندین پۆستی حزبی وەرگرتووە، بەشداری لە کۆنگرەکانی (٢،٣،٤) (ی.ن.ك)دا کردووە، ساڵی ٢٠٢٠ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی (ی.ن.ك) تاوەکو ئێستا بەردەوامە، لە سلێمانی دەژێت.

(٤) مامۆستا مەحمود قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٦.

## ٤ـ حزبی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان

لـە ٢١ی ئـاداری ١٩٧٩ دوای جیابوونەوەیـان لـە (ی.ن.ك) حزبـی سۆسیالیسـت یەکگرتـووی کوردسـتان دامـەزرا[١]، و کۆنگـرەی یەکەمـی لـە ١٢-١٥ی ئایـاری ١٩٨١ لـە (دۆڵەتـوو) بـە ئامادەبوونـی (١١٤) ئەنـدام بەسـت[٢]. هـەر لـەم کۆنگرەیـەدا ناوەکـەی بـۆ حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان عێـراق گـۆڕا[٣].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافـرەت لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان عێـراق، هـەر لـە سـەرەتای دامەزراندنیـەوە ئافرەتـان ڕۆڵیـان تێـدا بینیـوە و لـە کۆنگـرەی یەکـەم هـەر یـەك لـە (سـەعادەت عەبدوڵمەجید سـوڵتان، فاتیمـە خالیـد ئەمیـن، زەکیـە عەلـی) وەك ئەندامـی کۆنگـرە بەشـداریان کـردووە[٤]. لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـەی کـە ڕۆڵیـان لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی حزبـی سۆسیالیسـت هەبـوو، سـەبارەت بـە شـاری سـلێمانی هەریـەك لـە سـەعادەت عەبدوڵمەجیـد سـوڵتان نـاسراو بـە (گۆیـژە)، زەکیـە عەلـی، مونیـرە والـی میـران بـەگ، حـەلاو حەسـیب شـێخ قەسـیم (دیاربەکـر)، تەمیـن کاکـە سـور محەمـەد، گوڵـە قـادر خالیـد، کـەژاڵ حاجـی حوسـێن، مونیـرە سـاڵح، جـوان غەنـی ڕەشـید، سـۆزان حەمـە تاتـە، بەیانـی ڕەعنـا، گوڵـزار عەزیـز، گەلاوێـژ عەلـی (زۆزگ)، پیـرۆز سـەعەی

(١) سـەید کاکـە، بیـرەوەری پێشـمەرگەیەك، چ (٢)، چاپخانـەی زانکـۆی سـەلاحەدین، هەولێـر، ٢٠٠٠، ل١٦٠؛ بەهـرۆز گەلاڵـی، ڕەسـوڵ مامەنـد ٥٠ سـاڵ تەمـەن ٣٣ سـاڵ خەبـات، تـاران، ١٩٩٨، ل٧٢؛ پشـکۆ نەجمەدیـن، ئەزمـوون ویـاد ١٩٧٨-١٩٨٣، چاپخانـەی هـەژاری موکریانـی، چ (٦)، ب (١)، ب.ش، ٢٠٢٠، ل١٧٧.

(٢) سـەید کاکـە، سـەرچاوەی پێشـوو، ل١٨٨؛ محەمـەدی حاجـی مەحمـود، ڕۆژژمێـری پێشـمەرگەیەك ١٩٧٦ـ١٩٨١، سلێمانی، ١٩٩٩، ب (١)، ل٢٣١.

(٣) بەهرۆز گەلاڵی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٨.

(٤) ڕووخـۆش عەلـی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٥٤؛ چاوپێکەوتنێـك لەگەڵ فاتیمـە خالید ئەمیـن، بەریتانیا، ١٠ی ئـاداری٢٠٠٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەید کاکە سـەید ئیسـماعیل عومـەر ناسراو بە (سـەید کاکە) هەولێـر،١٣ی ئـاداری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٢ لـە گونـدی مورتکـە لە دایکبـووە، لە سـاڵی ١٩٥٣ پەیوەندی بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـردووە ، لـە سـاڵی ١٩٧٨ پەیوەنـدی بە حزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٩١ دەگەڕێتەوە ناو ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دیموکراتی کوردسـتان و بووەتە ئەندامی خولـی دووەمـی پەرلەمانی کوردسـتان، ئێسـتا لە شـاری هەولێـر دەژێت.

حەمەڕەش، سەبریە مەحمود عەبدوڵڵا، نازدار حەمەد حەسەن، ئایشە حاجی محەمەد، بەسێ حاجی ئیبراهیم شیرخۆر، زێن حاجی مستەفا[1]. ولە شاری هەولێر هەریەك لە (ناجیە سەید ئەحمەد سەید ئەمین، هەمین مەعروف برزۆ، فاتیمە خالید ئەمین، گەلاوێژ ڕەئوف عوسمان) ڕۆڵی دیار و بەرچاویان هەبووە[2].

ئافرەتان بە شێوەیەکی نهێنی بەسەر شانەکانی حزب دابەش ببوون بۆ نموونە، سەعادەت عەبدولمەجید سوڵتان سەرپەرشتی سێ شانەی ئافرەتانی

---

(١)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەعادەت عەبدولمەجید سوڵتان، سلێمانی، ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٣٩ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە و هەمان ساڵ دەبێتە بەرپرسی ڕێکخستنەکانی ئافرەتان، جگە لە کۆنگرەی کۆتایی لە سەرجەم کۆنگرەکانی تر بەشداریکردووە، ئێستا لە شاری سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تەمین کاکە سور محەمەد، سلێمانی، ١٣ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٥٩ لە بناری سورێن سەر بە هەڵەبجە لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە فەرماندەکانی حزبی سۆسیالیستی بە ناوی (محەمەدی حاجی مەحمود) کردووە، لە ڕێگەی ناوبراو پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی سۆسیالیستی کوردستان کردووە  و لە زۆربەی کار و چالاکییەکانی ئەو قۆناغەدا بەشداری کردووە، ئێستا لە گوڵەخانەی سەر بە پارێزگای هەڵەبجە دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نازدار حەمەد حەسەن، قەڵادزێی، ١٤ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٥٣ لە ناحیەی سەنگەسەر سەر بە قەزای پشدەر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧١ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە پێشمەرگەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان بەناوی حاجی حاجی برایم کردووە، ساڵی ١٩٧٦ لەگەڵ هاوسەرەکەیدا پەیوەندیان بە بزووتنەوەی سۆسیالیستی دیموکراتی کوردستان کردووە، لەسەرجەم کار و چالاکییەکانی نێو ڕێکخستنەکانی بزووتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان بەشداری کردووە، ئێستا لە هەڵشۆی سەر بە قەڵادزێ دەژێت.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ فاتیمە خالید ئەمین، بەریتانیا، ١٠ی ئاداری ٢٠٢٢. چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ناجیە ئەحمەد ئەمین، هەولێر، ١٠ی ئاداری ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٥٠ لە دایکبووە، ساڵی ١٩٦٦ هاوسەرگیری لەگەڵ یەکێك لە فەرماندەکانی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی بە ناوی (سەید کاکە) کردووە، لە ڕێگای ناوبراوە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکان کردووە و چەندین کار و چالاکی وەك هێنان و بردنی بەیاننامەکان و کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر جموجۆڵەکانی دامودەزگا ئەمنی و سەربازییەکان و ناردنیان بۆ سەرکردایەتی و هێزی پێشمەرگە ئەنجام دەدات، لە ساڵی ١٩٧٦-١٩٧٧ لە شاری بەسرا زیندانی دەکرێت، ئێستا لە شاری هەولێر دەژێت.

کـردووە، یەکێـك لـەو شـانانە هـەر یـەك لـە (سـۆزان حەمـە تاتـە، بەیانـی ڕەعنـا، حـەلاو حەسـیب شـێخ قەسـیم، جوانـەی کچـی سـەعادەت عەبدوڵمەجیـد، کـەژاڵ حاجـی حوسـێن) تێیـدا ئەنـدام بـوون و هەفتـەی جارێـك کۆبوونەوەیـان کـردووە[١]، زۆر لـەم کۆبوونەوانـەش لـە ماڵـی سەرپەرشـتیاری شـانەکان ئەنجـام دەدرا، ماڵـەکانی (سـەعادەت عەبدوڵمەجیـد، حـەلاو حەسـیب شـێخ قەسـیم، ڕەحمـە خـان، گوڵـە قـادر خالیـد) لـە دیارتریـن ئـەو ماڵانـە بـوون. بابەتـی گفتوگـۆی کۆبوونـەوەکان بریتـی بـوون لـە گفتوگـۆ کـردن دەربـارەی ڕووداوەکانـی ڕۆژانـە و هەڵوێسـتی حـزب سـەبارەت بـەو بابەتانـە ڕوون دەکرایـەوە، هەروەهـا داوا لـە ئافرەتـان دەکـرا کـە ڕێکخسـتنەکان بەهێـز بکـەن و بـە وریایـی چالاکییـەکان ئەنجـام بـدەن و لایەنگـر و ئەندامـی نـوێ بـۆ نێـو ڕێکخسـتنەکانی حـزب زیـاد بکـەن[٢]، هەروەهـا لـە ڕێـگای ئافرەتانـەوە ئابوونـەی مانگانـەی ئەندامـانی حـزب کۆکراوەتـەوە و بەپێـی بەڵگەنامـەکانی حـزبی سۆسیالیسـت داوای کـردووە لـە کاتی ئامادەکـردنی لیسـتی نـاوی ئـەو کەسـانەی ئابوونـە دەدەن نـاوی ڕاستەقینەیان نەنوسرێـت و نـاوی نهێنـی بەکاربێنـن، و لـە مانگـی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٢ بـڕی ئـەو ئابونـەی کۆکراوەتـەوە لـە کۆمیتـەی ناوچـەی سلێمانی (١٩,٥٠٠) نـۆزدە دینـار و پێنـج سـەد فلس بـووە کـە لـە لایـەن هـەر یـەك لـە (زۆزك، گوێـژە، دیاربەکـر) کۆکراوەتـەوە[٣]، و لـە مانگـی کانـونی یەکەمـی ١٩٨٢ هەمـان کۆمیتـە بـڕی (١٧,٧٥٠) حەڤـدە دینـار و حـەوت سـەدو پەنجـا فلـس کۆدەکاتـەوە[٤]، دواتـر

(١) ڕووخۆش عەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٠ـ ٢٥١.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەعادەت عەبدوڵمەجیـد سـوڵتان، سـلێمانی، ٨ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ مونیـرە سـەعید والـی میـران، سـلێمانی، ١٢ی کانونـی دووەمـی ٢٠٢٢، ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٤٩ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، دوای دامەزرانـدنی بزووتنـەوەی سۆسیالیسـتی لـە ڕێگـەی هاوسـەرەکەیەوە (مـلازم تاهیـر عەلـی والـی بـەگ) پەیوەنـدی کـردووە بـە ڕێکخسـتنەکانی، سـاڵی ١٩٩٢ بەشـداریکردووە لـە کۆنگـرەی (یەکگرتـن) کـە پێکهاتبـوو لە(پارتـی گـەل، پاسـۆك، حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان) و کۆنگـرەی (١١)ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ٢٠٠١ وازی لـە کاری سیاسـی هێنـاوە و ئێسـتا لـە سـلێمانی دەژێـت.

(٣) حـزبی سۆسیالیسـتی کوردسـتان عێـراق، کۆمیتـەی ناوچـەی سـلێمانی، بابـەت: کۆکردنـەوەی ئابوونـە، ١٩٨٢/١١/٩.

(٤) حزبـی سۆسیالیسـتی کوردسـتان عێـراق، کۆمیتـەی ناوچـەی سـلێمانی، بابـەت: کۆکردنـەوەی

بـڕی ئـەو پـارە کۆکراوانــە بــە نووسراوێــك ڕەوانــەی ســەرکردایەتی حــزب کــراوە.

ڕێکخســـتنەکانی ئافرەتـــان هەڵدەســـتان بـــە بڵاوکردنـــەوەی بەیاننامـــەکان و دروشـــمەکانی حـــزب لـــە ڕێگـــەی نووســـین لەســـەر دیـــوارەکان و هەڵواســـینی لافیتـــە، ئـــەم کارەش دابـــەش دەکـــرا بەســـەر ئەندامانـــی ڕێکخســـتنەکان و هـــەر یـــەك بـــۆ گەڕەکێـــك دیـــاری دەکـــرا و بـــەم ئەرکـــە هەڵدەســـتا، بـــۆ نموونـــە لـــە نـــاو شـــاری ســـلێمانی (ســـۆزان) سەرپەرشـــتی گەڕەکـــی ئـــازادی دەکـــرد)، (باجـــی عســـمەت لـــە گەڕەکـــی کانـــی ئاســـکان)، (ســـەعادەت عەبدولمەجیـــد لەگـــەڵ جوانـــەی کچیـــدا، لـــە گەڕەکـــی چواربـــاغ) لەگـــەڵ ئەوەشـــدا ســـەعادەت چاودێـــری و پارێـــزگاری ئـــەو کەســـانەی دەکـــرد کـــە دروشـــمەکانیان دەنووســـی لەســـەر دیـــوارەکان[1]. هەروەهـــا لـــە حەشـــاردانی پێشـــمەرگە لـــە ماڵەکانـــی خۆیانـــدا و گواســـتنەوەی نامـــە و هەواڵـــەکان بـــۆ ماڵـــە پێشـــمەرگە و ڕێکخســـتنەکانی نـــاو شـــار هـــەر یـــەك لـــە ســـەعادەت عەبدولمەجیـــد ســـوڵتان، حـــەلاو حەســـیب شـــێخ قەســـیم ڕۆڵێکـــی باڵایـــان بینیـــوە[2]، هەروەهـــا هەوڵیـــان دەدا لـــە چەنـــد ڕێـــگاوە داهـــات کۆبکەنـــەوە بـــۆ نموونـــە کۆکردنـــەوەی جـــل و بەرگـــی کۆنـــە و دواتـــر فرۆشـــتنەوەی لـــە مەزادەکانـــدا و ناردنـــی داهاتەکـــەی بـــۆ هێزەکانـــی پێشـــمەرگە یەکێکـــی دیکـــە بـــوو لـــە کار و چالاکییەکانـــی ئافرەتـــان و هەندێـــك لـــە ئافرەتـــان پیشـــەی بەرگدوورییـــان دەکـــرد و داهاتەکەیـــان وەك یارمەتـــی بـــۆ ماڵـــە پێشـــمەرگەکان دەنـــارد و هەندێـــك جـــار لەڕێگـــەی هـــاوکاری لـــە ڕێکخـــراوە خێرخوازییـــە ناوخۆیـــی و نێودەوڵەتییـــەکان یارمەتیـــان کۆدەکـــردەوە بـــۆ ماڵـــە شـــەهید و خانـــەوادەی پێشـــمەرگەکان[3]. جگـــە لەوانـــەش نـــان دروســـتکردن و چێشـــتلێنان و جلوبـــەرگ شـــۆردن و خزمەتکردنـــی پێشـــمەرگە و گواســـتنەوەی ڕۆنیـــۆ و چاپەمەنییەکانـــی حـــزب یەکێـــك بـــووە لـــە چالاکییەکانـــی ئـــەو ئافرەتانـــەی لـــە نێـــو ڕێکخســـتنەکان کاریـــان دەکـــرد، بـــۆ نموونـــە

ئابوونە، ١٩/ ١٢/ ١٩٨٢.

(١) رووخۆش عەلی، مێژووی خەباتی مێینەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥١-٢٥٧

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەعادەت عەبدولمەجید سوڵتان، سلێمانی، ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) هەمان چاوپێکەوتن.

سەبیحە جەلال (هاوسەری عەلی عەسکەری) ڕۆڵێکی گرنگی هەبووە لەم بوارەدا[١]، هەروەها هەندێك جار ئافرەت هەڵدەستا بە خاوێنکردنەوەی چەك و فیشەك، بە تایبەتی ئەوانەی لەژێر خاكدا شاردرابوونەوە، پاکیزە عەبدولخالق لەم بوارە ڕۆڵی دیاری بینیوە[٢].

لەکێشە ناوخۆییەکاندا ئافرەتان ڕۆڵی دیاریان بینیوە لە هەوڵەکانیان بۆ نەمانی ناکۆکی و دووبەرەکی ناوخۆیی، هەر وەك لە یەکێك لە بەیاننامەکانی حزبی سۆسیالیستدا هاتووە: "**...خوشکانی شۆڕشگێڕی حزبی سۆسیالیست لەگەڵ هاوپەیمانەکانی وەکو شیوعی و پارتی و پاسۆك هەوڵی پتەوکردنی ڕیزەکانی گەل ئەدات بۆ ئەوەی لە سەرکەوتن نزیك ببینەوە، ئێمە بڕوامان بە خەباتی برایەتی و خەباتی هاوبەش هەیە و دژی شەڕی براکوژی ئەوەستین...**"[٣]. هاوشێوەی پارتە سیاسییەکانی تر ڕێکخستنەکانی ئافرەتانی حزبی سۆسیالیست دوای وەستانی جەنگی عێراق و ئێران بەرەو نەمان دەچێت تا ڕاپەڕینی بەهاری ١٩٩١ جارێکی تر چالاکییەکانیان دەست پێدەکاتەوە.

---

(١) عەلی عەسکەر وبزوتنەوەی سۆسیالیستی کوردستان، مەکتەبی سیاسی، ناوەندی مێژوو (ی.ن.ك)، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی، ٢٠١٣، ل١٧ـ ١٨.

(٢) هەمان سەرچاوە، ل٣١٠.

(٣) بۆ خوێندنەوەی دەقی بەیاننامەکە بڕوانە: حزبی سۆسیالیستی کوردستان، کۆمیتەی ناوچەی سلێمانی، بابەت: بەیاننامەیەک بۆ تەواوی ئافرەتانی شۆڕشگێڕ، ١٩٨٢/١٢/١٥.

## ٥ پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆک)

پارتـی سۆسیالیسـتی کـورد لـە ١١ی ئەیلوولـی ١٩٧٥ لـە شـاری کەرکـوك دامـەزرا[١]، لـە مـاددەی هەشـتەمی پەیـڕەوی ناوخۆیـدا هەڵوێسـتی بەرامبـەر ئـەرك و مافـەکانی ئافرەتـان دەخاتـەڕوو بـە جۆرێـك کـە لـە کاری سیاسـیدا مـافی خۆیـان هەیـە و پێویسـتە ڕێزیـان لێبگیرێـت، هـەر وەك لـە دەقـی ماددەکـەدا هاتـووە: "**... بـاوەڕی تەواومـان بـەوە هەیـە کـە ژن وەك مـرۆڤ بەرامبـەر پیـاوە و بەهیـچ جۆرێـك لـەو کەمـتر نییـە، لەبـارەی بەکارهێنانـی ئازادییـە گشـتییەکانەوە، ئـازادی سیاسـی و خوێنـدەواری و ئابـووری و کۆمەڵایەتـی و...هتـد**"[٢]. هەروەهـا جەخـت لـە سـەر ئـەوە دەکاتـەوە کـە پێویسـتە ئـەو مافـەی پیـاو هەیـەتی هەمـان ئـەو مافـەش بـە ئافـرەت ڕەوا ببیندرێـت و دوور لـە هەمـوو جـۆرە چەوسـانەوەیەك چ لـە نێـو کـورد و چ لـە ئاسـتی دەرەوەدا. هەروەهـا بیانووگرتـن بـەوەی کـە ئافـرەت لـە بـواری کارکردنـدا ئەرکەکـەی جیـاوازە لـە ئەرکەکانـی پیـاو، بـەلای پاسـۆك بەڵگەیەکـی بـێ سـەروبەر و ناپەسـەندە[٣].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافـرەت لەنـاو ڕێکخسـتنەکانی پاسـۆك هەرچەنـدە لـە پەیـڕەو و پرۆگرامەکـەدا ماددەیەکیـان تەرخـان کـردووە بـە مافـی ئافرەتـان و یەکسـانی لـە کاری سیاسـیدا، بـەڵام ئافرەتـان لەنێـو ڕێکخسـتنەکانی ئـەم حزبـەدا لـە ئاسـتێکی زۆر نزمـدا دەردەکەوێـت، دەتوانـین بڵێـین هـۆکاری کەمـی ژمـارەی ئافرەتـان لـە ڕیزەکانیـدا بـۆ کەمـی بنکـەی جەمـاوەری خـودی پارتەکـە دەگەڕێتـەوە، چونکـە لـەو ماوەیـەدا پـارتی سـیاسی تـر لـە کوردسـتان هەبـوون کـە خـاوەنی بنکەیـەکی جەمـاوەری فـراوان بـوون و هەڵگـری هەمـان دروشـمی نەتەوەیـی بـوون. هـەر بەپێـی ڕاپـۆرتی مانگانـەی دەزگاکانی هەواڵگـری ناوچـەی باکـووری عێـراق سـاڵی ١٩٨٣ کـە بـاس لـە جموجـۆڵ و چـالاکی پارتـە سیاسـییەکان دەکات، ئامـاژە بـە هیـچ چالاکییـەکی پاسـۆك نـاکات تەنهـا ڕفانـدنی ئەفسـەرێکی پۆلیـس

---

(١) بـۆ زیاتـر زانیـاری سـەبارەت بەدامەزراندنـی پارتـی سۆسیالیسـتی کـورد- پاسـۆك، بڕوانـە: زانـا فەقـێ، پارتـی سۆسیالیسـتی کـورد پاسـۆك ١٩٧٥-١٩٩١، چ (١)، ٢٠١٨، ب.ش، ل٩٢.

(٢) بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە: پرۆگـرام و پێـڕەوی ناوخۆیـی پـارتی سۆسیالیسـتی کـورد (پاسـۆك)، ١١ی ئەیلـوولی ١٩٧٥، ل٧.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل٧

نەبێت بە ناوی عیزەدین لە گوندی پشت ئاشان لە لایەن پاسۆك ئەنجام دراوە[١].

لە ساڵانی ١٩٨٠-١٩٨٢ شانەیەکی ڕێکخستنی ئافرەتان لە شاری سلێمانی لەلایەن (یادگار مەحمود) سەرپەرشتی کراوە و چەند ئافرەتێك تێدا ئەندام بوونە، بەڵام ناوی هیچ کامیان نەزانراوە[٢]، دیارترین ئەو ئەرکانەش کە ئەنجامیان داوە بریتی بووە لە هێنان و بردنی بڵاوکراوە و بەیاننامە و نامە تایبەتەکان لە نێوان ناوچە ئازادکراوەکان و شارەکان، و لە هەندێ کاتدا چەك و پێداویستی شەڕەکانیان بە پێشمەرگە گەیاندووە، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لەم بوارەدا ڕۆڵیان بینیوە (حاجی پیرۆز) دایکی (کەریم دانزێڕ)، (حەپسەی هاوسەری عوسەی ئامە)[٣]، شەمسە کەریم غەفور هاوسەری (عەبدوڵڵا ئاگرین) بوون[٤].

---

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: مديرية الامن العامة، مديرية امن محافظة اربيل، ع: س.ش/٢١٨٦، الموضوع: التقرير الامني الشهري الى محافظة اربيل، ١٩٨٣/٢/٢١، ص١-٤؛ منظومة استخبارات المنطقة الشمالية، مركز استخبارات اربيل، ع: ١س ١٩/ ٨٣٩، الموضوع: التقرير الامني الشهري عن منطقة الشمالية، ١٩٨٣/٣/٢٠، ص٣.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ یادگار مەحمود، سلێمانی، ٢٤ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە پارتی سۆسیالیستی کورد پاسۆك کردووە، بەرپرسی شانەیەکی نهێنی ئافرەتان بووە تاوەکو ساڵی ١٩٨٢، لە ساڵی ٢٠٢١ لەسەر لیستی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە بە ئەندامی ئەنجوومەنی نوێنەرانی عێراق و تاکو ئێستا بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەعادەت عەبدولمەجید سوڵتان، سلێمانی، ٨ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئاری هەرسین محەمەد، سلێمانی، ٢٦ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٤ لە سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٩٦ بەشی بیرکاری لە کۆلێژی زانست لە وڵاتی هۆڵەندا تەواو کردووە، لە ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە ڕیزەکانی پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك) کردووە، لە ساڵی ٢٠١٣ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی کوردستان، ساڵی ٢٠١٨ گەڕاوەتەوە ئەنجوومەنی سەرکردایەتی (سلێمانی- هەڵەبجە)ی پارتی، ئێستا بەردەوامە لە ناو ڕیزەکانی (پ.د.ك)، لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٤) عەبدوڵڵا ئاگرین، ئاوا لە بیری خاوێن و هەڵوێستی مرۆڤانە و خەسڵەتی پەروەردەیەکی سەرکەوتووی مامۆستا شەمسە کەریم غەفور دەدوێن، چ (١)، چاپخانەی هێڤی، هەولێر، ٢٠١٩، ل٧٣.

## ٦. ڕەوتی ئیسلامی لە باشووری کوردستان

ڕەوتی ئیسلامی لە کۆتاییەکانی حەفتاکان و سەرەتای هەشتاکانی سەدەی بیستەم بە دوو ئاراستە تێکەڵ بە خەباتی سیاسی بوون، ئاراستەی یەکەمیان، لە ژێر کاریگەری هزری (اخوان المسلمین) دەرکەوتن و چەندین شانەی ڕێکخستنیان لە شارەکاندا دروست کرد و لە بۆنە ئاینییەکاندا دەردەکەوتن، ئاراستەی دووەمیان وەك ڕێکخستنی ئیسلامی دەرکەوتن[١].

سەبارەت بەڕۆڵی ئافرەتان لە نێو ڕێکخستنەکانی ڕەوتی ئیسلامی، هەر لە سەرەتادا جموجوڵ و چالاکییان نواندووە لە ناو شانەکانی ڕێکخستنە ئیسلامیەکان، بە تایبەتی (دایك، خوشك، هاوسەر)ی ئەندامانی نێو ڕێکخستنەکان، لە دیارترینیان (لەبیبەخانی هاوسەری سەدیق عەبدولعەزیز، نەجیبەخانی هاوسەری عەزیز پارەزانی، سوەیبەخان هاوسەری عمر ڕێشاوی، کوبراخانی هاوسەری جەعفەر مستەفا، نەسرەت خان هاوسەری ئیبراهیم ڕێشاوی، شەوجوان هاوسەری سەلاحەدین بهاءالدین، روناك خان هاوسەری مامۆستا هادی، زوهرا خان هاوسەری حەبیب محەمەد سەعید، تەلیعەخان هاوسەری حسێن دۆڵەمەڕی، فەریدەخان هاوسەری کاك عەرەب ئەمین)[٢]، لە چەندین ناوچەی کوردستان هەبوون، بەتایبەت لە سنووری ناوچەی هەڵەبجە و دەوروبەری زۆرترین ئەندامیان هەبووە، لە دیارترینیان ئەمانە بوون، ئاشتی حەمە ساڵح، هەتاو حەمە ساڵح، ئامینە حەمە ساڵح، پرشنگ حەمە ساڵح، ئامینە شێخ مارف، عالیە شێخ عارف، عائیشە عەزیز پارەزانی، گوڵاڵە عەزیز پارەزانی، خەدیجە عەزیز پارەزانی، ناسك تۆفیق، چنور عبدالله، نجیبە حەمە سدیق، نەزاکەت حسین، لاولاو حسین، ڕوقیە سدیق، فەوزیە سدیق، ئامینە سدیق، بوشرا سدیق، دولبەر حاجی لایق، دڵگەش جەعفەر، دڵپاك عومەر ڕێشاوی، روناك باوە مراد، وەحیدە حەمە ساڵح[٣]، هەڵاڵە محەمەد ئەڵماس،

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: عبدالرزاق عبدالرحمن محمد، بزاوتی ئیسلامی لە ڕەگی ئیخوانەوە بۆ ڕاگەیاندنی یەکگرتوو ١٩٤٦- ١٩٩٤، چ (١)، سلێمانی، ٢٠٢٠، ب (٦)، ل٥٤-٥٥.

(٢)هەمان سەرچاوە، ل١٤٨.

(٣) هەمان سەرچاوە، ل١٥٠؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە غەفار ئەمین، سلێمانی، ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٨ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنێکی ئیسلامی کە کۆمەڵەیەکی بچووکی نهێنی بوون، ساڵی ١٩٩٢ پەیمانگای پزیشکی

مونیـره عەلـی عەبدولعەزیـز، مامۆسـتا ئەمـەل (دایکـی بەنـان)، باجی گوڵـزار، نـازدار تاهیر مەعـروف، سـەبریە غەفـار ئەمیـن، ئامینـە مـەلا سـەدیق، شـیرین حاجـی عەلی، سـت نایلە، فاتیمـە عومـەر ڕێشـاوی، عالیە فـەرەج[1].

لە ناوچەی سەید سادق هەر یەك لە خەرامان محەمەد عەبدولکەریم ناسراوە بە (خەرامان جاف)، شەوبۆ حەمە ساڵح، نەرمین ئەحمەد، مەریم ئیبراهیم، کوێستان کەمال، پەیمان کەمال، چنور رەئوف، چیمەن رەئوف، ئەدیبە عەبدول، حەسیبە عەبدول، ئەسمەر حوسێن، روناك محەمەد، شەرمین عارف، نەرمین عارف، سروە حەمە ساڵح، سەرگوڵ حەمە ساڵح، شەرمین حەمە ساڵح، ئامینە حاجی ڕەحیم[2]، هەروەها لە شاری سلێمانی ئەو ئافرەتانەی لە ڕێکخستنەکانی ڕەوتی ئیسلامیدا کاریان کردووە ئەمانەن، بەیان نوری تۆفیق، پاکیزە مستەفا جەبار، گیلاس مستەفا، قومریە محەمەد نەجیب، روخسار هاوسەری مامۆستا عەلی باپیر،

---

لـە سـلێمانی تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٩٤ بووەتـە بەرپرسـی لقـی سـلێمانی ـ خوشـکانی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٩٩ لـە کۆنگـرەی سـێیەمی یەکگرتـوو بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراوە، هەمـان سـاڵ بـووە بـە بەرپرسـی ڕێکخسـتنی خوشـکان لـە نـاو مەکتەبـی ڕێکخسـتن، لـە سـاڵی ٢٠٠٥ لـە سـەر لیسـتی یەکگرتـوو بـووە بـە ئەندامـی پەرلەمانـی کوردسـتان، ئێسـتا لـە نـاو سـکرتاریەتی یەکگرتـووی خوشـکان بەرپرسـی بەشـی ڕۆشـنبیرییە، لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ مونیـرە عەبدولعەزیـز عەلـی، هەولێـر، ١٢ی ئایـاری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٧٥ لـە شـاری هەڵەبجـە لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٨٧ دوای دروسـتبوونی بزووتنـەوەی ئیسـلامی لـە کوردسـتانی عێـراق لەبـەر ئـەوەی کچـی ڕابـەری بزووتنـەوە بـووە زوو پەیوەندیکـردووە بـە ڕێکخسـتنەکانی بزووتنـەوەی ئیسـلامی، سـاڵی ١٩٩٧ زانسـتی کۆمپیوتـەر لـە دانشـگای ئـازادی ئیسـلامی لـە ئێـران تـەواو دەکات، سـاڵی ١٩٩٨ بـووە بـە یاریـدەدەری ڕابـەری گشـتی بزووتنـەوەی ئیسـلامی بـۆ کاروبـاری ئافرەتـان، سـاڵی ٢٠٠٣ بـووە بـە سـکرتێری خوشـکانی بزووتنـەوەی ئیسـلامی کوردسـتان، لـە کۆنگـرەی (٩) بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراوە و لـە کۆنگـرەی (١٠، ١١، ١٢)ی بزووتنـەوەی ئیسـلامی بـە ئەندامـی مەکتەبـی سیاسـی هەڵبژێـردراوە، ئێسـتاش بەردەوامـە لـە کاری سـیاسی و لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ خەرامـان محەمـەد عەبدولکەریـم، سـلێمانی، ٢١ی ئایـاری ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٨ لـە قـەزای سـەید سـادق لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٨٤ پەیوەنـدی بـە ڕەوتی ئیسـلامییەوە کـردووە، سـاڵی ١٩٩٤ بـووە بـە ئەندامـی یەکگرتـووی ئیسـلامی کوردسـتان، سـاڵی ٢٠٠٦ لـە کۆنگـرەی خوشـکاندا بـووە بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی، سـاڵی ٢٠١٢ بـووە بـە سـکرتێری ڕێکخـراوی یەکگرتـووی خوشـکانی ئیسـلامی کوردسـتان، ئێسـتا لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

حەفسە محەمەد ئەمین، حەفسە قادر حەسەن، لەیلا عەلی عەبدولعەزیز، گەلاوێژ محەمەد نەجیب، تاڤگە محەمەد عەلی بێتوشی، پاکیزە مستەفا ئەحمەد[١].

سەبارەت بە شاری هەولێر ئافرەتان لە ڕێکخستنە ئیسلامییەکاندا بەشدارییان کردووە لە ڕێگەی بڵاوکردنەوەی بابەتەکانی هۆشیاری ئایینی و پەروەردەیی و بڵاوکردنەوەی نامیلکەی ئاینی و ئەنجامدانی کۆبوونەوە لە شوێنە تایبەتەکان لە دیارترین ئەو ئافرەتانەش کە لە ڕێکخستنەکاندا کاریان کردووە هاوڕاز شێخ ئەحمەد حوسێن، کەوسەر ئیسماعیل سنجاوی، هاوین خان، شەمسە ئەحمەد تۆفیق[٢].

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەیان نوری تۆفیق، سلێمانی، ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، ساڵی ١٩٨٣ کۆلێژی ئەندازیاری لە زانکۆی سەلاحەدین تەواوکردووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە گرووپێکی ئیسلامی بەناوی (سەحوە) کردووە، ساڵی ١٩٩٤ یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان و بەشداری لە یەکەمین کۆنگرەی حزبەکەدا کردووە، ساڵی ١٩٩٦ بووەتە ئەندامی سەرکردایەتی، ساڵی ٢٠٠٥ لە کۆنگرەی چوارەم بووەتە ئەندامی مەکتەبی سیاسی و تاوەکو ساڵی ٢٠٠٥، ئێستا ڕاوێژکارە لە ئەنجوومەنی شورایی گشتی یەکگرتوو، لە شاری سلێمانی دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تاڤگە محەمەد عەلی بێتوشی، سلێمانی، ٢١ی ئایاری ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٠ لە شاری کۆیە لەدایك بووە، ساڵی ١٩٨١ خانەی مامۆستایانی لە هەولێر تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٩ لە ڕێگەی خوێندنەوەی کتێب و نامیلکەی ئایینی دەبێتە هەڵگری هزری ئیسلامی، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ١٩٩٩ بووە بە ئەندامی سەرکردایەتی یەکگرتوو، هەمان ساڵ سکرتێری یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان بووە تاکو ساڵی ٢٠٠٥، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی شورای یەکگرتووی ئیسلامی کوردستانە لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٢) ئایندەسازی"گۆڤار"، ژ (١٠)، ٢٠١٣، ل٣٢-٣٣؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هاوڕاز شێخ ئەحمەد حوسێن، هەولێر، ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٧٠ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٩٥ بڕوانامەی دبلۆمی لە بواری کۆمەڵایەتی بەدەست هێناوە، لە ناوەڕاستی هەشتاکاندا دەستی بە کاری بانگەوازی ئیسلامی کردووە، یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، بەشداری کۆنگرەکانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانی کردووە، ساڵی ٢٠٠٩-٢٠١٤ ئەندامانی پەرلەمانی کوردستان بووە، ئێستا لە شاری هەولێر دەژیت؛ چاوپێکەوتنێك لە گەڵ شەمسە ئەحمەد تۆفیق، هەولێر،٢٤ی ئایاری ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦٥ لە شاری هەولێر لەدایك بووە، ساڵی ١٩٩٠ کۆلێژی زانستی لە

سەبارەت بە ناوچەی بادینان ئافرەتان لەم دەڤەرە بەشدارییان لە ڕێکخستنە ئیسلامییەکان کردووە، بەتایبەت لە پرۆژە خێرخوازییەکان و کۆکردنەوەی کۆمەك و هاوکاری بۆ ماڵە هەژار و کەم دەرامەتەکان و ئاوارەی ئۆردوگاکان بە تایبەت ئەوانەی دوای پرۆسەی ئەنفال و کیمیا بارانکردنی هەڵەبجە ئاوارەی ئۆردوگاکان بوون بۆ نموونە لە ئۆردوگای بەحرکە لە هەولێر هەریەك لە بەیان ئەحمەد حەسەن بەرواری، ژیان حسین ئەحمەد، پەخشان حسین ئەحمەد، گوڵی مەلا محەمەد شوکری، خانێ ئیبراهیم، لەو دەڤەرە ڕۆڵێکی بەرچاویان بینیوە[1].

سەبارەت بە شێوازی کارکردن لە ڕێکخستنەکانی ئافرەتان بە شێوەی کۆمەڵ بووە (گرووپ)، هەر گرووپێك سەرپەرشتی پێگەیاندنی گرووپێکی دیکەی دەکرد[2]. ئەم

---

زانکۆی سەلاحەدین تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٤ پەیوەندی بە کۆمەڵەیەکی ئیسلامی بەناوی (دەعوە) کردوە، هەر لەسەرەتای دامەزراندنی یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان پەیوەندی بەو حزبەوە کردووە، یەکێکە لە ئەندامە سەرەتاییەکانی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی، ساڵی ٢٠٠١ بووەتە بەرپرسی لقی هەولێر یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ئێستا ئەندامی ئەنجومەنی ڕاوێژکاری یەکگرتووی ئیسلامییە.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ژیان حسێن ئەحمەد، دهۆك، ٢٦ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٩ لە شاری دهۆك لە دایك بووە، ساڵی ١٩٨٦ پەیوەندی بە ڕەوتی ئیسلامی کردووە، یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەری یەکگرتووی ئیسلامی کوردستان، ساڵی٢٠٠٠ بۆتە بەرپرسی ناوچەی خوشکانی دهۆك، ساڵی ٢٠٠٣ بۆتە بەرپرسی بەشی کۆمەڵایەتی لە ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستان، ساڵی ٢٠٢٠ لە کۆنگرەی هەشتەم بە ئەندامی سەرکردایەتی هەڵدەبژێردرێت و تاوەکو ئێستا بەردەوامە و لە شاری دهۆك دەژیت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەیان ئەحمەد حەسەن (بەرواری)، دهۆك، ٢٧ی ئایاری ٢٠٢٢، لە ساڵی ١٩٦٦ لە شێخان لەدایك بووە، لە ساڵی ١٩٨٦ دەستی بە کاری بانگەوازی کردووە، ئەندامی دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامی کوردستانە، ساڵی ١٩٩٤-١٩٩٩ لێپرساوی لقی دهۆکی یەکگرتووی خوشکان بووە، لە ساڵی ٢٠٠٧ بڕوانامەی ماستەری بەدەست هێناوە، ساڵی ٢٠٠٩ ـ ٢٠١٣ ئەندامی خولی سێیەمی پەرلەمانی کوردستان بووە، بەشداری چەندین کۆنگرەو کۆنفرانسی نێودەوڵەتی لەناوەوە و دەرەوەی کوردستان کردووە، ئێستا لە شاری دهۆك دەژێت.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مونیرە عەبدولعەزیز عەلی، سلێمانی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ قومریە محەمەد نەجیب، سلێمانی، ٢٠ی ئایاری ٢٠٢٢، لە ساڵی

گرووپانە کۆبوونەوەکانیان لە ناو ماڵەکانی خۆیان ئەنجام دەدا[١]، لەم کۆبوونەوانەدا ئابوونەیان بە ناوی (قرض الحسنة) یاخود (الجیهاد المالی) کۆدەکردەوە و بڕەکەی هەر کەسێك بەپێی توانای دارایی خۆی دەیبەخشی[٢]. ئەو بڕە پارەیە لە کار و چالاکییەکانی حزبەکە خەرج دەکرا و برێکی بۆ دابینکردنی پێداویستی ماڵە هەژار و نەخۆش و ماڵە ئاوارە و منداڵی بێ سەرپەرشت خەرج دەکرا[٣]، یاخود نامیلکە و کتێبی ئایینی و پەروەردەیی و ڕۆشنبیری گشتی پێ دەکڕدرا و دەدرا بە لایەنگرانی خۆیان تا بیخوێننەوە و خۆیان بە هزری ئیسلامی ڕۆشنبیر بکەن[٤].

ئافرەتان لە نێو ڕێکخستنەکانی ڕەوتە ئیسلامییەکان هەوڵی بڵاوکردنەوەی بابەتی ئاینی و پەروەردەیی و زانیاری گشتییان دەدا بە مەبەستی هۆشیارکردنەوە و ڕۆشنبیرکردنی ئافرەتان و ئاشنابوونیان بە ماف و داواکارییەکان لە چوارچێوەی پرۆگرام و سوننەت و

---

١٩٧٠ لە بناری شارەزوور لە دایکبووە، قۆناغی دواناوەندی لە شاری سنە خوێندووە، ساڵی ١٩٨٣ پەیوەندی بە کۆمەڵەیەکی ئیسلامی بە ناوی(بزووتنەوەی پەیوەندی ئیسلامی) کردووە، لە ساڵی ١٩٩٤ یەکێك بووە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی شورای خوشکانی ئیسلامی، ساڵی ٢٠٠٩ بووە بە بەرپرسی نووسینگەی ڕێکخراوی خوشکان لە هەولێر، ساڵی ٢٠١٥ بووە بە سکرتێری ڕێکخراوی خوشکانی ئیسلامی لە کوردستان و تاکو ئێستا بەردەوامە و لە شاری سلێمانی دەژێت.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ بەیان نوری تۆفیق، سلێمانی، ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خەرامان محەمەد عەبدولکەریم، سلێمانی، ٢١ی ئایاری ٢٠٢٢

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خەرامان محەمەد عەبدولکەریم، سلێمانی، ٢١ی ئایاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مونیرە عەبدولعەزیز عەلی، سلێمانی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مونیرە عەبدولعەزیز عەلی، سلێمانی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پاکیزە مستەفا ئەحمەد، سلێمانی، ٢٢ی ئایاری ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی ١٩٦١ لە کەرکووك لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیمانگای پیشەسازی بەشی وێنەی ئەندازەیی تەواو کردوە، ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی بە ڕێکخراوێکی میانڕەوی ئیسلامی کردووە، ساڵی ١٩٩٤ بەشداری لە کۆنگرەی یەکەمی یەکگرتووی ئیسلامی دا کردووە، لە دەستەی دامەزرێنەرانی خوشکانی یەکگرتوو بووە، ساڵی ٢٠٠٥ بووە بە پەرلەمانتاری عێراق(خولی کاتی) ، ئێستا خانەنشینە و لە شاری سلێمانی دەژێت.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ژیان حسێن ئەحمەد، دهۆك، ٢٦ی ئایاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هاوڕاز شێخ ئەحمەد حوسێن، هەولێر، ٢٥ی ئایاری ٢٠٢٢.

شـەریعەتی ئیسـلام[١]، هەروەهـا کردنـەوەی خولـی جۆراوجـۆری تایبـەت بـە ئافرەتـان وەك دوورمـان و دەسـت ڕەنگینـی بـۆ ئافرەتـان و کردنـەوەی بنکـەی نەهێشـتنی نەخوێندەواری بـۆ قوتابیانـی ئـاوارە بـە تایبەت لـە ئۆردوگاکانـی ئێراندا[٢].

جێـگای ئاماژەیـە چەندیـن ئافـرەت هەبـوو لـە بـواری ڕاگەیانـدن ڕۆڵـی دیاریـان بینیـوە بـە تایبـەتی لـە ڕۆژنامـەی (سـیروان) و گۆڤـاری (سروە) کـە لـەو سـەردەمەدا لە وڵاتـی ئێران دەردەچـوو، چەنـد بابەتـی تایبەتیـان سـەبارەت بـە ئافرەتـان تێـدا بڵاودەکرایـەوە و مونیـرە عەبدولعەزیـز ڕۆڵێکـی دیـاری لـەم بـوارەدا بینیـوە، هەورەهـا لـە ڕادیـۆی (دەنگی ئیسـلام) بەرنامـەی تایبـەت بـە ئافرەتـان لەلایـەن دایکـی بەنـان پێشـکەش دەکـرا[٣]. چالاکییـەکانی ئافرەتـان لەنـاو ڕەوتـە ئیسـلامیەکان دوای ڕاپەڕینـی بەهـاری ١٩٩١ لە باشـووری کوردسـتان گەشـەکردنێکی زۆر بەخـۆوە دەبینن.

---

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ بەیـان نـوری تۆفیـق، سـلێمانی، ٢٢ی ئایـاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ خەرامـان محەمـەد عەبدولکەریـم، سـلێمانی، ٢١ی ئایـاری ٢٠٢٢.

(٢)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مونیرە عەبدولعەزیز، سلێمانی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ مونیرە عەبدولعەزیز عەلی، سلێمانی، ١٢ی ئایاری ٢٠٢٢.

## ٧- حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان

دوای سەرهەڵدانی ناکۆکی ناوخۆیی لە ناو حزبی سۆسیالیستی کوردستان عێراق، ژمارەیەك لە ئەندمانی ئەو حزبە لە کۆبوونەوەی ١٢-١٤ کانونی یەکەمی ١٩٨٥ بە ئامادەبوونی (٤٦) ئەندام حزبی دیموکراتی شۆڕشگێر ڕادەگەیەنن، لە کۆنگرەی یەکەم لە ساڵی ١٩٨٨ ناوی حزبەکە بۆ حزبی زەحمەتکێشانی کوردستان دەگۆڕێت[1].

سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە نێو ڕێکخستنەکانی ئەم حزبە لە ساڵانی ١٩٨٨-١٩٩١ لە ئاستێکی زۆر نەبووە و بەڕادەیەکی کەم ئافرەت لە نێو ڕێکخستنەکانی دەبینرێت، لە دیارترین ئەو ئافرەتانەی لە سەرەتاکانی دروستبوونی ڕۆڵیان هەبووە هەریەك لە: ساماڵ محەمەد ڕەشید (ئەختەر)، ئەسمهان کەریم، دڵگەش کەریم، کەژاڵ ئەحمەد، تریفە عزیز، کوردستان عەلی، رازیە هاوسەری (دکتۆر سەردار)، مەریم هاوسەری (زرار جۆلا)، مریم هاوسەری (بەلێن)، زەینەب هاوسەری (حاجی)[2]، چرۆ سابیر عەزیز بوون[3].

(١) بۆ زیاتر زانیاری بڕوانە: سەلام عەبدولکەریم، ژیانی سیاسی لە باشووری کوردستان ١٩٧٥-١٩٩١ سەرهەڵدانی ڕەوتی سۆسیالیستی دروستبوونی حزبی سۆسیالیستی کوردستان وەك نموونە، چ (١)، چاپخانەی چوارچرا، ل١٤٠.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ساماڵ محەمەد رەشید (ئەختەر)، هەولێر، ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦١ لە هەولێر لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٥ پەیوەندی بە حزبی زەحمەتکێشان کردوە، بەرپرسی شانەی ئافرەتان بووە لە ناو شاری هەولێر، ساڵی ١٩٨٨ بووە بە پێشمەرگە، لەیەکەمین کۆنگرەدا بەشداریکردووە، لە ساڵی ٢٠٠٨ بووە بە نوێنەری ئافرەتانی زەحمەتکێشان لە کۆمەڵەی پێشمەرگە دێرینەکانی کوردستان، لە شاری هەولێر دەژیت.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چرۆ سابیر عەلی، هەولێر، ٢٤ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٧٤ لە شاری هەولێر لەدایکبووە، ساڵی ٢٠٠٠ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی زمانی زانکۆی سلێمانی تەواوکردوە، ساڵی ١٩٨٧ پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی زەحمەتکێشان کردووە، ساڵی ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٩ بەرپرسی ڕێکخراوی ڕاسان بۆ داکۆکیکردن لە مافەکانی ئافرەتان لە ناو حزبی زەحمەتکێشان بووە، ساڵی ٢٠٠٩ لەکاری حزبایەتی و ڕێکخراوەیی دوورکەوتۆتەوە. ئێستا لە شاری هەولێر دەژیت.

شـێوازی ڕێکخســتنەکانی ئافرەتــان بەشــێوەی شــانەی نهێنــی بــوو، ئەڵقــەی ڕێکخســتنەکانی ئافرەتــان بچــووك و داخــراو بــوو لــە پێنــاو پاراســتنی ئەندامــەکان و کۆبوونــەوەی مانگانــە لــە نێـوان ئەندامـان ئەنجـام دەدرا هــەر جـارە و لـە شـوێنێك بـە مەبەســتی گۆڕینــەوەی بیــروڕا و هــەواڵ و زانیــاری و ڕاســپاردەکانی حــزب و هەواڵــی پێشــمەرگە و ڕێکخســتنەکانی نــاو شــار ئافرەتانــی پــێ ئاشــنا دەکـرا، هەروەهــا ئــەو نامیلکــە و بڵاوکراوانــەی کــە تایبــەت بــە حــزب دەردەچــوون لــە کۆبوونەوەکانــدا دەخوێندرانــەوە[١]، هەروەهـا گواسـتنەوەی نامـە، نامیلکـە وبڵاوکـراوە، کتێـب، کەلوپەلـی پێشــمەرگە، هەمــوو ئــەم کارانــە لــە لایــەن ڕێکخســتنەکانی ئافرەتانــەوە ئەنجــام دەدرا[٢]، بەمجــۆرە چالاکییــەکانی ئافرەتــان لەنــاو پارتــە سیاســییەکان بــەردەوام دەبێــت تــا ســاڵی ١٩٨٨، دواتــر زۆر لاواز دەبێــت.

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ساماڵ محەمەد ڕەشید (ئەختەر)، هەولێر، ٢٣ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چرۆ سابیر عەلی، هەولێر، ٢٤ی ئایاری ٢٠٢٢.

# - بەشی دووەم -

# ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە بزووتنـەوە و ڕێکخـراوە پیشـەیی و جەماوەرییـەکان

## تەوەری یەکەم

## بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکان ١٩٥٨-١٩٧٥

بارودۆخی سیاسی عێراق دوای شۆڕشی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ وەرچەرخانێکی مێژوویی بەخۆوە بینی کە بووە دەرفەت وهاندەرێکی گرنگ بۆ ئەو بزووتنەوە و ڕێکخراوە پیشەییانەی کە بە شێوەیەکی نهێنی لە دوای جەنگی دووەمی جیهانی دامەزرا بوون، لەم قۆناغەدا توانییان بە شێوەیەکی ئاشکرا چالاکییەکانیان ئەنجام بدەن. باشووری کوردستانیش وەك بەشێکی گرنگ و کاریگەر لە عێراق لەم بوارەدا ڕۆڵی گرنگ و دیاری بینیوە وچەندین ڕێکخراوی جەماوەریی و پیشەیی تایبەت بە ئافرەتان دەرکەوتن، وئافرەتان توانیان ڕۆڵی گرنگ و کاریگەر تێیدا ببینن، ئەو ڕێکخراو بزووتنەوانەی کە لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٧٥ ئافرەتان کاریان تێدا کردووە لە باشووری کوردستان ئەمانەن:

### ١- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمموز بوارێکی فراوان و گرنگی ڕەخساند بۆ چالاکییەکانی ئافرەتان لە چوارچێوەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چ لە کاری پیشەیی یاخود سیاسیدا، ئەم شۆڕشە بوو بە وەرچەرخانێکی گرنگ و ئاسۆیەکی فراوانی لەبەردەم ئافرەتانی عێراق و کوردستاندا کردەوە[١]. دوای وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی و کردنەوەی بارەگاکانی بەشێوەیەکی ئاشکرا لە شارەکانی کوردستان[٢]، گرۆتینێکی زیاتری بەخۆوە بینی بۆ ڕاپەڕاندنی ئەرك و چالاکییەکانیان، یەکەمین چالاکییان بریتی

(١) فەرهاد عەونی، ڕێکخراوە جەماوەرییە کوردستانییەکان١٩٥٣-١٩٩١/ توێژینەوەیەکی بەرایی، کوردستان، ٢٠٢١، ل٧٢-٧٣.

(٢) ئاری فاروق نانەکەلی، دامەزراوەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان و شۆڕشی ئەیلوول لە نێوان ساڵانی ١٩٦١-١٩٧٥، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەڤزە، ٢٠١٦، ل١٧٨.

بـوو لـە پیرۆزبایـی سـەرکەوتنی شـۆڕش لـە سـەرکردایەتی شـۆڕش و هەروەهـا دوای ڕزگاربـوونی سـەرۆك وەزیـران عەبدولکەریـم قاسـم لـە هەوڵـی تیرۆرکـردنی لـە ٧ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٥٩ شـاندێکی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـە پێکهاتبـوون لـە (ناهیـدەی شـێخ سـەلام، درەخشـان جـەلال[١]، سـورەیا محەمـەد، حەسـیبە شـاڵی، ثریـان عـزەت، ڕوونـاك زوهـدی، لەتیفـە مەحمـود سـامی، نەجـات دەروێـش، مونیـرە عەلـی، سـوعاد یەعقوبـی، سـوعاد شـاکر، نەسریـن مەحمـود سـامی، شـەفیقە عەلـی، ڕەفیقـە ڕەشـید، توبـا جـاف، شریـن مەعـروف، نەسریـن عـارف، نیهایـەت نورەدیـن، لەتیفـە ئیسـماعیل، گەلاوێـژ سـاڵح فەتـاح)[٢] سـەردانی سـەرۆك وەزیـران دەکـەن، هەرچەنـدە گەلاوێـژ سـاڵح لـە بیرەوەرییەکانـی خۆیـدا ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات، کـە ئەندامـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان نەبـووە، بـەڵام لەگـەڵ ئەندامانـی یەکێتـی ئافرەتـان بـۆ هەندێـك شـوێن یاوەریـان بـووە[٣]، ناهیـدەی شـێخ سـەلام بەنـاوی شـاندەکەوە وتارێکـی پێشـکەش کـردووە، لـە وتارەکەیـدا بەنـاوی ئافرەتانـی کوردسـتانەوە سـوپاس و پێزانینـی پێشـکەش بـە سـەرۆك وەزیـران کـردووە بەرامبـەر هەوڵەکانـی بـۆ هێنانەکایـەوەی پێکەوەژیـان و برایـەتی نێـوان هـەردوو نەتـەوەی کـورد و عـەرەب، دواتـر (سـورەیا محەمـەد) پرۆگـرام و پەیـڕەوی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان پێشـکەش بـە ناوبـراو دەکات لەبەرامبـەردا عەبدولکەریـم قاسـم وێنەیـەکی خـۆی بـە واژووی خـۆی و پەرتوکێـکی بچـووك دەربـارەی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووز پێشـکەش بـە ئەندامانـی شـاندەکە دەکات[٤].

سـەبارەت بـە کۆنگـرەکانی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان، لـە بارودۆخێکـی سـەخت و دژواردا یەکەمـین کۆنگـرەی بـە شـێوەیەکی نهێنـی لـە ١-٤ی شـوباتی ١٩٦٣ لـە شـاری سـلێمانی لەژێـر دروشـمی (باچـرای زانسـتی لـە گشـت ماڵێکـی کوردسـتانیدا هەڵکەیـن، بـا بەشـیری خاوێنـی کوردایەتـی منداڵەکانمـان گـۆش بکەیـن) بەسـترا[٥]. کۆتـرە ئاشـتییە

(١) دەنگی ئافرەت"گۆڤار"، ژ (١١)، ١١ کانوونی یەکەم ١٩٩٦، ل٨

(٢) خبات"جريدة"، ع (١٧٤)، ٢٦ شباط ١٩٦٠.

(٣) گەلاوێژ، بیرەوەرییە هەرگیز لە بیرنەکراوەکانی من، سلێمانی، ٢٠١٨، بە (١)، ب (١)، ل١٢٩.

(٤) خبات"جريدة"، ع (١٧٤)، ١٩٦٠/٢/٢٦.

(٥) درەخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧ـ ٦٨.

سپییەکەی نیگارکێشی بەناوبانگی جیهانی (بیکاسۆ)شیان کردە هێمای کۆنگرەکە[١]. بەهۆی هەستیاری بارودۆخی سیاسی بۆ ئەوەی ئاشکرا نەبن لە سێ ماڵدا دانیشتنەکان ئەنجامدران، دانیشتنی یەکەم لە ماڵی بەهیە مەعروف بەرزنجی، و دانیشتنی دووەم و سێیەم لە ماڵی ئەنجوم عبداللە زوهدی، دانیشتنی چوارەم لە ماڵی ئەختەر شاڵی و فەهیمەخان بەڕێوەچوو[٢]. ئەندامانی کۆنگرە پێکهاتبوون لە نوێنەری شاری سلێمانی (بەهیە مەعروف بەرزنجی، ئەنجوم عبداللە زوهدی، درەخشان جەلال حەفید، پاکیزە شەکیب، باجی خانم (چالاك)، جەمیلە سابیر قادر، نەسرین محەمەد ڕەشید، ئامینە مامە مینە، نوخشە سەید ئیبراهیم حەفید[٣]، و نوێنەرانی شاری کەرکوك پێکهاتبوو لە (سوعاد خانی شێخ سدیق، مەلیحە قارەمان، سەمیرە عەلی سەروەت، سەعدیە هەمەوەندی[٤]. لەم کۆنگرەیەدا دەنگ لەسەر ماددەکانی پەیڕەوی ناوخۆ و پرۆگرامی یەکێتی وهەڵبژاردنی سکرتاریەت و ئەنجوومەنی گشتی یەکێتی ئافرەتان درا، لە کۆتایی کارەکانی کۆنگرە درەخشان جەلال حەفید بەسەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان هەڵبژێردرا، و بەهیە مەعروف بەرزنجی بە یاریدەدەری سەرۆك، بەڵام درەخشان جەلال حەفید پاشەکشەی کردوە لە سەرۆکایەتی بۆ بەهیە مەعروف بەرزنجی و ئەوەی ڕاگەیاند: **"هیچ کەس لە کار و چالاکی و لێزانین لەم یەکێتییەدا ناتوانێ شان لە شانی ست بەهێ بدات"**[٥]. بەمجۆرە بەهیە مەعروف بەرزنجی بە سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان دەستنیشان کرا، ئەنجوم عبداللە زوهدی وەك سکرتێر، هەریەك لە پاکیزە شەکیب، سەمیرە عەلی سەروەت، گەلاوێژ نامیق، مەلیحە قارەمان بوون بە ئەندامی سکرتاریەتی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان[٦]. لەم کۆنگرەیەدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چەند

(١) ئاری فاروق نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٩.

(٢) درەخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧ـ ٦٨.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە سابیر قادر، سلێمانی، ١٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٤) درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٥)درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٨.

(٦) هەمان سەرچاوە، ل٦٩.

بڕیارێکیـان دەرکـرد یەکـەم: گۆڕینـی نـاوی یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی کوردسـتانی عێـراق بـۆ یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، لابردنـی وشـەی (دیموکـرات، عێـراق)، دووەم: گۆڤـاری (دایکایەتـی نـوێ) دانـرا بـە زمانحاڵـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان. سـێیەم: ڕۆژی ٤ی شـوبات بـە ڕۆژی ئافرەتانـی کوردسـتان دانـدرا[١].

جێـگای ئاماژەیـە نوێنـەری ئافرەتانـی هەولێـر و دهـۆك بەشـداربیان لـەم کۆنگرەیـەدا نەکـردووە[٢]، بـەڵام ئەندامانـی هەولێـر لـە ماڵـی زەینـەب کچـی شـێخ عەبدولکەریمـی دارەخورمـا کۆبوونەتـەوە و هەریـەك لـە (سـورەیا محەمـەد، زەینـەب عەبدولکەریـم، سـاڵیحە عەبدوڵەنـاف سـەعید شـکاك، قدریـە سـابیر، گەلاوێـژ ڕەشـید نامیـق، نەسریـن ڕەشـید نامیـق، خەدیجـە بەرزنجـی، شـوکریە جیـاوك، بەدریـە پیـرداود، دڵفـرۆز سـەبری، نیلوفـەر زوهـدی، خونچـە موکریانـی) وەك ئەندامـانی لقـی هەولێـری یەکێتـی ئافرەتـان هەڵدەبژێـرن[٣].

کۆنگـرەی دووەم[٤] کـە بەشـێوەیەکی ئاشـکرا لـە ٢٥ی ئەیلوولی ١٩٧٠ لـە بـارەگای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان لەشـاری بەغـدا بەسـترا[٥]. نوێنەرانـی لقەکانـی خانەقیـن و کەرکـوك و سـلێمانی و بەغـدا بەشـداربوون، دوای گفتوگۆکـردن لەسـەر پەیـڕەو پرۆگـرام و هەڵسـەنگاندنی ڕاپۆرتـەکان لە لایەن ئەنـدام و لێژنە تایبەتەکانی کۆنگـرە، ئەنجومەنی یەکێتی ئافرەتـان هەڵبژێـردرا، بەمجـۆرە، زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی (سـەرۆك)، سـاجیدە محەمـەد مـزوری (جێگـری سـەرۆك)، مونیـرە قـەزاز (ئەمینـی سـندوق)، پەیـمان جیـاوك (سـکرتێری گشـتی)، و (فەخریـە سـەعدوڵڵا، حەسـیبە قـەزاز، سـوعاد ئەحمـەد مەکـی، بەهیجـە قـازی، زەکیـە عەلـی، پاکیـزە جـەلال، نازەنیـن فەخری، قومریـە محەمـەد عەبدوڵڵا، سروە عوسـمان

---

(١) هەمـان سـەرچاوە، ل٧٢ ؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـه زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) مەهاباد قەرەداغی، سەرچاوەی پێشوو، ل٧٧ـ ٧٨.

(٣) دەرخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧؛ ویداد خالیس ئەلقازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٥

(٤) زۆرجـار لـە سـەرچاوەکان و نـوسراو و بڵاوکراوەکانی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان ئـەو کۆنگرەیـە بـە یەکـەم کۆنگـرەی ئاشـکرا نـاو دێنـن، بـەڵام لـە ڕاسـتیدا ئـەوە کۆنگـرەی دووەمـە.

(٥) برایەتی"ڕۆژنامـە"، ژ(٧)، سـاڵ (١)، خولـی (٢)، تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٠ ؛ شـیرین ئامێـدی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٣٩.

سەعید، خەدیجە عەبدولکەریم) بە ئەندامی ئەنجومەنی باڵا هەڵبژێردران(١).

سەبارەت بە دەستەی کارگێڕی لقەکان، لقی بەغدا پێکهاتبوو لە هەریەك لە (پەیمان مەعروف جیاوك (سەرۆك)، لەتیفە قەزاز (جێگری سەرۆك)، فەخریە سەعدوڵلا (ئەمین سندوق)، فەوزیە موراد (سکرتێر)، ئەندامەکانی ئەم لقەش پێکهاتبوون لە (خونچە ئەحمەد ڕەفیق، سوهام محەمەد، ئەمینە محەمەد، نەعیمە مەحمود، بەهیجە قازی) و ئەندامانی یەدەگ پێکهاتبوون لە (فەخریە حەیدەر، ناجیە ئەحمەد، ساجیدە حوسێن)، دەستەی کارگێری لقی سلێمانی پێکهاتبوو لە ساجیدە محەمەد مزوری (سەرۆك)، زەکیە عەلی (جێگری سەرۆك)، پاکیزە جەلال (سکرتێر)، رووناك جەلال (ئەمین سندوق)، و ئەندامانی هەریەك لە (شلێر رەفعەت، ناهیدە کەریم، حەسیبە ئەحمەد، نوخشە عەزیز، عائیشە محەمەد عەلی) و هەریەك لە درەخشان شەریف، عائیشە سەعید، مەلیحە جەلال بە ئەندامی یەدەگ دانران(٢)، لقی خانەقین هەریەك لە نەسرین پشتیوان (سەرۆك)، سوعاد حوسێن (جێگری سەرۆك)، شوکریە حەسەن عەلی (سکرتێر)، پەروین عەلی بیوکی (ئەمین سندوق)، ئەندامەکان پێکهاتبوو لە (سەبریە محەمەد ئەمین، ڕابیعە پشتیوان، سەبیحە محەمەد عەلی، عائیشە محەمەد سەعید، لەیلا فەیزوڵلا، شەوکەت قادر، قەدرییە حەسەن)(٣)، لقی کەرکوك پێکهاتبوون لە نازەنین فەخری (سەرۆك)،

(١) التاخی"جریده"، ع (٥٦٠)، ١٠ تشرين الاول ١٩٧٠.

(٢) المصدر نفسه.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەروین عەلی بیوکی، هەولێر، ٨ی ئاداری٢٠٢٢؛ التاخی"جریده"، ع (٥٦٠)، ١٠ تشرين الاول ١٩٧٠؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەسەن عەلی، هەولێر، ٨ی ئاداری٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٦ لە خانەقین لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٦٨ پەیمانگای مامۆستایان لە بەعقوبە تەواو دەکات، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی کردووە بە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، بەشداری لە کۆنگرەی دووەمی ڕێکخراوەکەدا کردووە و بە سکرتێری لقی خانەقین هەڵبژێردراوە، لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان وەك جێگری سەرۆکی لقی خانەقین هەڵبژێردراوە، ساڵی ١٩٧٣ دوورکەوتۆتەوە لەو کارو چالاکی ڕێکخراوەیی و وەك مامۆستا لە شاری هەڵەبجە دامەزراوە و ئێستا لە خانەقین دەژێت.

خەدیجــە ســاڵح (جێگــری ســەرۆك)، قومریــە محەمــەد عەبدوڵــڵا (ســکرتێرە)، ئەختــەر عەلــی (ئەمنــی ســندوق) و ئەندامــەکان هەریــەك لــە (قەدریــە عەبدولقــادر، ئەمنــە ئیبراهیــم، ســەکینە محەمــەد، ســوهیلە ئیبراهیــم، بەدریــە ســەعید) و هەریــەك لــە ســوعاد محەمــەد، شــوکریە مەجیــد، ســۆزان فەخــری بــە ئەندامانــی یــەدەگ هەڵبژێــردران[١].

لەبــەر ئــەوەی نوێنەرانــی (هەولێــر و دهــۆك) ئامــادەی کۆنگرەکــە نەبــوون ڕۆژێــك تەرخــان کــرا بــۆ هەڵبژاردنــی دەســتەی کارگێــڕی لقــی هەولێــر و دهــۆك[٢]،ڕۆژی دوشــەممە ٢٨ی ئەیلولــی١٩٧٠ بەسەرپەرشــتی ئەندامانــی ســکرتاریەتی گشــتی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان هەڵبــژاردن بــۆ دەســتەی کارگێــڕی لقــی دهــۆك لــە بــارەگای یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان ئەنجامــدرا[٣]. لــەم هەڵبژاردنــە هەریــەك لــە (کوردســتان ڕەشــید شــەوکەت، هەنــا جــەلال، فەزیلــە پۆڵــس، نەجیبــە ئیبراهیــم، فائیــزە فەتحوڵــڵا، ئیفلیــن ئەســکەندەر، ئیبتســام ئەنــوەر، عەقیلــە تۆفیــق، نەجــات عەبــد) بــە ئەندامــی لقــی دهــۆك هەڵبژێــردران[٤]. لقــی هەولێــر بەشــێوەیەکی فەرمــی لــە مانگــی ئابــی ١٩٧٠ بــارەگای کــردەوە[٥] ڕۆژی ســێ شــەممە ٢٩ی ئەیلــوول ١٩٧٠ بەسەرپەرشــتی ئەندامانــی ســکرتاریەتی گشــتی دەســتەی نوێیــان هەڵبــژارد[٦] کــە پێکهاتبــوون لــە (وەزیــرە پیــرداود قــادر (ســەرۆك)، و ئەندامیــەتی هــەر یــەک لــە پەرویــن ســاڵح مەولــود،

(١) التاخی"جریدە"، ع (٥٦٠)، ١٠ تشرین الاول١٩٧٠.

(٢) برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (٧)، ساڵ (١)، تشرینی یەکەمی١٩٧٠.

(٣) التاخی"جریدە"، ع (٥٦٠)، ١٠ تشرین الاول ١٩٧٠.

(٤) صبیحــة ابراهیــم صالــح، دور المــرأة في الحیــاة السیاســیة والاجتماعیــة والثقافیــة في محافظــة دهــوك ١٩٩١-٢٠٠٣، رســالة ماجســتیر (غ.م)، جامعــة الموصــل، کلیــة الأداب/ قســم التاریــخ، ٢٠٢٠، ص١٦؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ کوردســتان ڕەشــید شــەوکەت کەتانــی، دهــۆك، ٢٩ی نیســانی ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٤٨ لــە ســنجار لــە دایکبــووە، لــە ســاڵی ١٩٧٠ کۆلێــژی پــەروەردەی بەشــی زمانــی ئینگلیــزی لــە زانکــۆی بەغــدا تــەواو کــردووە، ســاڵی ١٩٧١ بــووە بــە ئەنــدام لــە یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و دەســتەی دامەزرێنــەری لقــی دهــۆك و ســەرۆکی لقــی دهۆکــی ئــەو ڕێکخــراوە بــووە، بەشــداری کۆنگــرەی دووەم و ســێیەمی یەکێتــی ئافرەتانــی کــردووە، ئێســتا لــە شــاری دهــۆك دەژێــت.

(٥) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (١١)، ١٩٧١/٣/٢٧.

(٦) التاخی"جریدة"، ع (٥٦٠)، ١٠ تشرين الأول ١٩٧٠.

نەزاهــەت ئیبراهیــم، جەمیلــە ئیبراهیــم، ئەمیــرە پیــرداود قــادر، حاجــی نەخشــین، ســەبیحە دۆغرەمەچــی، ناجیــە شــەرەف، حەمدیــە ســابر)[1]. و دواتــر چەنــد لێژنەیــەك بــۆ بەڕێوەبردنــی کاروبــاری لقەکــە پێکهێنــدرا وەك لێژنــەی چــالاکی کۆمەڵایەتــی، لێژنــەی ڕۆشــنبیری، لێژنــەی کارە دەســتییەکان، لێژنــەی بەربەرەکانــی نەخوێنــدەواری، لێژنــەی دارایــی، لێژنــەی چالاکــی تەندروســتی[2].

ســەبارەت بــە لقــی مووســڵ، هەریــەك لــە ڕوناهــی ئەتروشــی، خالیــدە خالیــد، لەیـلا محەمــەد، شــوکریە محەمــەد ئەمیــن، گوڵنــام مەحمــود، حەنیفــە حەســەن، نــادرە محەمــەد خالیــد، خەدیجــە عەبدولکەریــم، ئەدیبــە وەزیــر هەڵبژێــردران[3].

کۆنگرەی سێیەم، لـە ١٧-١٨ی نیسـانی ١٩٧١ لـە بـارەگای یەکێتـی لاوانـی دیموکراتـی کوردســتان لــە شــاری بەغــدا بەچاودێــری دادوەر شــەهاب شــەبیب دادوەری دادگای بەرایــی بەغــدا بەشــی ڕەســافە، و بــە ئامادەبوونــی یەدوڵــڵا کەریــم ســەرۆکی یەکێتــی

---

(١) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ وەزیــرە پیــرداود قــادر، هەولێــر، ٢٨ی ئــاداری٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ پەرویــن ســاڵح مەولــود، هەولێــر، ١ی ئــاداری ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٥٠ لــە شــاری هەولێــر لــە دایکبــووە، قۆناغــەکانی خوێندنــی لــە شــاری هەولێــر تــەواو کــردووە، لــە ســاڵی ١٩٧٠ بــووە بــە ئەندامــی ناوچــەی هەولێــری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان، یەکێکــە لــە دامەزرێنەرانــی لقــی هەولێــری یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان، دوای نســکۆی شــۆڕش ئــاوارەی ئێــران بــووە و لــە ســاڵی ١٩٧٧ گەڕاوەتــەوە عێــراق. دوای ســەرهەڵدانی شــۆڕشی نــوێ پەیوەنــدی بــە ڕێکخســتنەکانی یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتان کــردووە، لــە ســاڵی ١٩٩٢ یەکێــك بــووە لــە دامەزرێنــەری لقــی هەولێــری یەکێتــی ژنانــی کوردســتان، و لــە ســاڵی ١٩٩٦ بــووە بــە ئەندامــی ســکرتاریەتی یەکێتــی ژنانــی کوردســتان، لــە ســاڵی ٢٠٠٦ بووەتــە ئەندامــی ئەنجوومەنــی نوێنەرانــی عێــراق و ئێســتا ئەندامــی مەڵبەنــدی (٣)ــی یەکێتــی نیشــتیمانی کوردســتانە و لــە شــاری هەولێــر دەژێــت.

(٢) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (١١)، ١٩٧١/٣/٢٧.

(٣) صبیحـة ابراهیـم صالـح، المصـدر السـابق، ص ١٦؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ خەدیجـە عەبدولکەریـم حەسـەن، دهـۆك،٢٧ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥١ لـە شـاری دهـۆك لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٠ بـووە بـە ئەنـدام لەیەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، لـە سـاڵی ١٩٧٣ بەشـی بیـرکاری لـە کۆلێـژی زانسـتی زانکـۆی موسـڵ تـەواو دەکات، یەکێکـە لـە ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنـەری لقـی ئـەو ڕێکخـراوە لـە موسـڵ، لـە سـاڵی ١٩٩٢ بـووە بـە سەرپەرشـتیاری کارگێـڕی پەروەردەیـی، سـاڵی ٢٠١٧ خانەنشـین بـووە، ئێسـتا لـە شـاری دهـۆك دەژێـت.

لاوانــی دیموکراتــی کوردســتان بەســترا[١]، ئەندامانــی ســکرتاریەت هەڵبژێــردران و هــەر یــەك لــە (زەکیــە ئیســماعیل حەقــی، حەســیبە قــەزاز، فەوزیــە مــوراد، ســوهام ئیبراهیــم، پەیــمان مەعــروف، فەخریــە ســەعدوڵلا، زەهــرە مــوراد، فەخریــە حەیــدەر، عەفیفــە جاســم، فائیــزە نەسروڵــڵا، ســورەیا محەمــەد، گەلاوێــژ ســاڵح قەفتــان، هێــرۆ ئیبراهیــم ئەحمــەد، پرشــنگ محەمــەد مامەنــد، نەرمیــن عوســمان) بــوون بــە ئەنــدام و ئەندامــانی یــەدەگ پێکهاتبــوون لــە (عەتیــە ئەحمــەد، جیهــان مەعــروف، نەعیمــە مەحمــود)[٢].

لــەم کۆنگرەیــەدا ژمــارەی لقەکانــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان زیــادی کــرد بــۆ (٧) لــق کــە پێکهاتبــوو لــە لقــەکانی کەرکــوك، دهــۆك، خانەقیــن، هەولێــر، ســلێمانی، مووســڵ، کــوت[٣]. ئەندامــانی لقــی کەرکــووك پێکهاتبــوو لــە (صبریــە ســعید محمدامیــن، نازەنیــن فخــری، ویــداد خالیــس، لطیفــە صدیــق، قمریــە محمــد، نسریــن رضــا، شــکریە محمــد، قدریــە فتــاح، اخــتر علــی، جــوان نامیــق)[٤]، (ویــداد خالیــس) لــە یاداشــتەکانیدا ئامــاژە بــۆ ئــەوە دەکات کــە وەك نوێنــەری شــاری کەرکــوك بەشــداری لــەم کۆنگــرەدا کــردووە و دوای تەواوبوونــی کۆنگرەکــەش لقــی کەرکوکــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتانی دامەزرانــدووە و بــووە بــە لێپــرسراوی لقەکــە[٥]، لقــی دهــۆك پێکهاتبــوون لــە (کوردســتان شــەوکەت رەشــید، هنــا جــلال، فضیلــة بولــص، نجیبــة ابراهیــم، فائیــزە فتــح اللــە، ایفلیــن اســکندر، ابســتام انــور، عیقلــة توفیــق، نجــاة عبــد)[٦]، لقــی خانەقیــن (ســعاد نصراللــە ســەرۆك، شــکریە حســن (جێگــری ســەرۆك)، صبیحــە محمــد علــی (ســکرتێر)، پرویــن علــی (ئەمــین ســەندوق) ســعاد نصراللــە، عائیشــە ســعید، فوزیــة محمــد، فائــزە حســین، قدریــة حســن، ســعاد عبدالــرزاق، قمرنــاز عزیــز[٧]، هەروەهــا ئەندامــانی لقــی هەولێــر پێــك

(١) نەرمیــن عوســمان، لەبــەر تریفــەی مانــگ خەونەکانــی نیشــتیمانمان دەچنــی، چاپخانــەی کارۆ، ســلێمانی، ٢٠٢٠، ل١٧٣.

(٢) التاخی"جریدة"، ع (٧١٣)، ١٩٧١/٤/١٩.

(٣) التاخی"جریدة"، ع (٧١١)، ١٩٧١/٤/١٧.

(٤) التاخی"جریدة"، ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٥) ویداد خالیس ئەلقازی، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٣-٦٤.

(٦) التاخی"جریده" ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٧) المصدر نفسة

هاتبوون لە (وەزیرە پیرداود قادر، بديعە بهاء الدين، نزاهة ابراهيم، صبحية طاهر، حمدية صابر، جميلة ابرهيم، عقيلە ابراهيم، ناجيە عبدالرحمن، نهاية صابر)[١]، لقی سلێمانی پێك هاتبوون لە (شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سەبریە مام ئەحمەد، پروين عبداللە، درەخشان جەلال حەفید، ليلی احمد، ئەنجوم عبداللە زوهدی، منيرة افراسياو، بەهیە مەعروف بەرزنجی، ناهیدە عزيز، رعنا محمد صالح)[٢]، و لقی موسڵ پێکهاتبوون لە (روناهی اتروشی، اديبة وەزیر، خديجة عبدالكريم، خاليدة خالد، ليلی محمد، شكرية محمد امين، گولنام محمود، نادره محمد خالد، حنيفة حسن)[٣]، لقی کوت کە تازە کرایەوە پێکهاتبوون لە ماری ئیبراهیم (سەرۆك)، نیشتیمان محمد سعید (جێگری سەرۆك)، فوزیە کاظم (ئەمین سەندوق)[٤].

دوای تەواو بوونی کۆنگرە شاندێك لە یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەسەرۆکایەتی زەکیە ئیسماعیل حەقی، وەزیرە پیرداود قادر، کوردستان شەوکەت ڕەشید، سینەم جەلادەت بەدرخان لەگەڵ ئەندامانی شاندی بیانی کە میوانی کۆنگرەکە بوون لە نیسانی ١٩٧١ سەردانی مستەفا بارزانی سەرۆکی پارتی دیموکراتی کوردستان لە حاجی ئۆمەران دەکەن و هەر لەم سەردانەیان سەردانی خێزانی سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر لە هاوینەهەواری سەرسەنگ دەکەن و جلێکی کوردی وەك دیاری پێشکەش بە هاوسەری سەرۆك کۆمار دەکەن[٥].

ئەنجوومەنی باڵای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە٣ی ئایاری ١٩٧١ یەکەمین کۆبوونەوەی ئەنجامداو بەرپرسیاریەتییەکان لە نێوان ئەندامانی سکرتاریەت بە

(١)چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سوبحیە تاهیر، هەولێر، ١ی نیسانی-٢٠٢٢؛ التاخی"جريدة"، ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبریە مام ئەحمەد، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سلێمانی، ٥ی نیسانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ التاخی"جريده" ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٣) التاخی"جريده" ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٤) المصدر نفسة

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢.

هەڵبــژاردن دابەشــکرا، ئەنجامــی هەڵبژاردنەکــە بەمشــێوەیە بــوو، زەکیــە ئیســماعیل حەقــی (ســەرۆکی ئەنجوومەنــی بــاڵای بەڕێوەبــردن)، ســورەیا محەمــەد (جێگــری ســەرۆك)، نەرمیــن عوســمان (ســکرتێر)، ســوهام ئیبراهیــم قینــاس (ئەمینــداری دارایــی)[١].

کۆنگــرەی چــوارەم لــە ٢٧-٢٩ی نیســانی ١٩٧٢ لــە هۆڵــی گــەل لــە شــاری هەولێــر لــە ژێــر دروشــمی (خەبــات لەپێنــاوی پەیڕەوکردنــی ئۆتۆنۆمــی بــۆ کوردســتان) بــە بەشــداری (١٢١) ئەنــدام بەســترا[٢] و هــەر یــەك لــە حەبیــب محەمــەد کەریــم ســکرتێری پارتــی دیموکراتــی کوردســتان و ژمارەیــەك لــە ڕێکخراوەکانــی ئافرەتانــی ناوخۆیــی و دەرەکــی[٣] و نوێنــەری (٢٢) وڵات بەشــدارییان تێیــدا کــرد وەك نوێنــەری (فەلەســتین، جەزائیــر، یەکێتــی ســۆڤیەت، بولگاریــا، پۆلۆنیا...هتــد)[٤].

زەکیــە ئیســماعیل حەقــی دەربــارەی بایەخــی ئــەم کۆنگرەیــە وتارێکــی پێشکەشــکرد[٥]. لــەم کۆنگرەیــەدا نوێنەرانــی لقەکانــی هەولێــر و ســلێمانی و کەرکــوك و دهــۆك و نەینــەوا ئامادەبــوون، دوای تەواوبوونــی کارەکانــی کۆنگــرە لــە هاوینەهــەواری ســەلاحەدین دەســتەی کارگێــڕی بــاڵا هەڵبژێــردرا کــە پێکهاتبــوو لــە زەکیــە ئیســماعیل حەقــی، عەتیــە ئەحمــەد، انتســار علــی، ســورەیا محمــد، فخریــە حیــدر، فوزیــە شــوکت، ســەبریە مــام ئەحمــەد، ســینەم جــەلادەت بەدرخــان، کوردســتان شــەوکەت، فائقــە خفــاف، صبحیــە طاهــر، عقیلــە عبدالقــادر، نازەنیــن فخــری، نبیهــە مهــدی، بهیــە معــروف، لطیفــە صدیــق، نجــاة محــوی، صبیحــە مهــدی، امینــە محمــد، پرویــن علــی، خیریــە عــارف، ئەندامــانی یــەدەگ پێکهاتبــوون لــە، کوردســتان علــی عبدالعزیــز، حمدیــە ســابر، پەخشــان خفــاف، ئەنجــوم زوهــدی، عصمــت عزیــز[٦]. دوای کۆتایــی هاتنــی ئەنجامــی هەڵبژاردنــەکان هەریــەك لــە زەکیــە ئیســماعیل بــە ســەرۆك، ســورەیا محمــد جێگــری یەکەمــی ســەرۆك،

(١) التاخی"جریدە"، ع (٧٢٨) ١٩٧١/٥/٩؛ نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٣.

(٢) انتخابــات الهیئــە الاداریــة العلیــا لاتحــاد نســاء کردســتان، التاخی"جریــدە"، ع (١٠٢٢)، ١٩٧٢/٥/١؛ هاوکاری"ڕۆژنامــە"، ژ (١١٤)، ١٩٧٢/٤/٢٩.

(٣) شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

(٤) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (١١٤)، ١٩٧٢/٤/٢٩.

(٥) بۆ خوێندنەوەی دەقی وتارەکە بڕوانە: هەمان سەرچاوە.

(٦) انتخابات الهیئة الاداریة العلیا لاتحاد نساء کردستان، التاخی "الجریدە" ع (١٠٢٢)، ١٩٧٢/٥/١.

عەتیـە ئەحمـەد جێگـری دووەم[١] فوزیـە شـوکت بـە سـکرتێر، انتسـار علـی، بـە ئەمیـن سـەندوق هەڵبژێـردران[٢].

دوای تەواوبوونـی کۆنگـرە دەسـتەی کارگێڕی تـازە بـۆ سـەرجەم لقـەکان هەڵبژێـردران، لقـی بەغـدا، کوردسـتان عەبدولعەزیـز سـەرۆك، انتسـار عەلـی جێگـر، فائیقـە خفـاف، نەبیهـە مەهـدی ئەنـدام[٣] سـەبارەت بـە لقـی هەولێـر هەریـەك لـە (صبحیـە طاهـر سـەرۆك، حەمدیـە سـابیر جێگـر، گەلاوێـژ فەتـاح، سـاهیرە نەقشـبەندی، جەمیلـە ئیبراهیـم، پەرویـن یەعقوبـی، بەدیعـە بەهادیـن، عقیلـە عبدالقـادر ئەنـدام)[٤]، لقـی سـلێمانی (سـەبریە مـام ئەحمـد سـەرۆك، بەهیـە مەعـروف، نەجـات مەحـوی، پەخشـان خەفـاف، شـەونم نەجمەدیـن، چیمـەن حەسـەن، ئەنجـوم زوهـدی ئەنـدام[٥]، لقـی کەرکـوك هەریـەك لـە (سـینەم بەدرخـان سـەرۆك، خەیریـە عـارف جێگـری سـەرۆك، جەمیلـە حسـین ئەندامـی دەسـتەی بەڕێوەبـردن، نازەنیـن فخـری، لتیفـە سـدیق ئەنـدام)[٦]، لقـی دهـۆك (کوردسـتان شـەوکەت، ئاسـیا قـازی، نەرمیـن محەمـەد)، لقـی

(١) دەرخشان جەلال حەفید، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٠.

(٢) انتخابات الهيئة الادارية العليا لاتحاد نساء كردستان، المصدر السابق

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەونم نەجمەدیـن عەلـی بەرزنجـی، سـلێمانی٥ی نیسـانی ٢٠٢٢، چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٤) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ صبحیـە تاهـیر، هەولێـر، ١ی نیسـانی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ عەقیلـە عەبدولقـادر سـلێمان نـاسراو بـە (عەقیلـە ڕەوانـدزی- ئاڤیسـتا)، هەولێـر، ٩ی نیسـانی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٤٧ لـە ڕەوانـدز لـە دایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـەو شـارە تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ بڕوانامـەی پەیمانـگای مامۆسـتایان لـە شـاری سـلێمانی بەدەسـتدەهێنێت و لـە هەمـان سـاڵ لـە شـاری دهـۆك بـووە بـە مامۆسـتا و پەیوەنـدی بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـردووە، دوای نسـکۆی شـۆڕش ١٩٧٥ چووەتـە وڵاتـی ئێـران ولەوێشـەوە چووەتـە وڵاتـی هۆڵەنـدا، خاوەنـی چەندیـن بەرهـەم و وتـار و کتێبـە. ئێسـتا لـە هەولێـر دەژێـت.

(٥) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـەبریە مـام ئەحمـەد، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٦) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـینەم جـەلادەت بەدرخـان (سـینەم بەدرخـان)، هەولێـر، ١٨ی تشرینـی دووەمـی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٣٨ لـە دیمەشـق لەدایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە دیمەشـق تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٥٨ لـە کۆلێـژی یاسـا لـە زانکـۆی دیمەشـق وەردەگیرێـت بـۆ مـاوەی دوو سـاڵ

نەینـەوا (گوڵنـام مەحمـود، روناهـی عەبدولمەجیـد ئەتروشـی) بـە ئەنـدام دیاریکـران[1]، و لقـی خانەقیـن (پەرویـن عەلـی بیوکـی سـەرۆك، خەیریـە مسـتەفا جێگـر، قەدریـە حەسـەن، فەوزیـە محەمـەد عەلـی، پەرویـن ئەمیـن، لەیـلا فەیزوڵـڵا، ئەدیبـە شـاکر ئەنـدام)[2]. لـە کۆتایـی کۆنگرەکـەدا دەسـتەی بـاڵای یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دیارییـان پێشـکەش بـە سـەرجەم میوانـە بیانییـەکان کـرد کـە بریتـی بـوو لـە جلوبەرگـی کـوردی و نوێنەرانـی وڵاتانیـش دیارییـان پێشـکەش بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـرد[3]. لـە کارەکانـی ئـەم کۆنگرەیـە بڕیاریانـدا لێژنـەی تایبـەت ئامادە بکـەن سـەردانی بنەماڵـەی شـەهیدەکان و بنەماڵـەی زیندانیانـی سیاسـی بکـەن بەتایبەتـی ئەوانـەی لـە گرتووخانـەی ئەبـو غرێـب زیندانـی کرابـوون و هـاوکاری کەسـوکاریان بکـەن و ئـاگاداری ژیـان و گوزەرانیـان بـن[4].

سـەبارەت بـە چالاکییەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، دوای شۆڕشـی ١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ ئـەم ڕێکخـراوە لـە ڕێـگای ئاهەنگـە جەماوەرییـەکان بەشـدارییان لـە دەربڕینـی خۆشـی و شـادی قۆناغـی دوای شـۆڕش کـردووە، لـە شـاری هەولێـر لـە ٧ی تشرینـی دووەمـی ١٩٥٨ بـە دروشـمی (بـژی برایەتـی کـورد و عـەرەب، بـژی قارەمانـی

---

بـەردەوام دەبێـت، بـەڵام لـە سـاڵی١٩٦٠ هاوسـەرگیری دەکات لەگـەڵ نووسـەری کـورد سـەڵاحەدین محەمـەد سـەعدوڵا و دەسـتبەرداری خوێندنـی زانکـۆ دەبێـت و ڕوو لـە عێـراق دەکات، سـاڵی ١٩٧٢ دەبێتـە بەرپرسـی لقـی کەرکوکـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان تاوەکـو سـاڵی ١٩٧٤ بـەردەوام دەبێـت، ئێسـتا لـە هەولێـر دەژێـت.

(١) صبيحة ابراهيم صالح، المصدر السابق، ص١٨

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەرویـن عەلـی، هەولێـر، ٨ی ئـاداری٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ قەدریـە حەسـەن عەلـی، هەولێـر، ٩ی ئـاداری٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٠ لـە شـاری خانەقیـن لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیمانـگای پێگەیاندنـی مامۆسـتانی لـە هەولێـر تەواوکـردووە، سـاڵی ١٩٧٠ پەیوەنـدی کـردووە بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان، بەشـداری لـە کۆنگـرەی یەکـەم و دووەم و سـێیەمی ئـەو ڕێکخـراوەدا کـردووە، بـەردەوام بـووە تـا نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـول، سـاڵی ١٩٧٦ وەك مامۆسـتا لـە شـاری هەڵەبجـە دامـەزراوە، سـاڵی هەشـتاکان ڕاژەکـەی گواسـتۆتەوە بـۆ شـاری هەولێـر، ئێسـتا خانەنشـینە و لـە هەولێـر دەژێـت.

(٣) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (١١٤)، ١٩٧٢/٤/٢٩.

(٤) التاخی"الجريده"، ع (١١٢١)، ١٩٧٢/٨/٢٦.

ڕزگاركـەری كـورد و عـەرەب سـەرۆك عەبدولكەریـم قاسـم) ئافرەتـان ئاهەنگیـان گێـڕا[١]، بانگەشـەی ئافرەتانیـان بـۆ پشـتگیریكردن لـە كۆمـار دەكـرد، هەریـەك لـە (عائیشـە مسـتەفا، زەكیـە گۆمەشـینی، مەریـم سـەید حەسـەن، گوڵـی سـەید حەمـەد، هەیبـت حەمـەد ئەمیـن) چەنـد بانگەشـەیەكیان ئاراسـتەی ڕێكخـراوەكانی ئافرەتـان لـە جیهـان كـرد[٢]، هەروەهـا یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان هەوڵیانـداوە بـۆ دروسـتكردنی هەماهەنگـی لەگـەڵ ڕێكخراوەكانـی دیكـەی تایبـەت بـە ئافرەتـان لـە شـارەكانی كوردسـتان، هەوڵیانـداوە كـە بەشـداری ئـەو هەڵبژاردنـە ناوخۆییانـە بكـەن كـە لـە نـاو گـەڕەك و قوتابخانـەكان ئەنجام دەدران بـۆ ئـەوەی لـە نزیكـەوە ئـاگاداری ڕەوشی ئافرەتان بـن، بـۆ نموونـە لـە١٨ی حوزەیرانـی ١٩٥٩ لەگـەڵ ڕێكخـراوی بەرگـری لـە مافـی ئافرەتانـی عێـراق بەشـداری هەڵبژاردنـەكانی گەڕەكـەكان لـە قـەڵادزێ و قوتابخانـەی گوڵـزاری كچـان دەكـەن، توانیـان لەگەڕەكـی یەكـەم (٢) ئەنـدام، لـە گەڕەكـی دووەم (٢) ئەنـدام، لـە لێژنـەی ناوچـە (٣) ئەنـدام، بەدەسـت بهێنێـت[٣].

دوای دەسـتپێكردنی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٦١ ئـەم ڕێكخـراوە ڕۆڵێـكی دیـاری بینـی لـە وریاكردنـەوەی ئافرەتـانی كـورد كـە لـەم قۆناغـەدا لـە ئاسـت لێپرسراوێتـی خۆیانـدا بـن[٤]، لـە كانوونـی یەكەمـی ١٩٦١ یاداشـتێكیان بـۆ نەتـەوە یەكگرتـووەكان و ئـەو وڵاتانـەی كـە باڵیۆزیـان هەبـوو لـە عێـراق بەرزكردۆتـەوە و مافەكانـی كوردیـان بـۆ ئـەم قۆناغـە ڕوونكردۆتـەوە. كـە پێویسـتە ئـەو مافانـە لـە چوارچێـوەی كۆمـاری عێـراق دەسـتەبەر بكرێـن، لـە حوزەیرانـی ١٩٦٢ یاداشـتێكی تـر ئاراسـتەی ڕێكخراوەكانـی ئافرەتانـی جیهـان دەكـەن كـە تێیـدا بارودۆخـی ئافرەتانـی كـورد لـە كوردسـتان دەخەنـەڕوو، هەروەهـا ئـەو سیاسـەتەی حكومـەت بەرامبـەر كـورد ئەنجامـی دەدات وەك سـووتانی گونـدەكان و كێڵگـەكان و كوشـتنی هاوسـەر و منـداڵ و ئافرەتانـی كـورد[٥] هـەر لـە هەمـان سـاڵدا وەك ناڕەزاییـەك بـۆ سیاسـەتی

(١) پێشكەوتن"جریده"، ع (٣٤)، ١٥ تشرینی الثانی ١٩٥٨.

(٢) بۆ دەقی بانگەوازەكە بڕوانە: هەتاو"گۆڤار"، ژ (١٤٩)، ساڵ (٥)، ١٩٥٩/٢/١٥، ل٢٨.

(٣) خدیجة صابر، جوڵانەوەی ئافرەتان لە قەڵادزە، ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٦٠)، ساڵ (٣٤)، ١٩٥٩/٧/٢٣.

(٤) هاوكاری"ڕۆژنامە"، ژ (٨٠)، ١٩٧٣/١٢/٤.

(٥) درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٧.

حکومــەتی عەبدولکەریــم قاســم یاداشــتێکی جەماوەرییــان بــە ئیمــزای جەماوەرێــکی زۆر ئامادەکــردووە و ئاراســتەی یەکێتــی ئافرەتانــی عەرەبــی و ئیســلامییان کــردووە[١]، جێــگای ئاماژەیــە یەکێتــی ئافرەتــانی کوردســتان دوای دەســتپێکردنی شــۆڕش ڕۆڵێکــی گرنــگ و بەرچاویــان بینیــوە لــە ڕێکخســتنەکانی نــاو شــار، جگــە لــە داکۆکــی لــە مافــە ڕەواکانــی کــورد، لــە هاوکاریکــردن و خزمەتکردنــی شــۆڕش و پێشــمەرگە دریغیــان نەکــردووە[٢].

لە ئاداری ١٩٦٣ بەشداری ئەو کۆبوونەوەیە بوون کە لە کۆیە بە سەرۆکایەتی مستەفا بارزانی ئەنجام درا، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان نوێنەریان پێکهاتبوو لە (بەهیە مەعروف بەرزنجی، درەخشان جەلال حەفید، ئەنجوم زوهدی، نەجیبە مەلا محەمەد، سورەیا مەلا محەمەد)[٣].

دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بۆ ماوەی چوار ساڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان چالاکییەکانیان بەشێوەیەکی ئاشکرا ئەنجام دەدا[٤]، ئەو بارودۆخە پاڵنەرێك بوو بۆ ئەوەی بە شێوەیەکی کاریگەر ڕۆڵی خۆیان ببینن، لە ١٤ی ئەیلوولی ١٩٧٠ دەستەیەك لە ئەندامانی ئەم ڕێکخراوە بە مەبەستی وەرگرتنی مۆڵەتی فەرمی لە حکومەتی عێراق بۆ کردنەوەی بارەگاکانی ڕێکخراوەکە لەشار و شارۆچکەکانی کوردستان نووسراوێکیان ئاراستەی وەزارەتی ناوخۆ کرد[٥]، لە ١٨ی تشرینی یەکەم وەزارەتی ناوخۆ بە نووسراوی ژمارە (٢٤٠٦) بەشێوەیەکی فەرمی ڕێگەی بە ڕێکخراوەکەدا بارەگاکانی خۆیان لەو شوێن و جێگایانەی مەبەستیانە بکەنەوە و کار و چالاکییەکانی خۆیانی تێدا ئەنجامبدەن[٦]، بەو مەرجەی کە

(١) احمد عبدالعزيز محمود، اضاءات أنيسة عن المرأة الكردستانية، ط (١)، مطبعة الثقافة، اربيل، ٢٠١٩، ص١٢١.

(٢) ئازاد حەوێزی، ڕۆڵی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شۆڕشی ئەیلوول و گوڵاندا، دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ (٣٦)، کانوونی یەکەم ٢٠٠٠، ل٢١.

(٣) بەهییە مەعروف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٣٨.

(٤) ئاری فاروق نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٨٠.

(٥) درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل٥٢.

(٦) التاخی"جریدە"، ع (٥٧٢)، ١٩٧٠/١٠/١٩؛ هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (٤٢)، ١٠/٢٤/ ١٩٧٠.

ئـەو ڕێکخـراوە ببێتـە ئەنـدام لـە یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق[١] ئەمـەش وەك بەجێگەیاندنـی بڕگـەی (٥) لـە بەیاننامـەی ١١ی ئـادار[٢]، بەمجـۆرە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کار و چالاکییـان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا دەسـتپێکردەوە[٣].

سـەبارەت بـە ڕۆڵ و پێگـەی ئافرەتـان مسـتەفا بارزانـی سـەرۆکی پـارتی دیموکـراتی کوردسـتان لـە میـانی گفتوگـۆکانی لـە کۆبوونەوەیەکـدا لـە کۆشـکی ئاشـتی لـە ناوچـەی ناوپـردان لەگـەڵ هـەر یـەك لـە نـەوال حلمـی سـەرۆکی یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق و زەکیـە ئیسـماعیل حەقـی سـەرۆکی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دەڵێـت:"... **ئافـرەت بەشـێکی گرنگـە لـە کۆمـەڵ و ئەرکێکـی گـەورەی لەسـەرە بـۆ بەرگەگرتنـی لێپرسـینەوە و کارێکـی گـەورە ئەکاتـە سـەر خوڵقاندنـی نەوەیەکـی وریـا بـۆ وەسـتان بـەڕووی هـەر هەوڵێکـی نـاڕەوادا کـە مەبەسـتی زیـان گەیانـدن بێـت بـە دەسـکەوتەکانی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار"**[٤].

چالاکییـەکانی یەکێتـی ئافرەتـان بـوارە جۆربەجـۆرەکانی گرتۆتـەوە بـۆ نموونـە لقـی سـلێمانی لـە ٢٠-٣٠ی تشرینـی یەکەمـی ١٩٧٠ هـەر لـە چوارچێـوەی ئاهەنگەکانـدا بـە بۆنـەی بەیاننامـەی ١١ی ئـادار ئاهەنگێکـی هونـەری گـەورە دەگێڕێـت[٥]، ئاهەنگەکـە بـە وتـاری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان دەسـت پێـدەکات کـە لەلایـەن پاکیـزە جـەلال دەخوێندرێتـەوە[٦]. لـەو ئاهەنگـەدا شـانۆگەریەك لـە ژێـر ناونیشـانی (قڵیشـایەوە) لـە

---

(١) برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (١)، ساڵ (١)، خول (٢)، ١٩٧٠/٦/١.

(٢) لـە برگـەی (٥)ی بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠دا هاتـووە: یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـە ئەنـدام دادەنرێـت لـە یەکێتـی گشـتی ئافرەتانـی عێـراق لەگـەڵ پاراسـتنی سـەربەخۆیی خـۆی. بڕوانـە: هاوکاری"ڕۆژنامـە"، ژ (٤٢)، ١٩٧٠/١٠/٢٤.

(٣) حسن درویش، حوار مع السیدة زکیة اسماعیل حقی، التاخی"جریدە"، ع (٤٣٤)، ١٢ أیار ١٩٧٠.

(٤) هاوکاری "ڕۆژنامە"، ژ (٢٢)، ساڵ (٢)، لە ٣ی تەمموزی ١٩٧١.

(٥) یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە سـلێمانی و چیرۆکـی تەمسیلی قڵیشـایەوە، هاوکاری"ڕۆژنامـە"، ژ (٣٩)، ١٩٧٠/١٠/٣.

(٦) بـۆ دەقـی وتارەکـە، بڕوانـە: مومتـاز حەیـدەری، یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان (لقـی سـلێمانی) بـۆ مـاوەی (١٠) ڕۆژ ئاهەنـگ دەگێڕێـت، هـاوکاری "ڕۆژنامـە"، ژ (٤٣)، ١٩٧٠/١٠/٣١.

نووسینی کاوێس زەنگەنە دەرهێنانی سمکۆ عەزیز پێشکەش دەکرێت[١]، ناوەڕۆکی ئەم شانۆگەرییە قارەمانێتی میللەتی کورد دەردەخات، لە ئازایەتی پێشمەرگەکانی کوردستان و ڕۆژە ڕەشەکانی هێرش و ڕاونان و هەڵویستی دوژمنانی کورد دەخاتە پێش چاو[٢]، هەروەها لقی سلێمانی ئەم ڕێکخراوە بڕیاریاندا کە چالاکییەکان بەردەوامی هەبێت لە هەریەك لە لقەکانی ڕانیە، پینجوێن، قەڵادزە، هەڵەبجە[٣].

بەبۆنەی تێپەڕبوونی ساڵێك بەسەر ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئادار، یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لقی بەغدا لە ٢٢ی ئاداری ١٩٧١بە ئامادەبوونی زەکیە ئیسماعیل حەقی سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، پەیمان مەعروف سەرۆکی لقی بەغدا، سوهام ئیبراهیم سکرتێری لقی بەغدا، فەوزیە موراد، زەهرە موراد[٤]، لەبارەگای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە شەقامی کیفاح لە شاری بەغدا بە ئامادەبوونی حەبیب محەمەد کەریم سکرتێری پارتی دیموکراتی کوردستان و ساڵح یوسفی ئەندامی مەکتەبی سیاسی و ژمارەیەك لە ئەندامانی لقی پێنج و نوێنەرانی یەکێتی ئافرەتانی گشتی عێراق لەگەڵ ژمارەیەك لە میوانان بەشداری دەکەن لە ڤیستیڤالێکی جەماوەری فراوان کە تیایدا چەندین چالاکی جۆراوجۆر ئەنجام دەدەن[٥]، و دیاری بەسەر خێزانی شەهیدانی کوردستان دابەش دەکەن[٦] هەر بەو بۆنەیەوە هەریەك لە سعدیە رشدی سەرپەرشتیاری کاروباری کارگێری لقی بەغدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، فائزە نورەڵلا ئەندامی لێژنەی بەڕێوەبردنی کاروباری لقی دهۆك، زەهرە موراد، فەخرییە حەیدەری ئەندامانی لێژنەی باڵا، عەتیە ئەحمەد بەناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە ئەوەیان ڕاگەیاندووە کە ئافرەتان

---

(١) یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لە سلێمانی و چیرۆکی تەمسیلی قلّیشایەوە، هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (٣٩)، ١٩٧٠/١٠/٣.

(٢) التحاد نساء کردستان یحیي الذکری الخامسة والعشرین لتأسیس الاتحاد النساء الدیمقراطی العالمی، التاخی"جریدە"، ع (٦٠٢)، ١٩٧٠/١١/٢٨.

(٣) التاخی"جریدە"، ع (٧٠٥)، ١٩٧١/٤/١٠.

(٤) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (٩)، ١٩٧١/٣/١٣.

(٥) التحاد نساء کردستان یحتفل بالذکری لبیان السلام، التاخی"جریدە"، ع (٦٨٣)، ١٩٧١/٣/١٤.

(٦) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (٩)، ١٩٧١/٣/١٣.

مافی ئەوەیان هەیە شانبەشانی پیاوان لە کاروباری سیاسی و کۆمەڵایەتی دا بەشداربن و لە کارگە و دەزگاکانی تردا ئیش بکەن[١]. هەر لە چوارچێوەی بەردەوامی کارو چالاکییەکاندا دواتر کوردستان عەلی عەبدولعەزیز سەرۆکی لقی بەغدای یەکێتی ئافرەتانی کوردستان ئاماژەی بەوەکرد لە مەڵبەندی گشتی و لقی بەغدا چەندەها کۆڕ و خولی ڕۆشنبیری پێکهێناوە دەربارەی یەکێتی و ئامانجەکانی و کاروانی خەباتی گەلەکەمان و هەموو ڕۆژانی پێنج شەممە لە بارەگای گشتی یەکێتی ئافرەتان کۆڕی تایبەت بۆ بابەتە هەمەجۆرەکان دەبەسترا کە پەیوەندی بە ئافرەتی کوردەوە هەبوو، بۆ نموونە دکتۆر مارف خەزنەدار یەکێك بووە لەو کەسانەی دەربارەی ئافرەت لە ئەدەبی کوردیدا کۆڕێکی ساز کردووە[٢].

لقی هەولێری یەکێتی ئافرەتان لە ڕێگای پێکهێنانی چەند لێژنەیەکی تایبەتەوە چالاکییەکانی لە سنووری خۆیدا بە کردنەوەی چەند خولێك دەستی پێکردووە، وەك خولی دوورمان بەسەرپەرشتی جەمیلە ئیبراهیم و لێژنەی تەندروستی بەسەرپەرشتی بەدیعە بەهائەدین و خولی فریاکەوتنی سەرەتایی بەسەرپەرشتی د. ئامینە مەحمود و خولی نەهێشتنی نەخوێندەواری و فێربوونی زمانی کوردی بەسەرپەرشتی پەروین یەعقوبی، ساهیرە نەقشبەندی[٣] و کردنەوەی بازاڕی خێرخوازی بەهاوکاری دام و دەزگا فەرمییەکان و پێشکەشکردنی خزمەتگوزاری گشتی بۆ سەنتەرەکانی دایکان و منداڵبوون، هەروەها کردنەوەی بنکەی بەخشینی خوێن لەشارەکەدا[٤] و پێشکەشکردنی پارچە لە جلوبەرگی ئامادەکراو بۆ منداڵانی شەهیدان[٥]. هەروەها بەبۆنەی جەژنی قوربانەوە لقی هەولێر لە ٦ی شوباتی ١٩٧١ ئاهەنگێکی گەورە لە هۆڵی گەل بە ئامادەبوونی هەریەك لە حەبیب محەمەد کەریم، عەزیز عەقراوی،

(١) هاوکاری"ڕۆژنامە"، ژ (١٩)، ١٩٧١/٥/٢٢.

(٢) کوردستان عەلی عەبدولعەزیز، لەیادی ٢١ ساڵەی دامەزراندنی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هاوکاری"ڕۆژنامە" ژ (٨٠)، ١٤-١٢-١٩٧٣

(٣) التاخی"جریدە"، ع (٧٠٥)، ١٩٧١/٤/١٠.

(٤) التاخی"جریدە"، ع (٥١٨)، ١٩٧٠/٨/٢٢.

(٥) التاخی"جریدە"، ع (٧٠٥)، ١٩٧١/٤/١٠.

عەبدالوەهــاب ئەتروشــی پارێــزگاری هەولێــر، زەکیــە ئیســماعیل حەقــی ســەرۆکی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و ژمارەیــەك لــە بەرپرســانی حزبــی و حکومــی[1] لەژێــر دروشــمی **"یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان لقــی هەولێــر جەژنــە پیــرۆزە لــە هەمــوو دڵســۆزانی وڵات ئــەکات، بــژی کۆمــاری عێــراق کۆمــاری کــوردو عــەرەب ســەرۆکەکەی ئەحمــەد حەســەن بەکــر، بــژی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان بــە ســەرۆکایەتی مســتەفا بارزانــی"** ســازکرد[2]، وتــاری یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان لەلایــەن ناجیــە شــەرەف دەخوێندرێتــەوە و پاشــان چیرۆکــی شــانۆگەری مەســەلەی (شــەرەف) لــە لایــەن تیپــی هونــەری هەولێــر لەنووســینی د. عبدالجبــار ولــی، دەرهێنانــی هونەرمەنــد صبــاح عبدالرحمــن، قارەمانــی چیــرۆك صابــر عبدالرحمــن پێشــکەش دەکرێــت[3]. ئــەم لقــە بــەردەوام بــوون لــە کارو چالاکییەکانیــان لــە ڕێگــەی ئەنجامدانــی کــۆری ئافرەتــان هــەروەك صبحیــە طاهــر ســەرۆکی لقــی هەولێــر داوا لــە ئافرەتــان دەکات کــە بەشــداری لــە بنکەکانــی نەهێشــتنی نەخوێندەواریــدا بکــەن[4] هەروەهــا چالاکییــەکان لــە شــەقڵاوە، ڕەوانــدز، عینــکاوە، کۆیــە، حەریــر ئەنجــام بدرێــت[5].

ســەبارەت بــە لقــی دهــۆك بەهەمانشــێوە چەندیــن چالاکــی جۆراوجۆریــان ئەنجامــداوە وەك کردنــەوەی خولــی فێربوونــی دوورمــان بــە سەرپەرشــتی هەنــا جــەلال و لێژنــەی خەتەنەکردنــی منــداڵان بەسەرپەرشــتی ابســتام انــوەر، خولــی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری بەسەرپەرشــتی فەزیلــە بولــص، کــە لــە بــواری نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری ڕۆڵێکــی دیــاری هەبــوو، هەروەهــا کردنــەوەی بــازاری خێرخــوازی[6]، لقــی دهــۆك لــە ٢ی حوزەیرانــی ١٩٧١ بــە مەبەســتی نەهێشــتنی بێــکاری و ڕەخســاندنی دەرفــەت بــۆ کارکردنــی ئافرەتــان داواکارییەکــی پێشــکەش بــە وەزارەتــی ئاوەدانکردنــەوەی

(١) التاخی"جریده"، ع (٦٦٦)، ١٩٧١/٢/٢٠.

(٢) هاوکاری"ڕۆژنامه"، ژ (٦)، ١٩٧١/٢/٢٠.

(٣) هاوکاری"ڕۆژنامه"، ژ (٤)، ١٩٧١/١/٣٠.

(٤) برایەتی "ڕۆژنامه"، ژ (١٤)، ١٩٧٤/١/٢٣.

(٥) التاخی"جریده"، ع (٧٠٥)، ١٩٧١/٤/١٠.

(٦) التاخی"جریده" العدد (٧١٧)، السبت، ١٩٧١/٤/٢٤.

باکـوور و یەکێتـی ئافرەتانـی عێـراق دەکات بەمەبەسـتی وەرگرتنـی ڕەزامەنـدی لەسـەر کردنـەوەی پـرۆژەی کارگەیـەك لـە شـاری دهـۆك بـۆ وەبەرهەمهێنانـی میـوە و بـە بازارکردنـی بەرهەمـەکان[1].

هـەر لـە چوارچێـوەی کارو چالاکییـەکانی یەکێتـی ئافرەتـانی کوردسـتان لقـی خانەقیـن هەڵسـا بـە کردنـەوەی خولـی فێربوونـی دوورمـان لـە ڕێکەوتـی ١ی نیسـانی ١٩٧١ بـە بەشـداریکردنی (٢٧) ئافـرەت، بەسەرپەرشـتی فائیـزە حوسـێن و سـوعاد عەبدولـڕەزاق وەك کارگێـڕی خولەکـە بەشـداربوون، هەروەهـا کردنـەوەی خولـی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری بـە هـاوکاری یەکێتـی مامۆسـتایانی کوردسـتان و لێژنـەی تەندروسـتی بەسەرپەرشـتی قەدریـە حەسـەن و کردنـەوەی نۆڕینگـەی میللـی تایبـەت بـە ئافرەتـان و ئەندامانـی یەکێتـی ئافرەتـان، کردنـەوەی قوتابخانـەی کـوردی بـۆ کچـان لـە خانەقیـن، چونکـە تـا ئـەوکات ئـەو شـارە قوتابخانـەی ناوەنـدی کـوردی تایبـەت بـە کچانـی لـێ نەبـووە، تەنیـا یـەك قوتابخانـەی ناوەنـدی کچانـی بـە زمـانی عەرەبـی تێـدا بـوو[2].

لقـی کەرکـوك لـە ئەنجامدانـی چەندیـن چالاکـی جـۆراو جـۆر ڕۆڵی دیـاری بینیـوە وەك کردنـەوەی خولـی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری و کردنـەوەی خولـی فێربوونـی دوورمـان و خولـی تەندروسـتی، دابەشـکردنی ئازوقـە و خواردەمەنـی و شـیرینی و کەلوپـەل بەسـەر خێزانـی شـەهیدان و هـەژاران و دابەشـکردنی دیـاری بەسـەر منداڵانـی نەخـۆش لـە نەخۆشـخانەی چاودێـری منـداڵ و کردنـەوەی چەنـد قوتابخانەیەکـی کچـان لەشـاری کەرکـوك بەنـاوی ئافرەتـە ناودارەکانـی کـورد وەك قوتابخانـەکانی (عادیلـە خانـم، قـەدەم خێـر، خانـزاد، نەغـەدە)[3]. سـینەم بەدرخـان سـەرۆکی لـق دەربـارەی چالاکییـەکانی لقـی کەرکـوك دەڵێـت:" **... لقـی کەرکـوك نزیکـەی سـاڵێك دەبێـت دەسـتی کـردووە بـە کردنـەوەی خولـی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری کـە بەشـداربووان دوای بـەردەوام بوونیـان لـە خوولەکـە بـۆ مـاوەی ١٨ مانـگ ڕاسـتەوخۆ لـە پۆلـی ٥ی سـەرەتایی وەردەگیرێـن لـە قوتابخانەکانـدا، لەگـەڵ خوولـی چنیـن و چـاپ کـردن و هـەر مانگێـك**

(١) صبيحة ابراهيم صالح، المصدر السابق، ص١٧؛ التاخى"جريده"، ع (٧٤٥)، ١٩٧١/٥/٢٩.

(٢) التاخى"جريده"، ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٣) التاخى"جريده"، ع (٩٧٤)، ١٩٧٢/٣/٤.

**٢ کـۆڕی ڕۆشـنبیری ئەگێـڕن کـە ئەندامانـی لقـی کەرکـوك بەشـداری تێـدا ئەکـەن بەمەبەسـتی پێشخسـتنی ئافرەتـان لـە ڕووی زانیـاری و ڕۆشـنبیرییەوە بەبیروبـاوەڕی کوردایەتـی و خەبـات و ڕاسـتی لـە پێنـاوی هێنانـەدی ئامانجەکانـی ڕێکخراوەکـەدا لـە ژێـر ئـاڵای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و پێشـەوا بارزانـی"**[١].

هاوشـانی چالاکییـە سیاسـییەکان گرنگیـان داوە بـە چالاکییەکانـی زانسـتی و ڕۆشـنبیری و هونـەری و وەرزش و بەهرەمەنـدی، کـە لـە ڕێگـەی کـۆڕ و کۆبوونـەوە و خولەکانـی پێگەیانـدن لـە شـارەکان و ناوچـە جۆراوجۆرەکانـی کوردسـتان ئەنجامـدراوە و تیشـکیان خسـتۆتە سـەر ئـەم لایەنانـە و گرنگـی و بایەخـی ئـەم بابەتانەیـان خسـتۆتەڕوو[٢]. بـەڵام بە هـۆی ڕووداوە سیاسـییەکان دوای سـاڵی ١٩٧٥ تاوەکـو ١٩٧٩ کارو چالاکییەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـە هـۆی نالەبـاری بارودۆخـی سیاسـی لـە باشـووری کوردسـتان سڕ دەبێـت[٣]. دواتریـش لـە سـاڵانی ١٩٨٠-١٩٨٨ بەردەوامـی دەبێـت بـەڵام دوای وەسـتانی جەنگـی عێـراق و ئێـران لـە ٨ی ئـابی ١٩٨٨ تاوەکـو ڕاپەرینـی بەهـاری ١٩٩١ی باشـووری کوردسـتان چالاکییـەکان زۆر کـەم دەبـن.

---

(١) برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (٦٣)، ١٩٧٣/٨/١٠.

(٢) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی ئـەم جـۆرە چالاکییانـە بڕوانـە: التاخی"الجریـدە"، ع (١١٢١)، ١٩٧٢/٨/٢٦.

(٣) مەهاباد قەرەداغی، ئافرەتیزم، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٧.

## ٢- کۆمەڵـەی بەرگـری لـە مافـی ئافرەتانـی عێـراق (رابطـة الدفـاع عـن حقـوق المـرأة العراقيـة)

دوای شۆڕشــی ١٤ی تەممــووز گۆڕەپانــی سیاســی عێــراق وەرچەرخانێکــی مێژوویــی بەخۆیــەوە بینــی، کــە ئەمــەش بــووە هاندەرێــك بــۆ ئــەو ڕێکخراوانــەی کــە بەشــێوەیەکی نهێنــی لەســەردەمی پاشــایەتی دامــەزرا بــوون خۆیــان بەشــێوەیەکی ئاشــکرا ڕابگەیەنــن و چالاکییەکانیــان بــە ئاشــکرا ئەنجــام بــدەن.

کۆمەڵــەی بەرگــری لــە مافــی ئافرەتانــی عێــراق یەکێکــە لــەو کۆمەڵانــەی کــە لــە دوای شــۆڕش چالاکییــەکانی بــە شــێوەیەکی ئاشــکرا لــە عێــراق ئەنجــام دەدا، ســەرۆکی کۆمەڵــە (نزيهــة الدليمــی) دوای ســەرکەوتنی شــۆڕش بروســکەیەکی پیرۆزبایــی ئاراســتەی ســەرکردایەتی شــۆڕش کــرد کــە تێیــدا دەڵێــت:"**... ئەندامانــی ئەنجوومەنــی ســەرکردایەتی لــە کۆمــاری عێــراق، لێژنــەی بــاڵای کۆمەڵــەی بەرگــری لــە مافــەکانی ئافرەتــان کــە نوێنەرایەتــی ئافرەتانــی کــورد و عــەرەب دەکات، کــە لــە دامەزراندنییــەوە تێکۆشــاون بــە ئازایەتــی و هێمنــی دژی ئیمپریالیــزم کــە ئەمــەش هۆکارێــك بــووە بــۆ ئافرەتــان کــە هاوســەر و کوڕەکانیــان بخرێنــە بەندیخانەکانــەوە و دەرگای زانســتیان بــەڕوودا دابخرێــت، و بەخوێنــمان پارێــزگاری لــە کۆمــار و و نیشــتیمانە ســاواکەمان دەکەیــن**"[1].

دوای ڕاگەیاندنــی دەســتووری کاتــی عێــراق لــە ٢٧ی تەممــووزی ١٩٥٨ لــە مــاددەی (١١) داکــۆکی لــە مافــەکانی ئافرەتــان دەکات و دەبێتــە بنەمایــەك بــۆ یاســاکانی دواتــر کــە دەربــارەی مــافی ئافرەتــان دەردەچێــت کــە تێیــدا هاتــووە: "**خێــزان ناوکــی کۆمەڵگایــە، دەوڵەتیــش گەرەنتــی پاراســتن و پاڵپشــتی دەکات و گرنگــی بــە دایکایەتــی منــداڵ دەدات**"[2]. کۆمەڵــەی ئافرەتــان لــە چوارچێــوەی یاســای پــارت و ڕێکخــراوەکان کــە بــە شــێوەیەکی فەرمــی لەلایــەن وەزارەتی ناوخــۆ ڕێــگای پێــدرا، بــارەگای کۆمەڵــە لــە ناوچــەی وەزیرییــە لــە بەغــدا بەنــاوی (یەکێتــی ئافرەتانــی عێراق-اتحــاد النســاء العــراق)

(١) الاخبار"جريدة"، ع (٥٢١٨)، ١٩٥٨/٩/٩.

(٢) الوقائع العراقيه"جريدة"، ع (٢)، ١٩٥٨/٧/٢٨.

کرایـەوە[1]. دەسـتەی کارگێـڕی هەڵبژێردرایـەوە و لـە (٨) ئەنـدام پێکهـات و یەکێـك لـە ئەندامـانی ئافرەتێـکی کـورد بـوو بـە نـاوی (مجبـل ئەدیـب بابـان). (١٧) لقـی کۆمەڵـە لـە شـار و قەزاکانـی عێـراق کرایـەوە[2]، سـەبارەت بـە ناوچـەکانی کوردسـتان لقـی کۆمەڵـە لـە شـارەکانی هەولێـر، کەرکـوك، سـلێمانی، ناوچەکانـی بادینـان (دهـوك)، مووسـڵ کرایـەوە. نزیهـە دلیمـی سـەرۆکی کۆمەڵـە دەربـارەی لقـی کەرکـوك دەڵێـت: **"...لـە جوانتریـن ئـەو دیمەنانـەی کـە لـە ئەنجامـی گەشـتەکەمان بـۆ هـەر چـوار لیواکـەی باکـوور (هەولێـر، سـلێمانی، کەرکـوك، موسـڵ) بینیـمان بریتـی بـوو لەیەکڕیـزی ئافرەتانـی عێـراق لـە نـاو ڕێکخراوەکەمـان لەشـاری کەرکـوك کـە تورکمانـەکان لەگـەڵ کـوردەکان و عەرەبـەکان بەیـەك دەسـت کاریـان دەکـرد بـۆ بەرزکردنـەوەی ئاسـتی ئافرەتانـی عێـراق کـە ئەمـەش لێدانێکی کوشـندە بـوو لـە ئیسـتعمار و ئیمپریالیـزم و پڕوپاگەندەکانـی لێکـترازان و تێکدانـی یەکڕیـزی"**[3]. جێـگای ئاماژەیـە یەکێـك لـە ئامانجـەکانی ئـەو قۆناغـەی کۆمەڵـە بریتـی بـوو لـە قوڵکردنـەوەی هەسـتی نیشـتیمانی لـە نێـو ئافرەتانـدا و لـەم بـوارەش مجبـل ئەدیـب بابـان ڕۆڵێکـی دیـاری و گرنگـی بینیـوە[4].

سـەبارەت بـە لقـەکانی کۆمەڵـە لـە کوردسـتان، لقـی هەولێـر پێـش ئـەوەی مۆڵەتـی یاسـایی وەربگـرن لـە ٢٥ی تەممـووز ١٩٥٨ کرایـەوە[5]، لـە ماوەیەکـی کورتـدا ژمـارەی ئەندامەکانـی لـە نـاو هەولێـر و دەوروبـەری گەیشـتە ئاسـتێکی بـەرز لـە دیارتریـن ئەندامـەکانی (سـاکینە سـلێمان) بـە سـەرۆکی لقـی هەولێـر هەڵبژێـردرا و هەریـەك لـە (فەتحیـە محەمـەد مصطفـی، فیروزخـان، نەجیبـە خەلیـل ئیبراهیـم، شـوکریە حەمـەد ئەمیـن، سـامیە شـاکر صـادق، نەسریـن عومـەر، سـەبیحە عومـەر، سـاکینە عوسـمان، عەتیـە مەزهـەر) بـە ئەندامـی لـق هەڵبژێـردران[6]. و چەندیـن چـالاکی جۆراوجۆریـان

(١) ثمینە ناجی یوسف، نزار خالد، سلام عادل سیرة مناضل، دار المدى للطباعة والنشر، ج (٢)، ص٢٢٥.

(٢) ذكرى عادل عبدالقادر، المصدر السابق، ص١٥٢.

(٣) الزمان"جريدة"، ع (١٣٥٧)، ١٩٥٨/٦/٤.

(٤) ذكرى عادل عبدالقادر، المصدر السابق، ص١٥٣.

(٥) موفـق خلـف غانـم، نزيهـە الدليمـی ودورهـا فـی الحركـة الوطنيـة والسياسـية العراقيـة، ط (١)، دار الـرواد المزدهـرة، بغـداد ٢٠١٤، ص٦٤.

(٦) مهدی محمد قادر، دور المراة ....، ص١٩.

ئەنجامدا بە تایبەتی کردنەوەی خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری بۆ ئەو ئافرەتانەی کە نەخوێندەوار بوون[١] هەریەك لە (نەجیبە خەلیل ئیبراهیم، سامیە شاکر صادق، شوکریە حەمەدئەمین عەلی، خیریە نادر) وانەیان تێدا دەوتەوە[٢]. خولی دوورمان بۆ گەنجەکان کرایەوە و چەندین ئافرەت لە کارگەکان دامەزران، لە ڕێگای گرووپە تایبەتەکانیشەوە کۆمەڵە هەوڵی چارەسەرکردنی کێشە کۆمەڵایەتییەکانیان دەدا بە تایبەتی کێشەکانی خێزان[٣]. هەروەها کردنەوەی چەند بنکەیەکی تەندروستی تایبەت بە ئافرەتانی دووگیان و منداڵان لە ناو شار و قەزا و ناحیەکان تەنانەت هەندێك لە گوندەکانیش بەشێوەی گەڕۆك سەردانیان دەکردن[٤]. ئافرەتانی هەولێر لە بواری ڕۆشنبیریدا ڕۆڵی بەرچاویان بینیوە بەتایبەتی لە بابەتی سیاسی و کۆمەڵایەتیدا، گۆڤاری هەتاو کە لە شاری هەولێر دەردەچوو یەکێکە لەو گۆڤارانەی کە بواری بۆ ئافرەتانی ئەو شارە ڕەخساند بۆ بڵاوکردنەوەی بابەتەکانیان، چەند ئافرەتێك نووسینیان لەو گۆڤارە بڵاوکردۆتەوە یەکێك لەوانە (سەبری محەمەد) کە باس لە کێشەکانی ئافرەتان دەکات و داوا دەکات بوار بڕەخسێت بۆ ئافرەتان و بەشداری لە ژیانی پەرلەمانی بکەن هەروەك لە بەشێکیدا نووسیویەتی: «پەروەردەکردنی ئافرەتیش بەهۆی بڵاوکردنەوەی زانیارییەوە کە ئەبێت فێر بکرێن کە چۆن منداڵ بەخێو و پەروەردە بکەن، ئەبێ هاوبەش بن لە پەرلەمان و زۆر قوتابخانەی بەرز هەن کە هێشتا ئافرەت ناتوانن بچنە ناو ئەو قوتابخانانە«[٥]. هەروەها ئەدیبە عەلی یەکێکە لەو ئافرەتانەی لە هەمان گۆڤاردا چەند بابەتێك

(١) سامیە شاکر (مەشخەڵ) سێ بێ بەستەپیازە بەغدا بەرلین، هەولێر، ٢٠١٩، ل٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نەجیبە خەلیل ئیبراهیم هەولێر، ٩ی ئاداری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٣٨ لە هەولێر لەدایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە هەولێر تەواوکردووە، ساڵی ١٩٥٨ پەیوەندی بە حزبی شیوعی و ڕێکخراوی کۆمەڵی بەرگری لە مافی ئافرەتان کردووە ، وەك مامۆستا لە خولەکانی نەهێشتنی نەخوێندەواری لەو ڕێکخراوە کار و چالاکی ئەنجامداوە، ئێستا لە شاری هەولێر دەژێت.

(٣) سامیە شاکر سادق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٢.

(٤) مهدی محمد قادر، دور المراة ...، ص٢٠.

(٥) هەتاو"گۆڤار"، ژ(١١٥)، ١٩٥٧/١١/٣٠، ل٥ـ ٨ .

دەربـاری (پێداویسـتییەکانی ئافرەتـان چیـن بـۆ پێشـکەوتن) بـڵاو دەکاتـەوە[1].

سـەبارەت بـە لقـی سـلێمانی کۆمەڵـەی ئافرەتـان هـەر لـە سـەرەتادا هەڵوێسـتێکی پشـتگیری و پاراسـتنی دەسـتکەوتەکانی شـۆڕشی هەبـووە، لـە یەکـەم هەڵوێسـتیدا بروسـکەیەکی ناڕەزاییـان ئاراسـتەی (داك همرشـولد ـdag hammershold) (ئەمینـداری گشـتی نەتـەوە یەکگرتـووەکان) کـرد، سـەبارەت بـە جموجـوڵ و چالاکییەکانـی هێزەکانـی ئەمریـکا و بەریتانیـا لـە ئـوردن و لوبنـان دژی ڕوودانی شـۆڕش لـە عێـراق[2]. هەروەهـا ڤیسـتیڤاڵێکی دەربـارەی دەسـتکەوتەکانی شۆڕشـی ١٤ی تەممـووز ڕێکخسـت، هـەر لـەو کاتەشـدا لقـی سـلێمانی کۆمەڵـە داوای کـرد کـە ئافرەتـان پەیوەنـدی بـە تیپەکانـی بەرگـری میللـی بکـەن[3]. لـە ١٢ی ئایـاری ١٩٥٩ لـە کۆبوونـەوەی دەسـتەی کارگێـڕی لـق بڕیـاری دامەزرانـدنی چەنـد لێژنەیـەك درا بـۆ جێبەجـێ کـردنی ئەرکـەکانی کۆمەڵـە و هـەر لێژنەیـەك چەنـد ئەندامێـکی بـۆ دیاریکـرا لەوانـە، لێژنـەی بەرگـری میللـی پێکهاتبـوو لـە (منیـرە رشـید، زکیـە بابـان، نەزیـرە رشـید، نجیبـە اسـعد)، لێژنـەی ئاشـتیخوازان پێکهاتبـوون لـە (حـلاوە شـێخ لەتیـف ڕێکخـەری لێژنـە، پەرویـن احمـد، ژیـان سـعید، نجیبـە مسـتەفا، ئامینـە قـادر، نەزیـرە توفیـق، وهیبـە سـلمان، پەخشـان عـارف، فاطمـە قـادر سـلیم، حـلاوە عبداللـە، ملیحـە صالـح)، و لێژنـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری پێکهاتبـوون لـە (فاطمـە قـادر ڕێکخـەری لێژنـە، منیـرە مصطفـی، گزیـزە عـارف، ناجیـە مجیـد، عطیـە عبداللـە، صبریـە سـعید، فاطمـە عبداللـە، نجیبـە صدقـی، سـعدیە عبدالرحمـن، نەزیـرە احمـد، ملیحە کریـم، شـمە فقـی، زەکیـە صالـح، ناجیـە رشـید، نەزیـرە عـارف، پەخشـان عـارف، نهایـە مصطفـی، گلاویـژ عزیـز، نەزیـرە مصطفـی، شـوقیة احمـد، نجیبـە مجیـد، ملیحـە زهـدی، نسریـن قـادر، نەزیـرە علـی، ملیحـە صالـح، رافـدە نشـات، وهبیـة سـلمان، کافیە رفعـت)[4]، و لێژنـەی کێشـەکانی ئافرەتـان پێکهاتبـوون لـە (ئامینـە محمـد ڕێکخـەری لێژنـە، بدیعـە علـی، نەزیـرە مجیـد، زەکیـە بابـان، منیـرە رشـید، کافیـة رفعـت، حنـان الجبـوری، لێژنـەی

(١) بڕوانە دەقی وتارەکە لە: هەتاو"گۆڤار"،ژ(١٠٧)، ١٩٥٧/٧/١٠، ل٤ ـ ٥.

(٢) البلاد"جریدة"، ع (٥٢٥٠)، ١٩٥٨/٨/٢.

(٣) نـوری عبدالحمیـد العانـی واخـرون، تاریـخ الـوزارت العراقیـة فـی العهـد الجمهـوری، ط (١)، بیـت الحکمـة، بغـداد، ٢٠٠٠، ج (١)، ص١٥٠.

(٤) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٤٦)، ساڵ (٣٤)، ١٩٥٩/٥/١٨.

كۆكردنـه‌وه‌ی داهـات و به‌خشـینه‌كان پێكهاتبـون لـه (نهایـة مصطفـی ڕێكخـه‌ری لێژنـه، شمسـة فقـی، نسریـن علـی، سـعاد محمـد، ناهیـده رشـید، بهیـة احمـد قـادر، دره‌خشـان شریـف، سـعاد بهنـام، سـلطانه الیـاس، لێژنـه‌ی نووسـین و بڵاوكردنـه‌وه‌كان پێكهاتبـون لـه (ئامینـه محمـد ڕێكخـه‌ری لێژنـه، ئامینـة زیـور، په‌خشـان امیـن، شـوقیة احمـد، نجیبـة مجیـد، حنـان الجبـوری، لێژنـه‌ی كاروبـاری كۆمه‌ڵایه‌تـی پێكهاتبـوون لـه (گه‌لاویـژ عبدالخالـق ڕێكخـه‌ری لێژنـه، پاكیـزه صـبری، گه‌لاوێـژ عزیـز، امیـره جمیـل، په‌خشـان ره‌ئـوف، ناهیـده رشـید، صبیحـه احمـد، منیره‌صالـح، خانـم غفـور، سـلطانة الیـاس، حنـان الجبـوری، ملیحـه كریـم، شـمة فقـی، ئامینـه زیـوه‌ر، لێژنـه‌ی دایـكان و منـداڵان پێكهاتبـون له‌خانـم غفـور ڕێكخـه‌ری لێژنـه، ناجیـة عزیـز، خانـم محمـد، منیـره مصطفـی، گه‌لاوێـژ عبدالخالـق، فاطمـه قـادر، گه‌لاویـژ مصطفـی[1].

هـه‌ر لـه درێـژه‌ی چالاكییـه‌كانی لقـی سـلێمانی لـه ١٢ی ئـابی ١٩٥٨ له‌ژێـر دروشـمی **(خوشـكانی به‌ڕێـز كۆببنـه‌وه لـه‌ده‌وری كۆمه‌ڵه‌كه‌تـان، كۆمه‌ڵـی پاراسـتنی مافـی ئافره‌تـان، ببنـه سـه‌رباز له‌به‌رگـری میللـی بـۆ پاراسـتنی جمهورییه‌تـه خۆشه‌ویسـته‌كه‌مان، بـژی جمهوریه‌تـی عێـراق، جمهوریه‌تـی كـورد و عـه‌ره‌ب)** لـه قوتابخانـه‌ی سـانه‌وی كـوڕان بـه ئاماده‌بوونـی (نـوری مه‌عـروف) امـر حامیـه‌ی سـلیمانی و ژماره‌یه‌كـی زۆر لـه ئافره‌تـانی شـاره‌كه كۆبوونـه‌وه، سـه‌ره‌تا ناوبـراو وتارێكـی پێشكه‌شـكرد و تێیـدا ئامـاژه‌ی بـۆ ئـه‌وه كـرد كـه ئافره‌تـان نیـوه‌ی كۆمه‌ڵـگان و پێویسـته شـان بـه شـانی پیـاوان لـه تێكۆشـان بـن بـۆ پاراسـتنی كۆمـار[2]، دواتـر خانـم زوهـدی وتارێكـی پێشكه‌شـكرد، داوای لـه ئافره‌تـان كـرد لـه ده‌وری كۆمه‌ڵه‌كـه كۆببنـه‌وه بـۆ هێنانـه‌دی ئاواته‌كانیـان و پاراسـتنی كۆمـاری عێـراق، هه‌روه‌هـا ئامینـه محه‌مـه‌د ئه‌ندامی كۆمه‌ڵـه‌ی مامۆسـتایان باسـی لـه ڕۆڵ و گرنگـی مامۆسـتایان كـرد كـه ئه‌ركـی گرنگیـان لـه ئه‌سـتۆیه به‌رامبـه‌ر كۆمه‌ڵـگا و پێویسـته دڵسـۆزانه خزمـه‌ت بـه وڵات بكـه‌ن، دواتـر زه‌كیـه بابـان وتارێكـی پێشكه‌شـكرد و تێیـدا داوای كـرد كـه میللـه‌ت و سـوپا یه‌كبگـرن بـۆ سـه‌ركه‌وتن به‌سـه‌ر دوژمنـانی كۆمـار، دواتـر په‌خشـان ئه‌میـن (قوتابـی خانـه‌ی

(١) هه‌مان سه‌رچاوه.

(٢) ژین"ڕۆژنامه"، ژ (١٤٠٦)،ساڵ (٣٣)، ١٩٥٨/٨/٢٨.

مامۆستایان) باسی چۆنێتی خوێندنی قوتابیان و ژیانی قوتابیانی کورد لەسەردەمی حوکمڕانی پاشایەتی کرد کە قوتابیە نیشتیمانپەروەرەکان ئازار دراون و لە خوێندن بێ بەشکراون، چۆن قوتابخانەکان قەدەغە کرابوو لە قوتابیە ئازادیخوازەکان، پاشان مەلیحە زوهدی وتاری یەکێتی قوتابیانی گشتی عێراقی پێشکەشکرد تێیدا داوای کرد قوتابیان لە دەوری کۆمەڵە کۆببنەوە و تێبکۆشن بۆ هێنانەدی ئامانجەکانیان[1].
هەروەها چەند خولێکیان کردەوە بۆ فێربوونی دوورمان و نووسین و خەتەنەکردنی منداڵان و داوایان لە ئافرەتان کرد بەشداری لە خولەکاندا بکەن[2] و سوپاس و پێزانینی لقەکەیان ئاراستەی هەریەك لە د. کامیل حبوبی و د. ئەمل کرد بەرامبەر بە بەڕێوەبردنی خولەکان[3].

هەروەها لە یادی بیرەوەری دووەمی شۆڕشی ١٤ی تەمموز لە ١٥ی ئابی ١٩٦٠ هەستان بە کردنەوەی پێشانگایەك لە باخچەی منداڵان بەمەستی نیشاندانی بەرهەمی ڕەنج و تێکۆشانی ئەندامەکانی بە ئامادەبوونی موتەسەرفی لیوا لەگەڵ ژمارەیەك لە بەڕێوەبەرانی فەرمانگەکان، لە کۆتاییدا موتەسەریفی لیوای سلێمانی سوپاسی ئەو خوشکانەی کرد کە بەشداربوون لە پێکهێنان و ڕێکخستنی پێشانگەکە و داوای لێکردن هەوڵ و تێکۆشانی خۆیان زیاد بکەن بۆ پێشخستنی ئافرەتانی عێراق[4] هەر لە درێژەی کارو چالاکییەکاندا لقی سلێمانی چەند خولێکی بەرگدووری کردەوە، خولی یەکەم (٦٠) ئافرەت وەرگیراون و ماوەی دەرچوونیان لە خولەکە (٣) مانگ بوو بە مانگانەی (٢٥٠) فلس. هەروەها لێژنەی دایکان و منداڵان ولێژنەی نووسین و بڵاوکردنەوە بانگەشەی بۆ ئافرەتان دەکرد بەمەبەستی بەرزکردنەوەی ئاستی تەندروستی وپەرەسەندنی نەخۆشخانە وجێگەی منداڵبوون و بەرزکردنەوەی ڕادەی ئیشکردن و زانیاری لە ناو برین پێچەکاندا قوتابخانەیەکی تایبەت بۆ ئەم مەبەستە کرایەوە بەناوی قوتابخانەی (برینپێچان) کە دەرچووی

(١) هەمان سەرچاوە.
(٢) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥٨٠)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/١٢/٢٩.
(٣) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥٣٧)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/٦/٢٠.
(٤) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥٥٣)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/٨/١٨.

پۆلـی شەشـەمی سـەرەتایی بۆمـاوەی سـێ سـاڵ تێیـدا دەیخوێنـد، ئـەم قوتابخانەیـە لـە هەمـوو لیواکانـدا هەبـوو دەرچووانـی ئـەم قوتابخانەیـە دەبـوون بـە (بریـن پێـچ)، هەروەهـا ئـەم لقـە بەشـدارییان لـە مەراسـیم و بۆنـە نەتەوەیـی و نیشـتیمانی و تایبەتەکانـدا دەکـرد[1].

لقـی کۆیـە چەندیـن کار و چالاکـی گرنگیـان ئەنجامـداوە، یەکێـك لـە کارە گرنگەکانیـان کردنـەوەی قوتابخانـەی تایبـەت بـە ئافرەتـان بـوو کـە ئـەو کات بەنـاوی قوتابخانـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری کراوەتـەوە بەهـەوڵ و هیمەتـی هەریـەك لـە خەدیجـە مسـتەفا محەمـەد (خوشـکە فریشـتە)، جەمیلـە عەلـی سـاعی، عیففـەت سـاڵح محەمـەد[2].

دوای ئـەوەی وەزارەتـی ناوخـۆ بەپێـی برگـەی (ب) لـە مـادەی (٧) یاسـای کۆمەڵـەکان ژمـارە (٦٣) سـاڵی (١٩٥٥) مۆڵەتـی کارکردنـی ئاشـکرای بـە (کۆمەڵـەی بەرگـری لـە مـافی ئافرەتان-رابطـة الدفـاع عـن حقـوق المـرأة) دا، بەمجـۆرە ئامـادەکاری بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی یەکـەم لـە ڕێـگای دابەشـکردنی پسـولەی ئەندامێتـی بەسـەر ئـەو ئافرەتانـەدا دابەشـکرا کـە ئـارەزووی ئەوەیـان هەبـوو لـە نـاو کۆمەڵەکـەدا کار بکـەن، داواشـکرا لـە لقـەکان کـە هەڵبژاردنـی ناوخۆیـی ئەنجـام بدرێـت بـۆ هەڵبژاردنـی ئەندامانـی لقـەکان بـۆ کۆنگـرە[3].

دوای تەواوبوونـی سـەرجەم ئامادەکارییـەکان بـۆ بەسـتنی کۆنگـرەی یەکـەم لەڕۆژانـی ٨-١٢ی ئـاداری ١٩٥٩ لەیـادی جەژنـی ئافرەتـان لـە هۆڵـی سـینەما خەیـام لـە بەغـداد بـە ئامادەبوونـی (٢٤٤) ئەنـدام و (٦٠) چاودێـر کۆنگـرەی یەکـەم بەسـترا[4]. دوای تەواوبوونـی پرۆسـەی هەڵبـژاردن هەریـەك لـە (عەفیفـە رووف، سـافرە

(١) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥٥٥)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/٨/٢٥.

(٢) دڵـدار جەلـی زادە، خوشـکە عیففـەت تەمەنێـك بـۆ نیشـتیمان، چاپخانـەی شـەهاب، کۆیـە، ٢٠١٩، ل١٢، ٢٦.

(٣) ذكرى عادل، المصدر السابق، ص١٥٧.

(٤) اوريـل دان، العـراق فـى عهـد قاسـم/ تاريـخ سياسـى ١٩٥٨-١٩٦٣، ت: جرجيـس فتـح اللـه، دار اراس للطباعـة والنـشر، اربيـل، ٢٠١٢، ص١٦٠.

جمیـل الحافـظ، مجبـل ئەدیـب بابـان، خانـم زوهـدی، حیـاة النهـر، عفیفـة البسـتانی) بـە ئەندامانـی مەکتەبـی سـکرتاریەت هەڵبژێـردران و (نزیهـة الدلیمـی) بـە سـەرۆك هەڵبژێـردرا[١]. دواتـر ئەندامـی لقـەکانی سـەرجەم پارێزگاکانـی عێـراق هەڵبژێـردران[٢].

دوای تەواوبوونـی کارەکانـی کۆنگـرە، دەسـتەی کارگێـڕی تـازە بـۆ لقـەکان هەڵبژێـردران، لقـی هەولێـر (سـاکینە سـلێمان سـەرۆك[٣]، سـامیە شـاکر، سـەبیحە عومـەر، شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی، فەتحیـە محەمـەد مصطفـی، نافیعـە عوسـمان ئەبوبەکـر، خاتـون سـەید حوسـێن، مامـز عەبدوڵـڵا خـدر، زوهریـە عەبدوڵـڵا خـدر[٤]، لقـی سـلێمانی هەریـەك لـە (مونیـرە ڕەشـید سـەرۆك، زەکیـە بابـان، مەلیحـە عبداللـە زوهـدی، گەلاویـژ عبدالخـاق، ئەمینـە محمـد، نایلـە قـادر زەنگەنـە، نازەنیـن محەمـەد عەلـی، حەلاوەخـان هاوسـەری شـێخ لەتیفـی حەفیـد، ڕابیعـە شـەوکەت محەمـەد، شەمسـە مەحمـود نـاسراو بەشەمسـە خولـە زێـڕە، نەجیبـە قـادر مخیـر، مونیـرە سـاڵح، عەتیـە نـوری، نەزیـرە مەجیـد، عائیشـە شـێخ حوسـێن)[٥] عائیشـە شـەریف ئەحمـەد[٦] و لـە شـاری کەرکـوك هەریـەك لـە (سـاجدة جاویـد سـەرۆك، جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ڕونـاك ڕەفیـق، عەمیـدە منیـر، هـدی دوسـك، جەمیلـە ئەمیـن یامولکـی، ئەیتـان جەلالـی، لوتفیـە عەبدولواحیـد)[٧] و لقـی کۆیـە هەریـەك لـە (خەدیجـە

(١) المؤتمـر الأول لرابطـة الدفـاع عـن حقـوق المـرأة، منشـورات رابطـة الدفـاع عـن حقـوق المـراة، مطبعـه الوفـاء، بغـداد، ١٩٥٩، ص ظ.

(٢) عالیـە عەبدولکەریـم، خەباتـی ئافرەتـی کـورد، هیوا"گۆڤـار"، ژ (٩-١٠)، سـاڵ (٢)، نیسـان و مایسـی ١٩٥٩، ل٧٨-٧٩؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ خانـم زوهـدی، هۆڵەنـدا، ٣ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٣) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٦٢)، ٢٠٢١/٩/٢١.

(٤) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صـادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیـا، ١٩ی کانـوونی دووەمـی-٢٠٠٢: چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی، هەولێـر، ٢ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٥) ڕێـگای کوردسـتان"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٣١)، ٢٠٢١/٢/٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك مەلیحـە محەمـەد مەحمـود (مەلیحـە زوهـدی)، سـلێمانی، ٤ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٦) ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٥٢)، ٢٠٢١/٧/٦.

(٧) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی کانـوونی

مستەفا محەمەد، کاترینا ئیبراهیم، عائیشە ڕواندزی، عائیشە قادر یونس (عائیشە گوڵ)، عیففەت ساڵح محەمەد، شوکریە مەجید و عاسمە حەوێزی، نەجیبە عومەر، زەکاو عەزیز، زوبێدە مەلا ساڵح، ئامینە رەفیق) بە ئەندام هەڵبژێردران[١].

کۆنگرەی دووەم لە ٨-١٢ی ئاداری ١٩٦٠ لە شاری بەغدا بە ئامادەبوونی (٤٣٢) ئەندام کە نوێنەرایەتی (٤٢) هەزار ئەندامی ڕێکخراوەکەیان دەکرد لەهۆڵی گەل بە ئامادەبوونی سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم بەسترا[٢]، لە ئاهەنگی کردنەوەی کۆنگرەکە سەرۆك وەزیران وتارێکی پێشکەش کرد و پشتگیری خۆی بۆ ڕێکخراوی ئافرەتانی عێراق دەربڕی[٣] و ڕایگەیاند کە لەمەودوا ناوی کۆمەڵەی پاراستنی مافی ئافرەتان (رابطة الدفاع عن حقوق المرأة العراقية) دەگۆڕێت بۆ کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق (رابطة المرأة العراقية)[٤].

لێژنەکانی دیاریکراو لە کۆنگرە دەستیان بەکارەکانیان کرد، هەریەك لە (خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، مجبل ئەدیب بابان، بوشری برتو) لە لێژنەی پەیڕەوی ناوخۆی کۆمەڵە بوون سەمیرە ئەدیب بابان سەرۆکی لێژنەی تەندروستی و لێژنەی پەیوەندی دەرەکی بوو، هەروەها (خانم زوهدی) سەرۆکی لێژنەی پەیوەندییە نیشتیمانییەکان بوو، هەروەها ئافرەتانی تر لە لێژنەکانی وەك لێژنەی ڕۆشنبیری نیشتیمانی و نەهێشتنی نەخوێندەواری و دایکایەتی و منداڵ، لێژنەی چارەسەری کێشەی ئافرەتان بەشداری کۆنگرە بوون[٥]. لەم کۆنگرەیەدا نوێنەری سەرجەم لقەکانی کوردستان ئامادەبوون، سەبارەت بە شاری هەولێر هەریەك لە (نەجیبە خەلیل ئیبراهیم، سامیە شاکر صادق، فەتحیە محەمەد مصطفی،

---

دووەمی ٢٠٢٢.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٢) الاهالی"جريدة"، ع (٣٨١)، ٨ /١٩٦٠/٣؛ الرأی العام"جريدة"، ع (١٨٣)، ١٩٦٠/٣/١٠.

(٣) سامیە شاکر (مەشخەڵ) سەرچاوەی پێشوو، ل٢١.

(٤) ذکری عادل، المصدر السابق، ص٢٠٣؛ زەعیم عبدالکریم قاسم کۆنگرەی دووهەمی مافی ئافرەتان ئەکاتەوە، ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥١٦)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/٣/١٠.

(٥) ذکری عادل، المصدر السابق، ص٢٠١.

شـوكريە حەمەدئەمیـن عەلـی)[1] و لـە شـاری سـلێمانی هەریـەك لـە (مونیـرە ڕەشـید سـەعاتچی، زەكیـە بابـان، مەلیحـە محەمـەد مەحمـود (مەلیحـە زوهـدی) وەك ئەندامـی لقـی سـلێمانی[2] و لـە شـاری كەركـوك هەریـەك لـە (جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، سـەنیە جەبـاری، جەمیلـە ئەمیـن یامولكـی، عەمیـدە مونیـر) بەشـداری كۆنگرەكەیـان كـرد[3]. دوای تەواوبوونـی كۆنگـرە دەسـتەی كارگێـڕی نـوێ هەڵبژێـردران، سـەبارەت بـە لقی هەولێـر هەریـەك لـە (سـاكینە سـلێمان سـەرۆك، سـامیە شـاكر صـادق سـكرتێر و ئەندامیـەتی هـەر یـەك لـە نەجیبـە خەلیـل ئیبراهیـم، شـوكریە حەمەدئەمیـن عەلـی، فەتحیـە محەمـەد مصطفـی، فەریـدە یونـس، سـاجیدە سـەبری، سـاكینە عوسـمان، سـوعاد سـەبری، نافیعـە عوسـمان، سـەبیحە عومـەر ئەمیـن، نەسریـن عومـەر ئەمیـن، مامـز عەبدوڵـڵا خـدر، زوهریـە عەبدوڵـڵا خـدر[4]، هەروەهـا لقـی سـلێمانی (مونیـرە ڕەشـید سـەعاتچی سـەرۆك، و ئەندامیـەتی هـەر یـەك لـە زەكیـە بابـان، مەلیحـە محەمـەد مەحمـود (مەلیحـە زوهـدی)، مونیـرە سـاڵح، نەجیبـە سـدیق، نەجیبـە قەدەمخێـر، ڕابیعـە شـەوكەت محەمـەد، شەمسـە مەحمـود، نەجیبـە ئەمیـن، نەزیـرە ئەمیـن، مینـا شـێخ محەمـەد مسـتەفا[5]، لقـی كەركـوك (سـەنیە جەبـاری سـەرۆك، و ئەندامیـەتی هـەر یـەك لـە جەیـران مەحمـود، ئەیتـان جەلالـی، سـەبریە عەبدوڵـڵا، جەمیلـە ئەمیـن یامولیكـی، مەلیحـە قەرەداغـی، عالیـە عەبدولكەریـم، جونەیـدە جەلالـی، نەسریـن محەمـەد عەبدولكەریـم، ڕەسـمیە تاڵەبانـی، عەمیـدە مونیـر[6]، لقـی كۆیـە (خەدیجـە

---

(١) مهدی محمد قادر، دور المراة ...، ص٢١.

(٢) چاوپێكەوتنێـك لەگـەڵ مەلیحـە محەمـەد مەحمـود (مەلیحـە زوهـدی)، سـلێمانی، ٤ی كانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٣) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی كانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاكر صادق (چاوشلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٢؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ شوكریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٥) چاوپێكەوتنێك لەگەڵ مەلیحە مەحمود محەمەد (مەلیحە زوهدی)، سلێمانی، ٤ی كانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، ٣ی كانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٦) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی كانوونی

مستەفا محەمـەد (خوشـکە فریشـتە)، عیففـەت سـاڵح محەمـەد (عیففـەت کاکەمـەلا)، عائیشـە قـادر یونـس (عائشـە گـوڵ)، کاترینـا ئیبراهیـم، جەمیلـەی عەلـی سـاعی[1]، بەسـیە حمـەد، عائیشـە حەیـدەری، بەهیـە فەتحوڵـڵا سـاڵح، قەدریـە عەبدولجاسـم، شـوکریە مەجیـد، فاتیمـە بیـلال ئەفەنـدی، عیسـمەت کاکـە بـەگ، زەکاو سـەید عەزیـز، عیسـمەت عەبـد ئاغـا، عیسـمەت حاجـی یەحیـا، جەمیلـە یەعقـوب، شـادیە تاهیـر مەعـروف بـوون[2].

کۆنگـرەی سـێیەم لـە ٨-١١ی ئـاداری ١٩٦١ بـە بەشـداری نوێنەرانـی (٨) لـق لـە کـۆی (١٤) لـق کـە نوێنـەری سـەرجەم لێژنەکانـی عێـراق بـوون بـە وتـاری سـەرۆکی کۆمەڵـە نزیهـە دلێمـی دەسـتپێکرد[3]، کۆنگـرە کارەکانی بـۆ مـاوەی (٢) ڕۆژ بـەردەوام بـوو، لـەم کۆنگرەیـەدا نزیهـە دلێمـی بـە سـەرۆك، روز خـدوری بـە جێگـری یەکـەم، سالمة الفخـری بـە جێگـری دووەم، سـافرة جمیـل حافـظ بـە سـکرتێر، مجبـل ئەدیـب بابـان بـە ئەمینـی سـندوق، و ئەندامیەتـی هەریـەك لـە خانـم محەمـەد مەحمـود (خانـم زوهـدی)، بـشری برتـو، عفیفـە اسـماعیل البسـتانی هەڵبژێـردران[4]. هەروەهـا بڕیـار درا بـە پێکهێنانـی سـکرتاریەت و لێژنـەی لیـواکان و لێژنـەی تایبـەت بـۆ سـەرجەم بـوارەکان، وەك لێژنـەی نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری، لێژنـەی ڕۆشـنبیری و ڕاگەیانـدن، لێژنـەی چاودێـری دایـکان و منـداڵ، لێژنـەی چارەسـەرکردنی کێشـەی ئافـرەت، لێژنـەی دارایـی[5]، هەروەهـا بڕیـاردرا بـە چـالاك کردنـی کاری جەمـاوەری ئافرەتـان و گرنگیـدان بـە کێشـەکانی ئابـووری و لەپـاڵ چارەسـەرکردنی کێشـەی کۆمەڵایەتـی و تەندروسـتی. هەروەهـا داوا کـرا کـە یەکێتـی تێکۆشـانی نێـوان ئافرەتانـی کـورد و عـەرەب بێتەکایـەوە[6].

سـەبارەت بـە لقـی هەولێـر دوای کۆنگـرەی سـێیەم سـاکینە سـلێمان سـەرۆك،

---

دووەمی٢٠٢٢.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) هەورین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٩.

(٣) ذکری عادل، المصدر السابق، ص٢١٩.

(٤) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ خانـم محەمـەد مەحمـود (خانـم زوهـدی)، ٣ی کانـوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٥) ذکری عادل، المصدر السابق، ص٢٢٠.

(٦) المصدر نفسه، ص٢٢٠.

بـه ئەندامیەتـی هەریـەك لـه سـامیه شـاكر صـادق، فەتحیـه محەمـەد مصطفـی، نەجیبــه خەلیــل ئیبراهیــم، ســاكینه عوســمان، شــوكریه حەمەدئەمیــن، نازەنیــن عاصــم حەیــدەری، ئەدیبــه ســەعید، هەیبــەت مــەلا نەفتــه، مامــز عەبدوڵــڵا، زوهــدی عەبدوڵــڵا[1]، لقــی ســلێمانی (زەكیــه محەمــەد ئەمیــن بابــان ســەرۆك، و ئەندامیـەتی هـەر یـەك لـه مونیـره ڕەشـید سـەعاتچی، جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، مونیـرەی مـەلا فـەرەج، ڕابیعـە شـەوكەوت محەمـەد، هێـرۆ گـۆران، بەدریـه محەمەدئەمیــن (نازەنیــن)، قومریــه مەجیــد تۆفیــق، توبــا حاجــی كەریــم، باجـی خانـم، حەپسـه حەسـەن، سـەلمه حوسـێن حەسـەن، مونیـرەی قـادر ئاغـا، فاتیمــه شــەریف، ئایشــه شــەریف[2]، لقــی كەركــوك (فەهیمــه عەبدولڕەحــمان ســەعید ســەرۆك، و ئەندامیــەتی هــەر یــەك لــه نەسریــن محەمــەد عەبدولكەریــم، ڕەســمیه نەجمەدیــن تاڵەبانــی، عابیــدە محەمــەد، ئەیتــان جەلالــی، جەنینــه مســتەفا جەلالــی، ئەنیســه یوســف، ســەنیه جەبــاری، ســەبریه عەبدوڵــڵا، عالیــه عەبدولكەریـم، جەمیلـه ئەمیـن مولكـی[3]. جێـگای ئاماژەیـە ناوچـەی بادینـان لـەم قۆناغــەدا هیــچ نوێنەریــان لــه كۆنگرەكانــدا نەبــووە، چونكــه شــاری دهــۆك لــەو قۆناغـەدا پارێـزگا نەبـووە، بەڵكـو لـه چوارچێـوەی لقـی موسـڵ بەشـدارییان كـردووە.

هـەر لـه چوارچێـوەی هەوڵەكانـی ڕێكخسـتنی كارەكانـی ئافرەتـان و یەكخسـتنیان دوای تاوتوێكردنێكـی زۆر لەنێـوان ئەندامانـی كۆمەڵـەی ئافرەتـان و یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان لێژنەیـەك بەسـەرۆكایەتی نزیهـە الدلیمـی پێكهـات بـۆ گفتوگـۆ لەگـەڵ یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان، بەیاننامەیـەك بـە ئیمـزای هەریـەك لـە (نزیهـە الدلیمـی و ئامینــه محمــد و خانــم محەمــەد مەحمــود زوهــدی و مونیــره ڕەشــید ســەعاتچی) لەلایـەن كۆمەڵـەی ئافرەتـانی عێـراق و (جـوان ئەحمـەد عەزیـز و ئەنجـووم عەبدوڵـڵا زوهـدی، لویـزە كاكـە ئەحمـەد، بەهیـە مەعـروف بەرزنجـی) لـە لایـەن یەكێتـی

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاكر صادق (چاوشلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی كانوونی دووەمی٢٠٢٢ ؛ چاوپێكەوتنێك لەگەڵ شوكریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی كانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی كانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٣) چاوپێكەوتنێـك لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی كانـوونی دووەمـی٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جـەلال دەبـاغ، ئەڵمانیـا، ٥ی شـوباتی٢٠٢٢.

ئافرەتانی کوردستان بڵاوکرایەوە کە بەپێی ئەو بەیاننامەیە کاری بزووتنەوەی ئافرەتان لە کوردستان یەکخرا[١]. هەروەها لە ماوەی نێوان ساڵانی ١٩٦٦-١٩٦٨ کۆمەڵەی ئافرەتان توانیان نوێنەرایەتی خۆیان لەژێر دروشمی **(دیموکراتی بۆ گەل و تێکۆشان لەپێناو مافی ئافرەتان و یەکسانی)** لە شارەکانی کوردستان هەڵبژێرن، هەر لەو ماوەیەدا توانیان هەندێك چالاکی نهێنی بۆ پاڵپشتی کردنی گیراوەکان و هەڵوێستی خۆیان دژی جەنگی ساڵی ١٩٦٧ ئیسرائیل بۆ سەر گەلی فەلەستین بخەنەڕوو، دوای کودەتای ١٧ی تەمموزی ١٩٦٨ دووبارە گەڕانەوەی بەعسییەکان بۆ سەر دەسەڵات لە عێراق بارودۆخێکی سیاسی تازە هاتەئاراوە، چالاکییەکانی ئافرەتانی کوردستان لەم ماوەیەدا کە لە چوارچێوەی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراقی بوو چووە قۆناغی نهێنییەوە و کاروبارەکانیان بە نهێنی بەڕێوەدەبرد، لە ١٦ی تشرینی یەکەمی ١٩٦٩ بۆ ئەوەی کار و چالاکییەکانیان بەشێوەیەکی فەرمی بەڕێوەببەن داوای ڕێگەپێدانی فەرمیان لە حکومەتی عێراق کرد، بەڵام داواکەیان ڕەتکرایەوە، لەو کاتەدا بەهۆی ڕێگەنەدانیان جموجۆڵ و چالاکییەکانیان بەشێوەیەکی نهێنی بەردەوام بوو[٢]. بەمجۆرە جموجۆڵ و چالاکییەکانی کۆمەڵەی ئافرەتان لە کوردستان دوای ساڵی ١٩٦٥ بەشێوەی نهێنی دەستی پێکردەوە و پەیوەندییان کردەوە بەو کەسانەی بەهۆی بارودۆخی سیاسی دوورکەوتبوونەوە[٣]. سەرەڕای نەبوونی مۆڵەتی یاسایی چالاکییە بەردەوامەکانی کۆمەڵەی ئافرەتان بووە هۆی پێشکەوتنی ڕێکخستنەکانی لە هەموو شارەکان تەنانەت لە هەندێك ناوچە گەیشتە دێهاتەکانیش، سەبارەت بە لقەکانی کۆمەڵە لە کوردستان کۆنگرەی یەکەمی ناوخۆییان لە ساڵی ١٩٧٢ بە شێوەیەکی نهێنی لە شاری هەولێر لە ماڵی یەکێك لە ئەندامەکان لە گەڕەکی تەیراوە بەسەرپەرشتی (خانم زوهدی) بەست[٤] کە لە بەغداوە هاتبوو بۆ بەشداریکردن و سەرپەرشتیکردنی کۆنگرەکە، دوای تەواوبوونی کارەکانی کۆنگرەکە سامیە شاکر صادق وەك سکرتێری کۆمەڵەی

(١) اتحاد الشعب"جريدة"، ع (١٢٠)، ١٩٥٩/٦/١٦.

(٢) خانم زوهدی، المصدر السابق، ص٥٠.

(٣) المصدر نفسه، ص٤٩.

(٤) شوکریە حەمەدئەمین، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٩.

ئافرەتـان لقــی کوردســتان هەڵبژێــردرا و هەریــەك لــە پەخشــان عبداللــە زەنگەنــە، سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە، شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی و ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی تــر وەکــو ئەندامــی لیژنــەی بــاڵای ســکرتاریەت هەڵبژێــردران[١]. کۆنگــرەی دووەمــی کۆمەڵـە لـە ساڵی١٩٧٥ لـە شـاری هەولێـر بەسـترا[٢] لـەم کۆنگرەیـەدا نزیهـە دلێمـی سـەرۆکی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق و بەئەندامیەتـی عایـدە یاسـین لـە بەغـداوە هاتــن بــۆ سەرپەرشــتیکردنی کۆنگرەکــە و پێشــنیاری گۆڕانــکاری زۆر کــرا لەپەیــڕەوی ناوخۆیــی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی عێــراق ســەبارەت بــە قەبــارە و دەســەڵاتەکانی کۆمەڵــەی کوردســتان ئەوەبــوو دەســەڵاتەکانی تاڕادەیەکــی زۆر ســەربەخۆیی لــە کوردسـتان بەدەسـتهێنا و ناوەکەشـی گـۆڕا بـۆ (کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان)، هـەر ئـەوەش بـووە بنەمـای ئـەوەی کـە دواتـر ببێتـە ڕێکخراوێکـی کوردسـتانی سـەربەخۆ و هاوخەبـات لەگـەڵ کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق، لـەو کۆنگرەیـەدا پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە وەك سـکرتێری کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا[٣]، لـەو قۆناغەشـدا ڕێکخسـتنەکانی کۆمەڵـەی ئافرەتـان لـە فراوانـدا بـوو و توانیـان ژمـارەی ئەندامەکانیـان بگەیەننـە (٥) هـەزار ئەنـدام[٤]. بـەڵام لـە کۆتاییەکانـی سـاڵی ١٩٧٥ دەرئەنجامـی ئـەو بارودۆخـە سیاسییەی کـە لـە کوردسـتان و عێـراق هاتبـووە پێـش و ئـەو فشـارە زۆرانەی کە حکومەتـی عێـراق دژی هێـزە نیشـتیمانپەروەرەکان ئەنجامـی دەدا بـۆ هەڵوەشـانەوەی ڕێکخـراوە دیموکراتییـەکان لـە نێویانـدا کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق لەپێنـاو ڕاگرتنـی ئـەو فشـارە زۆرە و هەڕەشـەکانی حکومـەت لـە تشرینـی دووەمـی ١٩٧٥ کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق چالاکییەکانـی لـە تـەواوی عێـراق و کوردسـتان ڕاگـرت[٥].

---

(١) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـامیە شـاکر صـادق (چاوشـلی)، ئەڵمانیـا، ١٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢ ؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی٢٠٢٢.

(٢) بڵاوکراوەکانــی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کوردســتان عێــراق، بەڵگەنامەکانــی کۆنگــرەی ســێیەمی کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کوردســتان عێــراق، شــوباتی ١٩٩٣، ل ٣٨-٣٩.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢.

(٤) خانم زوهدی، المصدر السابق، ص٥١.

(٥) المصدر نفسە، ص٥٢.

## ٣- بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراق

دوای دامەزراندنی ئەنجوومەنی ئاشتی جیهانی لە کۆنگرەی پاریس لە نیسانی ١٩٤٩ و هەڵبژاردنی محەمەد مەهدی ئەلجەواهێری بە ئەندامی ئەو ئەنجوومەنە[1]، بە مەبەستی دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراق لە تەمموزی ساڵی ١٩٥٠ لێژنەیەکی ئامادەکاری لە شاری بەغدا بە سەرۆکایەتی محەمەد مەهدی ئەلجەواهێری و ئەندامیەتی عەبدولوەهاب مەحمود، تۆفیق منیر، شێخ عەبدولکەریم ئەلماشتە، جەلال ئەلئەوقاتی، موسا شێخ ڕازی پێکهێنرا[2]، کورد بە دوو ئەندام (ئەمین زەکی، عبدالله گۆران) بەشداری لێژنەی ئامادەکاریی کرد[3]. بەمجۆرە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان دامەزرا و لە نێو دیموکراتیخوازان و ئاشتیخوازان و نیشتیمانپەروەران بڵاوبووەوە.

بزووتنەوەی ئاشتیخوازان دوای دەرچوونی یاسای کۆمەڵەکان ژمارە (١)ی ساڵی[4]١٩٦٠ داوای مۆڵەتی کارکردنی ئاشکرای نەکرد، چونکە سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم لەیەکێك لە وتارەکانیدا لە کاتی کردنەوەی کۆنگرەی دووەمی مامۆستایان لە شاری بەغدا لە نیسانی ١٩٦٠ ڕایگەیاند کە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان بزووتنەوەیەکی شەرعییە پێویستی بەمۆڵەت نییە و ناچێتە ژێر یاسای کۆمەڵەکان[5]. دەتوانرێت بگوترێت ئەو هەڵوێستەی سەرۆك وەزیران بواری بۆ سەرجەم چین و توێژەکان ڕەخساند کە پەیوەندی بە بزووتنەوەکەوە بکەن.

ئافرەتانی کورد لە دوای دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان تا کۆتایی سەردەمی پاشایەتی لە ساڵی ١٩٥٨ چەندین ڕۆڵی دیاریان بینیوە و چەندین ئافرەت بەشداری

(١) بۆ زیاتر زانیاری دەربارەی چۆنیەتی دامەزراندنی بزووتنەوەی ئاشتیخوازان بڕوانە: مەهدی محەمەد قادر، ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ئاشتیخوازان لە عێراقدا ١٩٥٠-١٩٦٣، چ (١)، چاپخانەی موکریانی، هەولێر، ٢٠١٤، ل٢١-٢٨.

(٢) جعفر عباس حميدى، التطورات السياسية فى العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، النجف، ١٩٧٦، ص٦٦٥.

(٣) نصير سعيد الكاظمى، مساهمة فى كتابة تاريخ الحركة العمالية فى العراق حتى ١٩٥٨، ط (١)، دمشق، ١٩٩١، ص٢٦٣.

(٤) دەربارەی یاساکە بڕوانە: الوقائع العراقية "جريدة"، ع (٢٨٣)، ١٩٦٠/١/٢ .

(٥) بڕوانە دەقی وتارەکە لە: خەبات"جريدة"، ع (١٧٨)، السنة الاولى، ١٩٦٠/٤/٢ .

کار و چالاکییەکانیـان کـردووە لـە سـەر ئاسـتی نـاوەوە و دەرەوەش دەرکەوتـوون وەك (خەیریـە نـادر، سـاکینە عوسـمان، فەریـدە یونـس، ناهیـدە شـێخ سـەلام، ئەسـپە خانـی نـەژادی عەزیـز ئاغـا) و چەنـدانی تـر[1].

دوای شـۆڕشی ١٤ی تەممـووز ئافرەتـان لـە سـەر ئاسـتی لێژنـەکانی ئاشـتیخوازان لـە کوردسـتان ڕۆڵـی دیاریـان گێـراوە و بەشـداری کۆنگرەکانیـان کـردووە، لـە کۆنگـرەی دووەمـی بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان کـە لـە ڕۆژانـی ١٤-١٧ی نیسـانی ١٩٥٩ لـە هۆڵـی سـینەما خەیـام لەشـاری بەغـدا بـە دروشـمی **(ئاشـتی و پارێزگاریکـردن لەکۆمـار)** بەسـترا[2]، ئـەو ئافرەتانـەی بەشـداری کۆنگرەکـە بـوون (شـەوقیە ئەحمـەد ئاغـا، ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، نهایـە مسـتەفا، شەمسـە فەقـێ، ناهیـدە شـێخ سـەلام) کـە ڕۆڵێکی دیاریـان بینـی لـە داکۆکـی کـردن لـە ڕۆڵـی ئافـرەت لـە نـاو بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان[3]. دوای هەڵبـژاردنی دەسـتەی سـەرکردایەتی عەزیـز شـەریف (١٩٠٤-١٩٩٠) بـە سـکرتێری ئاشـتیخوازان هەڵبژێردرایـەوە[4]، وئەنجوومەنێکـی نیشـتیمانی لـە (٩٤) ئەنـدام هەڵبژێـردرا، کـە (١١) ئەندامـی کـورد بـوون، لـە نـاو ئـەم ئەنجومەنـە مەکتـەبی هەمیشـەیی هەڵبژێـردرا و ناهیـدە شـێخ سـەلام وەك یەکەمـین ئافـرەتی کـورد بـە ئەندامـی مەکتـەبی هەمیشـەیی هەڵبژێـردرا[5].

لـە سـەر ئاسـتی ناوخـۆی کوردسـتان، لێژنـەی ئاشـتیخوازانی شـاری سلێمانی لـە ١٥-١٦ی ئـاداری ١٩٦٠ لـە هۆڵـی کتێبخانـەی گشـتی لـە شـاری سـلێمانی کۆنفرانسـێکی ناوخۆیـی بەسـت کـە (٧٠) ئەنـدام تێیـدا بەشـدار بـوون، لـەم کۆنفرانسـەدا بڕیـاردرا کـە ژمـارەی ئەندامانـی ئاشـتیخوازانی سـلێمانی زیادبکرێـت، و ئەندامانـی مەکتەبـی تەنفیـزی

(١) دەربـارەی ڕۆڵـی ئافرەتـان لـە بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان لـە سـەردەمی پاشـایەتی بڕوانـە: مەهـدی محەمـەد قـادر، ڕۆڵـی کـورد لـە بزووتنـەوەی ...، ل٦٣-٧٤.

(٢) عبدالفتـاح علـی البوتانـی، العـراق- التطـورات السیاسـیة الداخلیـة ١٤ تمـوز ١٩٥٨- ٨ شـباط ١٩٦٣، دار الزمـان للطباعـة والنـشر، دمشـق، ٢٠٠٨، ص١٤٥.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ...، ل٤٩.

(٤) اوریل دان، المصدر السابق، ص٢٥.

(٥) خەبات"جریـدە"، ع (٣٩٣)، السـنة الثانیـة، ١٩٦٠/١٢/٢٦ ؛ مەهـدی محەمـەد قـادر، ڕۆڵـی کـورد لـە بزووتنـەوەی ...، ل٥١-٥٢.

هەڵبژێـردرا، وهــەر یــەك لــە (درەخشــان جــەلال حەفیــد و ئەنجــوم عبداللــە زوهــدی) بــە ئەندامانــی لێژنــەی مەکتەبــی تەنفیــزی هەڵبژێــردران[١]، هەروەهــا لێژنەیەکــی تایبــەت بــە ئافرەتانــی شــاری ســلێمانی پێکهێنــدرا لــە (حــەلاوە شــێخ لەتیــف ســەرۆك و ئەندامێتــی هــەر یــەك لــە پەرویــن ئەحمــەد، ژیــان ســەعید، نەجیبــە مســتەفا، ئامینــە قــادر، نەزیــرە تۆفیــق، وەهبیــە ســلێمان، پەخشــان عــارف، فاتیمــە قــادر ســەلیم، حــەلاوە عەبدوڵــڵا، مەلیحــە ســاڵح)[٢].

کۆنگــرەی ســێیەم لــە ٣١ی ئــاداری ١٩٦٠ لــە شــاری بەغــدا بــە دروشــمی **(ئاشــتی و پارێزگاریکــردن لەکۆمــار)** بەســترا[٣]. جێــگای ئاماژەیــە لــە ئاهەنگــی کردنــەوەی کۆنگرەکــە ســەرۆك وەزیــران (عەبدولکەریــم قاســم) وتارێکــی پێشــکەش کــرد کــە تێیــدا ستایشــێکی زۆری ڕۆڵــی ئاشــتیخوازانی عێراقــی لــە قۆناغــی دوای شــۆڕش کــرد وەك لــە بەشــێکی وتارەکەیــدا دەڵێــت :**"... ئاشــتی شــەڕێکە لــە نێــوان حــەق و ناحەقــە و ئاشــتییەکە حەقەکەیــە و شــەڕیش ناحەقیەکەیــە، مــن داوا لەڕۆڵەکانــی کۆمــاری عێــراق دەکــەم کــە بزووتنــەوەی ئاشــتیخوازان لــە وڵاتــدا پــەرەی پێبــدەن و پێتانڕادەگەیەنــم کــە ئــەم بزووتنەوەیــە پێویســتی بــە هەبوونــی مۆڵــەت نیــە چونکــە گەلانــی عێــراق لــە باکــوور تــا باشــوور و لــە ڕۆژهــەڵات تــا ڕۆژئــاوا هەموویــان ڕەزامەنــدن لەســەر ئاشــتی ... هــەر یەکێــك لــە ئێــوە داواکاری ئاشــتی و خێــر و حەقــە ... مــن ڕێگاتــان پێــدەدەم و یارمەتیتــان دەدەم بــۆ کۆنگــرەکان و پەرەپێدانــی ئاشــتیخوازی لــە جیهانــدا و مــن لەگــەڵ ڕۆڵەکانــی گــەلم وەك یــەك کۆمــەڵ بــۆ بەهێزکردنــی ئاشــتی..."**[٤].

لــەم کۆنگرەیــەدا (ناهیــدە شــێخ ســەلام) وەك ئەندامــی مەکتەبــی هەمیشــەیی هەڵبژێــردراوە[٥]، هەروەهــا لــە کۆبوونــەوەی ٢٣ی کانوونــی یەکەمــی ١٩٦٠ بڕیــاردرا

(١) کۆنگرەی ناوخۆی ئاشتیخوازانی سلێمانی، ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٥١٧)، ساڵ (٣٥)، ١٩٦٠/٣/٢٠.

(٢) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٤٦)، ساڵ (٣٤)، ١٨/٥/ ١٩٥٩.

(٣) مەهدی محەمەد قادر، ڕۆڵی کورد لە بزووتنەوەی ...، ل٥٨.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری بروانە دەقی وتارەکە لە: خەبات "ڕۆژنامە"، ژ (٣٩٦ )، ساڵ (٢)، ١٩٦٠/١٢/٢٩.

(٥) خەبات"جريدة"، ع (٤٠٢)، السنة الثانية، ١٩٦١/١/٦.

ناوبــراو یەكێــك بێــت لــە ئەندامانــی لیژنــەی هاریــكاری ئاسـیا و ئەفریقیـا[١].

لیژنــەی ئاشــتیخوازانی هەولێــر لــە ١٦ی حوزەیـران ١٩٦٠ كۆنفرانسـێكی ناوخۆییـان لـە هۆڵــی ســینەما ســەلاحەدین لــە شــاری هەولێــر لەژێــر چاودێــری موتەســەریف و نوێنەرانــی ئاشــتیخوازانی شــارەكانی شــەقڵاوە و ڕەوانــدز وســلێمانی وبەغــدا و ســەرۆكی فەرمانگــەكان بەســت[٢]. لــەم كۆنفراســەدا ئەندامــانی لیژنــەی هەولێریــان هەڵبــژاردەوە.

ســەبارەت بــە كار و چالاكییەكانــی ئافرەتــانی كــورد لــە بزووتنــەوەی ئاشــتیخوازان لــە ســەردەمی كۆمــاری یەكەمــدا ١٩٥٨-١٩٦٣ بــە چەنــد شــێوازێك دەركەوتــوون، وەك كــۆڕە جەماوەرییــەكان و كۆبوونــەوەی لیژنــەكان و ئاهەنــگ گێــڕان لــە بۆنــە نەتەوەیــی و نیشــتیمانییەكان و دەركردنــی بەیاننامــە و بەرزكردنــەوەی یاداشــت بــۆ لایــەنی بەرپــرس بــە مەبەســتی جێبەجــێ كــردنی داواكارییــەكان، لەیــادی تێپەڕبوونــی ســاڵێك بــە ســەر شــۆڕشــی ١٤ی تەممــووز ئاهەنگێكــی فــراوان لــە شــاری هەولێــر بەڕێوەچــوو كــە ژمارەیەكــی زۆر لــە دانیشــتوانی ئــەم شــارە و دەوروبــەری ئامــادەی بــوون هــەر لــەم ئاهەنگــەدا كــە لــە ژێــر نــاوی **(كوردســتان لــە جەژنــی ڕزگاری)** بەڕێوەچــوو، ئافرەتــانی لیژنــەی هەولێــر بەشــدارییەكی بەرچاویــان نوانــد[٣]. هەروەهــا لــە قــەزای دهــۆك لــە ڕێوڕەســمێكی فراوانــدا ئاهەنگێــك بەڕێوەچــوو كــە ژمارەیەكــی زۆر لــە دانیشــتوانی قەزاكــە بــەرەو ناوچــەی زاوێتــە چــوون لەگــەڵ كرێــكاران و جوتیارانــی ناوچەكــە یەكیــان گرتــەوە هوتافیــان بــە نــاوی ئاشــتیخوازنەوە دەكێشــا، یەكێــك لــە هوتافــەكان بریتــی بــوو لــە **(ئاشــتیخوازان لــە كوردســتان ئاهەنــگ دەگێــڕن بــۆ جەژنــی نیشــتیمانی)** و (ماكــو زعیــم الا كریــم) دەوترایەوە و دواتــر بەڕێــڕەو بــەرەو نــاوەوەی شــارەكە هاتــن[٤]. لــە هەڵەبجــەش لــە١٥ی ئایــاری ١٩٥٩ ڤیســتیڤاڵێكی گــەورە بەڕێوەچــوو ئافرەتــانی ئاشــتیخواز لــە شــارەكانی بەغــدا و هەولێــر و كەركــوك و ســلێمانی و ناوچەكانــی بادینــان بەشــدارییان تێــدا كــرد، دوای خوێندنــەوەی وتــاری دەســتپێكردنی ڤیســتیڤاڵەكە لــە لایــەن لیژنــەی ئاشــتیخوازانی هەڵەبجــەوە گۆرانــی

(١) خەبات"جریدة"، ع (٣٩٣)، السنة الثانیة، ١٩٦١/١٢/٢٦.

(٢) ئاهەنگی كۆنگرەی ئاشتیخوازانی هەولێر، هەتاو"گۆڤار"، ژ (١٨٠)، ساڵ (٧)، ١٩٦٠/٦/٣٠، ل٢٥.

(٣) خەبات"جریدة"، ع (١٧)، السنة الاولی، ١٩٥٩/٧/٢٣.

(٤) خەبات"جریدة"، ع (٢٨)، السنة الاولی، ١٩٥٩/٨/١١ .

شاعیر بەناوی ئاشتیخوازانی سلێمانی وتارێکی پێشکەش کرد، پیاوانی ئاینیش لەم ڤیستڤاڵەدا بەشدارییان کردو مەلا محەمەدی هەڵەبجەیی لە وتارێکدا گرنگی ئاشتی لەڕوانگەی ئاینی پیرۆزی ئیسلامدا ڕوون کردەوە[١]. هەروەها ئافرەتانی ئاشتیخوازی ڕەواندز لە ١٩ی حوزیرانی ١٩٥٩ لەیادی لەسێدارەدانی هەر چوار ئەفسەری کورد (خەیروڵڵا عەبدولکەریم و عیزەت عەبدولعەزیز و محەمەد قودسی و مستەفا خۆشناو) بەشداری ئاهەنگی یادکرنەوەی ئەم چوار ئەفسەرەیان لە شارۆچکەی ڕەواندز کرد[٢].

دوای سەرهەڵدانی شۆڕشی ئەیلوول لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ چالاکییەکانی ئاشتیخوازانی کورد تاڕادەیەك سڕ بوو بە تایبەتی ئەوانەی زیاتر مەیلیان بەلای نەتەوایەتیدا دەچوو و هەندێك بە هۆی پەیوەندی کردنیان بە شۆڕش و هەندێکی تر بە هۆی چاودێری حکومەت بەسەریانەوە کەمتر لە بواری چالاکی نواندن دەردەکەوتن، لە هەندێ کاتدا لە بڵاوکردنەوەی وتارەکانیان بە ناوی نهێنی لەڕۆژنامەکاندا دەربارەی ئاشتی بۆ کوردستان وتاریان بڵاودەکردەوە[٣].

لە ٢٧ی نیسانی ١٩٦٢ ئاشتیخوازانی کورد لە شاری بەغدا شانبەشانی ڕێکخراوەکانی حزبی شیوعی ڕۆڵێکی گەورەیان گێڕا لە خۆپیشاندانێکی جەماوەری فراوان لە ژێر دروشمی **(ئاشتی بۆ کوردستان)** و هەڵمەتێکی کۆکردنەوەی ئیمزا بۆ ڕاگرتنی شەڕ لە کوردستان و چەسپاندنی ئاشتی دەستی پێکرد، تەنها لە شاری بەغدا زیاتر لە (٦٠) هەزار ئیمزا کۆکرایەوە کە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتان بەشدارییان لەم هەڵمەتەدا کرد[٤]، هەروەها لە ٢ی نیسانی ١٩٦٢ بەیاننامەیەکی بە ناوی (السلم في كردستان الديمقراطية بدل القمع العسكري) بڵاوکردەوە و لە ٢٢ی نیساندا بەیاننامەیەکی تر بە ناوی (استئناف الحملة العسكرية علي كردستان يعرض وحدة الجمهورية و استقلالها للخطر) ئەم بەیاننامانە ژمارەیەکی زۆر لە ئافرەتانی ئاشتیخوازان ئیمزایان لەسەر کرد کە داوای وەستانی شەڕیان لە کوردستان دەکرد[٥].

(١) ژین "ڕۆژنامە"، ژ (١٤٤٦)، ساڵی (٣٤)، ١٩٥٩/٥/١٨ .

(٢) خەبات "جريدة"، ع (١٣)، السنة الاولى، ١٩٥٩/٧/٦.

(٣) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە دەقی یاداشتەکە لە: ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٦٨٢)، ساڵ (٣٧)، ١٩٦٢/٦/٢٨.

(٤) الثقافة الجديدة "مجلة"، ع (٩-١٠)، تموز اب ١٩٨٨، ص٩٥ .

(٥) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە: فاتیح ڕەسوڵ، بنچینەی مێژووی بیرۆکەی چەپ لە کوردستان، چ (٢)،

هەر لە درێژەی هەوڵەکان لە دژی بەکارهێنانی چەکی ئەتۆمی، درەخشان عارف بە ناوی لێژنەی ئافرەتانی شاری سلێمانی بروسکەیەکی ناڕەزایی ئاراستەی حکومەتی فەرەنسا دەکات تێیدا سەرکۆنەی تاقیکردنەوەکانی بۆمبی ئەتۆمی لە دەشتی جەزائیر دەکات[1]، هەر لەم چوارچێوەیەدا بە بۆنەی هەفتەی چەك داماڵین و سەرکەوتنی گەلی جەزائیر لە هۆڵی گەل لە شاری بەغدا لە ٢٠ی ئەیلولی ١٩٦٠ ئاهەنگێکی وتار خوێندنەوە بەڕێوەچوو کە تێیدا سەرۆك وەزیران عەبدولکەریم قاسم ئامادەی بوو وتارێکی بەم بۆنەیەوە پێشکەش کرد[2].

لەم ئاهەنگەدا ناهیدەی شێخ سەلام وتارێکی پێشکەشکرد کە لە بەشێکیدا دەڵێت:"**...هەموو گەلانی جیهان کە ئاشتیخوازن و هاوسۆزن لەگەڵ گەلی جەزائیر و پاڵپشتی کێشەکەیان دەکەن... گەلی جەزائیری پاڵەوان هەموو هۆکارە سیاسییەکانی بەکارهێناوە بۆ ڕازیکردنی فەرەنسا بەچارەسەری ئاشتیانەی کێشەی جەزائیر، بەڵام هەموو ئەو هەوڵانە سەری نەگرت ... گەلی عێراق بە کورد و عەرەب دەست لەناو دەست پاڵپشتی تێکۆشانی گەلی جەزائیر دەکات... هەر سەرکەوتنێکی بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی هەر گەلێك بە سەرکەوتنی گەلی کورد دادەنێن... داوا دەکەم لە گەلی عێراق بە کورد و عەرەب و سەرجەم چین و دەستە و پارت و ڕێکخراوە نیشتیمانییەکان، کە ڕۆژی (١)ی تشرینی دووەم بکەن بە ڕۆژی هاوکاری گەلی جەزائیر.. بژی خەباتی گەلان لەپێناو ڕزگاری و ئاشتیدا...**"[3].

ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە کۆبوونەوەی ١٦ی ئەیلوول ١٩٦٠، ناهیدە شێخ سەلام وەك ئەندامێکی ئافرەت لە پاڵپشتی ئاشتیخوازانی عێراق بە کورد و عەرەب و نەتەوەکانی تر بۆ خەبات و تێکۆشانی گەلی کوبا دووپاتکردەوە لە دژی ئیستیعماری ئەمریکی[4]، هەروەها ئەنجوومەنی نیشتیمانی لە ٢٣ی کانوونی یەکەمی ١٩٦٠ لەشاری

---

چاپخانەی چوارچرا، سلێمانی، ٢٠٠٥، ل٣٣٥.

(١) ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٦٥)، ساڵ (٣٤)، ١٧ /٨/ ١٩٥٩ .

(٢) بڕوانە دەقی وتارەکە لە: خەبات"جريدة"، ع (٣١٨)، السنة الثانية، ١٩٦٠/٩/٢١ .

(٣) بڕوانە دەقی وتارەکە لە: خەبات"جريده"، ع (٣٥٠)، السنة الثانية، ١٩٦٠/١١/١.

(٤) خەبات"جريده"، ع (٣٢١)، السنة الثانية، ١٩٦٠/٩/٢٥.

بەغدا کۆبوونـەوە دەربـارەی هەڵوێسـتی حکومەتـی عێراقـی بەرامبـەر بـە بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان و دەسـتگیرکردنی ژمارەیـەك لـە ئەندامانـی بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان ناهیـدە شـێخ سـەلام بـە نـاوی ئەنجوومەنی نیشـتمانی ئاشـتیخوازان داواکارییەکی ئاراسـتەی سـەرۆك وەزیـران کـرد بـە مەبەسـتی ئازادکردنی گیراوەکان وەك لە بەشـێکی داواکارییەکـەدا هاتووە: **"...ئێمـە تکامـان ئاراسـتەی سـەرۆك وەزیـران و سـەرکردەی گشـتی هێـزی چەکـدار زەعیم عەبدولکەریـم قاسـم دەکەیـن...، کـە ئێمـەش لەگـەڵ هەڵوێسـتەکانی یـەك دەگرینـەوە، کـە لەکۆنگرەکانـی بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان و بۆنەکانـی تـردا ڕایگەیاندبـوو، پاڵپشـتی و یارمەتیـدەری ئـەم بزووتنەوەیـە..."**[1]. هەروەهـا لـە سـەر ئاسـتی دەرەوەش ناهیـدە شـێخ سـەلام وەک ئاشـتیخوازێکی کـورد پشـتگیری لـە گەل و خەباتـی جەزائیر لـە دژی حکومەتی فەرەنسـا و هاوپەیمانەکانـی کـرد بەرامبەر هەوڵەکانیان بـۆ تاقیکردنەوەکانی بۆمبی ئەتۆمی لـە دەشـتەکانی جەزائیـر، لـە کۆبونـەوەی ئەنجوومەنـی هەمیشـەیی لەسـاڵی ١٩٦١ لـە بەیاننامەیەکـدا کـە ئیمـزای ئەندامانـی ئەنجوومەنـی لەسـەر بـوو داوای هـاوکاری و یـەك ڕیـزی گەلـی عـەرەب دەکات وەك لـە بەشـێکیدا هاتـووە : "**...داوا دەکەین هەمـوو گەلانی عـەرەب هـاوکاری یەکـتر بـن و لـە نێـوان خۆیانـدا و لەگـەڵ گەلانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا و هەمـوو ئـەو گەلانـەی کـە لـە پێنـاو سەربەسـتی و ئاشـتی و دژایەتـی ئیمپریالیـزم خەبات دەکـەن..."**[2] بزووتنـەوەی ئاشـتیخوازان لە عێراق دوای ڕوودانی کودەتای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ لـە عێـراق چـووە قۆناغێکـی مەترسـیدار و لاوازەوە و چالاکییـەکانی لـە نـاوەوەی کوردسـتان وەسـتان، ئـەم ڕەوشـەش بـە درێژایی مـاوەی حوکمڕانـی بەعسییەکان بـەردەوام بوو.

(١)خەبات"جریده"، ع (٣٩٣) السنة الثانية، ١٩٦٠/١٢/٢٦.

(٢) بڕوانە دەقی بەیاننامەکە لە: خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (٣٩٩)، ساڵ (٢)، ١٩٦١/١/٢.

# تەوەری دووەم

# کۆمەڵە و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە باشووری کوردستان

# ١٩٧٥-١٩٩١

بارودۆخـی سیاسـی باشـووری کوردسـتان دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٥ ڕووبـەڕووی ڕەوشـێکی سیاسـی و کۆمەڵایەتـی دژوار بـووەوە کـە چالاکییەکانـی ئافرەتـان لـەم ماوەیـەدا چـووە قۆناغێکـی سـەخت و مەترسـیدار، بـەڵام لـە ڕێـگای دامەزراندنـی چەندیـن کۆمەڵـە و ڕێکخـراوی تایبـەت بـە ئافرەتـان جارێکـی تـر خەباتـی ئافرەتـان دەسـتی پێکـردەوە تـا سـاڵی ١٩٩١ بـەردەوام بـوو، ئـەو ڕێکخـراو و کۆمەڵانـەی، کـە لـەم ماوەیـەدا چالاکییـان ئەنجـام داوە لـە نـاوەوە و دەرەوەی کوردسـتان ئەمانـەن:

## ١- یەکێتی ئافرەتانی کوردستان

دوای نسـکۆی شۆڕشـی ئەیلـوول لـە سـاڵی ١٩٧٥، ئافرەتـان تـا سـاڵی ١٩٨٣ بـە هـۆی ئـەو بارودۆخـە سیاسـییە هەسـتیارەی هاتبـووە ئـاراوە بەدەگمـەن دەیانتوانـی چالاکـی ئەنجـام بـدەن[1] ئـەو چالاکییانـەش کـە ئەنجامیـان دەدا بەشـێوەی ڕێکخـراو ئەنجـام نـەدراوە، بەڵکـو ژمارەیـەك لـەو ئافرەتانـەی کـە پێشـتر ئەنـدام یاخـود لایەنگـری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـوون هەنـدێ چالاکییـان لـە بـوارە جۆربەجـۆرەکان ئەنجـام داوە وەك لـە بـواری ئابـووری و نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری و بابەتـی کۆمەڵایەتـی و کارە مرۆڤایەتییـەکان.

لـە سـاڵی ١٩٨٣ بـە مەبەسـتی سـەر لـە نوێکردنـەوەی کاری ڕێکخراوەیـی و ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی ئافرەتـان کۆنگـرەی پێنجەمـی خـۆی لـە قۆناغـی ئاوارەییـدا

(١) مەسـعود بارزانـی، بارزانـی و بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی کـورد، شۆڕشـی گـوڵان، ١٩٧٥-١٩٩٠، چ (٢)، ئـاداری ٢٠٢٢، چاپخانـەی ڕۆکسـنا، بـە (٤)، ل١٥٧.

لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان بەسـت دەسـتەیەکی بـاڵای یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان هەڵبژێـردرا کـە پێکهاتبـوون لـە (وەزیـرە پیـرداود قـادر- سـکرتێر، ڕازیـە حسـن خەتـاب، کوردسـتان پیـرداود قـادر ئەندامانـی دەسـتەی بـاڵا[1] و ئەندامیەتـی هـەر یـەك لـە، ژیـان ناوخـۆش، زاهیـدە شـێخۆ، حوریـە حاجـك، نـازدار عبداللـە، مەرجـان ابراهیـم)[2]. لـە مـاوەی (٦) مانـگ (٢٤) ڕێکخـراوی ئافرەتـان لـە شـارەکانی ئێـران کرایـەوە کـە پەنابـەرە کوردەکانـی تێدابـوو. بـۆ نموونـە ڕێکخـراوی (شـەهید بەیـان عمـر شریـف) ئـەم ڕێکخـراوە سـاڵی ١٩٨٥ لـە شـاری نەغـەدە دامـەزرا لەلایـەن ئـەشرەف ئیبراهیـم ڕەسـوڵ سەرپەرشـتی دەکـرا[3] بـە ئەندامیەتـی هـەر یـەك لـە (جەمیلـە محەمـەد ئیسـماعیل، شـوکریە محەمـەد، حەپسـە موسـا، خەمـێ یوسـف، سـەید ئایشـە، عائیشـە مسـتەفا، عائیشـە کەریـم، مەریـم ئیسـماعیل، زەکیـە سـاڵح، مەریـم خەلیـل بارزانـی، خەیرییـە محەمـەد، زوڵێخـا ئیسـماعیل)[4]. ئـەم ڕێکخـراوە سـەر بـە سـکرتاریەتی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـوو، بـەڵام لەلایـەن لێژنـەی ناوچـەی (خەبـات)ی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان سەرپەرشـتی دەکـرا، گرنگتریـن کار و چالاکییەکانـی ئـەم ڕێکخـراوە بریتـی بـوو لـە کۆکردنـەوەی دەرمـان و پێداویسـتی جلوبـەرگ و ئازوقـە و پێداویسـتییە پزیشـکییەکان بـۆ یەکەکانـی پێشـمەرگە و خانـەوادەی ئـاوارەکان، لـە ڕێگـەی هەریـەك لـە ڕازیـە حەسـەن خەتـاب و وەزیـرە پیـرداود قـادر، کوردسـتان پیـرداود قـادر دابـەش دەکـرا، ئـەم ڕێکخـراوە ڕۆڵێکـی

(١) هەمـان سـەرچاوە، ل١٥٧؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ وەزیـرە پیـرداود قـادر، هەولێـر، ٢٨ی ئـاداری٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری٢٠٢٢.

(٣) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ ئـەشرەف ئیبراهیم ڕەسـوڵ، هۆڵەنـدا، ٧ی ئایـاری ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگـەڵ قـادر عەبدولعەزیـز نـاسراو بە(قـادر قەچـاغ)، هەولێـر، ١٩ی نیسـانی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە ناحیـەی مانگێـش سـەر بـە قـەزای دهـۆك لـە دایكبـووە، تـا پۆلـی پێنجەمـی ئامادەیـی خوێنـدووە، سـاڵی ١٩٧٩ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ بـووە بـە بەڕێوەبـەری کارگێـری مەکتەبـی سیاسـی، لـە سـاڵی ١٩٨٩ لـە کۆنگـرەی (١٠) بـە ئەندامـی سـەرکردایەتی هەڵبژێـردراوە، لـە سـاڵی ٢٠١٠ دەبێتـە بەرپرسـی ئەکادیمیـای پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، ئێسـتا ئەندامـی کۆمیتـەی ناوەنـدی(پ.د.ك)ە و لـە هەولێـر دەژێـت.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئەشرەف ئیبراهیم ڕەسوڵ، هۆڵەندا، ٧ی ئایاری ٢٠٢٢.

زۆری هەبــوو لــە چارەســەرکردنی پێشــمەرگە برینــدارەکان لــە چادرگــە و کەمپەکانــدا ئــەم کارەیــان ئەنجــام دەدا[١]، هەروەهــا لــە شــاری زێــوە ڕێکخراوێکــی دیکــە بــە ســەرۆکایەتی (صبیحــە ئەحمــەد مســتەفا) و ئەندامیەتــی هەریــەك لــە (بەیــان تۆفیــق و بابــەت حوســێن حەمــەد) سەرپەرشــتی کاری ئافرەتانیــان دەکــرد و جگــە لــەم ڕێکخراوانــە چەندیــن ڕێکخــراوی دیکــە لــە شــارەکانی کــەرەج و نەغــەدە و زێــوە و بەهــەرەم دامــەزران[٢].

ســەبارەت بــە کار و چالاکییەکانــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان لــە قۆناغــی ئاوارەییــدا، لــە ســاڵی ١٩٨٦ توانیــان گۆڤارێــك بەنــاوی (دەنگــی ئافــرەت) وەك ئۆرگانــی ســەرەکی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان لقــی ئــاوارەکان دەربکــەن[٣]، هەروەهــا دروســتکردنی چەندیــن لێژنــەی جــۆراو جــۆری ئافرەتــان بــۆ سەرپەرشــتیکردنی ئــاوارەکان لــە ئۆردوگاکانــی ئێــران، بــە سەرپەرشــتی هەریــەك لــە (وەزیــرە پیــرداود قــادر، کوردســتان پیــرداود قــادر، ڕازیــە حەســەن خەتــاب)، هەروەهــا هۆشــیارکردنەوەی ئافرەتانــی ئــاوارە و کردنــەوەی چەندیــن خولــی نەهێشــتنی نەخوێنــدەواری و فێرکردنــی دوورمــان و بەکارهێنانــی ئامێــری دوورمــان لــە ئــۆردوگاکان، ئەمــە جگــە لــە

(١) محەمــەد گڤــاری، شۆڕەشــا گولانــێ، دیــرۆك و بەرخــودان، چ (١)، ٢٠٢١، چاپخانا تەهــران، ل١٥٧؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ جەمیلــە محەمــەد ئیســماعیل، ئاکــرێ، ٢٦ی نیســانی ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٧٠ لــە قــەزای بــەردەڕەش لــە دایکبــووە، دوای نســکۆی شــۆڕشــی ئەیلــوول لەگــەڵ خێزانەکــەی ئــاوارەی وڵاتــی ئێــران بــووە، قۆناغەکانــی خوێندنــی لــە ئێــران تەواوکــردوە، ســاڵی ١٩٨٥ پەیوەنــدی بــە ڕیزەکانــی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــردووە و ئەندامــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان بــووە لــە ڕێکخــراوی (شــەهید بەیــان عومــەر شــەریف). ســاڵی ٢٠١٤ بووەتــە ئەندامــی ئەنجومەنــی پارێــزگای دهــۆك و ئێســتا لــە ئاکــرێ دەژێــت.

(٢) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ بابــەت حوســێن حەمــەد، ســۆران، ٧ی ئایــاری٢٠٢٢، لــە ســاڵی ١٩٧٤ لــە قــەزای ســۆران لــە دایکبــووە و هەمــان ســاڵ دوای نســکۆی شــۆڕشــی ئەیلــوول لەگــەڵ خێزانەکــەی ئــاوارەی وڵاتــی ئێــران بــووە، تــا پۆلــی ســێیەمی ســەرەتایی خوێنــدووە ولــە ســاڵی ١٩٨٨ پەیوەنــدی بــە ڕێکخســتنەکانی پارتــی دیموکراتــی کوردســتان لــە شــاری زێــوە کــردووە، ســاڵی ١٩٩٥ کــراوە بــە کارگێــڕی ناوچــەی مێرگەســوری یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان و بەشــداری لــە کۆنگــرەی ١١ پارتــی دیموکراتــی کوردســتان کــردووە، ئێســتا لــە کارو چالاکــی حزبــی دوورکەوتۆتــەوە و لــە ســۆران دەژیــت.

(٣) شیرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٦.

سەرپەرشتیکردن و ڕێکخستنی ئافرەتان لە ناو ڕێکخستنەکانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان، هەروەها سەرپەرشتیکردنی بریندارەکانی بەرکەوتەی چەکی کیمیاوی لە شاری هەڵەبجە ساڵی ١٩٨٨ کە ڕەوانەی نەخۆشخانەکانی وڵاتی ئێران کرابوون لەلایەن ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لە ئێران لیژنە دروستکرا بوو بۆ سەرپەرشتیکردنی کاروباری بریندارەکان و چاودێری کردنیان تا چاکبوونەوەیان[1]، هەروەها کۆکردنەوەی هاوکاری و کۆمەك بۆ ماڵە پێشمەرگە و ماڵە شەهیدەکان و بەدواداچوون بۆ کێشە و کەموکوڕییەکان و گەیاندنی پێشنیار و داواکاریی ئاوارەکان بە سەرکردایەتی حزب بە مەبەستی چارەسەرکردنیان[2]، دەتوانین بڵێین کار و چالاکییەکانی یەکێتی ئافرەتان زۆر سنوور دار بووە بەجۆرێك لەو قۆناغەدا نەیتوانیوە هیچ کۆنگرە و کۆنفرانسێکی دیکە ببەستێت تاوەکو دوای ساڵی ١٩٩١.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کوردستان پیرداود قادر، هەولێر، ٤ی نیسانی ٢٠٢٢.

## ٢ـ کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان

یەکێکە لەو ڕێکخراوانەی کە سەر بە حزبی شیوعی عێراق بوو، چالاکییەکانیان دوای هاتنەکایەوەی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز لە ساڵی ١٩٧٣ بەپێی یەکێك لە خاڵەکانی نێو ڕێککەوتنەکە دەبوو ڕێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانی حزبی شیوعی هەڵپەسێندرێت (تجمید) بکرێت، بەهۆی هەڵوەشاندنەوەی ڕێکخراوەکان (کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان) ساڵی ١٩٧٤ تاوەکو ساڵی ١٩٧٩ نەیتوانیوە بە ئاشکرا بنکە و بارەگاکانی خۆی بکاتەوە[١]، دواتر بەهۆی تێکچوونی بەرەی نیشتیمانی پێشکەوتنخواز لە نێوان (حزبی شیوعی و حزبی بەعس) کار و چالاکییەکانی ئەم کۆمەڵەیە چووە قۆناغێکی نهێنییەوە و ئەندامانی ناچاربوون کار و چالاکییەکان بەمەبەستی پاراستنی سەلامەتیان بەشێوەی تاك تاك ئەنجام بدەن[٢]. هەروەها حزبی شیوعی کەوتە خۆ ئامادەکردن بۆ قۆناغێکی نوێ، کە بریتی بوو لە قۆناغی بەرهەڵستکاری بوون. جێگای ئاماژەیە دوای ئەوەی ڕێکخستنەکانی ناوخۆی حزب بە تەواوەتی کەوتنە باری نهێنی و ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامەکانی دەستگیر کران و بارەگا و ماڵی زۆر لە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە کەوتنە ژێر چاودێری ئاشکرای هێزە ئەمنییەکان، سکرتێری کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان (پەخشان زەنگەنە) بە ناچاری شاری بەجێهێشت و پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و هەندێکی تر لە ئەندامەکانی ئەم کۆمەڵەیە لەسەر داوای سەرکردایەتی حزب هاوشێوەی سکرتێری کۆمەڵەکە پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد و هەندێکیشان بە شێوەی نهێنی لە ناوەوەی شارەکان مانەوە و کاروچالاکییان بە نهێنی ئەنجام دەدا، و ژمارەیەکیش چوونە دەرەوەی وڵات[٣].

سەبارەت بەو ئەندامانەی کە بەنهێنی لە ناوەوەی شارەکان مانەوە و کاروچالاکییان ئەنجام دەدا بەبێ بوونی هیچ بارەگایەك و بە نهێنی لە ماڵی

---

(١) ذكرى عادل، المصدر السابق، ص٣٠٣

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەیران مەحمود شێخ محی الدین، ئەڵمانیا، ٢٢ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢.

ئەندامەکانـی کۆمەڵـە کۆبوونەوەکانیـان بەڕێوەدەبـرد و کارەکانیـان جێبەجـێ دەکـرد. لقـی سـلێمانی کۆمەڵـەی ئافرەتـان لەلایـەن سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە بەڕێوەدەبـرا و بـە ئەندامیـەتی هـەر یـەک لـە (جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ڕابیعـە شـەوکەت محەمـەد، هێـرۆ گـۆران، توبـا عەبدولکەریـم، ئافتـاو عەزیـز عەلـی، نەجیبـە سـدقی، نەجیبـە قەدەمخێـر، عەتیـە نـوری، عائیشـە شـێخ حوسـێن، مینـا شـێخ محەمـەد مسـتەفا)[1]. سـەبارەت بـە لقـی هەولێـر لەلایـەن سـاکینە سـلێمان بەڕێـوە دەبـرا ئەندامەکانـی پێکهاتبـوون لـە (شـوکریە حەمەدئەمیـن عەلـی، فەتحیـە محەمـەد، نازەنیـن حەیـدەری، صبیحـە عومـەر ئەمیـن، نەسریـن عومـەر ئەمیـن، ئەدیبـە حاجـی سـەعید، هەیبـەت خـان هاوسـەری مـەلا نەفتـە، مامز عەبدوڵـڵا خـدر، زوهریـە عەبدوڵـڵا خـدر)[2]، هەروەهـا لقـی کەرکـوك لەلایـەن سـەنیە جەبـاری بەڕێـوە دەبـرا و ئەندامەکانـی پێکهاتبـوون لـە (سـەمیرە ئەحمـەد حەسـەن، مەلیحـە شـاڵی، خەرامـان شـوکر لەتیـف، گەلاوێـژ شـوکر لەتیـف، نەهلـە حوسـێن شـاڵی، ڕەسـمیە نەجمەدیـن تاڵەبانـی، سـەبریە عەبدوڵـڵا، ئەنیسـە یوسـف، جەنینـە مسـتەفا جەلالـی)[3]، سـەبارەت بـە لقـی دهـۆك لەلایـەن فەتحیـە ئیبراهیـم بامەڕنـی بەڕێـوە دەبـرا بـە ئەندامیەتـی هەریـەك لـە (ڤیکتۆریـا یەڵـدا نـاسراو بـە (أم عیسـام)، ڤیکتۆریـا گۆرگیـس، ڤیـان عەبدولڕەحـمان عەلـی، حەلیـم پیرمـوس، چنـار عەبدوڵـڵا، فاتیمـە عەبدوڵـڵا، حەلیمـە سـەعید، نەسریـن حوسـێن)[4].

جگـە لـە نـاوەوەی شـارەکان لـە چەنـد قـەزا و ناحیەیەکیـش ئەندامانـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان بەشـێوەی نهێنـی کار و چالاکییـان ئەنجـام دەدا، بـۆ نموونـە لـە قـەزای کۆیـە هەریـەك لـە (خەدیجـە مسـتەفا محەمـەد نـاسراو بـە (خوشـکە فریشـتە)، عیففـەت سـاڵح محەمـەد، عائیشـە قـادر یونـس، قەدریـە عەبدولجاسـم، کاترینـا

(١) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ ئافتـاو عەزیـز عەلـی، ئەڵمانیـا، ٢٠ی شـوباتی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شوکریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جـەلال دەبـاغ، ئەڵمانیـا، ٥ی شـوباتی ٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ خەرامـان شـوکر لەتیـف، هۆڵەنـدا، ١٥ی ئایـاری ٢٠٢٢.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ فەتحیە ئیبراهیم بامەڕنی، دهۆك، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

ئیبراهیـم، بەسـا حەمـەد، گوڵـە دەروێـش، شـوکریە مەجیـد، عائیشـە حەیـدەری) لـە ئەندامەکانـی کۆمەڵـە بـوون[1]، هەروەهـا لـە شـارۆچکەی کفـری هەریـەك لـە (ئەدیبـە سـەعید محەمـەد عەلـی، عەینـە محەمـەد حەیـدەر، سـەرگوڵ حەمەسـەفا، ڕەعنـا مـەلا سـەید عەبدوڵـڵا، عادیلـە کەریـم عـارف، ڕوونـاك مەجیـد، گەلاوێـژ حەمیـد، پەرژیـن حەمەسـاڵح، بەیـان فـارس، نەسریـن مـەلا عەزیـز) ڕۆڵـی دیاریـان لـەم قۆناغـەدا بینیـوە[2].

لـە گرنگتریـن کار و چالاکییەکانـی کۆمەڵـەی ئافرەتـان لـەم قۆناغـەدا بریتـی بـوو لـە پەیوەندیکردنـی بـەردەوام لەگـەڵ سـکرتاریەتی کۆمەڵـەی ئافرەتـان، و گواسـتنەوەی سـەرجەم هـەواڵ و زانیارییـەکان لـە نـاوەوە و دەرەوەی شـار و کارەکانـی حکومـەت و جوڵـەی هێزەکانیـان، هەروەهـا کۆکردنـەوەی کۆمـەك و هـاوکاری بـۆ خانـەوادەی پێشـمەرگەکان و ئاڵوگۆڕکردنـی نامـەی نێوان خانـەوادە و ئـەو پێشـمەرگانەی لـە شۆڕشـدا بـوون، هەندێکجـار بەشـێوەی نهێنـی چارەسـەری ئـەو بریندارانەیـان دەکـرد کـە لـە چالاکییـە تایبەتەکانـی نـاو شـار برینـدار دەبـوون، یـان هەڵدەسـتان بـە دابینکـردن و ناردنـی کەلوپەلـی پێویسـتی تەندروسـتی بـۆ هێـزی پیشـمەرگە[3]، هەروەهـا لـە ماڵـی ئەندامـە باوەڕپێکراوەکانیـان کـۆڕ و دانیشـتنی تایبـەت بـە ڕۆڵـی ئافرەتـان و بوونـی کێشـەکانیان و گرنگـی ڕێکخـراوەکان لـە هۆشیارکردنەوەی کۆمەڵـگا و چۆنێتـی هاندانـی ئافرەتـان بـۆ کاری ڕێکخراوەیـی و حزبـی و دەستخسـتنی کاری سـەربەخۆ لـە پێنـاو پێشخسـتنی ڕۆڵـی ئافرەتـان ئەنجـام دەدرا[4]. دەتوانرێـت بگوترێـت ئـەو بارودۆخـە و ئاسـتی چالاکییـەکان دوای ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٨٨ و کیمیابارانکردنـی ناوچەکانـی کوردسـتان بـە تەواوەتـی وەسـتا جێـگای ئاماژەیـە لـەم قۆناغـەدا تاوەکـو ١٩٩١ ئـەو کۆمەڵەیـە نەیتوانیـوە هیـچ کۆنگرەیـەك ببەسـتێت دوای ڕاپەڕینـی جەمـاوەری باشـووری کوردسـتان سـەرلە نـوێ چالاکییەکانیـان بـە شـێوەیەکی تـر دەسـتی پێکـردەوە.

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ عیففەت ساڵح محەمەد، کۆیە، ١٩ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەدیبە سەعید محەمەد عەلی، سلێمانی، ٢٧ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٣) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ جەیـران مەحمـود شـێخ محـی الدیـن، ئەڵمانیـا، ٢٢ی کانـوونی دووەمـی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەخشـان عبداللـە زەنگـە، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی ٢٠٢٢.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ ئافتاو عەزیز عەلی، ئەڵمانیا، ٢٠ی شوباتی ٢٠٢٢.

## ٣. ڕێکخراوی لەیلا قاسم

ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان لە ساڵی ١٩٧٧ بەمەبەستی کۆکردنەوەی هەموو ڕێکخستنەکانی ئافرەتان لە یەك ڕێکخستندا ڕێکخراوێکی تایبەت بە ژنان لە شاری سلێمانی دامەزراند بە ناوی ڕێکخراوی لەیلا قاسم، ڕێکخراوەکە لە دوو بەش پێکهاتبوو، یەکەمیان بەسەرۆکایەتی وەسفیە بەنی وەیس بوو، کە زیاتر ئافرەتە کرێکارەکانی ناو کارگەکان تێیدا ئەندام بوون و بەشەکەی تر شەونم محەمەد غەریب سەرۆکایەتی دەکرد، کە زۆری ئەندامەکانی فەرمانبەر و مامۆستا و ئەندازیار و قوتابی زانکۆ بوون[١]. لە دیارترین ئەندامەکانی ئەم ڕێکخراوە (سروە حەمە حەسەن، شەهلا ئەحمەد، دلارام شێخ جەناب، ئاوێزە محی الدین، سوهەیلە حەسەن وەیس، شوعلە عەلی، وەزیرە جەلال سەعید، بەهیە مەعروف، پرشنگ شێخ عوسمان، ڤیان مەحمود، پەخشان حەمەساڵح، سروەی مەلا حەسەن[٢] مژدە عوسمان، عەتیە حەمەڕەش، نەسرین شەریف[٣]. لە ساڵی ١٩٧٨ ئەم ڕێکخراوە چەند لقێکی لە شارەکانی تر کردەوە بۆ نموونە لە شاری بەغداد لقێکیان کردەوە و هەروەها لە هەڵەبجە لقێکیان کردەوە کە ژمارەی ئەندامەکانی (٨) ئەندام بوون[٤]. ئەم ڕێکخراوە لە ساڵی ١٩٨٢ تا ساڵی ١٩٨٤ لە لایەن وەزیرە جەلال

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم محەمەد غەریب، سلێمانی، ١ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٥٥ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٩ بەشی کارەبای لە کۆلێژی ئەندازیاری زانکۆی سلێمانی تەواو کردووە، لەسەرەتاکانی دروستبوونی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان پەیوەندی کردووە بە ڕێکخستنەکانی و یەکێکە لە ئەندامانی دەستەی دامەزرێنەرانی ڕێکخراوی شەهید لەیلا قاسم، سەرۆکایەتی بەشێکی ئەو ڕێکخراوەی لە ئەستۆ گرتووە تا ساڵی ١٩٨٢، لە کۆنگرەی سێیەمی حزبدا بەشداریکردووە و لە خولی سێیەم ئەندامی پەرلەمانی کوردستان بووە، ئێستا خانەنشینە و لە سلێمانی دەژێت.

(٢) رووخۆش عەلی، مێژووی خەباتی مێینەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم محەمەد غەریب، سلێمانی، ١ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٣) نەسرین کوردە، ژنانی ڕێی کاروانی خەبات، بیرەوەری، چاپخانەی حەمدی، سلێمانی، ٢٠٢١، چ (٣)، ل٦٨.

(٤) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، بە (٣)، ل٢٠٢٢.

سەرپەرشتی دەکرا[1] دواتر لە ساڵی ١٩٨٤ ناوەکەی بۆ کەرتی (لەیلا قاسم) دەگۆڕێت و تەحسین قادر دەبێتە لێپرسراوی کەرتەکە و چوار ژنیش وەك ئەندامانی کەرت بەناوەکانی (پەروین کاکەحەمە سەعید، گێلاس محێدین، نەسرین شێخ جەمال، شیرین مەحمود) کاریان تێیدا کردوە[2]. لە ساڵی ١٩٨٦ لێپرساوێتی کەرتەکە درا بە محەمەد شێخ عەبدولکەریم سوڵەیی و چوار ئافرەتیش وەك ئەندامی کەرت بەناوەکانی (شەوقیە کاکەحەمە سەعید (ئارایشت)، جەمیلە مەحمود کەریم (کۆژین)، پەروین کاکەحەمە سەعید (کەژۆست)، گێلاس محەمەد (بەفرین) کاریان تێیدا کردووە[3]. کەرتی لەیلا قاسم کارەکانی بەسەر ئەندامانی کەرتەکە دابەشکردبوو[4]، هەر یەك لە شەوقیە کاکەحەمە سەعید لێپرساوی پۆلی شەهید ئامینە بوو بە ئەندامێتی هەریەك لە (گێلاس محێدین (بەفرین)، (پەروین کاکەحەمە (کەژدۆست)، تارا عومەر (سایە)، (لەمیعەکاکەحەمە (ڕاوێژ)[5]، پرشنگ نەجمەدین فەتحوڵڵا، مەهاباد عومەر (ئاوارە)، سەمیرە مستەفا (کۆکەژ)، ڕێزانە بچکۆل[6]، جەمیلە مەحمود کەریم بە لێپرساوی پۆلی شەهید سنۆبەر دیاریکرا[7] بە ئەندامیەتی هەریەك لە (دیدار محەمەد (شێنێ)، وێژە شەریف (شەنگە)، گەلاوێژ عەلی (پاکدڵ)، چیمەن عەلی (پەرچەم)، نەشمیل

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە جەلال سەعید، سلێمانی، ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، بە (٣)، ل٢٠٢٢-٢٠٢٣.

(٣) ئازاد سەراوی، ڕۆژژمێری ڕاپەڕین ١٩٨٨-١٩٩١، چاپخانەی کارۆ، ٢٠٢٠، ل٢٣٣.

(٤) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە (٣)، ل٢٠٢٣.

(٥) ئازاد سەراوی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٣٤.

(٦) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، بە (٣)، ل٢٠٢٣.

(٧) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ جەمیلە مەحمود کەریم، ناسراو بە (کۆژین)، ئەڵمانیا، ٤ی شوباتی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٦ لە بەسرا لە دایکبووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان کردووە، ساڵی ١٩٨٦ بووە بە ئەندام لە کەرتی شەهید لەیلا قاسم، ساڵی ١٩٩٢ بەشداری کۆنگرەی یەکێتی نیشتیمانی کوردستانی کردووە، دوای ڕاپەڕین تا ساڵی ١٩٩٩ لێپرساوی کەرتی ژنان بووە لە سلێمانی، ساڵی ٢٠١٠ بەشداری لە کۆنگرەی سێیەمی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کردووە، ٢٠١٨ چووەتە وڵاتی ئەڵمانیا، ئێستا ڕاوێژکاری ناوەندی بیر وهۆشیارییە لە ئەڵمانیا.

مەحمـود کەریـم (ڕاوێـژکار)، ئەمیـرە سـدیق عەبدولکەریـم (ڕێنـاس)، شـانۆ محەمـەد (شـەوبۆ)، گەلاوێـژ (شـەبەنگ)، شـیرین جەمـال جـەلال (شـۆخان)، هـاژە محەمـەد (هـاوڕێ)، کـەژاڵ عوسـمان (غـەوس)، پەخشـان سـاڵح نەجمەدیـن (ئاهەنـگ)، فاتیمـە حەمەڕەشـید (ئاوێنـە)[1].

یەکـەم چالاکـی ڕێکخراوەکـە دەرکردنـی ڕاگەیەنراوێـك بـوو بەبۆنـەی ڕۆژی ٨ی مـارس، ڕێکخراوەکـە لەمـاوەی دەسـتبەکاربوونیدا چەنـد خولێکـی هۆشـیاری سیاسـی بـۆ ئەندامانـی کردۆتـەوە و ڕۆڵێکـی دیاریشـی لـە پەخشـکردنی بڵاوکـراوە و چاپکراوەکانـی شۆڕشـدا بینیـوە، سـەرباری ئـەوەی ئەندامەکانـی بەشـداربوون لـە خۆپیشـاندانە جەماوەرییەکانـی ئـەو سـەردەمەدا[2]، هەروەهـا بەیاننامەکانـی ڕێکخراوەکەیـان بەشـێوەی نهێنـی بـڵاو دەکـردەوە لـە ڕێگـەی هەڵواسـینی بـە دیـواری قوتابخانـە و زانکـۆی سـلێمانی و مزگـەوت و شـوێنە گشـتییەکان، تەنانـەت بـە شـەوان لـە گەڕەکەکانـدا لـە ژێـر دەرگاوە دەخرایـە نـاو ماڵانـەوە بەمەبەسـتی ئاشـناکردن و ناسـاندنی ڕێکخراوەکـە بـە سـەرجەم چیـن و توێژەکانـی کۆمەڵـگا و زیادکردنـی ئەنـدام و لایەنگـران[3]، هەروەهـا ڕێکخراوەکـە کتێبخانەیەکـی گەڕۆکـی هەبـوو کـە بەهەمـوو ئەندامەکانییـەوە پارەیـان کۆدەکـردەوە بـۆ کڕینـی کتێـب و دابەشـیان دەکـرد بەسـەر ئەنـدام و لایەنگرانـی خۆیانـدا بـۆ ئـەوەی بیخوێننـەوە لـە پێنـاو بەرزکردنـەوەی ئاسـتی هۆشـیاری و ڕۆشـنبیری[4] بـە مەبەسـتی پەیوەنـدی کـردن بـەم ڕێکخـراوە و پاڵپشـتی کـردنی شـۆڕش، هەروەهـا کۆکردنـەوەی کۆمـەك و هـاوکاری پـارە و پێداویسـتی پزیشـکی و ناردنـە دەرەوەی بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە بـە مەبەسـتی چارەسـەرکردنی برینـدارەکان[5].

(١) جەمیلـە شـێخ مەحمـود (کۆژیـن)، بیرەوەرییەکانـی کۆژیـن، ڕۆژانـی کاری ڕێکخسـتن لـە ڕیزەکانـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، چاپخانـەی حەمـدی، سـلێمانی، ٢٠١٧، ل٦٧-٩٦؛ ئـازاد سـەراوی، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٢٣٤-٢٣٥.

(٢) ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، بە (٣)، ل٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم محەمەد غەریب، سلێمانی، ١ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٤) رووخۆش عەلی، مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٦١.

(٥) نەسرین کوردە، چ (٣)، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٤.

## ٤- یەکێتی ژنانی کوردستان

یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان لـە ٤ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٩ لـە شـاری سـەقز لەسـەر پێشـنیاری هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمـەد بـە ڕاگۆڕینـەوە لەگـەڵ کافیـە سـلێمان دامـەزرا[1]، دەسـتەی بەڕێوەبردنـی لـە ١١ ئافـرەت پێکهاتبـوو (هێـرۆ ئیبراهیـم ئەحمـەد، کافیـە سـلێمان، پەخشـان شـێخ جـەلال حەفیـد، سـەبیحە شـێر محەمـەد، کـەژاڵ ئەحمـەد عەلـی، ڕەحمـە عەبدوڵـڵا، پـەری عەلـی قەرەداغـی، چیمـەن عەبدولڕەحـمان، دڵـدار مەجیـد بەهادیـن، ئەڵـماس، مەهابـاد)[2]. دوای دامەزرانـدن و دیاریکـردنی دەسـتەی سـەرکردایەتی پەیوەنـدی بـە چەندیـن ئافـرەت کـرا لـە شـار و ئۆردوگاکانـی بانـە و سـەقز و ئورمیـە و مەهابـاد و مەریـوان لـە دیارترینیـان (وەصفیـە بەنـی وەیـس، نەسریـن مـارف، مەهابـاد شـێخ محەمـەد ئەمیـن، گەلاوێـژ فـواد، حەلیمـە حەمیـد، ڕێـزان ئەحمـەد هـەردی، حەسـیبە عەبدوڵـڵا، پەرژیـن محەمـەد سـاڵح، شـوکریە کەریـم، گەلاوێـژ مەجیـد، فاتیمـە ڕەشـید، بێریڤـان مسـتەفا، کـەژاڵ عەلائەدیـن، تـارا شـێخ عوسـمان، پەیـمان حەمیـد). لـە ڕێـگای ئـەو ئافرەتانـەوە دەسـتیان کـرد بـە بڵاوکردنـەوەی پەیـڕەو و پرۆگرامـی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان بەنـاو ژنـە ئـاوارەکان دا[3]، هەروەهـا لـە یەکـەم بانگەوازیانـدا کـە لـە ١١ی تشرینـی دووەمـی ١٩٨٩ بڵاوکرایـەوە کـە تێیـدا داوایـان لـە ژنـان کـردووە بەشـدارییەکی کارا لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نەتەوەکەیـان بکـەن، وەك لـە بانگەوازەکـەدا هاتـووە: **"...گەلەکەمـان بەرەنـگاری سـەختترین شـەڕی ژیـان**

(١) باڵیۆز محەمەد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤؛ تەوار"گۆڤار"، ژ(١)، خول(٣)، شوباتی ٢٠٠١، ل٣٩.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ کافیـە سـلێمان، سـلێمانی، ٩ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٠ لـە شـاری سـلێمانی لەدایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٢ بەشـی فیزیـای لـە کۆلێـژی پـەروەردەی زانکـۆی بەغـدا تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٣ پەیوەنـدی بـە کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان کـردووە و دوای دامەزراندنـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە نـاو ڕیزەکانیـدا بـەردەوام بـووە، سـاڵی ١٩٨٥ پەیوەنـدی بـە هێـزی پێشـمەرگەی یەکێتـی کـردووە و یەکێکـە لـە ئەندامانـی دەسـتەی دامەزرێنەرانـی یەکێتـی ژنانـی کوردسـتان و یەکەمیـن سـکرتێری ڕێکخراوەکەیـە و لـە کۆنگـرەی یەکەمـدا پلـەی سـکرتێری پێبەخشرایـەوە و تاکـو ئێسـتاش لـەو پلەیـەدا ماوەتـەوە و لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(٣) تەوار"گۆڤار"، ژ (١)، شوباتی ٢٠٠١، ل ٣٩-٤٠.

**و مردن بووەتەوە، هیچ شێوەیەکی لەناوبردن نەماوە دوژمن بەکاری نەهێنێ هەر لە کاولکردنی گوندەکان و ڕاگواستنی خەڵکەکەیەوە بۆ ئۆردوگا زۆرەملێیەکان تا بەکارهێنانی چەکی کیمیاوی و هێرشی بەربڵاو و بەدیلگرتن و شەهیدکردنی گەنج و پیر تا دەگاتە سەر فرۆشتنی ژن و منداڵ ... ئەی خوشکان با لەم قۆناغە ناسکەی گەلەکەمانی پێدا تێپەڕ دەبێت یەکگرین و خۆمان لە ژێر ئاڵای یەکێتی ژنانی کوردستاندا ڕێك بکەین.....»** [1]. هەروەها بە مەبەستی جێبەجێ کردنی کاروچالاکییەکان چەند لێژنەیەکیان پێکهێنا لەوانە لێژنەی ڕاگەیاندن، لێژنەی دارایی، لێژنەی فریاگوزاری، لێژنەی ڕێنمایی تەندروستی، لێژنەی پەیوەندییەکانی دەرەوە، لێژنەی کۆمەڵایەتی[2] .

یەکەم چالاکی ئەم ڕێکخراوە دەرکردنی گۆڤارێك بوو بەناوی (تەوار) وەك زمانحاڵی ڕێکخراوەکە لە لایەن لێژنەی ڕاگەیاندنەوە دەرچوو، کە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد سەرپەرشتی دەکرد[3] هەروەها کۆکردنەوەی ئابوونە لە ئەندامەکانی ڕێکخراوەکە لەلایەن لێژنەی داراییەوە کە دواتر داهاتەکە پێشکەش بە لێقەوماوان و ئاوارەکانی ئۆردوگاکان دەکرا[4]، هەروەها لێژنەی تەندروستی بەسەرپەرشتی د. ڕێزان ئەحمەد هەردی کە ئەندامی ڕێکخراوەکە بوو سەردانی ئۆردوگاکانیان دەکرد و ڕێنمای تەندروستییان پێشکەش بە ژنان دەکرد، چارەسەری ئەو ژنانەیان دەکرد کە پێویستییان بە چارەسەری پزیشکی هەبوو، بەتایبەتی ئەوانەی باری داراییان باش نەبوو وە دەرمانی پێویستیان بۆ دابین دەکرا[5]، لە بۆنە نەتەوەیەکاندا ئەم ڕێکخراوە کار و چالاکییان ئەنجامداوە

---

(١) بۆ دەقی بانگەوازەکە بڕوانە: ئینسکلۆپیدیای یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، بە (٣) سەرچاوەی پێشوو، ل٢٤١٣ .

(٢) تەوار"گۆڤار"، ژ (١)، شوباتی ٢٠٠١، ل٤١.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: تەوار"گۆڤار"، ژ (١)، شوباتی ٢٠٠١، ل٤١.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کافیە سلێمان، سلێمانی، ٩ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان جەلال حەفید، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٤٧ لە شاری سلێمانی لە دایکبووە، لە ساڵی ١٩٧٢ بەشی زمانی کوردی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی بەغدا تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٣ وەك مامۆستا دامەزراوە، هەر

بەتایبــەت لــە ســاڵیادی کیمیابارانکردنــی شــاری هەڵەبجــە بەهــاوکاری لەگــەڵ کۆمیتــەی شــاخی یەکێتــی هونەرمەندانــی کوردســتان هەســتاون بــە ئەنجامدانــی مەراســیمێکی گــەورە بەمەبەســتی یادکردنــەوەی کیمیابارانکردنــی هەڵەبجــە لــە شــاری ســەقز و چەندیــن چالاکــی جــۆرا وجــۆر لــەو یــادەدا پێشکەشــکراوە وەك کردنــەوەی پێشــانگای تایبــەت بــە هونــەری شــێوەکاری بــۆ ژنــان و منــداڵان کــە بەشــێکی ئــەو پێشــانگایە تەرخــان کرابــوو بــۆ کارە دەســتییەکانی ژنــان وەك جلــی دووراو و گوڵــی دروســتکراو و خواردنــی کــوردەواری و داهاتــی پێشــانگاکە پێشــکەش بــە منداڵانــی شــەهیدان کــرا[1]. بــەم شــێوەیە یەکێتــی ژنانــی کوردســتان لــە قۆناغــی ئاوارەیــی بــەردەوام بــوو لــە کار و چالاکییەکانــی بەبــێ ئــەوەی بنکەیەکــی فەرمــی یاخــود بارەگایەکــی هەبێــت، بەڵکــو ماڵــی ئەندامانــی ڕێکخراوەکــە بنکــەی کۆبوونــەوە و کار و چالاکییەکانــی ڕێکخراوەکــە بــوو، هەمــوو پێکــەوە کاریــان کــردووە[2]. دوای ڕاپەڕینــی بەهــاری ســاڵی ١٩٩١ قۆناغێــکی تــازە لــە خەبــاتی ئــەم ڕێکخــراوە دەســت پێــدەکات.

---

لــە ســەرەتاکانی دامەزراندنــی (ی،ن،ك) پەیوەنــدی بــە ڕێکخســتنەکانی ئــەو حیزبــەوە کــردووە، لــە ســاڵی ١٩٨٠ پەیوەنــدی کــردووە بــە هێزەکانــی پێشــمەرگە و لــە بەشــی ڕاگەیاندنــی ســەرکردایەتی کاری کــردووە، یەکێکــە لــە ئەندامانــی دەســتەی دامەزرێنەرانــی یەکێتــی ژنانــی کوردســتان، ئێســتا لــە ســلێمانی دەژێــت.

(١) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ ســەبیحە شــێر محەمــەد، ســلێمانی، ١٢ی کانــوونی دووەمــی ٢٠٢٢. لــە ســاڵی ١٩٤٩ لــە شــاری خانەقیــن لــە دایکبــووە، دواناوەنــدی لــە شــاری عەزیزیــە ســەر بــە قــەزای کــوت تــەواو کــردووە، ســاڵی ١٩٧٣ بەشــی زمــانی کــوردی لــە کۆلێــژی ئــاداب لــە زانکــۆی بەغــدا تەواوکــردووە، هەمــان ســاڵ لــە شــاری ئاکــرێ وەك مامۆســتا دامــەزراوە، ســاڵی ١٩٧٦ پەیوەنــدی کــردووە بەڕیزەکانــی (ی.ن.ك)، یەکێکــە لــە ئەندامانــی دەســتەی دامەزرێنەرانــی یەکێتــی ژنانــی کوردســتانە، ئێســتا خانەنشــینە و لــە شــاری ســلێمانی دەژێــت.

(٢) تەوار"گۆڤار"، ژ (١)، شوباتی ٢٠٠١، ل٤٢.

## ٥_ ڕێکخراوی پێشەنگی ئافرەتانی کوردستان

ڕێکخـراوی پێشـەنگی ئافرەتانـی کوردسـتان سـەر بـە پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان بـوو[١] لـە ٤ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٨٩ لـە شـاری ئورمیـە لـە ڕۆژهەڵاتـی کوردسـتان دامـەزراوە[٢] دەسـتەی دامەزرێنـەری ئـەم ڕێکخـراوە پێکهاتـووە لـە حسـنی ئەحمـەد رەشـید (لانـا) سـەرۆك و ئەندامانـی دەسـتەی ڕێکخراوەکـەش پێکهاتبـوو لـە (بیـان عبداللـە، بێریڤـان عقـراوی، دەریـا عزیـز، خانـزاد عزیـز، وحیـدە علـی حسـین، شـذی سلام حسـین، کوردسـتان، ئاڤینـگ)[٣]. لـە کۆنگـرەی دووەمـی پارتـی گـەل لـە بڕیارەکانـدا خاڵـی شەشـەم تەرخانکـراوە بـۆ ڕۆڵـی ئافرەتانـی کوردسـتان و هەروەهـا سـەرکردایەتی پارتـی گـەل پیرۆزبایـی لـە دامەزراندنـی ڕێکخـراوی پێشـەنگی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکات و ئامادەیـی خـۆی ڕادەگەیەنێـت بـۆ یارمەتیـدان و ئامادەکردنـی گشـت پێداویسـتییەکان، لەپێنـاو سـەرکەوتن و پەرەسـەندنی خەباتـی ئافرەتـان[٤].

سـەبارەت بـە کار و چالاکییەکانی ئـەم ڕێکخـراوە، بەپێـی پەیـڕەو و پرۆگرامـی ناوخـۆی کاری کـردووە و بەدواداچوونیـان بـۆ ڕووداوەکان کـردووە و بـیرو سـەرنجیان خسـتۆتەڕوو بـۆ نموونـە، دوای داگیرکردنـی کوێـت لەلایـەن سـوپای عێـراق لـە ٢ی ئـابی ١٩٩٠، شـانەی ڕێکخـراوی ئافرەتانـی دهـۆکـی ئـەم ڕێکخـراوە، هەڵدەسـتن بـە کۆبوونەوەیـەك لـە

---

(١) سـامی عبدالرحمـن، ڕاپۆرتـی کۆنگـرەی دووەمـی پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان، ٢٦-٣٠ کانونـی یەکەمـی ١٩٨٩، ئایـاری ١٩٩٠، ل١٧٢.

(٢) بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: بەیانی دامەزراندنی ڕێکخراوی پێشەنگی ئافرەتانی کوردستان، کۆمیتەی ئامادەکردنی ڕێکخراوی پێشەنگی ئافرەتانی کوردستان، ٤ کانوونی یەکەمی ١٩٨٩، ل٣.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگـەڵ حسنی ئەحمـەد ڕەشـید، دهـۆك، ٢٥ی کانـوونی دووەمـی ٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٥ لـە ئامێـدی لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیمانـگای مامۆسـتایانی لـە شـاری دهـۆك تـەواو کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٢ پەیوەنـدی بـە پارتـی گـەل کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٨ دوای پرۆسـەی ئەنفـال ودروسـتبوونی مەترسـی لەسـەر ژیانـی پەیوەنـدی کـردووە بـە هێـزی پێشـمەرگەی کوردسـتان و چووەتـە وڵاتـی ئێـران لـە شـاری ئورمیـە، لـە سـاڵی ١٩٨٩ لـە کۆنگـرەی دووەمـی حزبەکـەدا بەشـداریکردووە و دامەزرێنـەری یەکێتـی پێشـەنگی ئافرەتانـە و ئێسـتاش لـە شـاری دهـۆك دەژێـت.

(٤) بـۆ دەقـی بڕیارەکـە بڕوانـە: ڕاپۆرتـی کۆنگـرەی دووەمـی پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان، ل١٧٦-١٧٧.

١٥ی ئەیلـوولی ١٩٩٠ لـەم کۆبوونەوەیـەدا حسـنی ئەحمـەد رەشـید بەنـاوی نهێنـی (لانـا) سـەرۆکی ڕێکخراوەکـە سەرپەرشـتی کۆبوونەوەکـەی کـردووە بـە ئامادەبوونـی هەمـوو ئەندامانـی شـانەی ڕێکخراوەکـە، گفتوگـۆ دەربـارەی بارودۆخـی سیاسـی عێـراق دوای داگیرکردنـی کوێـت و سـەر لەنـوێ هەوڵـدان بـۆ دەسـتپێکردنەوەی چالاکییەکانـی پێشـمەرگە لـە ناوچەکانـی کوردسـتان و هەروەهـا چەنـد پێشـنیارێکیش دەربـارەی کەسـوکاری پێشـمەرگەکان خراوەتـە ڕوو[1] یەکێکـی تـر لـە چالاکییەکانـی ڕێکخـراوی پێشـەنگی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە قۆناغـی ئاوارەیـی لـە وڵاتـی ئێـران بریتـی بـوو لـە کۆکردنـەوەی کۆمـەك و یارمەتـی بـۆ خێزانـی شـەهیدەکان، بەپێـی بەڵگەنامەیـەك لـە ١٦ی شـوباتی ١٩٩٠ کـە لەلایـەن شـانەی مهیرەبـان سـەر بـە پارتـی گەلـی دیموکراتـی کوردسـتان ئاراسـتەی سـەرکردایەتی کـراوە ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە ڕێکخـراوی ئافرەتـان هەسـتاوە بـە کۆکردنـەوەی یارمەتـی بـۆ خێزانـی مـەلا ئیحسـان لـە ١٩ی کانـونی دووەمـی ١٩٩٠ کـە سـەرۆکی ڕێکخراوەکـە حسـنی ئەحمـەد ڕەشـید (لانـا) یارمەتییـەکانی گەیانـدووە کـە نزیکـەی (٩٠٠) تمـەن بـووە[2]. هەروەهـا لـە ١٦ی ئەیلـوول لـە ماڵـی ئەندامێکـی ڕێکخراوەکـە بەنـاوی (سـەمیرە) کۆبوونەوەیەکـی دیکـە ئەنجامدەدرێـت و هەمـان ئـەو تەوەرانـە گفتوگـۆی لەسـەر دەکرێـت، کـە پەیوەنـدی بـە ڕەوشـی سیاسـی ئـەو کاتی عێراقـەوە هەبـوو بەتایبـەت داگیرکردنـی کوێـت، هەروەهـا لەسـەر ئـەو ڕاسـپاردانەی کـە پێیانگەیشـتووە لەلایـەن سـەرکردایەتی حزبەکـەوە گفتوگۆیـان کـردووە ودواتریـش بەشـێوەیەکی نـووسراو ئاراسـتەی لێژنـەی مەرکـەزی پارتـی گەلیـان کـردووە[3] کۆبوونەوەیەکـی دیکـە لـە ٢٢ی کانـونی یەکەمـی ١٩٩٠ لـە ماڵـی کوردسـتان ئەنجامـدراوە بابەتـەکانی ئـەو قۆناغـە گفتوگـۆی لەبـارەوە کـراوە، هەروەهـا لـەو ڕاپۆرتـەی بەرزکراوەتـەوە بـۆ سـەرکردایەتی حـزب و چالاکییەکانـی ڕێکخراوەکەیـان خسـتۆتەڕوو، کـە سـەردانی خێزانـی ئـاوارەکان و ئەوانـەی کـە پێویسـتیان بـە یارمەتـی بـووە یارمەتیـان داون، لەوانـەش خێزانـی (عەزیـز ئـارزی) کـە بـڕی (١٠٠٠) تمەنیـان

(١) منظمة الطليعية للمرأة الكردستانية، محضر جلسة، ١٩٩٠/٩/١٥ .

(٢) حزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، خلية ميهرەبان، ع (١)، الموضوع: استفسار عن مساعدة عائلة الشهيد ملا احسان، ١٩٩٠/٢/١٦.

(٣) منظمة الطليعية للمرأة الكردستانية، محضر جلسة، ١٩٩٠/٩/١٦ .

پێشکەش کردووە[١]، یەکێك لەو چالاکییانەی کە ئەو ڕێکخراوە پێی هەستاوە لەو کاتەی سەرۆکی ڕێکخراوەکە لە شاری سەقز بووە لە ڕێگەی نووسراوێکەوە داوای کردووە کە بڕێك پارە بۆ ئەم ڕێکخراوە خەرج بکرێت بۆ ئەوەی بتوانێت هەستێت بە ئەنجامدانی هەندێك کار و چالاکی، کە ئەو کاتە پێویست بوون، کە تایبەت بوو بە سەردانیکردنی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانە و سەردانی ئاوارەکان لە ئۆردۆگاکان هەروەك لە دەقی داواکارییەکەدا هاتووە: "**.... بۆ زانینتان ماوەی ساڵێك و چوار مانگ تێپەڕ بووە بەسەر دامەزراندنی ڕێکخراوەکەمان تاوەکو ئێستا جگە لە (٥) هەزار تمەن هیچی دیکەمان بۆ خەرج نەکراوە، کە لە ٢٤ی شوباتی ١٩٩٠ سەرفکراوە لەم ڕۆژانەدا پێویستییەکی زۆرمان بەبڕێك پارە هەیە بۆ ئەوەی ئەندامانی ڕێکخراوەکەمان سەردانی نەخۆشەکان لە نەخۆشخانەکان و ئاوارەکان لە ئۆردۆگاکان بکەن، داواتان لێدەکەین کە داواکارییەکەمان جێبەجێ بکەن بە سەرفکردنی بڕێك پارە بۆ ئەنجامدانی ئەرکەکانمان...**"[٢].

ئەم ڕێکخراوە چەندین چالاکی جۆراوجۆریان هەبووە وەك کردنەوەی خولی دوورمان بۆ کچان و ئافرەتان، سەردانیکردنی خانەوادەی شەهیدان و گەیاندنی کۆمەك و هاوکاری بۆ ماڵە پێشمەرگە و ئاوارەکان[٣]. ئەم ڕێکخراوە دوای ڕاپەڕینی بەهاری ساڵی ١٩٩١ لە کارەکانی بەردەوام بوو تا هەڵوەشانەوەی پارتی گەل و تیکەڵ بوونی بە پارتی دیموکراتی کوردستان.

---

(١) منظمة الطليعية للمرأة الكردستانية، محضر جلسة، ١٩٩٠/١٠/٢٣ .

(٢) كتاب من رئيسة المنظمة حسنى احمد رشيد (لانا) الى اللجنة المركزية لحزب الشعب الديمقراطي الكردستاني، الموضوع: صرف مبلغ لمنظمة، ١٩٩٠/٤/١٠.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ حسنی ئەحمەد ڕەشید، دهۆك، ٢٥ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

# - بەشی سێیەم -

# ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەکداری و چالاکییە نێودەوڵەتییەکان

ئافرەتان لە باشووری کوردستاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٥٨-١٩٩١ بەشداری کارایان لە چەندین لایەندا کردووە، خەباتی چەکداری یەکێك لەو لایەنە گرنگانەیە کە لە دوای سەرهەڵدانی شۆڕش لە ئەیلوولی ١٩٦١ ڕۆڵی دیاریان تێدا بینیوە و ئەم چالاکییانەش لە بواری خەباتی چەکداری تا ساڵی ١٩٧٠ بەردەوام بوو، بەڵام دواتر بە هۆی ڕووداوەکانی ساڵی ١٩٧٥ بۆ ماوەیەك خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستاندا وەستا و دواتر لە ساڵی ١٩٧٦ بۆ جارێکی تر شۆڕش لە باشووری کوردستان سەریهەڵدایەوە و ئافرەتان بە درێژایی ساڵانی هەشتاکانی سەدەی بیستەم ڕۆڵی دیاریان تێدا بینیوە، هەروەها لە پاڵ خەباتی چەکداری لە چالاکییە دەرەکییەکان لەو ماوەیەدا بەشدارییان لە چەندین کۆبوونەوە و کۆنفرانس کردووە بە تایبەتی لە سەر ئاستی شاندە حزبی و فەرمییەکان، خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان لە ساڵانی ١٩٥٨-١٩٩١ بووە هۆی ئەوەی حکومەتی عێراق هەڵوێستی توند لەبارەیانەوە وەربگرێت و مامەڵەیەکی توند بەرامبەر ئافرەتان بگرێتە بەر، کە لەم بەشەدا ئاماژەیان پێدەکرێت.

## تەوەری یەکەم

## ڕۆڵی ئافرەتان لە خەباتی چەکداری ١٩٦١-١٩٩١

دوای سەرکەوتنی شۆڕشی ١٤ی تەمووزی ١٩٥٨ پەیوەندییەکانی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکومەتی عێراق لە ئاستێکی باشدا دەرکەوت، بە تایبەتی دوای ئەوەی کورد لە دەستوری کاتی عێراق بە هاوبەش لەگەڵ نەتەوەی عەرەب داندرا و مستەفا بارزانی و هاوەڵەکانی لە یەکێتی سۆڤیەت گەڕانەوە بۆ عێراق و دواتر مۆڵەتی فەرمی بە پارتی دیموکراتی کوردستان درا ڕەوشێکی سیاسی ئارام و ئاشتیخوازانە هاتە پێشەوە[1].

ئەو ڕەوشە سیاسییە هێمن و ئاشتییانە لە ١٤ی تەممووزی ١٩٥٨ تاوەکو ئەیلوولی ١٩٦١ بەردەوام بوو، بەڵام بە هۆی چارەسەر نەکردنی کێشەکانی نێوان سەرکردایەتی سیاسی کورد و حکوومەتی عێراق بە تایبەتی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان (مستەفا بارزانی و عەبدولکەریم قاسم) کە لە ئەنجامدا شۆڕش لە باشووری کوردستان هەڵگیرسا و دواتر بە (شۆڕشی ئەیلوول) ناسرا. سەبارەت بە ڕۆڵی ئافرەت لە خەباتی چەکداری (پێشمەرگایەتی) لەم قۆناغەدا کە لە ١١ی ئەیلوولی ١٩٦١ تا ١١ی ئاداری ١٩٧٠ی خایاند، ئافرەتان تەنیا لە ناو ڕێکخستنەکانی چەکداری پارتی دیموکراتی کوردستان بەشداری خەباتی چەکدارییان کردووە، چونکە لەم ماوەیەدا پارتی دیموکراتی کوردستان سەرکردایەتی شۆڕشی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان دەکرد، هەر بۆیە ئافرەتان سەرەتا پەیوەندییان بە (پ.د.ك) دەکرد و لە ڕێگای ڕێکخستنەکانەوە پەیوەندییان بە شۆڕش دەکرد، هەر چەندە لە ڕووی ژمارەوە لە ئاستێکی کەم بوون، بەڵام لە هەموو

(١) لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، ئا: سدیق ساڵح، ڕەفیق ساڵح، دهۆك، ٢٠٢١، ل٣٨٤.

ناوچە جیاجیاکانی کوردستان تێکەڵ بە خەباتی چەکداری بوون[1].

سەبارەت بە ئافرەتانی شاری سلێمانی، چەندین ئافرەت پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە و بەشداری خەباتی چەکدارییان کردووە لە دیارترینیان ناهیدەی شێخ سەلام، کە ئەوکات ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی پارتی دیموکراتی کوردستان بووە، لە بیرەوەرییەکانیدا ئاماژە بۆ ئەوە دەکات و دەڵێت: "**...سەرەتایی ساڵی ١٩٦١ لە بارەگا بووم بارزانی ناردی بەشوێنمدا گوتی: خوشکە تۆ دەبێت بچیت بۆ سلێمانی بۆ ماڵی حەمەی ئەوڕەحمان ئاغا لەوێ چەند کەسێکی لێیە پێیان دەڵێی: ئەگەر شۆڕش هەڵبگرسێتەوە، دەتوانن هاوکاریمان بکەن، نابێ ئەوەش کەس بزانێت، من هەر لەوێوە بەرەو سلێمانی ڕۆیشتم و چوومە ماڵی ناوبراو ... مەسەلەکەم بە زمانی بارزانیی نەمرەوە تێگەیاندن، کاکە زیاد گوتی: ئەگەر شۆڕش هەڵبگرسێتەوە بەسەر و ماڵ ئێمە لەگەڵ مەلا مستەفاداین، شێخ حوسێنی بۆسکین گوتی: ئەوەندەم فیشەك هەیە بەشی ساڵێکمان دەکات، ئەوانی دیکەش هەر هەمان وەڵامیان هەبوو...**"[2]. هەروەها زەکیە ئیسماعیل حەقی، مونیرە قەفتان، درەخشان جەلال حەفید، عائیشە ڕەسوڵ، شەفیقە عەلی[3]، عەتیە ئەحمەد کەریم، سەبریە مام ئەحمەد، ئافتاو براخاس، خەدیجە حەیدەر، ساجیدە محەمەد مزوری[4]، شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، ڕووخۆش فەرەج، بەهیە مەعروف بەرزنجی، ئەنجوم عبداللە زوهدی، چیمەن حەسەن عبداللە، مونیرە عەبدول محەمەد، زوبێدە سابیر عەبدوڵڵا (باجەخان)، د. ناهیدە کەریم سەعید پەیوەندییان بە شۆڕشەوە هەبوو[5].

---

(١) کرمانجێ چالی، تایبەتمەندییێن کەسێ چەکدارێ شۆرەشگەرێ کورد پێشمەرگە، کۆنفرانسێ زانستیێ نیڤدەولەتیێ شۆڕەشا ئەیلوولێ وەرچەرخانەك د دیرۆکا سیاسی یا کوردی دا، دهۆك، ٢٠٢١، ل٥٨.

(٢) ناهیدەی شێخ سەلام، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

(٣) شرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٣٣ ؛ عوسمان سەنگەسەری، ژنە ناودارەکانی کورد، چ (١)، چاپخانەی سیما، سلێمانی، ٢٠١٣، ل٢٢ ؛ خەلیل عەبدوڵڵا، چراکانی نیشتیمان، چ (٢)، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ل٢٤٥، ٣٨٠؛ درەخشان جەلال، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٦.

(٤) دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ (٣٥)، ٣٠ تشرینی دووەمی ٢٠٠٠، ل٢١.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛

سەبارەت بە شاری هەولێر، هەریەك لە ساڵیحە عەبدولمەناف سەعید شکاك، ڕازیە حەسەن خەتاب، زولێخا هاوسەری سەعید مەسیفی، خەدیجە ئەحمەد ناسراو بە (خەجەباوە)[١]، کاترینا گۆرگیس مۆشێ[٢]، بەدریە ڕەمەزان خدر، عائشە حەمەد ئەمین عەلی بریندار، سوعاد محەمەد حاجی[٣]، مامز خدر پیرۆت شێرە، فاتیمە ئیسماعیل بەشداری خەباتی چەکدارییان کردووە[٤]، جێگای ئاماژەیە هەندێك لە ئافرەتەکان بە پارەی خۆیان چەکیان کڕیوە و بەشداری شۆڕشیان کردوە لە دیارترینیان (جازێ خورشید) کە بە پۆشینی جلی کوردی پیاوان بەشداری لە چەندین شەڕدا کردووە وەك شەڕی ئۆمەراغە و داستانی خواکورك[٥].

---

چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چیمەن حەسەن عبداللە، سلێمانی، ٣ی نیسانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سلێمانی، ٥ی نیسانی ٢٠٢٢؛ عەلی ڕەسوڵ عومەر، ناوچە ئازادکراوەکانی باشوری کوردستان ١٩٦١-١٩٧٠ نامەی ماستەر (بڵاونەکراوە)، کۆلێژی ئاداب، زانکۆی سەلاحەدین هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٢٢.

(١) خەجەباوە لە ساڵی ١٩٤٥ لە گوندی مەلاقەرە سەر بە پارێزگای هەولێر لە دایك بووە، لە تەمەنی منداڵییەوە شان بە شانی براکانی وەك پێشمەرگە بەشداری لە خەباتی چەکداری کردووە و ڕۆڵێکی گرنگی لە گواستنەوەی چەك و فیشەك و پێویستییەکانی پێشمەرگە هەبووە و ساڵی ١٩٧٤ ئاوارەی وڵاتی ئێران بووە، لە ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی شاری هەولێر ڕۆڵێکی دیاری هەبووە لە هۆشیار کردنەوەی خەڵك و دابەشکردنی چەك و تەقەمەنی و هاندانی خەڵك بۆ ڕووبەڕووبونەوەی دەزگا ئەمنییەکان لە شارەکە و هەر لەم ڕووداوەدا بە دەستی هێزە ئەمنییەکانی حکومەتی عێراق کوژراوە، بڕوانە: وێ"گۆڤار" ژ (١)، کانوونی یەکەمی ٢٠٠٧، ل١٠؛ باس"هەفتەنامە"، ژ (٢٧٧)، ٢٠١٦/٣/٨، ل٨ .

(٢) پەیامی ئەیلوول"گۆڤار"، ژ (٤)، تەمموزی ٢٠٠٨، ل ٥٥-٥٦.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هێرش ئەحمەد عەلی، هەولێر، ١١ی نیسانی٢٠٢٢. کوڕی بەدریە ڕەمەزان خدرە، لە ساڵی ١٩٦٩ لە سنوری قوشتەپە لە دایکبووە، لەبەر ئەوەی باوك و دایکی پێشمەرگەی شۆڕشی ئەیلوول بوونە هەر لەتەمەنێکی منداڵییەوە ئاگاداری ڕووداوەکانی ناو شۆڕش بووە، ئێستا ئەندامی لقی١٦ی (پ.د.ك) لە سنوری دەشتی هەولێر دەژێت.

(٤) عەقیلە ڕەواندوزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٢؛ ڕۆڵی شێرەژن (فاتیمە ئیسماعیل) لەشەڕەکەی دارەخورما، پەیامی ئەیلوول"گۆڤار"، ژ (٢)، زستانی ٢٠٠٨، ل٢٣.

(٥) ڕەشید سەبری مەولود، جازێ خورشید ئەو ئافرەتە پێشمەرگەیەی لە بەرەکانی جەنگدا حزوری بەرچاوی هەبووە، پەیامی ئەیلوول"گۆڤار"، ژ (٢٣)، ئازاری ٢٠١٢، ل ٩٢-٩٣.

لـــە دەڤـــەری ڕەوانـــدز هەریـــەك لـــە عائیشـــە عوســـمان حەســـەن (عائیشـــە ڕەش)، ســـارە شـــێخە ئەحمـــەد، عائیشـــە عەبـــاس قـــادر بەشـــدارییان لـــە خەباتـــی پێشـــمەرگایەتی کـــردووە، عائیشـــە عەبـــاس جگـــە لـــە ئەرکـــی پێشـــمەرگایەتی بەشـداری لـە هێـزی بەرگـری میللـی کـردووە کـە ئەرکیـان پێشـوازی لـە هێزەکانـی پێشـــمەرگە و دابینکردنـــی خـــواردن و گواســـتنەوەی تەقەمەنـــی بـــۆ بەرەکانـــی شـەڕ و گواسـتنەوەی برینـدارەکان و چارەسـەرکردنیان بـووە، جێـگای ئاماژەیـە ئـەم ئافرەتـە ڕۆڵێکـی دیـاری بینیـوە لـە کاتـی برینداربوونـی پێشـمەرگەکان هەسـتاوە بـــە ســـڕینەوەی شـــوێنەواری خوێنـــی پێشـــمەرگە برینـــدارەکان لەســـەر زەوی بـــە خـــۆڵ بـــۆ ئـــەوەی هێزەکانـــی ســـوپا و پۆلیـــس شـــوێن و بارەگاکانـــی پێشـــمەرگە نەدۆزنـــەوە[1]. هەروەهـــا فاتمـــە حەمـــەد ئەمیـــن نـــاسراو بـــە (فاتمـــە هەڵـــۆ) یەکێـــك بـــووە لـــە پێشـــمەرگە ئافرەتەکانـــی ســـنوری شـــەقڵاوە، کـــە لـــە چەندیـــن شـــەڕ و ڕووبەڕووبوونـەوەدا هاوشـان لەگـەڵ پێشـمەرگەکان دژی هێزەکانـی حکومەتـی عێراقـی بەشـداریکردووە یـەك لـەو شـەڕانە نـاسراو بـە شـەڕی (دارەخورمـا) کـە تێیـدا جگـە لـە دابینکردنـی نـان و خـواردن و دابەشـکردنی بەسـەر هێزەکانـی پێشـمەرگەدا بـە دەنگێکـی بـەرز هـاواری دەکـرد و ورەی پێشـمەرگەکانی بـەرز دەکـردەوە[2].

ســـەبارەت بـــە دەڤـــەری بادینـــان چەندیـــن ئافـــرەت بەشـــدارییان لـــە خەباتـــی چەکـــداری دا کـــردووە لـــە دیارترینیـــان؛ مەریـــم ویســـی ڕەســـوڵ، نەسریـــن حەســـەن بێکـــەس، مەقبیـــلا تۆفیـــق، ســـانیا مـــەلا عەبدولحەکیـــم، بەگیخـــان حەمـــێ تەهـــا ليناڤایـــی، فەزیـــلا عەلـــی ڕۆحویـــێ، نەجیباخـــان، ڕەقیـــە عەبدوڵـــڵا قـــادر، جەلیلـــە تەیـــب، ســـاریا دۆســـکی[3]، گوڵنـــام مەحمـــود مســـتەفا، مێمـــێ ئەســـعەد محەمـــەد،

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ شـەمام محەمـەد زیـاد، ڕەوانـدز، ٨ی نیسـانی٢٠٢٢؛ نـوری بێخاڵـی، شـێرە کچێـك لەنـاو جەنگەڵـی ژیـان، کۆوار"گۆڤـار"، ژ (٤٣)، سـاڵ (٤)، تەممـوزی ٢٠٠٩، ل٤٢-٤٣.

(٢) لاڤـە فـاروق جەمیـل، سـامان جـەلال، هەولێـر، چ (١)، هەولێـر، ٢٠٢١، ب (١)، ل٧٣؛ پەیامـی ئەیلوول"گۆڤـار" ژ (٢)، زسـتانی ٢٠٠٨، ل٢٣

(٣) هەمـان سـەرچاوە، ل٢٣٨؛ بێریڤـان ڕەشـید دهۆکـی، پشـکداریا ئافرەتـا دهۆکـێ د شۆڕەشـا ئەیلولـێ دا، ئەڤرۆ"ڕۆژنامـە"، ژ (٥٤٣)، ٢٠١٠/٩/٢١؛ سـیروان محەمـەد حاجـی، ژنانـی نـاوداری کـورد (ژیـان وبەسـەرهاتی سـەد ژنـی نـاوداری کـورد لـە مێـژوودا)، چ (١)، چاپەمەنـی گەنـج، ٢٠١٢، ل٧٩.

فاتیمە ئەحمەد عەرەب ناسراو بە (سەوسەن خان)، بەسێ ڕەشید باپیر[1]. جێگای ئاماژەیە یەکێک لە ئافرەتەکانی دەڤەری بادینان لە ناوچەکانی موسڵ و زاخۆ بەشداری لە چالاکییە چەکدارییەکان کردووە کە لە ناوەوەی شارەکان ئەنجام دراون بەپێی بەڵگەنامەیەکی هۆبەی زاخۆی حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالیست ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە (قومریە اسماعیل حاجی) یەکێك بووە لەو ئافرەتانەی کە بەشداری لە (١٣) چالاکی کردووە کە لە زاخۆ و شاری موسڵ ئەنجام دراون[2].

ئافرەتانی شاری کەرکوك لە خەباتی چەکداریدا ڕۆڵی دیاریان بینیوە و پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە لە دیارترینیان کەتان حوسێن فەتاح ناسراو بە (کەتان کەرکوکی) پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلوول کردووە و بووە بە پێشمەرگە و ماوەیەکی زۆر ماوەتەوە، لە شێوەی پیاو فیشەك لغی بڕنۆی لە کەمەری خۆی بەستووە و هەرگیز خۆی لەگەڵ پێشمەرگە پیاوەکاندا جیا نەکردۆتەوە، لە ڕەوت و ڕۆشتن و جوڵە و خەباتکردندا هەروەك ئەوان بووە[3]. لە شارۆچکەی کۆیە نەجیبە خانی جەلیزادە یەکێك بووە لەو ئافرەتە پێشەنگانەی ناوچەکە کە پەیوەندی بە شۆڕشی ئەیلولەوە هەبووە[4]. هەروەها لە دەڤەری باڵەکایەتی ئافرەتان ڕۆڵێکی گرنگیان هەبووە لە خەباتی چەکداری و پەیوەندییان بە شۆڕشی ئەیلوولەوە کردووە، جێگای ئاماژەیە زۆرجار ژمارەیەك لە ئافرەتانی پێشمەرگە کۆدەبوونەوە لە دۆڵە پڕ دارەکان بەنهێنی نانیان دروست کردووە، بۆ نموونە کەندی (ئاشان) کە ئاشی لێبووە ئافرەتانی گوندی (ڕۆست) لەو شوێنە کۆدەبوونەوە و نانیان دروست دەکرد و دەیانگواستەوە بۆ بەرەکانی شەڕ[5]، لە دیارترین ئەو ئافرەتانە (ئامینە

---

(١) عەقیلە ڕواندزی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤٨، ١٥٦، ٣٧٧، ٣٨٩.

(٢) حزب البعث العربي الاشتراكي، قيادة شعبة زاخو، قيادة فرقة القادسية، سري، ع (٢٧٠٠/٨)، الموضوع: معلومات الى المنظمات الحزبية كافة، ١٩٨٧/١١/١٦.

(٣) سەفەر کەریم هاواری، سەرچاوەی پێشوو، ل٨٥ .

(٤) عوسمان سەنگەسەری، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠.

(٥) ڕێباز دلاوەر عومەر، پێگەی باڵەکایەتی لە شۆڕشی ئەیلوولدا ١٩٦١- ١٩٧٥، ئینسکلۆپیدیای

محەمــەد زوبێــر، حەلیمــە عەبدوڵــڵا نەبــی باڵەکــی، حەلیمــە مامەنــد مەســیح، ئەنــەس مــەلا عەزیــز، زەینــەب خــدر باڵەکــی، ئامینــە حەمــەد باپیــر ئۆمەراوەیــی) بــوون[١]. جێــگای ئاماژەیــە جیاوازییــە نەتەوەیــی و ئاینییــەکان ڕێگــر نەبــووە لــە بەشــداری ئافرەتــان لــە خەباتــی چەکــداری بــۆ نموونــە (مارگرێــت جــۆرج) کــە ئافرەتێکــی مەســیحی بــووە بەشــداری لــە شۆڕشــی ئەیلــول کــردووە[٢].

دوای کودەتــای ٨ی شــوباتی ١٩٦٣ و ڕووخانــی حکومەتــی عەبدولکەریــم قاســم و هاتنــە ســەر دەســەڵاتی (نەتەوەخــواز و نــاسری) یــەکان، هێزێکــی چەکدارییــان بــە نــاوی حــەرەس قەومــی پێکهێنــا، ئــەو هێــزە دەســتی کــرد بــە هەڵمەتــی فــراوان بــۆ ســەر نەیارانــی حکومەتــی کودەتــا بــە تایبەتــی ئەنــدام و لایەنگرانــی حزبــی شــیوعی کــە ژمارەیەکــی زۆریــان گیــران و ژمارەیەکــی زۆریــان کــوژران، ئەمــەش بــووە هــۆی ئــەوەی ئەوانــەی دەســتگیرنەکران لــە ســەرکردایەتی و لێژنــەی مەرکــەزی و ئەندامانــی ناوچــەکان و لێژنەکانــی محەلــی پەنــا ببەنــە ناوچــە ئازادکراوەکانــی کوردســتان و پەیوەنــدی بــە شۆڕشــی کوردســتانەوە بکــەن[٣]. بەمجــۆرە ژمارەیــەك لــە ئافرەتانــی ســەر بــە ڕێکخســتنەکانی حزبــی شــیوعی پەیوەندیــان بــە خەباتــی پێشــمەرگایەتی کــرد، لــە دیارترینیــان خەدیجــە مســتەفا

---

(پ.د.ك)، دهۆك، ٢٠٢١، ل٣٩

(١) ســەفەر میرخــان ژاژوکــی، ڕۆڵــی ئافرەتــان لــە شۆڕشــی مەزنــی ئەیلوولــدا، خەبات"ڕۆژنامــە" ژ (٦٠٠٨)، ٢٠٢٠/٩/٢١؛ کەریــم ســمکۆ، ئافرەتێکــی قارەمانــی باڵەکایەتــی، خەبات"ڕۆژنامــە"، ژ (٤٢٤٨)، ٢٠١٣/١/٣٠؛ عەبدولواحیــد گوانــی، ئافرەتــە قارەمانــەکان بــە بێدەنگــی ماڵئاوایــی دەکــەن، خەبات"ڕۆژنامــە"، ژ (٤٦٢٥)، ٢٠١٤/٨/١٩.

(٢) مارگرێــت جــۆرج لــە ســاڵی ١٩٤٣ لەگونــدی دوریٚ لــە دەڤــەری بــەرواری بــاڵا لــە دایکبــووە، بــە ئایــن مەســیحی بــووە و لــە گونــدی کانــی ماســی خوێندنــی ســەرەتایی تەواوکــردووە ودواتــر بەشــی پەرســتیاری لــە ســاڵی١٩٦١ تەواوکــردووە، لەبەرئــەوەی باوکــی پێشــمەرگە بــووە و دەبێتــە پێشــمەرگە و بەشــداری لــە شۆڕشــی ئەیلــوول دەکات، ســاڵی ١٩٦٧ لــە ماڵەکــەی خۆیــدا کــوژراوە. بــۆ زیاتــر زانیــاری بڕوانــە. عەقیلــە ڕەوانــدزی، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٥٨ ؛ Dana Adams Schmidt,Journey Among Bravemen, Canada, ١٩٦٤-p٢٣٥

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ١ی شوباتی ٢٠٢٢.

محەمەد ناسراو بە (خوشکە فریشتە)[١]، عایشە شەریف ئەحمەد، خەدیجە محەمەد مەولود، خاتوون سەید حوسێن، فەتحیە محەمەد مستەفا[٢]. بەپێی بەڵگەنامەیەکی مەعاونیەی ئەمنی هەولێر شوکریە حەمەدئەمین یەکێک بووە لەو مامۆستایانەی کە دوای ڕووداوی ٨ی شوبات بە هۆی هەڕەشەکانی حەرەس قەومی پەیوەندی بە هێزی پێشمەرگەوە دەکات[٣].

ڕەوشی سیاسی باشووری کوردستان دوای ڕاگەیاندنی بەیاننامەی ١١ی ئاداری ١٩٧٠ بەرەو ئارامی دەچێت و بە ماوەیەکی هێمن دادەنرێت، ئەو ڕەوشە سیاسییەش تا ١١ی ئاداری ١٩٧٤ بەردەوام دەبێت. خەباتی چەکداری لە باشووری کوردستان وەستا و گفتوگۆکان بەردەوام بوون، بەڵام بە هۆی پابەندنەبوونی حکومەتی عێراق بە بەندەکانی بەیاننامەی ١١ی ئادار و ڕاگەیاندنی یەک لایەنەی ناوچەی ئۆتۆنۆمی کوردستان پەیوەندییەکان تێکدەچێت و شەڕ هەڵدەگیرسێتەوە[٤]. خەباتی ئافرەتان لە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە باشووری کوردستان دوای ساڵی ١٩٧٤ لە ئاستێکی زۆر کەمدا دەردەکەوێت و بە بەستنی پەیماننامەی جەزائیر لە ساڵی ١٩٧٥ لە نێوان عێراق و ئێران کە بووە هۆی نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول و چالاکییەکانی شۆڕش و ڕێکخراوەکانی نەما[٥].

بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی لە باشووری کوردستان لە ساڵی ١٩٧٦ دەچێتە قۆناغێکی تازەی خەباتی چەکداری و هەڵگیرسانەوەی شۆڕش، بەڵام یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی ئەو قۆناغەی خەبات بریتی بوو لە خەباتی

---

(١) ڕێزان عوسمان مستەفا، هەڵوێستی ئافرەتانی شاری کۆیە لە وشیارکردنەوەدا بە نموونە فریشتەخان، شیکار"گۆڤار"، ژ (١١ و ١٢)، پایزی و زستانی ٢٠١٥، ل٢٧.

(٢) دەربارەی بەشداری ئافرەتانی نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە خەباتی چەکداریدا بڕوانە: ڕێگای کوردستان"ڕۆژنامە"، ژ (١٢٤٣)، ٢٠٢١/٤/٢٧، (١٢٥٠)، ٢٠٢١/٦/٢٢، (١٢٥٢)، ٢٠٢١/٧/٦، (١٢٥٤)، ٢٠٢١/٧/٢٧.

(٣) مديرية الامن العامة، معاونية أمن اربيل، رقم الكتاب: سري و مستعجل /٤٤٩٣، الموضوع: استفسار عن التحاق المعلمة شكرية حمدامين بالخونة في الشمال، ١٩٦٣/٨/٧.

(٤) مسعود بارزانی، بە (٣)، ب (٢) سەرچاوەی پێشوو، ل١٥٣.

(٥) هەمان سەرچاوە، ل١٧٣.

سەرجەم لایەنەکان کە دوای نسکۆی شۆڕش دامەزران، هەر بۆیە ئافرەتان لە بواری خەباتی چەکداریدا تەنها لە ڕیزی یەك حزبدا دەرنەکەوتوون، بەڵکو لە ڕێکخستنی سەرجەم پارتە سیاسییەکاندا ئافرەتان ڕۆڵی چەکدارییان بینیوە، سەبارەت بە پارتی دیموکراتی کوردستان دوای هەڵگیرسانەوەی شۆڕش ئافرەتان بەشدارییان تێدا کردووە، هەر یەك لە وەزیرە پیرداود قادر، کوردستان پیرداود قادر، ڕازیە حەسەن خەتاب لە شاری هەولێر ڕۆڵی دیاریان بینیوە و تەنانەت لە قۆناغی ئاوارەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەردەوام بوونە بەتایبەت لە کاتی ئەنجامدانی چالاکییە پارتیزانییەکان پێشمەرگە بریندارەکانیان دەرباز دەکرد، وەزیرە پیرداود لەمبارەیەوە دەڵێت: "**...یەکێك لە فەرماندە پێشمەرگەکان بە برینداری لەلایەن وڵاتی ئێرانەوە لە یەکێك لە نەخۆشخانەکانی ئەو وڵاتە دەست بەسەرکرابوو، لەلایەن ئیدریس بارزانییەوە داوام لێکرا ئەم فەرماندە سەربازییە ڕزگار بکەم، بەپێی نەخشەیەکی ڕێکوپێك ئەرکەکەم بەسەرکەوتووی بەجێگەیاند و فەرماندەکەم بە برینداری لە نەخۆشخانە دەرباز کرد...**"[1]، هەروەها (دایکە حەلیمە و دایکە مریم) دوو ئافرەتی دیارن لەم بوارەدا[2]، لە شاری سلێمانی چەند ئافرەتێك ڕۆڵیان لەو شۆڕشەدا بینیوە لە دیارترینیان: سەبریە مام ئەحمەد، لەم بارەیەوە دەڵێت: "**...دوای دەستپێکردنەوەی شۆڕش نامەیەکم پێگەیشت لە ئیدریس بارزانییەوە لە ڕێگەی نوری عەلی نەجار کە داوای کرد بوو جارێکی دیکە دەست بکاتەوە بەکاری ڕێکخستن، منیش پەیوەندیم کرد بە هەریەك لە جەمال عەلی، نەوزاد عەلی نەجار، سیروان فەهد، عەبدولرەحمان سەنگاوی، ئەنوەر عەلی نەجار و هەستاین بە دروستکردنی ڕێکخراوێك بەناوی گوڵان دەستمان بەکارکردن کرد لە ناو و دەرەوەی شار و دەستمان بە بڵاوکردنەوەی بەیاننامە و دروشمەکانی حزب و ئەو بڵاوکراوانەی حزب دەریان دەکرد لەو ماوەیەدا کرد بە هۆی جموجوڵی دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لەو ماوەیەدا گواستنەوەی ئەو شتانە ئاسان نەبوو**

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە پیرداود قادر، هەولێر، ٢٨ی ئاداری٢٠٢٢.

(٢) ژیوار رەسوڵی، ڕۆڵی ئافرەت لە شۆڕشی گوڵان، وێ"گۆڤار"، ژ (٥٠)، ئایاری ٢٠١٢، ل٣.

**بەتایبەتی بۆ پیاوان، بۆیە من وەك ئافرەت دەچووم بۆ دێهاتەکانی دەوروبەر بۆ هێنانی چەك و بڵاوکراوە و ڕۆژنامەکانی حزب و لە ناو شاری سلێمانی بڵاوم دەکردەوە...“**[1]. هەروەها چەندین ئافرەتی تر ڕۆڵیان هەبووە لە شۆڕشدا و چەکیان هەڵگرتووە و پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کردووە لە دیارترینیان: ڕووخۆش فەرەج محەمەد، شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، چیمەن حەسەن عبداللە، سوعاد قادر حەمەڕەش، سەبری شێخ حەسەن مارگر، عەزیمە شێخ عەبدول)[2]. جێگای ئاماژەیە ئەو ئافرەتانەی پێشمەرگە بوون لە قۆناغی ئاوارەیی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکەکانیان لە ڕێگای مۆڵەتی فەرمی حزبەوە ڕێگای پێدەدرا، بەپێی بەڵگەنامەیەکی حکومەتی ئێران کە تایبەتە بە پێدانی مۆڵەتی هاتووچۆی نێوان شارەکان بۆ پەناهەندەکان عەتیە ئەحمەد کەریم یەکێکە لەو ئافرەتانەی کە بۆ ماوەی (١٠) ڕۆژ مۆڵەتی پێدراوە بۆ ئەوەی سەردانی ناوچەی شنۆ بکات بەمەبەستی گەیاندنی ئەو کەلوپەلانەی بۆی دیاری کراوە کە پێکهاتووە لە کۆمەڵێك نامەی ئیداری و داو و دەرمان ئاماژە بەوەکراوە کە دوای گەڕانەوەی ناوبراو پێویستە نووسراوی مۆڵەتەکە بگەڕێنێتەوە بۆ یەکەی ناوبراو[3].

سەبارەت بە ڕۆڵی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان کە لە هەڵگیرساندنەوەی

---

(١) صبریة احمد، دور المرأة فی ثورة گولان، خەبات”جریدة“، ع (٨٢٨)، ١٩٩٧/٦/٦.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ شەونم نەجمەدین عەلی بەرزنجی، سلێمانی، ٥ی نیسانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ چیمەن حەسەن عبداللە، سلێمانی، ٣ی نیسانی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك ڕووخۆش فەرەج محەمەد، هەولێر،١١ی نیسانی ٢٠٢٢، ناوبراو لە ساڵی١٩٥١ لە دایکبووە، قۆناغی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی بازرگانی لە شاری سلێمانی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٧٦ لە چاودێری کۆمەڵایەتی لە شاری سلێمانی دامەزراوە، لە سەردەمی شۆڕشی ئەیلوولدا پەیوەندی بە یەکێتی قوتابیانی کوردستان و لە ساڵی ١٩٧٦ بەشداری لە شۆڕشدا کردووە و لە ساڵی ١٩٩٨ بووە بە کارگێڕی لقی سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ساڵی ٢٠٠٦ بووە بە بەرپرسی لقی رانیەی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و ئێستا ئەندامی دەزگای هەڵبژاردنی پارتی دیموکراتی کوردستانە . لە هەولێر دەژێت.

(٣) برگە مرخص وزمندگان پارتی، ژ (٥٦٧٧)، ١٩٨٦/٧/٦.

شۆڕشـی نـوێ ڕۆڵێکـی بەرچـاوی بینیـوە و ژمارەیەکـی زۆریـش لـە ئافرەتانـی سـەر بــە ڕێکخســتنەکانی بەشــدارییان لــە خەباتــی چەکــداری کــردووە و لەنــاو ئــەم شۆڕشــەدا ڕۆڵــی کاریگەریــان گێــڕاوە، لــە دیارتریــن ئــەو ئافرەتانــەی بەشــداری خەباتــی چەکدارییــان لــە شۆڕشــی نوێــدا کــردووە، حەلیمــە ســۆفی مــەلا کــە بەشــداری چەندیــن شــەڕی کــردووە وەك شــەڕەکانی دۆڵــی خانەقــا و بێرمکــە و وەرتــێ، بێتواتــە، لــە ســاڵی ١٩٨٣ بەهــۆی ئازایەتــی لەبەرەکانــی شــەڕدا لەناوچــەی باڵەکایەتــی بــە (پڵنگــە ڕەشــەکە) نــاسرا[١]، هەروەهــا هێــرۆ ئیبراهیــم ئەحمــەد یەکێـك بـووە لـە پێشـمەرگە سـەرەتاییەکان و لـە زۆربـەی شـەڕەکاندا کاری ڕاگەیاندنـی کــردووە و چالاکییەکانــی هێــزی پێشــمەرگەی بــە کامێــرای ڤیدیۆیــی تۆمــار کــردووە و جگــە لــە ناوبــراو چەندیــن ئافرەتــی تــر لــە بــواری ڕاگەیاندنــی شۆڕشــدا ڕۆڵیــان گێــڕاوە لەوانــە، پەخشــان شــێخ جــەلال حەفیــد، ســوهەیلە حەســەن وەیــس، نەسریــن حەســەن وەیــس، کــە کاری تایپکــردن و نووســینەوەی بەیــان و نامیلکــە و بڵاوکــراوەی حــزب و ئەرشــیفکردنیان لــە ئەســتۆ گرتــووە و ســەرجەم ئــەو ڕۆژنامــە و گۆڤــار و نامیلکانــەی لــە دەرەوەی کوردســتان دەهاتــن، بەتایبەتــی ڕۆژنامەکانــی وڵاتـی ئێـران ئامادەیـان دەکـرد بـۆ جـەلال تاڵەبـانی سـکرتێری گشـتی (ی.ن.ک) و دوای خوێندنــەوەی لەلایــەن ناوبــراوەوە ســەرنج و تێبینییەکانــی لەســەر دەنووســی و ئەرشـیف دەکـرا، هەروەهـا هەریـەك لـە فریشـتە شـێخ عومـەر و نەرمیـن ڕەشـید، ئاشـتی برایـم ئەفەنـدی ئۆمەربلـی، خەدیجـە حەمـەد صـادق لـە ڕادیـۆی گەلـی کوردســتان وەك کارمەنــد کاریــان دەکــرد[٢].

(١) ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٣٣ لـە گونـدی ماوونانـی ناوچـەی باڵەکایەتـی لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧٦ پەیوەنـدی بـە (ی.ن.ك) کـردوە و بـووە بـە پێشـمەرگە لـە مەفـرەزە سـەرەتاییەکاندا، بـە یەکـەم ئافرەتی پێشـمەرگەی (ی.ن.ك) دەناسرێـت، لـە سـاڵی ١٩٩٢ کۆچـی دوایـی کـردووە. بـۆ زیاتـر زانیـاری بڕوانـە. ئینسـکلۆپیدیای یەکێتیـی نیشـتیمانی کوردسـتان، بـە (١)، چ (٤) سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٨٣-٦٨٤؛ دیوان"گۆڤـار" ژ (١٧)، تشرینـی یەکەمـی ٢٠٢٢، ل٤-١٨.

(٢) باڵیـۆز د. محمـد سـابیر، ئامادەکردنـی نەسریـن کـوردە، چاپـی یەکـەم، چاپخانـەی کارۆ، سـلێمانی، (٢٠٢١)، ل ١٦-١٩؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشـان جەلال حەفید، سـلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٣؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـوهەیلە حەسـەن وەیـس، نەمسـا، ٨ی ئـاداری٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە

دوای ئاشکرابوونی ژمارەیەك لە شانە ناوخۆییەکانی ڕێکخستنی شارەکان و دروستبوونی مەترسی لەسەر ژیانی ئەندامانیان چەندین ئافرەت پەیوەندییان بە شۆڕشەوە کرد، لە ناوەوەی شاری سلێمانی هەریەك لە نەرمین عوسمان حەسەن، پەخشان جەلال حەفید، ڕووناك شێخ جەناب نوری، دلارام شێخ جەناب، پرشنگ سالح، پاکیزە مستەفا زیاد، شوعلە عەلی، دڵگیر جەمال ڕەفعەت، نازەنین عوسمان حەسەن، بەیان محەمەد فەتاح[١]، کافیە سلێمان، سەرگوڵ غەریب، ڕووناك عەزیز، ڕووناك محەمەد مستەفا، نەزیرە حارس، سوهەیلە حەسەن وەیس، وەزیرە جەلال سەعید، شوکریە کەریم قادر، نەسرین حەسەن وەیس، فریشتە شێخ عومەر، نەرمین ڕەشید، گەلاوێژ عوبێد (دیلمان)، گێلاس عەلی باپیر، تاڤگە مستەفا، شنە ئەحمەد (دێرین) ئینسار حاجی داود (دابان) پەیوەندییان بە هێزی پێشمەرگەوە کرد[٢]، جێگای ئاماژەیە کە هاوسەری عومەر شێخ موس یەکێك لە دامەزرێنەرانی (ی.ن.ك) بە ناوی ئەگنێتا شێخ موس پەیوەندی بە خەباتی چەکدارییەوە کردووە و بۆ ماوەی نزیك ساڵێك لە سەرکردایەتی (ی.ن.ك) لە ناوزەنگ ماوەتەوە ئەمەش بەڵگەی ئەوەیە کە جگە لە ئافرەتانی کورد ئافرەتانی بیانیش باوەڕیان بە خەباتی نەتەوەیی کورد هەبووە[٣]، ئەم ئافرەتانە لە

---

شاری کفری لە دایك بووە و خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە شاری خانەقین تەواو کردووە، قۆناغی ئامادەیی لەشاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٧٨ پەیوەندی بە ڕێکخراوی (شەهید لەیلا قاسم) کردووە، ساڵی ١٩٧٩ پەیمانگای کارگێڕی بەشی ژمێریاری لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٠ پەیوەندی بە شاخەوە کردووە، بەشداری سەرجەم چالاکییەکانی ئەو قۆناغەی کردووە، ساڵی ١٩٨٥ دەچێتە وڵاتی نەمسا و ئێستا لەو وڵاتە دەژێت.

(١) نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٢٥-٢٢٦؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نازەنین عوسمان حەسەن، سلێمانی، ٨ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ڕووناك شێخ جەناب، سلێمانی، ١٠ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتێك لەگەڵ پەخشان جەلال حەفید، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سوهەیلە حەسەن وەیس، نەمسا، ٨ی ئاداری٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ وەزیرە جەلال سەعید، سلێمانی، ١١ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣)ئەگنێتا لە شاری ستۆکهۆڵم لە سوید لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و

سـەردەمی خەباتـی شۆڕشـگێڕیدا زۆر پێداگیرییـان کـردووە هاوشـانی پێشـمەرگە پیـاوەکان بەشـداری لـە شـەڕەکاندا بکـەن و ئەرکـی پێشـمەرگایەتییان پێبدرێـت، بـەڵام هەندێـك لـە سـەرکردایەتی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان لەوانـە نەوشـیروان مسـتەفا ڕێـگای نـەداوە ئافرەتـان بەشـداری لـە شـەڕەکاندا بکـەن و هۆکارەکەیشـی گەڕاندۆتـەوە بـۆ ئـەوەی کـە پێشـمەرگە پیـاوەکان بەهـۆی ئـەم ئافرەتانـەوە توانـای ڕووبەڕووبوونەوەیـان نامێنـێ و هەمـوو توانـای خۆیـان دەخەنـە سـەر پارێزگاریکـردن لـە ئافرەتـەکان[1]، بـەڵام بەشـی زۆری ئافرەتـەکان سـووربوون لەسـەر ئـەوەی کـە ئـەم ئەرکـە جێبەجـێ بکـەن و جیاوازییـان لەگـەڵ پیاوانـدا پێنەکرێـت، تەنانـەت هەندێکیـان لـە پاسـەوانی شـەواندا لـە بـارەگاکان ئـەم ڕۆڵەیـان گێـڕاوە، ، هەروەهـا هەندێـك لـە پێشـمەرگە ئافرەتـەکان لـە بـواری تەندروسـتی و فریاکەوتنـی سـەرەتایی لـە نەخۆشـخانەکانی شۆڕشـدا کاریـان دەکـرد و تەنانـەت هەندێکیـان ڕاسـتەوخۆ لەبەرەکانـی جەنگـدا ئامـادە دەبـوون بـۆ مەبەسـتی چارەسـەکردنی پێشـمەرگە برینـدارەکان لـە دیارتریـن ئـەو ئافرەتانـەی لـەو بـوارە ڕۆڵیـان بینیـووە هەریـەك لـە نازەنیـن عوسـمان حەسـەن، بەیـان محەمـەد فەتـاح، گەلاوێـژ عوبێـد، شـنە ئەحمـەد (دێریـن)، ئینسـار حاجـی داود (دابـان) هەروەهـا هەندێـك لـە ئافرەتـەکان بەشدارییان کـردووە لـە خولـی فێربوونـی چـەك و خاوێنکردنـی چـەك و چۆنێتـی بەرگریکـردن لـە خۆیـان و ئـەو مامۆسـتایانەی کـە خولەکانیـان بەڕێوەدەبـرد و وانەکانیـان دەگوتـەوە بریتـی

---

ئامادەیـی لـە سـوید تـەواو کـردووە، بەشـی سـکرتاریەتی بـۆ کاری سـکرتێری و دبلۆمێکـی لـە بـواری ئابـوری بازرگانـی بـە دەسـت هێنـاوە، سـاڵی ١٩٦٨ لـە سـوید عومـەر شـێخ مـوس دەناسـێ و سـاڵی ١٩٧٤ هاوسـەرگیری لەگـەڵ دەکات، سـاڵی ١٩٨٠ هاتۆتـە کوردسـتان و لـە سـەرکردایەتی (ی.ن.ك) لـە ناوزەنـگ دەمێنێتـەوە و بـۆ مـاوەی نزیـك لـە سـاڵێك هاوشـان لەگـەڵ پێشـمەرگە ژنەکانـی تـر بەشـداری لـە سـەرجەم کار و چالاکییەکانـی ئـەو قۆناغـەدا دەکات، سـاڵی ٢٠١٩ کۆچـی دوایـی کـردووە، بـۆ زیاتـر زانیـاری لـەم بارەیـەوە بڕوانـە: (گوڵدانـی ژن)ی نەرمیـن عوسـمان، ل٩٨-١٠٤.

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ڕوونـاك شـێخ جەنـاب، سـلێمانی، ١٠ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتێـك لەگـەڵ پەخشـان جـەلال حەفیـد، سـلێمانی، ٧ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢.

بـــوون لـــه‌ جـــه‌لال تاڵه‌بـــانی و ئه‌رســـه‌لان بایـــز و محه‌مـــه‌د تۆفیـــق ڕه‌حیـــم بـــوون[١]. هه‌روه‌هـــا به‌شـــی زۆری ئـــه‌و ئافره‌تانـــه‌ی لـــه‌ باره‌گاكانـــی پێشـــمه‌رگه‌ بـــوون ســـه‌ره‌ڕای به‌شـــدارییان لـــه‌ شـــه‌ڕه‌كاندا به‌شـــدارییان لـــه‌ خوله‌كانـــی ته‌ندروســـتی ده‌كـــرد بـــه‌ مه‌به‌ســـتی وه‌رگرتنـــی زانیـــاری ته‌ندروســـتی و خۆپاراســـتن لـــه‌ چه‌كـــی فســـفۆڕ و فریاكه‌وتنـــی ســـه‌ره‌تایی لـــه‌ شـــه‌ڕه‌كان، ده‌رچووانـــی ئـــه‌م خولانـــه‌ ته‌نیـــا كاریـــان بـــۆ هێزه‌كانـــی پێشـــمه‌رگه‌ لـــه‌ڕووی ته‌ندروســـتییه‌وه‌ نه‌ده‌كـــرد، به‌ڵكـــو یارمه‌تیـــده‌ر بـــوون بـــۆ گونده‌كانـــی ده‌وروبـــه‌ری بـــاره‌گاكان و ماڵه‌كانیـــان به‌ســـه‌ر ده‌كـــرده‌ و ڕێنمایـــی ته‌ندروســـتییان پێشـــكه‌ش بـــه‌ خانـــه‌واده‌ی گوندنشـــینه‌كان ده‌كـــرد، هه‌ریـــه‌ك لـــه‌ نه‌رمیـــن عوســـمان حه‌ســـه‌ن و نازه‌نیـــن عوســـمان حه‌ســـه‌ن و به‌یـــان محه‌مـــه‌د فه‌تـــاح ڕۆڵێكـــی دیاریـــان لـــه‌م بـــواره‌دا گێـــڕاوه‌[٢]. دوای ئـــه‌وه‌ی خوله‌كانیـــان به‌ســـه‌ركه‌وتوویی ته‌واوكـــردووه‌ و فێـــری به‌كارهێنانـــی چـــه‌ك و پارێزگاریكـــردن لـــه‌ خۆیـــان بـــوون توانیویانـــه‌ به‌شـــداری لـــه‌ هه‌ندێـــك لـــه‌ شـــه‌ڕه‌كاندا بكـــه‌ن، شـــه‌ڕی (مامه‌نـــدا) یه‌كێكـــه‌ لـــه‌و شـــه‌ڕانه‌ی كـــه‌ هه‌ریـــه‌ك لـــه‌ نازه‌نیـــن عوســـمان حه‌ســـه‌ن و به‌یـــان محه‌مـــه‌د فه‌تـــاح به‌شـــدارییان تێـــدا كـــردووه‌[٣]، هه‌روه‌هـــا ڕۆڵێكـــی دیاریـــان بینیـــوه‌ لـــه‌ چاره‌ســـه‌ركردنی ئـــه‌و پێشـــمه‌رگانه‌ی لـــه‌و شـــه‌ڕه‌دا برینـــدار بـــوون، هه‌روه‌هـــا لـــه‌ چه‌ندیـــن شـــه‌ڕی دیكـــه‌دا به‌شـــدارییان كـــردووه‌ له‌وانـــه‌ شـــه‌ڕی ئه‌ڵوه‌تـــان كـــه‌ هه‌ریـــه‌ك لـــه‌ ســـوهه‌یله‌ حه‌ســـه‌ن وه‌یـــس، نه‌سریـــن حه‌ســـه‌ن وه‌یـــس، نه‌زیـــره‌ حـــارس، فریشـــته‌ شـــێخ عومـــه‌ر، نه‌رمیـــن ره‌شـــید، گه‌لاوێـــژ عوبێـــد،

(١) چاوپێكه‌وتنێك له‌گه‌ڵ نازه‌نیـن عوسـمان حه‌سـه‌ن، سـلێمانی، ٨ی كانوونی دوه‌مـی ٢٠٢٢؛ په‌یوه‌ندی ته‌له‌فۆنی له‌گـه‌ڵ گه‌لاوێـژ حه‌سـه‌ن عوبێـد، دانیـمارك، ٥ی كانوونـی دووه‌مـی ٢٠٢٢، ناوبـراو لـه‌ سـاڵی ١٩٥٨ لـه‌ شـاری به‌غـدا لـه‌ دایكبـووه‌، لـه‌ سـاڵی ١٩٧٦ لـه‌ به‌شـی كاره‌بـای كۆلێـژی ته‌كنه‌لـۆژی زانكـۆی به‌غـدا وه‌رده‌گیرێـت، بـه‌ڵام بـه‌ هـۆی ئاشـكرابوونی لـه‌ ڕێكخسـتنه‌كان لـه‌ زانكـۆ دوورده‌كه‌وێتـه‌وه‌، په‌یوه‌نـدی بـه‌ شـۆڕشـه‌وه‌ ده‌كات، سـاڵی ١٩٨٦ ده‌چێتـه‌ وڵاتـی دانیـمارك و بڕوانامـه‌ی به‌كالۆریـۆس لـه‌ پـه‌روه‌رده‌ و زانسـتی ده‌روونـی به‌ده‌سـت ده‌هێنێـت و ئێسـتا لـه‌و وڵاتـه‌ ده‌ژێـت.

(٢) نه‌رمیـــن عوســـمان، ســـه‌رچاوه‌ی پێشـــوو، ل٢٢٥؛ چاوپێكه‌وتنێـــك له‌گـــه‌ڵ نازه‌نیـــن عوســـمان، ســـلێمانی، ٨ی كانوونـــی دووه‌مـــی ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێكه‌وتنێك له‌گه‌ڵ نازه‌نین عوسمان، سلێمانی، ٨ی كانوونی دووه‌می٢٠٢٢.

شـنە ئەحمـەد، ئینسـار حاجـی دادود بەشـدارییان تێداکـردووە وەك هێـزی بەرگـری لـە پشـتەوەی هێـزی شـەڕکەر هەڵدەسـتان بـە گواسـتنەوەی فیشـەك و چـەك و تەقەمەنـی و خـواردن و پێداویسـتی پزیشـکی بـۆ بەرەکانـی پێشـەوەی جەنـگ و چارەسـەرکردنی برینـدارەکان[1]، تەنانـەت هەندێـك جـار ژنـان لەگـەڵ مەفـرەزەی پێشـمەرگەکاندا دەرچوونـی مەیدانییـان هەبـوو بـە گوندەکانـی سـنوری کوردسـتانی باشـور و ڕۆژهەڵاتـدا، نەزیـرە حـارس لـەم بارەیـەوە دەڵێت:"**...لـە یەکێـك لـە دێهاتەکانـی سـنوری ڕۆژهـەڵات لەگـەڵ مـام ڕۆسـتەم و ئـاوات جەنـاب نانـی ئێوارەمـان دەخـوارد خـاوەن ماڵەکـە گووتـی کچـێ تـۆ چـی دەکەیـت لەنـاو ئـەم هەمـوو پیـاوەدا مـام ڕۆسـتەم گووتـی ئـەم کچـە گـەورەی هەمووـانـە و بەرپرسـمانە ئیتـر لـەدوای ئـەوەوە کـە دەچووینـە هـەر دێیـەك بـۆ خۆناسـاندن بـە خەڵکـی دێیەکـە دەیانـوت ئـەم کچـە لێپرسـراوی مەفرەزەکەمانـە...**"[2]

هەروەهـا هەندێـك لـە پێشـمەرگە ژنـەکان لـە بـواری نەهێشـتنی نەخوێنـدەواری لـە گوندەکانـدا ڕۆڵیـان هەبـووە، شـنە ئەحمـەد لـەم بـوارەدا ڕۆڵێکـی گرنگـی هەبـوو[3]، نەزیـرە حـارس لـە کتێبخانـەی سـەرکردایەتی لـە ناوزەنـگ هەسـتاوە بـە تۆمارکردنـی زانیارییـە کەسـییەکانی هەمـوو ئەوانـەی کـە لـە شـارەوە هاتبـوون بـۆ شـاخ و پەیوەندییـان بـە هێـزی پێشـمەرگەوە کردبـوو بـە شـێوازێکی داڕێـژراو و نهێنـی بـە مەبەسـتی پاراسـتن و ئاشـکرا نەبوونـی ناوەکانییـان و سـەرجەم ئـەو

(١) پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ سـوهەیلە حەسـەن وەیـس، نەمسـا، ٨ی ئـاداری٢٠٢٢؛ چاوپێکەتنێـك لەگـەڵ نەزیـرە حـارس عبداللـە، سـلێمانی، ٨ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢، ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٥٦ لـە ڕانیـە لەدایـك بـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی و ئامادەیـی لـە سـلێمانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٥ پەیوەنـدی کـردووە بـە کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان، سـاڵی ١٩٨٠ کۆلێـژی ئەندازیـاری شارسـتانی بەشـی بیناسـازی لـە زانکـۆی سـلێمانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٨١ بەهـۆی ئاشـکرابوونی لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی نـاو شـار پەیوەنـدی دەکات بـە شـاخ و لـە سـەرجەم کار و چالاکییەکانـی ئـەو قۆناغـەدا بەشـداری کـردووە، سـاڵی ٢٠٠٧ بووەتـە بەڕێوەبـەری گشـتی لـە پـڕۆژە تایبەتـەکان سـەر بـە ئەنجومەنـی وەزیـران، ئێسـتا لـە ئینسـتیتیوتی ناریـن کار دەکات و لـە سـلێمانی دەژیـت.

(٢) نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٥.

(٣) نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٠٤.

چالاکییانـــەی کـــە ئەنجامیـــان دەدا لـــە شـــار، هەروەهـــا نـــاو و زانیـــاری ســـەبارەت بـــە کەســـانی ســـیخوڕ و هێـــزە ئەمنییەکانـــی حکومـــەت هەمـــوو ئەمانـــە لەلایـــەن ناوبـــراوەوە تۆمـــار دەکـــرا و پارێـــزگاری لێدەکـــرا[١].

لـــە شـــاری هەولێـــر دوای ئاشـــکرابوونی ڕێکخســـتنەکانیان چەندیـــن ئافـــرەت پەیوەندیـــان بـــە خەباتـــی چەکـــداری کـــردووە لـــە دیارترینیـــان ئاشـــتی برایـــم ئەفەنـــدی، خەدیجـــە حەمـــەد ســـادق[٢]. لـــە دەڤـــەری بادینانیـــش هەندێـــك لـــە ئافرەتەکانـــی نێـــو ڕێکســـختنەکانی یەکێتـــی نیشـــتیمانی کوردســـتان دوای دروســـتبوونی مەترســـی لەســـەر ژیانیـــان و ئاشـــکرابوونیان لەلایـــەن دەزگا ئەمنییەکانـــی حکومەتـــی عێراقـــەوە پەیوەندییـــان بـــە خەباتـــی چەکدارییـــەوە کـــردووە لـــە دیارترینیـــان (ســـاریا عەبدولســـەلام شەمســـەدین، ئیلهـــام ســـەبری محەمـــەد، عەزیـــزە بەهادیـــن، ناهیـــدە خـــان هاوســـەری شـــەهید مامەنـــد، ئاســـمین یوســـف ئەحمـــەد، زەهـــرا ئیســـماعیل) بـــوون[٣].

ســـەبارەت بـــە دەڤـــەری گەرمیـــان ئافرەتـــان ڕۆڵیـــان لـــە خەباتـــی چەکداریـــدا هەبـــووە و لـــە زۆربـــەی شـــار و شـــارۆچکە و گوندەکانـــی ئـــەم دەڤـــەرە پەیوەندییـــان بـــە خەباتـــی پێشـــمەرگایەتییەوە کـــردووە، ســـەبارەت بـــە شـــارۆچکەی کفـــری هەریـــەك لـــە (مەهابـــاد قەرەداغـــی، هەدیـــە ڕەشـــید ئەحمـــەد، نوریيـــە عەبدولحەمیـــد عەبدوڵـــڵا ڕەمـــەزان، ڕوونـــاك جەمـــال ســـایەق، مـــوژدە هیدایـــەت عەلـــی، شـــادییە

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٤٠٥.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ خەدیجە حەمەد سادق، هەولێر، ٧ی نیسانی ٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێـــك لەگـــەڵ ئیلهـــام ســـەبری محەمـــەد، هەولێـــر، ٧ی ئـــاداری ٢٠٢٢، پەیوەنـــدی تەلەفۆنـــی لەگـــەڵ ســـاریا عەبدوســـەلام شەمســـەدین نەرویـــژ، ١٦ی کانونـــی دووەمـــی ٢٠٠٢، لـــە ســـاڵی ١٩٧٨ لـــە ئامێـــدی لەدایکبـــووە، لـــە ســـاڵی ١٩٨٦ پەیمانـــگای مامۆســـتایانی لـــە دهـــۆك تـــەواو کـــردووە، ســـاڵی ١٩٨١ پەیوەنـــدی بـــە ڕێکخســـتنەکانی کۆمەڵـــە دەکات، لـــە ســـاڵی ١٩٨٧ فەرمانـــی دەســـتگیرکردنی بـــۆ دەردەچێـــت و پەیوەنـــدی بـــە شۆڕشـــەوە دەکات دەبێتـــە بەرپرســـی کەرتـــی گارە، ســـاڵی ١٩٩٢ بـــووە بـــە بەرپرســـی یەکێتـــی ژنانـــی کوردســـتان لـــە ناوچەکانـــی دێرەلـــوك، شـــێلادزێ، ســـیریا تاوەکـــو ســـاڵی ١٩٩٧ بـــەردەوام بـــووە، ســـاڵی ٢٠٠٢ چووەتـــە وڵاتـــی نەرویـــژ و ئێســـتا لـــەوێ دەژێـــت.

حوسێن زەرداوی، سەرگوڵ محەمەد حەیدەر، جەمیلە مستەفا محی الدین) بەشدارییان کردووە[1]. و لە خانەقین هەریەك لە (وەسفیە بەنی وەیس، سەبیحە شێر محەمەد، ناهیدە مەهدی، مامۆستا ئەڵماس خان، فەوزیە حوسێن قولی حەیدەر) لە دیارترین ئەو ئافرەتانە بوون کە پەیوەندییان بە خەباتی چەکدارییەوە کردووە[2].

ئافرەتانی گوندەکان ڕۆڵی خۆیان بینیوە لە خەباتی چەکداری و لەشەڕ و داستانەکان شان بەشانی پێشمەرگەی پیاو سەنگەریان گرتووە لە دیارترین ئەو شەڕانەی ئافرەتان بەشدارییان تێدا کردووە لە دەڤەری گەرمیان شەڕی (زینانە) کە لە ١٠ی نیسانی ١٩٨٥ لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و هێزەکانی پێشمەرگەی تیپی ٥١ی گەرمیان ڕوویدا، لەم شەڕەدا دوای ڕووبەڕووبوونەوە و بەرگرییەکی زۆر هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتن و زیانێکی زۆر بە هێزەکانی سوپای عێراق کەوت[3]، بەشێکی زۆر لە ئافرەتانی دانیشتوانی گوندەکە چەکیان هەڵگرت و بەرگرییان کرد لە دیارترینیان (نەجیبە ئەحمەد مستەفا، ئینجی حەمید غێدان، خەرامان حەسەن، حەلاو حەمید محەمەد) بوون[4]، هەروەها (داستانی ئۆمەربل) کە لە ١٨ی ئایاری ١٩٨٧ ڕوویدا لە نێوان هێزەکانی سوپای عێراق و پێشمەرگەکانی گوندەکە[5]. لەم شەڕەدا کە بەداستانی گەورەی

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ جەمیلە مستەفا محی الدین، کفری، ٣ی شوباتی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەدیە ڕەشید ئەحمەد، کفری، ٤ی شوباتی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەبیحە شێر محەمەد، سلێمانی، ١٢ی کانوونی دووەمی ٢٠٢٢.

(٣) ئینسکلۆپیدیای یەکێتیی نیشتیمانی کوردستان، سەرچاوەی پێشوو، ب (٢)، ل١١١٩.

(٤) فاتیح، نەجیبە خان لەشەڕەکەی زینانەدا، کوردستانی نوێ"ڕۆژنامە"، ژ (١٩٤٢)، ساڵ (٨)، ١٩٩٩/٩/٧؛ گوڵاڵەی گەرمیان، گوندی زینانەی داودە، بەرگری، ئەنفال، ئازادی، چ (١)، چاپخانەی ئازادی، ٢٠١٥، ل٦٣-٧١.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ أکبر حاجی روستم، کفری، ٢٢ی شوباتی٢٠٢٢: لە ساڵی ١٩٥٥ لە گوندی ئۆمەربل لە دایکبووە، ساڵی ١٩٧٠ پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان کردووە و لە نسکۆی شۆڕشی ئەیلوول ئاوارەی ئێران بووە و ساڵی ١٩٧٦ گەڕاوەتەوە کوردستان و ساڵی ١٩٧٩ پەیوەندی کردووە بە (ی.ن.ك) و بەشداری لە چەندین شەڕ و داستان و چالاکییەکانی ئەو سنورەدا کردووە، لە دیارترینیان داستانی گوندی ئۆمەربل و

ئۆمەربل دەناسرێت هێزەکانی پێشمەرگە سەرکەوتنێکی گەورەیان تۆمار کرد و پاشەکشەیان بەهێزەکانی سوپای عێراقی کرد، ئافرەتانیش بەشێکی سەرەکی بوون لە سەرکەوتنی داستانەکە، کە زۆربەیان هاوسەری پێشمەرگە بەشداربووەکان بوون لە دیارترینیان (گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، سۆبیە محەمەد عەزیز، سەرگوڵ حوسێن حەسەن، جەیران نوری دەروێش، سۆیلە هاوسەری سەباح حاجی ڕۆستەم، سەبریە مەحمود یارە، قەمر حاجی سابیر، نەزمیە هاوسەری عەلی عارف، ڕەسمیە عەلی بتار، ئاسکە ڕۆستەم، ئاواز کامل عەباس، دولبەر حەمەسەعید دارا)[1]. ئەم ئافرەتانە و چەندین ئافرەتی دیکەی دانیشتوانی

داستانی زینانە، ساڵی ۱۹۹۲ گەڕاوەتەوە نێو ڕیزەکانی (پ.د.ك)، ساڵی ۲۰۰۵ بووەتە فەرماندەی فەوجی یەکی گەرمیان لە لیوای ۳، بەشداری کۆنگرەی ۱۱ی ئەو حزبەی کردووە و ساڵی ۲۰۰۹ خانەنشین بووە و ئێستا جێگری هێزی خەباتی گەرمیان و لێپرسراوی کاروباری کۆمەڵایەتی دەڤەری گەرمیانە و لەگوندی ئۆمەربل دەژێت : چاوپێکەوتنێک لەگەڵ جمهور حاجی روستم، گوندی ئۆمەربل ۱۹ئاداری ۲۰۲۲: ناوبراو ساڵی ۱۹۵۹ لە گوندی ئۆمەربل لەدایک بووە، تاوەکو پۆلی سێیەمی ناوەندی خوێندووە، ساڵی ۱۹۷۸ پەیوەندی دەکات بەڕێکخستنە نهێنییەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان و بەهۆی ئاشکرا بوونی ڕوو دەکاتە شاخ و دەبێتە پێشمەرگە، لەبەر ئەوە لە خوێندن دوور دەکەوێتەوە لەماوەی نێوان ساڵانی هەشتاکان بەشداری چەندین داستان و ڕووبەڕووبوونەوەی کردووە لە دژی سوپای حکومەتی عێراقی لەدیارترینیان داستانی گوندی ئۆمەربل و پرۆسەی ئەنفالی گوندی ئۆمەربل کە لە شەڕو ڕووبەڕووبوونەوەکان بەشداری کردووە و تەنانەت بەشێکی زۆر لە خێزانەکەی لەدەست داوە، لەماوەی ساڵانی نەوەدەکان چەندین ئەرک و بەرپرسیارێتی وەرگرتووە لە نێو هێزەکانی پێشمەرگەی پارتی دیموکراتی کوردستان، ساڵی ۲۰۱۳ دەبێتە فەرماندەی فەوجی ۳ لە لیوای ۳، ساڵی ۲۰۱۹ دەبێتە جێگر لە هەمان لیوا، ئێستا ئەندامی میحوەری کەرکوکە و لە کفری دەژێت.

(۱) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ گەردە محەمەد ئەمین خەسرۆ، هەولێر، ۲۲ی شوباتی ۲۰۰۲۲؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سۆبیە محەمەد عەزیز، کفری، ۲ی شوباتی۲۰۲۲، لە ساڵی ۱۹٦٥ لە گوندی توکن لە دایکبووە، لەماوەی ساڵانی هەشتاکان شان بەشانی هاوسەرەکەی (أکبر حاجی روستم) بەشداری لە سەرجەم چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا کردووە، لە شاڵاوی ئەنفالی (۳)ی گەرمیاندا سەرجەم خوشك و براکانی بەر شاڵاوەکە کەوتن، ئێستا لە شاری کفری دەژێت؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سەرگوڵ حوسێن حەسەن، کفری، ۲ی شوباتی۲۰۲۲، ناوبراو لە ساڵی ۱۹٦٦ لە ناوچەی قەرەداغ لە دایکبووە، لە ماوەی ساڵانی هەشتاکان شان بەشانی هاوسەرەکەی

گوندەکـە وەك هێزێکـی بەرگـری پاڵپشـتی هێزەکانـی پێشـمەرگەیان کـردووە، ئەرکـی گەیاندنـی چـەك و پێداویسـتی تەقەمەنـی و جوڵـەی هێزەکانـی حکومەتـی عێراقیـان بـۆ هێزەکانـی پێشـمەرگە ئاشـکرا کـردووە، سـەبارەت بـە یەکێـك لـە هەڵوێسـتەکانی گـەردە محەمـەد ئەمیـن خـەسرۆ دەگێڕێتـەوە کـە لەکاتـی کۆبوونـەوەی هێزەکانـی پێشـمەرگە بەمەبەسـتی حەوانـەوە و نانخـواردن هێزەکانـی سـوپای عێـراق هێـرش و پەلاماریـان بـۆ سـەر گوندەکـە دەسـتپێکردووە و ناوبـراو هەواڵـی هاتنـی هێـزەکانی سوپا دەگەیەنێتـە پێشـمەرگە پارتیزانییـەکان و ئەوانیـش دەسـتبەجێ دەکەونەخـۆ بـۆ بەرگریکـردن، بـە شـاهێدی پێشـمەرگەکان ئەگـەر ئـەم ئاگاداریکردنـەوە و زانیارییـەی ناوبـراو نەبوایـە، سـەرجەم پێشـمەرگەکان دەکـوژران یـان دەسـتگیر دەکـران[1].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافرەتانـی نێـو ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی عێـراق لـە خەباتـی چەکـداری دوای سـەرهەڵدانەوەی شـۆڕش لـە سـاڵی ١٩٧٦ لـە باشـووری کوردسـتان، بـە هـۆی بوونـی (بـەرەی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی پێشـکەوتنخواز) لەگـەڵ حزبـی بەعـس تـا سـاڵی ١٩٧٩ بەشـداری شۆڕشـیان نەکـرد، بـەڵام دوای ئـەوەی ئـەم بەرەیـە هەڵوەشـایەوە و شـیوعییەکان کەوتنـە بـەر شـاڵاوی گرتـن و ئەشـکەنجەدان جارێکـی تـر دەسـتیان کـردەوە بـە خەباتـی چەکـداری و بنکـە و

---

(جمهور حاجی روستم) بەشداری لەسەرجەم چالاکییەکانی هێزەکانی پێشمەرگەدا کردووە، ئێستا لە شاری کفری دەژێت.

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ گـەردە محەمـەد ئەمیـن، هەولێـر، ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ جعفـر حاجـی روسـتم محمد(حاجـی جعفـر ئۆمەربلـی)، کفـری، ١٢ی کانوونـی یەکـەم٢٠٢٢: ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٣٩ لـە گونـدی (ئۆمەربـل) لەدایکبـووە، دوای شۆڕشـی١٤ی تەممـووزی ١٩٥٨ پەیوەنـدی کـردووە بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی و بەشـداری لـە شۆڕشـی ئەیلولـدا کـردووە و دوای نسـکۆی شـۆڕش پەیوەنـدی بـە شۆڕشـی نوێـوە کـردووە و تاوەکـو سـاڵی ١٩٨٨ لـە کاتـی پرۆسـەی ئەنفـال لەگـەڵ بەشـێك لـە خێزانەکـەی (کچەکانـی، خوشـکەکانی، دایکـی، بەشـێکی زۆر لـە خانەوادەکـەی) بـەر شـاڵاوەکە دەکـەون. لـە نێـو زیندانـی (نوگرەسـەلمان) کچەکانـی و خوشـك و دایـك و کەسـوکاری لـێ جیـا دەکەنـەوە و دوای مانـەوەی بـۆ نزیـك لـە سـاڵێك بـەر لێبوردنـی گشـتی دەکەوێـت، بـەڵام کەسـوکارەکەی سـەرجەمیان جینۆسـاید کـران. ئێسـتا لـە ژیـان مـاوە و لـە شـاری کفـری دەژێـت.

بارەگاکانیـــان لـــە ناوچـــە ئازادکراوەکانـــی کوردســـتان دانایـــەوە[١].

دوای ئـەوەی ژمارییـەك لـە ئافرەتـەکان پەیوەندییـان بـە هێـزی پێشـمەرگەوە کـرد لـە نـاو ڕێکخسـتنە سـەربازییەکانی حزبـی شـیوعی سـەرکردایەتی حـزب بڕیاریـدا چەنـد خولێکـی سـەربازی و فێربونـی بەکارهێنانـی چـەك و خۆپارێـزی و چۆنێتـی ڕووبەڕووبوونـەوە بـۆ ئـەو ئافرەتانـە بکرێتـەوە کـە پەیوەندییـان بـە هێـزی پێشـمەرگەوە کـردەوە، ئەمـەش بـە مەبەسـتی ڕاهێنـان و فێرکردنیـان بـۆ بەکارهێنانـی چـەك، هەروەهـا چەنـد خـول و ڕاهێنانـی تایبـەت بـە بـواری تەندروسـتی و فریاکەوتنـی سـەرەتاییان بـۆ کرایـەوە و چەندیـن ئافـرەت لـەم بـوارەدا شـارەزا بـوون بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی شـەڕ بـۆ چارەسـەرکردنی برینـدارەکان و چۆنێتـی مامەڵەکـردن لەگـەڵ دۆخـی برینـدارەکان سـوودیان لێوەربگـرن[٢]، هەروەهـا ئـەو ئافرەتانـەی کـە شـارەزاییان لـە بەکارهێنانـی چـەك هەبـوو هەندێکجـار شـەوان بـۆ پاسـەوانی بـارەگاکان لەگـەڵ پیاوانـدا ڕۆڵیـان بینیـوە، لەوانـە سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللــە لــەم ئەرکــەدا زۆر بــە دڵســۆزی و چالاکییــەوە ئەنجامــی داوە. ناوبــراو دەربـارەی ئـەو ئەرکـەی دەڵێـت: **"...ڕۆژێـك لـە کاتـی نـۆرەی پاسـەوانیمدا فڕۆکـە بـە ئاسـمانەوە تۆپبارانـی ناوچەکـەی دەکـرد یەکێـك لـە پێشـمەرگە پیـاوەکان داوام لێکـرا کاری پاسـەوانی بەجێبهێڵێـم و لەنـاو خاڵـی پاسـەوانیەکە بڕۆمـە خـوارەوە و لەنـاو بارەگاکـەدا خـۆ حەشـار بـدەم، بـەڵام ڕەتمکـردەوە و ووتـم پێشـمەرگە نابێـت چـەك دابنـێ و خاڵـی پاسـەوانی خـۆی بەجێبهێڵـێ..."**[٣].

---

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ کەریم ئەحمەد، هەولێر، ١ی شوباتی٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە، هەولێـر، ١٣ی نیسـانی٢٠٢٢؛ پەیوەنـدی تەلەفۆنـی لەگـەڵ نیشـتیمان ئەحمـەد محەمـەد، سـوێد، ٥ی حوزەیرانـی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە سـلێمانی لـە دایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی لـە شـاری سـلێمانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی عێـراق کـردوە، سـاڵی ١٩٨٢ لـە کۆلێـژی کارگێـڕی و ئابـوری زانکـۆی سـەلاحەدین وەرگیـراوە، بـەڵام بەهـۆی دەسـتگیرکردنیەوە نەیتوانیـوە بـەردەوام بێـت لـە خوێنـدن بـۆ مـاوەی ٢ سـاڵ لـە زینـدان ماوەتـەوە، دوای ئازادبوونـی پەیوەنـدی بەهێزەکانـی پێشـمەرگەوە دەکات، سـاڵی ١٩٩٠ دەچێتـە وڵاتـی سـوێد و ئێسـتاش لـەو وڵاتـە دەژێـت.

(٣) ڕووخۆش عەلی، مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١١.

بەشـێك لـەم ئافرەتانـە دوای بوونیـان بـە پێشـمەرگە لـە گوندەكانـدا دەگـەڕان و گرنگـی خەباتـی چەكـداری و بەشـداریكردنی ئافرەتانیـان لـەم جـۆرە خەباتـەدا بـۆ دانیشـتوانەكەی دەخسـتەڕوو وەك پاڵپشـتی بـۆ هێـزی پێشـمەرگە و ئاماژەیـان بـۆ ئـەوە دەكـرد كـە خەباتـی چەكـداری یەكێكـە لـەو هۆكارانـەی كـە دەبێتـە هـۆی كۆتایـی هێنـان بـە زوڵـم و ژێردەسـتەیی و هێنانەكایەیـی ئـازادی، هـەر بۆیـە داوایـان لـە دایـكان دەكـرد كـە هانـی پیاوەكانیـان یاخـود كوڕەكانیـان یاخـود كەسـوكاریان بـدەن بەشـداری لـە خەباتـی چەكداریـدا بكـەن[١].

سـەبارەت بـە ئافرەتانـی شـاری سـلێمانی لـە چەندیـن بـواردا ڕۆڵـی خۆیـان بینیـوە لەوانـە بـواری ڕاگەیاندنـی حزبـی شـیوعی بـە تایبەتـی لـە ڕادیـۆی (دەنگـی گەلـی عێـراق) كـە بـە زمانەكانـی (كـوردی و عەرەبـی) پەخـش دەكـرا و ڕۆژنامـەی (بیـری نـوێ) و (ڕێـگای كوردسـتان) كاریـان دەكـرد لـە دیارترینیـان (پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە و ڕێـواس ئەحمـەد بانیخێڵانـی، پرشـنگ سـەعید (ئەسـتێرە)، سـەمەر ئەحمـەد شـەوقی، ڕوونـاك ئەبـو تـارا، نەسریـن ئەحمـەد عەزیـز (دایكـی تـارا)، خەرمـان محەمـەد ڕەسـوڵ، شـلێر محەمـەد ڕەسـوڵ)[٢]. جێـگای ئاماژەیـە ژمارەیـەك لـەم ئافرەتانـە لـە بـواری هەواڵگـری لـە سـەر ئامێـرە بـێ تەلـەكان (جهـاز لاسـلكیە) كاریـان دەكـرد و ڕۆڵـی بەرچاویـان هەبـووە لەوانـە (نیشـتیمان ئەحمـەد محەمـەد، بەنـاز ئەكـرەم عومـەر نـاسراو بـە (شـاناز). و هەندێكیـش لـە بـواری تەندروسـتی و چارەسـەكردنی پێشـمەرگە برینـدارەكان ڕۆڵێكـی گرنگیـان بینیـوە لەوانـە نیشـتیمان ئەحمـەد محەمـەد، هەتـاو سـەید حەمـە سـاڵح نـاسراو بـە (هێـرۆ پێشـمەرگە)،

(١) چاوپێكەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبدالله زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی ٢٠٢٢.

(٢) چاوپێكەوتنێـك لەگـەڵ ڕێـواس ئەحمـەد بانیخێڵانـی، هەولێـر، ٢ی حوزەیرانـی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٧ لـە پارێـزگای عەمـارە لـە دایكبـووە، چونكـە ئـەو كات خانەوادەكەیـان ڕاگواسـترابوونەوە بـۆ ئـەو پارێزگایـە، لـە سـەرەتایی سـاڵی ١٩٧٠ تێكەڵـی كاری سیاسـی بـووە بەهـۆی ئـەوەی باوكـی ئەندامـی لێژنـەی مەركـەزی حزبـی شـیوعی بـووە، ساڵی ١٩٨٥ بڕوانامـەی بەكالۆریۆسـی لـە یەكێتـی سـۆڤیەت بـە دەسـتهێناوە و دواتـر گەڕاوەتـەوە كوردسـتان و بـووە بـە پێشـمەرگەی حزبـی شـیوعی، لـە ڕاگەیاندنـی حزبـدا كاری كـردووە، تاكـو دوای پرۆسـەی ئەنفـال و دواتـر گەڕاوەتـەوە وڵاتـی سـوێد و ئێسـتاش لـە هەولێـر دەژێـت.

د.ساهیرە، د. ئیمان، د. ئەڤین، ئەم ئافرەتانە کە لە بواری پزیشکی و فریاکەوتنی سەرەتاییدا شارەزایان هەبوو لەگەڵ پێشمەرگە بۆ بەرەکانی شەڕ دەڕۆیشتن و لە کاتی برینداربوونی پێشمەرگە فریاکەوتنی سەرەتاییان بۆ ئەنجام دەدان[1] و هەندێك لە ئافرەتەکان شان بەشانی پیاوان بەشدارییان لە شەڕەکاندا دەکرد لە دیارترینیان (پەخشان زەنگەنە، سنۆبەر ئیسماعیل نصراللە، خەدیجە مستەفا محەمەد، بەناز ئەکرەم عومەر (شاناز)، نیشتیمان ئەحمەد محەمەد، خەرامان محەمەد ڕەسوڵ و ڤیکتۆریا یەڵدا گۆرگیس بوون. جێگای ئاماژەیە لە یەکێك لە شەڕەکاندا چەکدارێکی سەر بە فەوجەکانی حکومەت (جاش) لە لایەن یەکێك لە پێشمەرگە ئافرەتەکانەوە دەستگیر دەکرێت، کاتێك جاشەکە دەبینێ ئەوەی دەستگیری کردووە پێشمەرگەیەکی ئافرەتە تووشی شۆك دەبێت و دەڵێت: "**ئەوەی دەستگیری کردوم ئافرەتە**"[2].

ئەو ئافرەتانەی لە خەباتی چەکدارییدا ڕۆڵیان بینوە، لە شاری هەولێر

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نیشتیمان ئەحمەد محەمەد، سوێد، ٥ی حوزەیرانی ٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەناز ئەکرەم عومەر (شاناز)، سوێد، ١ی حوزەیرانی ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٨ لە سلێمانی لە دایکبووە، قۆناغی خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی لە سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٤ لە پەیمانگای مامۆستایان وەگیراوە، بەڵام بەهۆی ئاشکرا بوونی ڕێکخستنەکانیان نەیتوانیوە تەواوی بکات و بووە بە پێشمەرگە، یەکێك بووە لە ئەندامە چالاکەکانی حزبی شیوعی و لە بەشی ڕاگەیاندنی ئەو حزبە کاری کردووە، ساڵی ٢٠٠٢ چووەتە وڵاتی سوێد و ئێستاش لەو وڵاتە دەژێت؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ هەتاو سەید حەمە ساڵح ناسراو بە (هێرۆ پێشمەرگە)، فەرەنسا، ١٩ی ئایاری ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦١ لە هەڵەبجە لە دایکبووە، بەهۆی لایەنگری خێزانەکەی بۆ حزبی شیوعی هەر لە تەمەنی منداڵییەوە لە ڕێگەی دایکییەوە (مینای ڕەحیم لەیلێ) بۆ مەبەستی گواستنەوەی بڵاوکراوە و پۆستەی حزب بەکاریان هێناوە، لە ساڵی ١٩٨١ پەیمانگای پەرستاری لە شاری سلێمانی تەواو کردووە، ساڵی ١٩٨٢ پەیوەندی بە هێزەکانی پێشمەرگە کردووە، لە ناوچەی (کەڕەجاڵ) لەگەڵ هاوسەرەکەی (دکتۆر یەشار) بنکەیەکی تەندروستی دادەمەزرێنێت بۆ چارەسەرکردنی پێشمەرگە تاوەکو ساڵی ١٩٨٦ دەمێنێتەوە، دواتر دەچێتە فەرەنسا و ئێستاش لەو وڵاتە دەژێت.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی٢٠٢٢: پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ بەناز ئەکرەم عومەر، سوێد، ١ی حوزەیرانی٢٠٢٢.

هــەر یــەك لــە شــوكریە حەمەدئەمیــن عەلــی، فەتحیــە محەمــەد مصطفــی، تامــان عبداللــە شــاكر، بەدریــە ئەمیــن (نازەنیــن)، چنــار تەهــا[1] و لــە دەڤــەری بادینــان هەریــەك لــە (ڤكتۆریــا یەڵــدا گۆرگیــس، فەتحیــە بامەڕنــی، شرمیــن عبیــد عبدالكریــم (ام هندریــن)[2]، و لــە شــاری كەركــوك هەریــەك لــە خەرامــان شــوكر لەتیــف، گەلاوێــژ شــوكر لەتیــف، ڕوونــاك نــوری، گەلاوێــژ ســاڵح، ســەبریە حاجــی عەبدوڵــڵا، مەدیحــە عەلــی شــاڵی، نەهلــە حوســێن شــاڵی)[3] و لــە شــارۆچكەی كۆیــە، هەریــەك لــە عائیشــە قــادر یونــس، خەدیجــە مســتەفا محەمــەد (خوشــكە فریشــتە) ڕۆڵێكــی دیــار و بەرچاویــان لــە خەباتــی چەكداریــدا هەبــووە[4].

جێــگای ئاماژەیــە ژمارەیــەك لــە ئافرەتانــی عــەرەب لەنــاو ڕیزەكانــی ئــەم حزبــەدا كاریــان كــردوە و دوای هەڵمەتەكانــی دەســتگیركردن و كوشــتن هەڵدێــن و پەنادەبەنــە بــەر ناوچەكانــی كوردســتان و لــە نــاو هێزەكانــی حزبــی شــیوعی دەســت بــە خەباتــی چەكــداری دەكــەن، لــە دیارتریــن ئــەو ئافرەتانــە، مونا لیــزا امیــن (انســام)، خلـود خلیـل، هنـاء ادوار، هنـاء یاسـین مطـر (هـدی)، وسـن عبدالسـادە، فاتـن یـاسر، هنـد وصفـی طاهـر، نـوال جـبر علـی الوزنـی (بـدور)، رسـمیە جـبر علـی الوزنـی (ام لینـا)، بـشری عبـد علـوان الطـائی (ام عطـاء)، سـالیمە نـاصر حسـین (سـلوی)، ایـمان عبـاس علـوان (د.مریـم)، هیفـاء امیـن (ام ریـما)، كاتریـن میخائیـل (د.سـعاد) بـوون[5].

خەباتــی چەكــداری ئافرەتــان لــە بزووتنــەوەی ڕزگاریخــوازی نەتەوەیــی

(١) چاوپێكەوتنێك لەگەڵ شوكریە حەمەدئەمین عەلی، هەولێر، ٢ی كانوونی دووەم٢٠٢٢.

(٢) چاوپێكەوتنێك لەگەڵ فەتحیە بامەڕنی، دهۆك، ٢٥ی كانوونی دووەمی٢٠٢٢ .

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خەرامان شوكر لەتیف، هۆڵەندا، ١٥ی ئایاری٢٠٢٢ .

(٤) هەورین عەلی تۆفیق كانی كوردەیی سەرچاوەی پێشوو، ل٥١.

(٥) چاوپێكەوتنێـك لەگـەڵ عبداللـە حسـین نبـی (جگەرخوێـن)، دهـۆك، ٢٨ی نیسـانی ٢٠٢٢، سـاڵی ١٩٥٤ لـە بامەڕنـی لـە دایـك بـووە، سـاڵی ١٩٧٥ پەیوەنـدی بـە ڕێكخسـتنەكانی حزبـی شـیوعی كـردووە، سـاڵی ١٩٨١ بووەتـە پێشـمەرگە و بەشـداری سـەرجەم كار و چالاكییەكانـی ئـەو قۆناغـەی كـردووە، ئێسـتا بەرپرسـی لقـی دهۆكـی كۆمەڵـەی پێشـمەرگە دێرینەكانـە و ئەندامـی كۆمیتـەی دهۆكـی حزبـی شـیوعی كوردسـتانە و لـە شـاری دهـۆك دەژێـت.

و نیشـتیمانی لـە باشـووری کوردسـتان دوای ڕووداوەکانـی سـاڵی ١٩٨٨ و وەسـتانی جەنگـی عێـراق و ئێـران لـە ١٩٨٨/٨/٨ چالاکییەکانـی هێـزی پێشـمەرگە لـە ناوچەکانـی باشـووری کوردسـتان بـەرەو کـەم بـوون دەچێـت تـا دەگاتـە ڕادەی نەمـان ئـەو ڕەوشـەش تـا ڕاپەرینـی بەهـاری ١٩٩١ بـەردەوام بـوو.

## تەوەری دووەم

## ڕۆڵ و بەشداری ئافرەتان لە چالاکییە نێودەوڵەتییەکان

یەکێـك لـەو لایەنانـەی کـە ئافرەتانـی کـورد لـە مـاوەی نێـوان سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٩١ ڕۆڵیـان تێـدا بینیـوە ئـەو چالاکییانـە بـوون کـە لـە سـەر ئاستی دەرەوە لـە چوارچێـوەی کۆنگـرە و کۆبوونەوەکانـی ڕێکخراوەکانی ئافرەتـان لـە بۆنـە جیهانییـەکان و سـەردانی ئافرەتـان لـە نێـو شـاندە فەرمییەکانـی حکومـەت و پـارت و ڕێکخـراوەکان بـۆ وڵاتانـی دەرەوە ئەنجـام دەدران.

ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـەم بـوارەدا ڕۆڵـی کارا و گرنگیـان بینیـوە و پەیوەندییـان لەگـەڵ یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی جیهـان و کۆمەڵـەی ئافرەتانـی یەکێتـی سـۆڤیەت و وڵاتانـی عەرەبـی هەبـووە، هـەر بۆیـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان داوای بـوون بـە ئەنـدام لـە یەکێتی گشـتی دیموکراتـی ئافرەتانـی جیهـان کـردووە وەك نوێنەرێکـی شـەرعی هەمـوو ئافرەتـە کوردسـتانییەکان، ڕێکخـراوی ناوبراویـش بەڵێـن دەدات کـە داواکاریەکەیـان جێبەجـێ بـکات[1].

سـەبارەت بـە ڕۆڵـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە چالاکییـە جیهانییـەکان، دوای شـۆڕشـی ١٤ی تەممـووز یەکەمیـن چالاکییـان لەگـەڵ ئـەو شـاندە بـووە کـە حکومەتـی عێـراق لـە سـاڵی ١٩٥٩ بـە مەبەسـتی بەشـداریکردن لـە کۆنگرەیەکـی تایبەتـی ئافرەتـان لـە پەکینـی پایتەختـی وڵاتـی چیـن ڕێکیخسـتبوو، لـە سـەر ئاستی عێـراق (٧) ئافـرەت دەستنیشـان کـران کـە نوێنەرایەتـی عێـراق لـەو کۆنگرەیـەدا بکـەن دوو لـەو ئافرەتانـە کـورد بـوون و بـە ناوەکانـی خەدیجـە مسـتەفا بـە نوێنەرایەتـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی

(١) برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (٨٠)، ١٩٧٣/١٢/٤.

عێـراق و ناجیـە عەزیـز وەك نوێنـەری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان[١].

دوای دەسـتپێکردنی کۆنگـرە هـەر یـەك لـە بەشـداربووان وتـاری ڕێکخراوەکەیـان پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـرد[٢]، ناجیـە عەزیـز بـە نـاوی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان وتارێکـی پێشـکەش کـرد کـە لـە بەشـێکیدا هاتـووە:"... **بەنـاوی خـۆم و لەباتـی گەلـی عێـراق بـە عـەرەب و کـوردەوە سـڵاوی گـەرم لـە گەلـی مەزنـی چیـن وڵاتـی ئـازادی و ئاشـتی ئەکـەم، پەیوەنـدی و دۆسـتایەتی ئێمـە تـازە نییـە... ئەگـەر پەیوەنـدی جارانمـان لـە نێـوان پاشـاکان بووبێـت، بـەڵام پەیوەنـدی ئێسـتامان بەهێزتـرە، چونکـە لـە نێـوان هـەردوو گەلەکەماندایـە و ئێسـتا ئێمـە لـە سـایەی شۆڕشـی پیرۆزمانـەوە بەسـەرکردەی سـەرۆك عەبدولکەریـم قاسـم توانیـمان سـەر لـە وڵاتـی مەزنتـان بدەیـن بـۆ ئـەوەی پەیـمان نـوێ بکەینـەوە و پەیوەنـدی کۆمـان لەسـەر بناغـەی پتـەو بەهێزتـر بکەیـن... هیـوادارم پەیوەندیـمان لەمـەودا پتەوتـر و بەهێزتـر بێـت، بـژی دۆسـتایەتی چینـی و عێـراق تـا دێـر زەمـان پایـەدار بـن سـەرکردە ئازادیخـوازەکان"**[٣]. جێـگای ئاماژەیـە کاریگـەری وتارەکـە لـە سـەر ئامادەبـووان و ئـەو ئازادیخـوازو نەتەوەییانـە دەرکـەوت کـە ئامادەبـوون، چونکـە لـە وتارەکەیـدا چەوسـاندنەوەی میللەتـی کـورد و خەباتـی ئـەو نەتـەوە بـێ مافـەی خسـتەڕوو[٤]. لەسـەر بانگهێشـتی یەکێتـی ئافرەتانـی چینـی ناجیـە عەزیـز گەشـتی چەنـد شـارێکی وڵاتـی چیـن دەکات، چەندیـن نـوسراو و دیـاری بـە نـاوی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان پێشـکەش بـە (سـون تسـین لـی) سـەرۆکی یەکێتـی ئافرەتانـی چیـن کـرد، ناوبراویـش هەندێـك دیـاری پێشـکەش بـە یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان کـرد و لـە وەڵامـی پێشکەشـکردنی دیارییـەکان سوپاسـنامەیەك ئاراسـتەی ناجیـە عزیـز دەکات و تێیـدا هاتـووە: **"خۆشەویسـتم خوشـکە ناجیـە عەزیـز نوسراوەکـەت و ئـەو دیاریانـەی**

---

(١) دڵدار جەلی زادە، سەرچاوەی پێشوو، ل١٤-١٥.

(٢) فریشـتە کۆیـی، چەپکێـك لـە هۆنراوەکانـی فریشـتە کۆیـی، چ (١)، چاپخانـەی کشـتوکاڵ، ٢٠٠٥، ل٥١-٥٢.

(٣) بۆ دەقی وتارەکە بڕوانە: خەبات"ڕۆژنامە"، ژ (١٨)، ساڵ (١)، ١٩٥٩/٧/٢٤.

(٤) شـەونم نامیـق شـوانی، فریشـتەخان ئـەو ئافرەتـە کـوردەی لـە سـاڵی (١٩٥٩) کـورد و ئافرەتـی کـوردی بـە (١٣) وڵات ناسـاند، پەیامـی ئەیلوول"گۆڤـار"، ژ (٧)، کانوونـی دووەمـی ٢٠٠٩، ل٢٣.

**بەناوی خوشکە کوردەکانمەوە بۆت ناردم پێم گەیشت و زۆر سوپاست ئەکەم و لە ڕێگەی تۆوە سوپاسی گەرمی خوشکە کوردەکان ئەکەم، هەروەها تکات لێ دەکەم کە سڵاوی من بە هەموو گەلی عێراق و خوشکە عێراقییەکان بگەیەنیت، ئێمە زۆر دڵخۆشین بەو سەرکەوتنە جوانانەی خوشکە کوردەکان لەگەڵ گەلی عێراقدا بەدەستیان خستووە لە خەباتی ئازایانەیان لەپێناو دیموکراسی و ئازادی... لەگەڵ ئەم نوسراوەمدا سەرمێزێك و جووتێ چەرچەفی ئاورێشم کە لە وڵاتی خۆمان لە شاری (هانشو) دروستکراون لەگەڵ وێنەی چەند دیمەنێکی کۆشکی هاوینەی پەکین ئەنێرم تکایە بەدیاری پێشکەش بەخوشکە کوردەکانی بکە»**[1].

جێگای ئاماژەیە ئافرەتانی کورد کە بەشداربووی کۆنگرەکە بوون هەر لە میانی گەشتەکەیاندا بەمەبەستی دروستکردنی پەیوەندی هاوبەش لەگەڵ ڕێکخراوەکانی تایبەت بە ئافرەتانی وڵاتانی سۆشیالیزمی سەردانی وڵاتەکانی پاکستان، بورما، تایلەند، پەکین، ڤێتنام، کۆریای دیموکراتی باکور، یەکێتی سۆڤیەت دەکەن، و چاویان بە گەورە بەرپرس و چەند کەسایەتییەکی دیاری ئەو وڵاتانە دەکەوێت و دیدار لەگەڵ سەرۆکی هەندێ لەم وڵاتانە ساز دەکەن و لەبارەی زمان و کلتور و تێکۆشان و خەباتی گەلی کوردەوە بیر وڕا ئاڵوگۆڕ دەکەن[2]، دەکرێت بڵێین بەشداریکردنیان لەم کۆنگرەیەدا دەنگدانەوەیەکی زۆر باشی لە سەر ئاستی ناوخۆی کوردستان و عێراق لێکەوتۆتەوە. ئەمەش بوو بە هۆکارێك بۆ ئەوەی ژمارەیەك لە کچانی هەولێر لە شاری بەغدا نامەیەك ئاراستەی ناجیە عەزیز بکەن و سوپاس و دەستخۆشی لێ بکەن بۆ ئەو ڕۆڵەی کە بینیویەتی دەربارەی کوردستان بەمەبەستی دانپێدانانی مافی نەتەوایەتی و دیارخستنی کوردستان لەسەر ئاستی جیهانی ئازادی و ئاشتیخوازیدا، جێگای ئاماژەیە ئەم نامەیە بەواژووی مەریەم عەزیز فەتاح قوتابی لە کۆلێژی پەروەردە لە زانکۆی بەغدا لە شوێنی (٥٢) لە قوتابیە کچەکان پێشکەش بە ناجیە عەزیز کراوە[3].

---

(١) خەبات "ڕۆژنامە" ژ (١٨) ساڵ (١)، ١٩٥٩/٧/٢٤

(٢) فریشتە کۆیی، سەرچاوەی پێشوو، ل٥١-٥٢.

(٣) بۆ دەقی نامەکە بڕوانە: ژین"ڕۆژنامە"، ژ (١٤٧٤)، ساڵ (٣٤)، ١٩٥٩/٩/٢١.

دوای گەڕانەوەی شاندەکە لە گەشتەکەدا لێژنەیەك لە هەر یەك لە (فاتمە بیلال ئەفەندی، بەهیە فەتحوڵلا، شوکریە مەجید، خەدیجە مستەفا، عیففەت ساڵح محەمەد، جەمیلە یەعقوب) پێك دەهێنن و ئەم لێژنەیە بە مەبەستی گەیاندنی پەیام و ڕاسپاردە گرنگەکانی کۆنگرە سەردانی شارەکانی سلێمانی، هەڵەبجە، ڕانیە، قەڵادزێ، کەرکوك، کۆیە و چەند شوێنێکی تر دەکەن[١].

هەر لە درێژەی چالاکییەکانی ئافرەتان لە سەر ئاستی دەرەوە ٢٠ی تەمموزی ١٩٥٩ شاندێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەنوێنەرایەتی هەریەك لە (بەهیە مەعروف بەرزنجی، ئەنجوم زوهدی، جوان ئەحمەد عەزیز ئاغا، گەلاوێژ عەزیز[٢]، گوزیدەی مەحمود ئاغا)[٣] و شاندی کۆمەڵەی ئافرەتانی عێراق بە نوێنەرایەتی خانم زوهدی، مونیرە ڕەشید سەعاتچی، سامیە شاکر، زەکیە بابان)[٤] بەشداری لە میهرەجانی لاوان و قوتابیان لە شاری ڤیەننای پایتەختی نەمسا دەکەن. جێگای ئاماژەیە شاندی ئافرەتانی کورد لەم کۆنگرەیەدا سرود و مارشی کوردی (ئەی ڕەقیب) دەڵێنەوەو لە ڕێگای کۆنگرەکەوە پەیوەندی و دۆستایەتی لەگەڵ چەندین ڕێکخراوی وڵاتان دەبەستن[٥].

هەر لە ساڵی ١٩٥٩ ئەنجوم زوهدی بەناوی یەکێتی ئافرەتانی کوردستانەوە بەشداری لە میهرەجانی دەیەمی بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات دەکات، لە پەراوێزی ئەو میهرەجانەدا لەگەڵ یەکێك لە گۆڤارەکانی تایبەت بە پرسی ئافرەتان بە ناوی (المرأة الألمانية) چاوپێکەوتنێك ئەنجام دەدات، تێیدا ڕەوشی ئافرەتانی عێراق بە گشتی و کوردستان بەتایبەتی دەخاتەڕوو، هەروەها باس

(١) شەونم نامیق شوانی، فریشتەخان ئەو ئافرەتە کوردەی لە ساڵی (١٩٥٩) کورد و ئافرەتی کوردی بە (١٣) وڵات ناساند، پەیامی ئەیلوول"گۆڤار" ژ (٨) ئاداری ٢٠٠٩، ل٢٢-٢٣

(٢) بەهیە مەعروف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٣.

(٣) دەرخشان شێخ جەلال حەفیدزادە، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٣.

(٤) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خانم محەمەد مەحمود (خانم زوهدی)، هۆڵەندا، ٣ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاکر صادق (چاوشلی)، ئەڵمانیا، ١٩ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٥) بەهیە مەعروف بەرزنجی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٠٧-١٠٨.

لـە خەبـات و ڕۆڵـی ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە ئافرەتـان دەکات و داوای پشـتگیری زیاتـری ڕێکخـراو و وڵاتـان بـۆ گەلـی کوردسـتان دەکات[1]. هەروەهـا خانـم زوهـدی وەك نوێنـەری کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق بـە مەبەسـتی زیاتـر ناسـاندنی ڕێکخراوەکـە و پرسـی خەباتـی سیاسـی و مەدەنـی ئافرەتـان لـە عێـراق و کوردسـتان و بەدەسـتهێنانی پشـتگیری بـۆ کۆمەڵـەی ئافرەتانـی عێـراق و بەشـداریکردن لـە کۆنگـرە و کۆنفرانسـە نێودەوڵەتیەکانـی تایبـەت بـە ئافرەتـان لـە سـاڵی ١٩٦٠ سـەردانی هەریـەك لـە وڵاتانـی (بولغاریـا، چیـن، چیکۆسـلۆڤاکیا، ئیتاڵیـا، ئەڵمانیـای ڕۆژهەڵاتـی، هۆڵەنـدا، یەکێتـی سـۆڤیەت) دەکات[2].

چالاکییەکانـی ئافرەتـان لـە سـەر ئاسـتی دەرەوە دوای سـەرهەڵدانی شـۆڕش لـە کوردسـتان لـە ١١ی ئەیلولـی ١٩٦١ و دواتـر ئـەو ڕووداوانـەی بـە هـۆی کودەتـای ٨ی شـوباتی ١٩٦٣ بەسـەر عێـراق و کوردسـتاندا هـات بـەرەو لاوازی و سسـتی چـوون، ئـەم ڕەوشـە سیاسـییەش بـەردەوام بـوو تـا ڕاگەیاندنـی بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ کـە دەرفەتێکـی تـازەی ڕەخسـاند بـۆ سـەر لەنـوێ دەسـت پێکردنـەوەی چالاکییەکانـی ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان لـە دەرەوەی وڵات. لـە یەکەمیـن بەشـدارییان لـە ئابـی ١٩٧٠ سـینەم جـەلادەت بەدرخـان وەك نوێنـەری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان و خانـم زوهـدی وەک نوێنـەری کۆمەڵـەی ئافرەتانی عێـراق بەشـدارییان لـە کۆنگـرەی ئافرەتانـی جیهانـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کـرد، لـە میانـی کۆنگرەکـەدا وتـاری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە لایـەن سـینەم جـەلادەت بەدرخـان بـە هـەر سـێ زمانی کـوردی و فەرەنسـی و ئینگلیـزی پێشـکەش کـرا و جێـگای ئاماژەیـە وتارەکـەی دەنگدانەوەیەکـی زۆری دەبێـت و بووەتـە مایـەی نیگـەران بوونـی نوێنەرانـی ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی وڵاتانـی عەرەبـی بەتایبەتـی سـوریا، چونکـە ناوبـراو لـە وتارەکەیـدا بـاس لـە نەهامەتیەکانـی نەتەوەیـی کـورد و سـتەمەکانی وڵاتانـی داگیرکـەری هـەر چوارپارچـەی کوردسـتان دەکات و ئامـاژە بـۆ ئـەوە دەکات کـە پێویسـتە خەبـات لەپێنـاو ئـازادی و سـەربەخۆیدا

---

(١) التآخي"جريدة"، ع (١٤٨٧)، ١٩٧٣/١١/١٥.

(٢) پەیوەنـدی تەلەفۆنی لەگـەڵ خانـم محەمـەد مەحمـود (خانـم زوهـدی)، هۆڵەنـدا، ٣ی کانوونـی دووەمی٢٠٢٢.

بـەردەوام بێـت و ئافرەتـان شـان بـە شـانی پیـاوان بەشـداری لـە خەباتـی ڕزگاریخـوازی نەتەوەیـی کـورد بکـەن، کۆنگرەکـە مـاوەی دوو هەفتـە بـەردەوام دەبێـت و دواتـر لەلایـەن چەنـد ڕێکخراوێکـی ئافرەتـان لـە کۆمـاری ئازەربایجـان بانگهێشـت دەکرێـن بـۆ مـاوەی (٥) ڕۆژ لـەو وڵاتـە ماونەتـەوە و ئامانجیـش لـەم سـەردانەیاندا دروسـتکردنی پەیوەنـدی لەگـەڵ ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە ئافرەتـان بـووە[١].

هـەر لـە درێـژەی چالاکییەکانـی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان لـە دەرەوەی وڵات لـە سـاڵی ١٩٧٢ بەشـداری لـە بۆنەکانـی یادکردنـەوەی (٥٠) سـاڵەی دامەزراندنـی یەکێتـی سـۆڤیەت لـە شـاری مۆسـکۆ دەکـەن کـە ژمارەیەکـی زۆر لـە ڕێکخـراو و کۆمەڵەکانـی تایبـەت بـە ئافرەتـان لـە وڵاتانـی ئاسـیا و ئەفریقیـا بانگهێشـت کرابـوون، یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانیش لـە ڕێگـەی بانگهێشـتنامەیەکی فەرمـی لەلایـەن ڕێکخەرانـی ڤیسـتیڤاڵی مۆسـکۆ بانگهێشـت دەکرێـن و شـاندی یەکێتـی ئافرەتـان لـە لایـەن سینەم جـەلادەت بەدرخـان نوێنەرایەتـی دەکرێـت، لـە ڕێگـەی بەشـدارییان لـە پرۆگرامەکانـی ڤیسـتیڤاڵەکە کـە لـە چەندیـن بڕگـە پێکهاتبـوو، وەك (کۆبوونەوەکانـی یەکترناسـین و کارەکانـی کۆنفرانـس) شـاندی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان توانیـان پەیوەندییەکـی دۆستانە لەگـەڵ هەمـوو ئـەو شـاندانە ببەسـتن کـە بانگهێشـتی ئـەو کۆنگرەیـە کرابـوون. و توانیویانـە کێشـەی ئافرەتانـی عێـراق بەگشـتی و کوردسـتان بەتایبەتـی لـە بـوارە جیاجیاکانـدا بگەیەنـن بـە ئامادەبـووان و شـاندی ئـەو ڕێکخراوانـەی ئافرەتـان کـە لـە وڵاتـە جیاجیاکانـەوە هاتبـوون[٢]، سـینەم جـەلادەت بەدرخـان وتارێـك پێشـکەش دەکات وەك لـە بەشـێکیدا هاتووە:"**خوشـکانی خۆشەویسـت بەنـاوی یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتانی تێکۆشـەرمانەوە کـە سـەرکردایەتی تێکۆشـانی ئافرەتانـی کوردسـتان دەکات پیرۆزبایـمان بفەرمـوون لـە ناخـی دڵـەوە بـۆ گەلـی سـۆڤیەت بەبۆنـەی یـادی ٥٠ سـاڵەی دامەزراندنـی کۆمـاری سـۆڤیەتی سوشیالیسـت و زۆر سوپاسـی ڕێکخـراوی ئافرەتانـی سـۆڤیەت دەکەیـن کـە ئـەم دەرفەتەیـان بـۆ ڕەخسـاندین بەشـداری لـەم کۆوبونـەوە مێژووییـە بکەیـن و لـەم دەرفەتـەدا توانیـمان زانیـاری و هەواڵەکانـی**

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سینەم جەلادەت بەدرخان، هەولێر، ١٨ی تشرینی دووەمی٢٠٢٢ .

(٢) التاخي"جريدة"، ع (١١٤٤)، ١٩٧٢/٩/٢٣.

**نێوان ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی جیهان و دامەزراندنی پەیوەندی لەگەڵ ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی گەلانی جیهان دابنێین کە سۆزدارن لەگەڵ شۆڕشی گەلەکەمان بۆ گەیاندنی دەنگی گەلی کورد بۆ نێوەندە جیهانییەکان...»**[1]. جێگای ئاماژەیە شاندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان لەلایەن (ڤالنتینا تریشکۆڤا) سەرۆکی یەکێتی ئافرەتانی سۆڤیەت پێشوازییەکی گەرمیان لێکراوە و دیاریان پێشکەش بە شاندەکەی کوردستان کردووە و تیشکیان خستۆتە سەر چۆنێتی پەرەپێدانی پەیوەندییەکانیان لە چوارچێوەی خەباتی ئافرەتانی جیهانی بۆ دەستەبەرکردنی مافەکانیان، هەروەها ڤالنتینا تریشکۆڤا ئەوەی خستۆتەڕوو کە لەگەڵ گەلی کوردستان هاوسۆزن و پشتیوانی لە مافەکانی ئافرەتانی گەلی کورد دەکەن[2].

هەروەها لە ئاداری ١٩٧١ شاندێکی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە سەرۆکایەتی فەخرییە سەعدوڵڵا بەشداری لە کۆنگرەی یەکێتی ئافرەتانی عەرەبی قاهیرە دەکات، جێگای ئاماژەیە ئەو کۆنگرانە وەك مینەرێك بوون بۆ ئەوەی شاندی ئافرەتانی کوردستان پەیوەندی لەگەڵ یەکێتییەکانی ئافرەتانی وڵاتانی دیکە ببەستن و لە گفتوگۆکانیان ڕەوشی کوردستان و بارودۆخی ئافرەتانی کورد بخەنەڕوو بە تایبەتی لەو قۆناغەدا کە تێکۆشان دژی ئیمپریالیزم و چەوساندنەوەی نەتەوەیی خەباتی لە پێشینەبوون و ڕێکخراوەکانی ئافرەتانی کوردستان ڕۆڵی دیاریان تێیدا بینیوە[3]، هەروەها یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداری لە کۆنگرەی حەوتەمی یەکێتی ئافرەتانی عەرەبی کردووە کە لە وڵاتی تونس لە ٢٦ی نیسانی ١٩٧١ بە ئامادەبوونی شاندی یەکێتی ئافرەتانی وڵاتانی (جەزائیر، تونس، کوێت، لیبیا، سوریا، لوبنان، ئیمارات) بەسترا. جێگای ئاماژەیە شاندی ئافرەتانی عێراق بەسەرۆکایەتی (نەوال حلمی) و شاندی ئافرەتانی کوردستان بەسەرۆکایەتی (زەکیە ئیسماعیل حەقی) بەشداربوون، لەم کۆنگرەیەدا توانراوە هەماهەنگی

(١) بڕوانە دەقی وتارەکە لە: التأخي "جريدة"، ع (١١٤٤)، ١٩٧٢/٩/٢٣.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سینەم جەلادەت بەدرخان، هەولێر، ١٨ی شرینی دووەمی٢٠٢٢.

(٣) مع السيدة فخريه سعدالله و اهمية اشتراك المرأة الكردية في مؤتمر القاهرة النسائي الحالي، التاخي "جريدة"، ع (٦٨٢)، ١٩٧١/٣/١٣.

و جەخت لە سەر پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی وڵاتانی عەرەبی بکەنەوە و هەر لەم کۆنگرەیەدا بەیاننامەی ١١ی ئادار وەك پرۆژەیەکی نیشتیمانی ناسێندرا دەربارەی مافەکانی گەلی کورد لە عێراق و پاڵپشتی لێکرا(١). هەروەها لە تەمموزی ١٩٧٣ شاندی ڕێکخراوەکانی عێراق و نوێنەرانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشداری ڤیستیڤاڵی دەیەمی جیهانی لاوان و قوتابیان لە شاری بەرلینی پایتەختی ئەڵمانیا دەکەن، پەخشان زەنگەنە بە یاوەری هەر یەك لە (تریفە بێسارانی، ساکار مەحمود، هەلاڵە و گوڵاڵە) سەرۆکایەتی شاندی کۆمەڵەی ئافرەتانی کوردستان دەکات و هەریەك لە ئەنجوم زوهدی، نەجات مەحوی وەك شاندی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بەشدارییان کردووە(٢).

لە ڕۆژی یەکەمی کردنەوەی ڤیستیڤاڵەکەدا کە لە یاریگای نێودەوڵەتی شاری بەرلین بەڕێوەچوو کە تێیدا شاندەکانی سەرجەم نەتەوە بەشداربووەکان لە ڕێوڕەسمێکی شکۆداری نمایشکردندا هەریەکە و بەجل و پۆشاك و چالاکی نەتەوایەتی خۆی لەبەردەم سەکۆی دانیشتووان و ئامادەبووانی ڤیستیڤاڵەکەدا نمایشکرد کە گەورە بەرپرسانی ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات و زۆر لە وڵاتانی جیهان ئامادەبوون، شاندی کوردستانیش بەجل و پۆشاکی نەتەوایەتی کوردی بەشداربوون کە بووە جێ سەرنجی ڕاگەیاندنە جیهانییەکان(٣)، ڕۆژی دواتر چالاکییەکانیان لە ناو شەقام و گۆڕەپانەکانی شاری بەرلین و شانۆ و سەکۆییەکان جێی سەرسوڕمان و کۆکردنەوەی هەزاران خەڵك بوو، زۆرجار شاندەکانی تر دەچوون بۆ تەماشا و سەیرکردنی چالاکییەکانی شاندی کوردی بە جلوبەرگی کوردی، چالاکی شاندەکەی

---

(١) رئيسة اتحاد نساء كردستان السيدة زكية اسماعيل حقى في المؤتمر النسائي العربي السابع، التاخي"جريدة"، ع (٧٢٧)، ١٩٧١/٥/٩.

(٢) برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (٨٠)، ١٩٧٣/١٢/٤؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبداللە زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێك لەگەڵ ئەنجوم عبداللە زوهدی، سلێمانی، ٧ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٣) زاهیر محەمەد کۆیی، ٤٦ ساڵ پێش ئەمڕۆ بە پۆشاکی کوردییەوە لە بەرلین، باس"هەفتەنامە"، ژ (٢٦٨)، ٢٠١٦/١/٥، ل٢١.

خۆیــان بەجێدەهێشــت و بەشــدارییان لــە چالاکییەکانــی شــاندی کــوردی دەکــرد[1]، هــەر لــە چوارچێــوەی کار و چالاکییەکانــی شــاندی کــوردی هەســتان بــە کردنــەوەی بازاڕێکــی خێرخــوازی، کــە تێیــدا کەلوپەلــی خۆڕازاندنــەوەی ئافرەتــی کــورد لــە زیــو و پولەکــە و جلوبەرگــی کــوردی پیــاو و ژن و پێــڵاو و کڵاشــی کــوردی و شــتومەکی ناومــاڵ لــە کاســە و کەوچکــی دار تێیــدا دەفــرۆشرا، ئەمــە جگــە لــە دروســتکردنی (٥٠) بۆینبــاغ و دروشــمی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتانی لەســەر مۆرکــراوە و ژمارەیەکــی زۆری چاپکراوەکانــی یەکێتــی ئافرەتــان کــە هەندێکیــان بــە زمانــی ئینگلیــزی بــوون، هەروەهــا (٨) دەســتە جلــی کــوردی ئافرەتــان پێشــکەش بــە ڕێکخراوەکانــی ئافرەتانــی جیهــان کــران[2]. هــەر لــە هەمــان ســاڵدا لــە شــاری پاریــس کۆنفرانســی جیهانــی ئافرەتــان لــە وڵاتــی فەڕەنســا بەڕێوەچــوو، کــە نوێنــەری ســەرجەم ڕێکخراوەکانــی ئافرەتانــی جیهــان تێــدا بەشــداربوون، نوێنــەری یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان (ســینەم جــەلادەت بەدرخــان)، نوێنــەری کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کوردســتان (پەخشــان زەنگەنــە) بەشــداریان تێــدا کــردووە[3].

دوای دەســتپێکردنەوەی شــەڕ لــە کوردســتان بــە هــۆی هەڵگەڕانــەوەی حکومەتــی عێــراق لــە جێبەجــێ کردنــی بەڵینەکانــی بەپێــی بەیاننامــەی ١١ی ئــادار چالاکییەکانــی ئافرەتــان بــۆ ماوەیــەك لاواز بــوو، دواتــر ســینەم جــەلادەت بەدرخــان بــە نوێنەرایەتــی یەکێتــی ئافرەتانــی کوردســتان لــە ســاڵی ١٩٧٥ بەشــداری لــە یەکەمیــن کۆنگــرەی نێودەوڵەتــی یەکێتــی ئافرەتانــی جیهانــی لــە مەکســیك کــرد[4] لەگــەڵ هــەر یــەك لــە (پەخشــان زەنگەنــە و ســنۆبەر ئیســماعیل) وەك نوێنــەری کۆمەڵــەی ئافرەتانــی کوردســتان[5].

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٢.

(٢) دەمەتەقێیەك لەگەڵ خوشکە ئەنجوم زوهدی، برایەتی"ڕۆژنامە"، ژ (٦١)، ١٩٧٣/٧/٢٧.

(٣) چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ ســینەم جــەلادەت بەدرخــان، هەولێــر، ١٨ی تشرینــی دووەمــی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ پەخشــان عبداللــە زەنگەنــە، هەولێــر، ١٣ی نیســانی٢٠٢٢.

(٤) شریــن ئامیــدی، ســەرچاوەی پێشــوو، ل٩٣؛ چاوپێکەوتنێــك لەگــەڵ ســینەم جــەلادەت بەدرخــان، هەولێــر، ١٨ی تشرینــی دووەمــی ٢٠٢٢.

(٥) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبدالله زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی٢٠٢٢.

هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٨٠ پەخشـان زەنگەنـە سـکرتێری کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان بـە نوێنەرایەتـی کۆمەڵـە بەشـداری لـە دووەمیـن کۆنگـرەی یەکێتـی ئافرەتانـی دیموکراتـی جیهانـی کـرد کـە لـە چیکۆسـلۆڤاکیا بەڕێوەچـوو، نوێنـەری ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی زۆربـەی وڵاتـان تێیـدا بەشـداربوون، نوێنـەری ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان وتارێکـی پێشـکەش کـردووە و تێیـدا بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتان و سیاسـەتی توندوتیـژی حکومەتـی عێراقـی بەرامبـەر بـە گەلـی کـورد خسـتۆتەڕوو[١]، هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٨١ سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە بـە نوێنەرایەتـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان بەشـداری لـە کۆنگـرەی ئافرەتانـی دیموکراتـی جیهانـی لـە سـوریا دەکات، نوێنـەری ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی زۆربـەی وڵاتـەکان کـە ئەندامـی کۆنگرەکـە بـوون بەشـدارییان تێـدا کـردووە. ناوبـراو بـە وتـاری کۆمەڵـە بەشـداری لـە کۆنگرەکـە دەکات و بارودۆخـی سیاسـی کوردسـتانی بـۆ ئامادەبـووان شـیکردۆتەوە کـە لـە ئەنجامـی سیاسـەتی تاکڕەویـی و زوڵـم و سـتەمی حکومەتـی عێـراق ڕووبـەڕووی هەمووجـۆرە توندوتیژییـەك بووەتـەوە وتـاری کۆمەڵەکـە بـە هەنـد وەرگیـرا لەلایـەن ئامادەبووانـی کۆنگرەکـە و ئەنجامێکـی باشـی هەبـوو سـەبارەت بـە تێڕوانینـی وڵاتـان بەرامبـەر بـە ئەندامانـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان[٢].

ئافرەتانـی کـورد بـە مەبەسـتی کۆکردنـەوەی هـاوکاری و کۆمـەك و یارمەتـی بـۆ

---

(١) هەمان چاوپێکەوتن

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە، سـلێمانی، ٣ی حوزەیرانـی٢٠٢٢. لـە سـاڵی ١٩٥٣ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایکبـووە، قۆناغەکانـی خوێندنـی سـەرەتایی و ناوەنـدی لـەو شـارە تەواوکـردووە، لـە سـاڵی ١٩٦٣ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی حزبـی شـیوعی عێراقـی یـەوە کـردووە، هەمـان سـاڵ پەیوەنـدی کـردووە بـە ڕێکخـراوی بەرگـری لـە مافـی ئافرەتانـی عێـراق، سـاڵی ١٩٧١ پەیمانـگای مامۆسـتایانی تـەواو کـردووە، سـاڵی ١٩٧٢ وەك مامۆسـتا دادەمەزرێـت، بەشـداری لـە زۆربـەی کۆنگرەکانـی ڕێکخـراوی بەرگـری لـە مافـی ئافرەتانـی عێـراق و حزبـی شـیوعی دا کـردووە، دواتـر بەهـۆی دروسـتبوونی مەترسـی لەسـەر ژیانـی پەیوەنـدی بـە شـاخ کـردووە و بـووە بـە پێشـمەرگە، بەشـداری چەندیـن کۆنگـرە وکۆنفرانسـی نێودەوڵەتـی کـردووە، چەندیـن بەرپرسـیاریەتی لـە نـاو ئۆرگانەکانـی حزبـی شـیوعی و ڕێکخـراوی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان وەگرتـووە، ئێسـتا لـە سـلێمانی دەژێـت.

ئـەو ناوچانـەی کـەم دەرامەتـن، هەریـەك لـە (نازەنیـن عوسـمان حەسـەن، بەیـان محەمـەد فەتـاح) بـە نوێنەرایەتـی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٨١ لـە کۆنگـرەی (ئەکسـا)ی وڵاتـی (نەمسـا) بەشـداری دەکـەن، لـەو کۆنگرەیـەدا نوێنـەری هەمـوو وڵاتانـی ئەوروپـا بەشـدار دەبـن و هـاوکاری و کۆمـەك کۆکرایـەوە و لـە ڕێـگای لێژنـە تایبەتـەکان دەنێـردرا بـۆ ئـەو ناوچانـەی کـە پێویسـتییان بـە هـاوکاری هەبـوو، ناوبـراوان لـەم کۆنگرەکەیـەدا ڕۆڵێکـی دیـار دەبینـن لـە خستنەڕووی ڕەوشـی کوردسـتان و بەتایبەتـی پێشـمەرگە و خراپـی دۆخـی ئافرەتـان و منـداڵان کـە ڕووبـەڕووی توندوتیژییەکانـی هێزەکانـی سـەربازی و پۆلیسـی بوونەتـەوە، لـەم ڕوانگەیـەوە توانیـان هـاوکاری و کۆمـەك و پێداویسـتی کۆبکەنـەوە وەك (دەرمـان و پێداویسـتی پزیشـکی، جلوبـەرگ، شـیری منـداڵ، پـارە) و ڕەوانـەی کوردسـتان بکـەن، هـەر لـەو کۆنگرەیـەدا توانیـان لـە ڕێـگای لێدوانەکانیـان بـە زمانـی ئینگلیـزی بـۆ ڕاگەیاندنـە جیهانییـەکان دەنگـی ئافرەتانـی کوردسـتان بـە وڵاتانـی ئەوروپـا و ڕێکخـراوە جیهانییـەکان و ناوەندەکانـی بڕیـاردان و ڕێکخراوەکانـی تایبـەت بـە مافـی مـرۆڤ بگەیەنـن[١]. لـە هەمـان سـاڵ لـە وڵاتـی فەرەنسـا نازەنیـن عوسـمان حەسـەن، بەیـان محەمـەد فەتـاح بەشـداری لـە خولێکـی تەندروسـتی دەکـەن لەگـەڵ ڕێکخـراوی پزیشـکانی بـێ سـنور کـە بـۆ مـاوەی شـەش مانـگ بـەردەوام دەبێـت کـە ئامانـج لێـی وەرگرتنـی ئەزمـوون و زانیـاری پزیشـکی بـووە بـۆ ئـەوەی لـە کاتـی گەڕانەوەیـان بـۆ کوردسـتان لـە بـواری پزیشـکی بتوانـن خزمـەت بـە هێـزی پێشـمەرگە بکـەن، لـە میانـی ئـەو گەشـتەیاندا چاویـان بـە چەندیـن کەسـایەتی دیـار و سیاسـەتمەندارانی ئـەو وڵاتـە کەوتـووە و دەنگـی مەزلومیەتـی میللەکەیـان گەیانـدووە و داوای هـاوکاری و پشـتگیریان لێکـردوون[٢].

لـە سـاڵی ١٩٨٥ ڤیسـتڤاڵی لاوان لـە شـاری مۆسـکۆ بەڕێوەچـوو[٣]، هەریـەك لـە سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە، پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە لـەم ڤیسـتیڤاڵەدا وەك نوێنـەری کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان بەشـدارییان کـردووە، سـنۆبەر ئیسـماعیل وتـاری

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ نازەنین عوسمان حەسەن، سلێمانی، ٨ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٢) هەمان چاوپێکەوتن

(٣) ڕووخۆش عەلی، مێژووی تێکۆشانی مێینەی کورد، سەرچاوەی پێشوو، ل٤١٣.

کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتانی پێشکەشـکردووە هەرچەنـد لـە کاتـی وتارەکـەدا نوێنـەری ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی سـەر بـە حزبـی بەعـس لـە عێـراق پشـێوییان دروسـتکرد، بـەڵام ڕێکخەرانـی ڤیسـتیڤاڵەکە ڕێگەیـان لێگرتـن و دەرفەتیـان بـۆ سـنۆبەر ئیسـماعیل ڕەخسـاند وتارەکـەی تـەواو بـکات هـەر لـە میانـی ڤیسـتڤاڵەکەدا چەندیـن کار و چالاکییـان ئەنجامـداوە و لێدوانیـان بـۆ ڕاگەیاندنـە بیانییـەکان داوە سـەبارەت بـە کێشـەی کـورد و پرسـی ئافـرەت لـە کوردسـتان و سیاسـەتی نـاڕەوای حکومەتـی عێـراق بەرامبـەر بـە ئافرەتـان[١]، لـە کۆتایـی ڤیسـتیڤاڵەکەدا دیـاری لـە نێـوان نوێنـەری هەمـوو ڕێکخـراوەکان دابەشـکرا، نوێنـەری کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان جلـی کـوردی پێشـکەش بـە ئامادەبـووان کـرد و ئەوانیـش مەدالیـای تایبەتیـان پێشـکەش بـە نوێنەرانـی وەفـدی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان کـرد[٢].

ئافرەتانـی کـورد بـە نوێنەرایەتـی پارتـە سیاسـیەکانیش بەشـداری کـۆڕ و کۆبوونـەوە و کۆنگرەکانیـان کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٥ هـەر یـەك لـە پەخشـان عبداللـە زەنگەنـە و سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە وەك نوێنەرانـی کۆمەڵـەی ئافرەتانـی کوردسـتان[٣] و ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـینەم جـەلادەت بەدرخـان وەك نوێنـەری یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان[٤]. بەشـداری کۆنگـرەی نایرۆبـی لـە کینیـا دەکـەن[٥]. هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٨٦ سـنۆبەر ئیسـماعیل نصراللـە بەنوێنەرایەتـی حزبـی شـیوعی عێـراق لـە بـراغ بەشـداری لـە یـادی دامەزراندنـی یەکێتـی سـەندیکاکانی جیهـان دەکات کـە نوێنـەری (٥٢) ڕێکخـراو تێیـدا بەشداربوون، دواتریـش بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ لـە بـراغ بـە نوێنەرایەتـی کار و چالاکـی و پەیوەندییەکانـی حزبـی شـیوعی عێراقـی ماوەتـەوە[٦].

کۆنگـرەی سۆسـیال دیموکراتـی ئینتەرنەشـناڵ لـە کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٨ لـە سـتۆکهۆڵمی

(١) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سنۆبەر ئیسماعیل نصرالله، سلێمانی، ٣ی حوزەیرانی٢٠٢٢.

(٢) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەخشان عبدالله زەنگەنە، هەولێر، ١٣ی نیسانی٢٠٢٢

(٣) هەمان چاوپێکەوتن.

(٤) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ سـینەم جـەلادەت بەدرخـان، هەولێـر، ١٨ی تشرینـی دووەمـی٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ ئەنجـوم عبداللـە زوهـدی، سـلێمانی، ٧ی کانوونـی دووەمـی ٢٠٢٢

(٥) شرین ئامێدی، سەرچاوەی پێشوو، ل٩٣.

(٦) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ سنۆبەر ئیسماعیل نصرالله سلێمانی، ٣ی حوزەیرانی٢٠٢٢.

پایتەختی سوێد بەسترا، کە لەلایەن خاتوو (وینی مادیکیزیلا ماندێلا) هاوسەری (نێلسۆن ماندێلا) کرایەوە، زیاتر لە (٩٠) شاندی پارتە سۆشیالیستەکانی جیهان تێیدا بەشدار بوون[١]. سەبارەت بە بەشداری کورد لە ڕێگای شاندەکانی (پارتی دیموکراتی کوردستان، یەکێتی نیشتیمانی کوردستان، حزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران) بەشداربوون[٢]. هاوشان لەگەڵ ئەم شاندە حزبیانەدا هەریەك لە هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد و نەرمین عوسمان حەسەن وەکو ژنانی نێو ڕێکخستنەکانی یەکێتی نیشتیمانی کوردستان بەشدارییان لەو کۆنگرەیەدا کرد[٣]. هێرۆ ئیبراهیم ئەحمەد بە زمانی ئینگلیزی وتارێکی پێشکەشکرد تێیدا ئاماژەی بۆ ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان کرد لەگەڵ خستنەڕووی ئەو تاوانانەی کە حکومەتی عێراق بەرامبەر بە ئافرەتان ئەنجامیداوە لە گرتن و کوشتن و ئەشکەنجەدان، هەروەها ڕەوشی ئافرەتانی کوردستان لە هەموو ڕوویێکەوە بە شێوەی تۆمار کراو بە زمانی ئینگلیزی بەسەر هەموو ئەندامانی کۆنگرەکەدا دابەشکرا، وتارەکەی بووە جێگەی سەرنجی بەشداربووانی کۆنگرەکە[٤]، سەرەتا لە پرۆگرامی کۆنگرەکەدا (٥) خولەك بۆ وتارەکەی هێرۆخان دانرابوو، بەڵام لەبەر گرنگی وتارەکەی کە باس لە جینۆسایدی گەلی کورد (ئەنفال و کیمیاباران)ی دەکرد درێژکرایەوە بۆ (١٥) خولەك و لە بەشێکی وتارەکەیدا هاتووە:"**... ئەگەر فریای کورد نەکەون میللەتێك نامێنێ بە ناوی کوردەوە ئەوسا تەنیا ناوی کورد لە کتێبە مێژووییەکان و مۆزەخانەکان دەدۆزنەوە**"[٥]. لە پەراوێزی کۆنگرەکەدا چەندین ڕۆژنامەنووس و کەناڵی میدیای جیهانی لێدوانی هێرۆخانیان سەبارەت بە پرسی کورد وەرگرت، هەر لەچوارچێوەی کاروچالاکییەکاندا ئافرەتانی کوردستان بەشێوەی ئەنجامدانی خۆپیشاندان و دەربڕینی ناڕەزایی بەردەوام بوون لە گەیاندنی داواکاریەکانیان بۆ نموونە لە هەمان ساڵ چەندین خۆپیشاندان لە وڵاتانی ئەوروپا دژی زوڵم و ستەمی حکومەتی عێراق بە تایبەتی دژ بە ئافرەتان ئەنجامدرا بۆ نموونە لەکۆتایی ساڵی ١٩٨٨ لە ستۆکهۆڵم پایتەختی سوێد

(١) نەرمین عوسمان، لەبەر تریفەی مانگ خەونەکانی نیشتیمانمان دەچنی، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

(٢) باڵیۆز محەمەد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

(٣) نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

(٤) باڵیۆز محەمەد سابیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٤٩.

(٥) نەرمین عوسمان، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٨.

خۆپیشاندانێکی گەورە بە دروشمی (کۆمەڵکوژی لە کوردستان بوەستێنن) لەسەر شەقامەکان و لەناو شار لە پێش باڵیۆزخانەی عێراق لەو وڵاتە بە بەشداری کوردەکانی هەر چوار پارچەی کوردستان هاوشان لەگەڵ دۆستانی کورد لەو شارە ئەنجامدرا، لەو خۆپیشاندانە هەریەك لە (نەرمین عوسمان حەسەن و هەتاوخان، هاوسەری کاکە حەمە سابیر) و چەند ئافرەتێکی تر بەشدارییان تێدا کرد[1].

چالاکییەکانی ئافرەتان لە سەر ئاستی دەرەوە تەنها لە ڕێگای بەشداری شاندەکان نەبوو، بەڵکو هەندێکجار لە ڕێگەی ناردنی بروسکە و پەیامی پیرۆزباییەوە بەشدارییان لە چالاکییە دەرەکییەکان کردووە بۆ نموونە لە کاتی بەستنی کۆنگرەی شەشەمی یەکێتی قوتابیانی جیهانی لە ژێر دروشمی (بژی هاوکاری گەلان لە پێناو ئاشتی و دیموکراتی)، ئافرەتانی لقی سلێمانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان بە واژووی هەریەك لە (ئەنجوم عبداللە زوهدی، بەهیە مەعروف بەرزنجی، درەخشان جەلال حەفید، لویزە کاکەحەمە، نەسرین قادر، حەسیبە روشدی، ژیان عیزەت) لە جیاتی (٤٦٧٥) ئەندام بروسکەیەکی پیرۆزبایی ئاراستەی ئەم کۆنگرەیە دەکەن، کە لەبەشێکیدا هاتووە:"**... هیواخوازین کە کۆنگرەکەتان سەرکەوتوو بێت لە پێناو هێنانەکایەوەی ئاشتی جیهانی و ڕزگاربوونی گەلانی ژێردەستە لە خەباتیان دژی ئیمپریالیزم و هیواخوازین کۆنگرەکەتان بڕیارێك دەربارەی گەلی کوردی پارچە پارچە کراو بدات، کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێکۆشانەکەی لە دژی ئیستعمار هەروەها داواکارین ڕەزامەندیتان بفەرموون لەسەر بە ئەندام بوونی یەکێتی قوتابیانی کورد وەك ئەندامێك لە یەکێتییەکەتان ...**"[2].

هەروەها یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پەیامی پیرۆزبایی ئاراستەی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی بە بۆنەی یادی (٢٥) ساڵەی دامەزراندنیەوە دەکات لە پەیامەکەدا داوا دەکات کە تێکۆشانی هاوبەش لە نێوان ئافرەتانی کوردستان و ئافرەتانی جیهانیدا بەردەوامی هەبێت لەپێناو بەرگریکردن لە مافی ئافرەتان و دەستەبەرکردنی دادوەری[3].

---

(١) هەمان سەرچاوە، ل٢٧٩.

(٢) خەبات"جريدة"، ع (٣٣٢)، السنه الثانية، ١٩٦٠/١٠/١١.

(٣) اتحاد نساء كردستان يحيى الذكرى الخامسة والعشرين لتأسيس الاتحاد النساء الديمقراطي

لـه چالاكییـه دەرەكییەكانـی تـری یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان كـه تایبەتـه بـه بەهێزكردنـی پەیوەندییەكانیـان لەگـەڵ ڕێكخـراوە جیهانـی و ناوچەییەكانـی هاوپیشـەیان بریتـی بـوو لـه بانگهێشـتكردن و پێشـوازیكردنی ئـەو ڕێكخراوانـه لـه كوردسـتان و لـه نزیكـەوە ئاشـنابوونیان بـه جموجـۆڵ و چالاكـی و بەرنامـه و پرۆژەكانـی یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان و لـه ئەنجامـی كۆبوونەوەیـان لەگـەڵ ئەندامانـی دەسـتەی كارگێـری و ئەندامـه چالاكەكانـی ئـەو ڕێكخـراوە پەیامـی خۆیـان بـه شـاندی میـوان دەگەیانـد كـه بریتـی بـوو لـه پێشخسـتنی توانـا و بەشـداریكردنی ئافرەتـان لـه هەمـوو بوارەكانـدا و بەتایبەتـی لـه پرسـی نەتەوەیـی و نیشـتیمانی و داوایـان لـەو ڕێكخراوانـەش كـردووە كـه لـه سـەر ئاسـتی بـاڵای وڵاتەكانیـان كار بـۆ ناسـاندنی پرسـی كـورد و ڕێكخراوەكەیـان بكـەن[١]، هەروەهـا لـه میانـی كۆنگـرەی دووەمـی یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان پێشـوازییان لـه شـاندێكی ئافرەتانـی ئەریتریـا بەسـەرۆكایەتی ئامینـه محمـد علـی ملكـی كـردووە، لـەم پێشـوازیه بـاس لـه ڕۆڵـی ئافرەتـان لـه شـۆڕش و خەباتـی نەتەوەیـی كـرا، سـەرۆكی شـاندی ئافرەتانـی ئەریتریـا پشـتیوانی خـۆی بـۆ یەكێتـی ئافرەتانـی كوردسـتان دەربڕیـوە و هیـوای خواسـتووە پەیوەندییەكانیـان زیاتـر پەرەپێبـدەن و هـاوكاری یەكـتر بـن[٢]، هـەر لـه هەمـان سـاڵدا زەكیـه ئیسـماعیل حەقـی پێشـوازیكردوە لـه شـاندێكی ئافرەتانـی ئەڵمانیـا بەسـەرۆكایەتی (كلایـنر)، دواتـر لـه سـیمینارێكدا ناوبـراو ئامـاژە بـه هاوخەباتـی نێـوان ئافرەتـی كـورد و ئافرەتـی ئەڵمانیـا دەكات، كـه هـەردوو لایـان ڕووبـەڕووی ئەنجامەكانـی لێكەوتـەی شـەڕ و توندوتیـژی بونەتـەوە[٣]، لـه لایەكـی تریشـەوە خاتـوو (لودمیـلا بالاخوفسـكایا) بـه نوێنەرایەتـی

العالمي، التاخي "جريدة"، ع (٦٠٢)، ١٩٧٠/١١/٢٨.

(١) بـۆ زیاتـر زانیـاری دەربـارەی سـەردانی شـانده بیانییـەكان بـۆ كوردسـتان بروانـه: التأخي"جريـدة"، ع (١٣٦٢)، ١٩٧٣/٦/١٩؛ التاخي"جريـدة"، ع (١٤٥٩)، ١٩٧٣/١٠/١٤؛التاخي"جريـدة"، ع (١١٤٤)، ١٩٧٢/٩/٢٣؛التاخي"جريـدة"، ع (٧٠٥)، ١٩٧١/٤/١٠؛التاخي"جريـدة، ع (٧١١)، ١٩٧١/٤/١٧؛ التاخي"جريـدة"، ع (٧١٢)، ١٩٧١/٤/٢٤؛ التاخي"جريـدة"، ع (٧٢٢)، ١ /٥/ ١٩٧١؛ التاخي"جريـدة"، ع (٧٢٨)، ١٩٧١/٥/٩؛ التاخي"جريـدة"، ع (٧٣٣)، ١٩٧١/٥/١٥؛ التاخي"جريـدة"، ع (٧٢٩)، ١٩٧١/٥/٢٢.

(٢) اتحاد نساء الكردستان يرحب ممثلة النساء الارتريات، التاخي"جريدة"، ع (٧٣٩)، ١٩٧١/٥/٢٢.

(٣) التاخي"جريدة"، ع (٧٣٣)، ١٩٧١/٥/١٠.

ئافرەتانی یەکێتی سۆڤیەت بەشداریکردووە لە کۆنگرەی دووەمی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان و لە پەراوێزی ئەو کۆنگرەیەدا لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆبووەتەوە و پشتیوانی خۆی بۆ ئافرەتانی کوردستان دەربڕیوە و هیوای خواستووە پەیوەندییەکانیان پەرەپێبدەن و بەشدار بن لە خەباتی ئاشتیخوازی جیهانیدا[١].

هەروەها لە ساڵی ١٩٧٣ شاندێکی باڵای یەکێتی ئافرەتانی جیهانی بە سەرۆکایەتی خاتوو (هیرتا کۆسینین) سەرۆکی ڕێکخراوی یەکێتی ئافرەتانی دیموکراتی جیهانی کە لەلایەن زەکیە ئیسماعیل حەقی و ئەندامانی دەستەی کارگێڕی باڵا پێشوازییان لێکرا و دواتر بەشداری لە بۆنەیەکی تایبەت بە فۆلکلۆر و کلتوری نەتەوەیی کورد دەکەن و لە هەمان ڕۆژدا خاتوو هیرتا کۆسینین هەڵساوە بەپێدانی مۆڵەتی ڕێکخراوێکی خێرخوازی تایبەت بە هاوکاریکرنی ئافرەتان و منداڵان[٢]. لە هەمان ساڵدا یەکێتی ئافرەتانی کوردستان پێشوازییان لە شاندێکی وڵاتی ئیتاڵی کرد کە گرووپێك لە ڕاگەیاندنکاری ئافرەتی لەخۆگرتبوو سەردانی عێراقیان کرد، لە چوارچێوەی ئەو سەردانە شارەکانی کوردستان بەسەردەکەنەوە و دواتر لەگەڵ ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانی کوردستان کۆبوونەتەوە و پشتیوانی خۆیان بۆ گەلی کوردستان دەربڕیوە، ئەندامانی یەکێتی ئافرەتانیش مێژووی ڕێکخراوەکەیان و ئامانج و کارەکانیان و خواستی گەلی کورد بۆ ڕاگەیاندنەکانی ئیتاڵیا خستۆتەڕوو، داواشیان کردوە کە پشتیوانی ئافرەتان لە کوردستان بکەن[٣].

بەمجۆرە خەباتی ئافرەتان و ڕۆڵیان لە ناوەندە جیهانیەکان لە ساڵانی ١٩٥٨ -١٩٩١ دەبێتە بەشێك لە خەباتی ڕزگاریخوازی نەتەوەیی و نیشتیمانی لە باشووری کوردستاندا.

---

(١) التاخي"جريدة"، ع (٧١٧)، ١٩٧١/٤/٢٤.

(٢) الاتحاد العام لنساء كردستان يحتفل بوفد الاتحاد النساء الديمقراطي العالمي، التاخي"جريدة"، ع (١٤٥٩)، ١٩٧٣/١٠/١٤.

(٣) الوفد الايطالى لدى زيارته الاتحاد النساء الكردستان، التاخي"جريدة"، ع (١٣٦٢)، ١٩٧٣/٦/١٩.

## تەوەری سێیەم

## هەڵوێستی حکومەتی عێراق بەرامبەر خەباتی ئافرەتان لە باشووری کوردستان ١٩٥٨-١٩٩١

دوای سـەرکەوتنی شۆڕشـی ١٤ی تەمموزی ١٩٥٨ و هاتنە کایەوەی سیسـتەمی کۆماری لـە عێـراق، ڕۆڵ و چالاکییەکانـی ئافرەتـان لـە بزووتنـەوەی ڕزگاریخـوازی نیشـتیمانی و نەتەوەیـی لـە باشـووری کوردسـتان چـووە قۆناغێکـی نوێـوە، چالاکییـە سیاسـی و جەماوەرییەکانیـان لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی پارتـە سیاسـییەکان بـە تایبەتـی لەنـاو پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان و حزبـی شـیوعی عێـراق و ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان و ڕێکخـراوە جەماوەرییەکانـی تـر بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا ئەنجـام دەدا.

هـەر لـەم ماوەیـەدا بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا لـە ٢١ی ئـادار یـادی جەژنـی نەتەوەیـی نـەورۆز دەکرایـەوە، لـە بۆنـە نیشـتیمانییەکانیش وەك یادکردنـەوەی دامەزراندنـی کۆمـاری عێـراق لـە ١٤ی تەممـووز و دامەزراندنـی پارتـە سیاسـییەکان و بۆنـە جیهانییەکانـی وەك جەژنـی کرێکارانـی جیهـان لـە ١ی ئایـار و جەژنـی ئافرەتـان لـە ٨ی مایـس، ئافرەتـان لـە ڕێـگای خوێندنـەوەی وتـار و پێشـکەش کردنـی دیـاری و ڕێپێـوان ڕۆڵـی خۆیـان گێـراوە[1]. ئەمـەش بـە هـۆی ئـەو سیاسـەتە بـوو کـە سـەرۆك وەزیـران عەبدولکەریـم قاسـم بەرامبـەر پـارت و ڕێکخـراوە سیاسـییەکان پەیـڕەوی دەکـرد و بـوار درا کـە بـە یاسـا لـە ڕێـگای وەزارەتـی ناوخـۆ مۆڵەتـی فەرمـی بدرێـت بـەو لایەنـە سیاسـییانەی کـە بـێ مۆڵـەت بـوون، لەوانـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەپێـی یاسـای کۆمەڵـەکان ژمـارە (١) سـاڵی ١٩٦٠ مۆڵەتـی کارکردنـی ئاشـکرای پێـدرا[2]، هەروەهـا ئـەو پارتـە سیاسـییانەی لـە سـەردەمی فەرمانڕەوایـی پاشـایەتی مۆڵەتیـان لێوەرگیـرا بـوو توانیـان

---

(١) مهدی محمد قادر، دور المراة ....، ص٢٦٣.

(٢) بڕوانە داواکاریەکە لە: لە بەڵگەنامەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان ١٩٤٦-١٩٦٣، ل٣٨٣-٣٨٦.

جارێکـی تـر مۆڵەتـی کارکردنـی ئاشـکرا وەربگرنـەوە[١].

ئافرەتانـی کوردسـتان لـە سـاڵانی ١٩٥٨-١٩٦١ توانییـان بـە شـێوەیەکی بەرچـاو ڕۆڵـی خۆیـان ببینـن چ لـە نـاو ڕێکخسـتنەکانی پارتـە سیاسـییەکان چ لەنـاو ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان کـە وەزارەتـی ناوخـۆ بەپێـی برگـەی (ب) لـە مـادەی (٧) یاسـای کۆمەڵـەکان ژمـارە ٦٣ی سـاڵی ١٩٥٥ مۆڵەتـی کارکردنـی ئاشـکرای پێـدان وەك کۆمەڵـەی بەرگـری لـە مـافی ئافرەتـانی عێـراق[٢] و یەکێتـی ئافرەتانـی کوردسـتان[٣]، تەنانـەت وەك پشـتگیرییەك لـە چالاکییەکانـی ئافرەتـان خـودی سـەرۆك وەزیـران لـە وتارەکانیـدا لـە کاتـی بەشـداری لـە ڕێوڕەسـمەکانی کردنـەوەی کۆنگـرە و چالاکییەکانیـان سـەرنج و تێبینـی و پاڵپشـتی خـۆی بـۆ ڕێکخراوەکانـی ئافرەتانـی عێـراق و کوردسـتان دووپـات دەکـردەوە[٤].

ڕەوشـی سیاسـی باشـووری کوردسـتان لـە ئەیلوولـی ١٩٦١ لـە ڕووی پەیوەندییەکانـی لەگـەڵ حکومەتـی عێـراق بـەرەو خـراپ بـوون دەچێـت لـە ئەنجامـی پابەنـد نەبوونـی ئـەو بەڵێنانـەی کـە حکومەتـی عێـراق بـە کـوردی دابـوو لـە پێدانـی مافـە نەتەوەییـەکان لـە چوارچێـوەی کۆمـاری عێـراق، ئەمـەش بـووە هـۆی هێنانـە کایـەوەی ڕەوشـێکی تـازە لـە خەباتـی سیاسـی کـە لـە ئەنجامـدا لـە ١١ی ئەیلولـی ١٩٦١ شـۆڕشـی گەلـی کوردسـتان دەسـتی پێکـرد[٥]، بـەم هۆیـەوە کار و چالاکییەکانـی ئافرەتـان چـووە قۆناغێکـی سـەخت و نهێنـی و کەوتـە ژێـر کاریگەرییـە توندوتیژییـە سیاسـی و سـەربازییەکان کـە لـە ناوچەکانی کوردسـتان لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە ئەنجـام دەدران، بەپێـی ڕۆژنامـەی (دەیلـی

---

(١) بڕوانـە یاسـاکە لـە: نـوری عبدالحمیـد العانـی، عـلاء جاسـم محمـد الحـربي، تاریخ الـوزارات العراقیـة في العهـد الجمهـوري ١٩٥٨- ١٩٦٨، ، ج (٤)، ط (٢)، بغـداد، ٢٠٠٥، ص٦-١١.

(٢) ملفـات وزاره الداخليـة، الموضـوع : انشـاء الجمعيـة العلنيـة باسـم رابطـة حقـوق المـرأة العراقيـة، ١٩٥٨/١١/٢٢.

(٣) ئاری فاروق نانەکەلی، سەرچاوەی پێشوو، ل١٧٨.

(٤) ماجـد شـبر، خطـب الزعيـم عبدالكريم قاسـم ١٩٥٨- ١٩٥٩، دار الـوراق للطباعة والنـشر، لندن، ٢٠٠٧، ص١١٢-١١٤؛ الأهالی"جریـدة"، ع (٣٨١)، ٨ اذار١٩٦٠؛ الـرأي العام"جريـدة"، ع (١٨٣)، ١٠ اذار ١٩٦٠.

(٥) دەربـارەی هۆکارەکانـی سـەرهەڵدانی شۆڕشـی ئەیلـول بڕوانـە: شـكیب عقـراوی، سـنوات المحنـه في کردسـتان اهـم الحـوادث السياسـية والعسـكريه في کردسـتان والعـراق مـن ١٩٥٨ الـی ١٩٨٠، ط (٢)، مطبعـة منـاره، اربيـل، ٢٠٠٦، ص٥٧-٦٧.

ووۆرکـەر)ی ئەمریکـی بـاس لـە هەوڵەکانـی حکومەتـی عێـراق دەکات بـۆ لەناوبردنـی شـۆڕش لـە باشـووری کوردسـتان بـۆ ئـەو مەبەسـتەش پارەیەکـی زۆری تەرخانکـردووە، کـە لـە ڕێـگای بەکارهێنانـی هێـزی سـەربازییەوە ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش بخاتـەوە ژێـر دەسـەڵاتی حکومەتـی ناوەنـد[١] بەپێـی بەڵگەنامەیەکـی باڵیۆزخانـەی بەریتانیـا لـە عێـراق کـە ئاراسـتەی وڵاتەکـەی کـردووە بـاس لـە تاوانکارییەکانـی حکومەتـی عێراقـی دەکات بەرامبـەر بـە هاوڵاتیـان، کـە بـە هـەزاران ئافـرەت و منداڵ بوونەتـە قوربانـی[٢]، هـەر بۆیـە لـە یەکەمیـن هەنـگاودا ئافرەتـان بـە هـۆی بۆردوومانەکانـی ناوچەکانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش دەبنـە قوربانـی ئـەو سیاسـەتەی کـە حکومەتـی عێـراق بـۆ لەناوبردنـی شـۆڕشـی لـە باشـووری کوردسـتان پەیـڕەوی دەکـرد، بـۆ نموونـە لـە٧ی کانوونـی یەکەمـی ١٩٦١ دوای بۆردوومانکردنـی چەنـد گوندێـك چەندیـن ئافـرەت و منـاڵ دەبنـە قوربانـی یەکێـك لەوانـە ئافرەتێـك بـوو بەنـاوی (مەریـم) دوای ئـەوەی ماڵەکـەی دەکەوێتەبـەر بۆردوومـان و سـێ منداڵـی دەبنـە قوربانـی ئـەو ئافرەتـە لـەو کاتـەدا هەڵوێسـتی خـۆی بەمجـۆرە دەردەبرێـت و دەڵێـت: "**شـۆڕش و سـەربەخۆیی نرخـی خۆیـان هەیـە و ئێمـەش ئامادەیـن بەرهەمـی ساڵێکی سـکمان بکەیـن بـە قوربانـی بـۆ میللەتەکەمـان**"[٣] هەروەهـا ڕۆژنامەنووسـی فەرەنسـی (ڕینیـە موریـس) کـە یەکێـك بـووە لـەو پەیامنێرانـەی کـە سـەردانی شـوێنەکانی شـەڕی کـردووە و بـاس لـە چیرۆکـی کوژرانـی ئافرەتێـك لـە ناوچـە چیاییەکانـی کوردسـتان دەکات و نوسـیویەتی: "**ژنـە کوردێـك لـە چیایەکـی کوردسـتان لـە کاتـی شـۆردنی جلەکانـی لەسـەر کانیاوێـك بەهـۆی بۆردوومانـی فڕۆکـە جەنگییەکانـی عێـراق گوللەیـەك بـەر سـینگی دەکەوێـت بەهـۆی سـەختی برینەکـەی و نەبوونـی چارەسـەری پێویسـت گیـان لـە دەسـت دەدا**"[٤]

(1)what is happening in Iraq? Daily worker"News Paper"Nember, EQ 1015/83 (C)13 february1963؛ Iraq's Second Chance، Daily worker"News Paper" Nember, EQ 101583 (e), 16 February 1963

(2)BRITISH EMBASSY, 10114/28/63, BAGHDAD, 26February,1963

(٣) مسعود بارزانی، بە (٣) ب (١) سەرچاوەی پێشوو، ل٥٥.

(٤) ڕینیـە موریـس، کوردسـتان یـان نەمـان، وەرگێڕانـی: مانـی (ئەبوبەکـر سـاڵح ئیسـماعیل)، چاپخانـەی ڕۆکسـنا، هەولێـر، ٢٠١٨، ل٣٣.

هێزەکانی پۆلیس و دەزگا ئەمنییەکان لەناوەوەی شارەکانیش دەستیان کرد بە دەستگیرکردنی ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان پێشمەرگە بوون و دەخرانە بەندیخانەکان ئەمەش وەك فشارێك بوو بۆ سەر هاوسەرەکانیان بۆ ئەوەی واز لە خەباتی پێشمەرگایەتی بهێنن، بۆ نموونە یەکێك لەو ئافرەتانەی شاری هەولێر بەناوی (مامز خدر شێرە) دەستگیر دەکرێت[١]. هەروەها لە دەڤەری زاخۆ (زەینەب عوسمان، حەلیم عەلی، قومری ئیسماعیل حاجی، غەزال عومەر، جەمیلە یوسف عەلی، بەدریە یوسف عەلی، عنبر محمد گولی، عائیشە حاجی جافشین، عائیشە محمد عبداللە) دەستگیرکران[٢].

ڕەوشی سیاسی لە باشووری کوردستان سەرەڕای سەرهەڵدانی شۆڕش لە ساڵی ١٩٦١ زیاتر بەرەو نائارامی سیاسی چوو بە تایبەتی دوای ئەوەی بە هۆی تێکچوونی پەیوەندییەکانی نێوان عەبدولکەریم قاسم و حزبی شیوعی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندامانی حزبی شیوعی دەستگیر کران، ئەمەش کاریگەری لەسەر ڕێکخستنەکانی ئافرەتان بووە و ژمارەیەك لەو ئافرەتانە دەستگیر کران کە ڕۆڵ و چالاکییان هەبوو لە جێبەجێ کردنی ئەرکە حزبییەکان[٣].

جێگای ئاماژەیە ئافرەتانی هەولێر بەشدارییەکی کارایان لە پێناو بەدیهێنانی ئاشتی لە کوردستان هەبووە و بۆ ئەم مەبەستە لە ساڵی ١٩٦٢ هەوڵێکی زۆریان داوە بۆ کۆکردنەوەی ئیمزا لە پێناو گەڕانەوەی ئاشتی بۆ کوردستان و نزیکەی (٢٠) هەزار ئیمزایان کۆکردۆتەوە، بەڵام لەو کاتەی کە ئیمزاکان دەبردرێنە شاری کەرکوك بۆ ئەوەی لە ڕۆژنامەی حزبدا بڵاوبکرێتەوە لەکاتی بردنی لیستەکە لە لایەن (صابر محمد) لە بازگەی کەرکوك هەولێر دەستگیر دەکرێ و ناوەکان ڕەوانەی معاونیەی ئەمنی هەولێر دەکرێت، بەمجۆرە دەزگا ئەمنیەکانی هەولێر لە هەڵمەتێکدا نزیکەی (٣٧٥) کەس دەستگیر دەکەن و لەناو ئەوانەدا (شوکریە حەمەدئەمین) یەکێك

(١) شاوشکا "گۆڤار"، ژ (١)، جۆزەردانی ٢٠٠١، ل ٢١.

(٢) ڕۆژین چلبی منیر، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢٥٦ ؛ صبیحه ابراهیم صالح، المصدر السابق، ص١١-١٢.

(٣) مهدی محمد قادر، دراسات فی تاریخ اربیل المعاصر، مکتب التفسیر للطبع و النشر، أربیل، ٢٠١٩، ص ١٠٠.

لەو ئافرەتانە بوو کە دەستگیر کراوە[1]. دەتوانرێت بگوترێت پەیوەندییەکانی نێوان عبدالکریم قاسم و حزبی شیوعی لە لایەك و پارتی دیموکراتی کوردستان لە لایەکی تر هەر بە خراپی مایەوە، ئەمەش بووە هۆی مانەوەی ئەو ڕەوشە سیاسیی یە ناسەقامگیرەی کە لە عێراق لە ئارادابوو و ئەنجامەکەی بووە هۆی ڕوودانی کودەتای ٨ی شوباتی ١٩٦٣ و کۆتایی بە حوکمڕانی عبدالکریم قاسم هات.

هاتنی (نەتەوەیی و ناسری) یەکان بۆ سەر دەسەڵات لە عێراق بووە هۆی ئەوەی ڕەوشی سیاسی بەرەو نائارامییەکی گشتگیر بچێت بە تایبەتی دوای ئەو هەڵمەتە توندوتیژییەی کە لە لایەن (حەرەس قەومی) یەکان دەستی پێکرد بۆ سەر ئەندام و لایەنگرانی حزبی شیوعی و بووە هۆی دەستگیرکردنی ژمارەیەکی زۆر لە ئەندام و لایەنگرانی نێو ڕێکخستنەکان، لەم هەڵمەتەدا ئافرەتانی سەر بە ڕێکخستنەکان وچالاکوانانی ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە کوردستانیش وەك ناوچەکانی تر لە عێراق ڕووبەڕووی سزادان و گرتن و تەنانەت کوشتن بوونەوە، بۆ نموونە لە شاری هەولێر هەر یەك لە (عطیە مەزهەر، ساکینە عوسمان، خەیریە نادر، شوکریە حمەد ئەمین عەلی، ساکینە سلێمان، سامیە شاکر، حانێ بویا، نازەنین حەیدەری) دەستگیرکران[2]. هەر لە شاری هەولێر حەرەس قەومییەکان هەڵدەکوتنە سەر ماڵێك لە گەڕەکی سەیداوە و دەستدرێژی دەکەنە سەر کچێکی ئەو ماڵە و دوای چەند ڕۆژێك لە خەفت و ئازاری ئەو دەستدرێژیکردنەی کە کردویانەتە سەری کچەکە دەمرێت[3]. دەکرێت بوترێ تاوانەکانی هێزەکانی ئەمن و پۆلیس و حەرەس قەومییەکان کە تا ١١ی تشرینی دووەمی ١٩٦٣ی خایاند بە سەردەمێکی تاوانکاری دادەندرێت لە مێژووی هاوچەرخی عێراقدا چونکە زۆرترین تاوانیان دژی ئازادیخوازانی کورد و نەتەوەکانی تر لە عێراق و کوردستان ئەنجامدا و ژمارەیەکی

(١) المصدر نفسه، ص١٠٠.

(٢) بهاءالدین نوری، في تقییم سیاسة الحزب الشیوعي العراقي في سني ١٩٥٨-١٩٩١، مازق الحركة الشیوعیة في العراق، ط (٤)، العراق، ١٩٩١، ص١٤؛ ڕێگای کوردستان "ڕۆژنامە" ژ (١٢٦٢)، ٢٠٢١/٩/٢١؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ سامیە شاکر صادق"چاوشلی"، ئەڵمانیا، ١٩ی کانوونی دووەمی٢٠٢٢.

(٣) ڕێباز، قەندیل بەغدای هەژاند، چ (٣)، هەولێر، ٢٠١٧، ل١٤-١٥.

زۆر لـە ئافرەتانـی کـورد ڕووبـەڕووی ئـازار و گرتـن و دەسـتدرێژی بوونـەوە[١].

جێگای ئاماژەیـە دەزگا ئەمنـی و پۆلیسـییەکان لـە سـاڵانی ١٩٦٣ تاوەکـو ١٩٧٠ چەندین شـێوازیان بـەکار هێنـاوە بـۆ سـەرکوتکردن و نەهێشـتنی چالاکییـە سیاسـییەکانی ئافرەتـان، سیاسـەتی تیرۆرکـردن (تـرس و تۆقانـدن) یەکێـك بـووە لـەو سیاسـەتە مەترسـیدارانەی حکومەتەکانـی عێـراق لـە شـارەکانی سـلێمانی و کۆیـە و قـەڵادزێ و ئامێـدی و دهـۆك و زاخـۆ و ڕەوانـدز و پێنجوێـن و هەڵەبجـە پەیڕەویـان کـردووە دژی ئـەو ئافرەتانـەی کـە زۆر چـالاك بـوون، ئـەو ئافرەتانـەی کـە بـەم شـێوازە لەناوبـردراون لەوانـە نەجیبـە ڕەشـید مەحمـود، منیـرە مـەلا تاهیـر جەلیلـزادە، ئامینـە قـادر حەمـەد، نسریـن عیسـی حەمـە، زولێخـا محـی الدیـن حسـن، سـەکینە عبداللـە قـادر بـوون[٢].

سیاسـەتی دەسـتگیرکردن و بەندکردنـی ئافرەتـان یەکێکـی تـر بـووە لـەو شـێوازە سـزادانانەی کـە بەرامبـەر ئافرەتـان ئەنجـام دراوە، ئـەو ئافرەتانـەی ڕووبـەڕووی گرتـن دەبوونـەوە بریتـی بـوون لەوانـەی کـە هاوسـەرەکانیان پەیوەندییـان بـە شـۆڕش هەبـوو، جێگای ئاماژەیـە ژمارەیـەك لـەو ئافرەتانـە کـە هاوسـەرگیرییان لەگـەڵ هاوەڵانـی مسـتەفا بارزانـی لـە یەکێتـی سـۆڤیەت کرد بـوو دوای هاتنەوەیـان بۆ کوردسـتان و نیشـتەجێبوونیان لـە شـاری هەولێـر، بەهـۆی بەشـداری هاوسـەرەکانیان لـە شۆڕشـی ئەیلـوول و بەشـداری خۆیـان لـە کاری ڕێکخسـتنە نهێنیەکانـی نـاو شـاردا لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی حکومەتـی عێـراق دەسـتگیر کـران وەك (نایلـە بیـوك مـوراد، ڕەشـیدە ئەمیتۆڤـا، عەنیفـە مسـتەفا، موکمیـل ئاخـو نجـان، منـوەر ئیبراهیمۆڤـا، پەلینـا پاپۆڤـا، شـوکریە ئوسـینەوا، لاریسـا نیکیتۆڤـا، تەمـارا کتینـك ئۆڤـا، رایـە عوسـمان، تەنیـا سـەحەر ڤدینـا، نینـا ئوسـمانوڤا، زولجیـە عوسـمان، عائیشـە قـادر، گولیـزار میـرزا، تانیا ئەلکسـندر، جەمیلـە میرزایوڤـا، پاکیزا کورتیڤـا، ڤیـرا ئەتایوڤـا). بـەڵام دوای ئـەوەی پەیوەنـدی بـە باڵیۆزخانـەی سـۆڤیەت لـە شـاری بەغـدا دەکـەن و ئەوانیـش نیگەرانـی خۆیـان بەرامبـەر بـەم سیاسـەتەی حکومەتـی

(١) بڕوانـە: فائـز الخفاجـي، الحـرس القومـي و دوره الدمـوي في العـراق، دار سـطور لنـشر و التوزيـع، بغـداد، ٢٠١٥، ص١٩ـ ١٣٥.

(٢) شموس ساطعة، المصدر السابق، ص٢٨٠؛ سەلاحەدین ڕاستگەلدی، شەڕە لە بیرکراوەکە، ڕاپۆرتێك لە کوردستانەوە، و: کاوە ئەمین، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، هەولێر، چ (١)، ٢٠٠٤، ل٩٠-٩٦.

عێـراق نیشـان دەدەن و دواتـر لـە ژێـر فشـاری حکومەتـی سـۆڤیەت ئـازاد کـران[1].

دوای ڕاگەیاندانـی بەیاننامـەی ١١ی ئـاداری ١٩٧٠ بـۆ مـاوەی چـوار سـاڵ ڕەوشـێکی ئـارام لــە کوردســتان هاتەئــاراوە و جموجــۆڵ و چالاکییەکانــی ئافرەتــان لــە نــاو ڕێکخسـتنەکان و ڕێکخراوەکانـی ئافرەتـان بـە شـێوەیەکی ئاشـکرا بەڕێوەدەچـوو، هیـچ سیاسـەتێکی توندوتیـژی و دەسـتگیرکردن بەرامبـەر ئافرەتـان ئەنجـام نـەدرا، بـەڵام دوای ئـەوەی حکومـەت لـە بەڵێنەکانـی پەشـیمان بـووەوە و پەیوەندییەکانـی نێـوان حکومەتـی عێـراق وسـەرکردایەتی سیاسـی کـورد تێکچـوو لـە سـاڵی ١٩٧٤ شـەڕ لـە کوردسـتان دەسـتی پێکـردەوە جارێکـی تـر ڕەوشـێکی نائـارام و مەترسـیدار سـەری هەڵدایـەوە.

حکومـەت دوای دەسـتپێکردنەوەی شـەڕ لـە کوردسـتان کەوتـە گرتـن و ڕاوەدوونانـی ئەندامانـی سـەر بـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان، چونکـە لـەم قۆناغـەدا تەنهـا ئـەوان لەبـەری شـۆڕش بـوون دژی حکومەتـی عێـراق، ئافرەتانـی سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی ڕووبـەڕووی توندوتیـژی و گرتـن و تەنانـەت کوشـتنیش بوونـەوە، بـۆ نموونـە لـە ١٦ی نیسـانی ١٩٧٤ (کوردسـتان سـاڵح حامـد) کـە یەکێـك بـووە لـە ئەندامانـی ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی قوتابیانـی کوردسـتان لـە شـاری دهـۆك لـە کاتـی خۆپیشـاندان و ناڕەزایـی قوتابیـان دەکەوێتـە بـەر دەسـتڕێژی گوللـەی هێـزە ئەمنیـەکان و دەکوژرێـت[2]. هـەر لەچوارچێـوەی هەڵمەتەکانـی دەسـتگیرکردنی ئافرەتـان (لەیـلا قاسـم)[3] دوای ئـەوەی لـە

---

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ نایلـە بیـوك، هەولێـر، ٢٧ی ئـاداری ٢٠٢٢؛ پەیامـی ئەیلوول"گۆڤـار"، ژ (٢٢)، تشرینـی یەکەمـی ٢٠١١، ل٢٤-٢٥.

(٢) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ عەبدولکەریـم سـاڵح حامـد، زاخـۆ، ٢٥ی کانوونـی دووەمـی٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٥٣ لـە شـاری بەغـدا لـە دایکبـووە، تاکـو پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی لـە زاخـۆ تـەواو کـردووە، بەهـۆی ئـەوەی بـرای کوردسـتان سـاڵحە ئـاگاداری ژیـان و بیـرەوەری و چالاکییەکانـی خوشـکەکەی بـووە، دوای شـەهیدبوونی کوردسـتان سـاڵح مەترسـی لەسـەر ئەندامانـی دیکـەی خانەوادەکەیـان دروسـت بـووە تەنانـەت یەکێـك لـە براکانیشـی زینـدان کـراوە، بۆیـە کوردسـتان جێدەهێڵـن و دەچنـە وڵاتـی هۆڵەنـدا و ئێسـتا لـە شـاری زاخـۆ دەژیـن.

(٣) لەیـلا قاسـم لـە سـاڵی ١٩٥٠ لـە گونـدی (bامیلـی) سـەربە شـاری خانەقیـن لـە دایکبـووە، لـە سـاڵی ١٩٧١ لەبەشـی کۆمەڵناسـی زانکـۆی بەغـدا وەرگیـراوە و لـە نێـو قوتابیانـی کـوردی زانکـۆ ڕۆڵێکـی دیـاری هەبـووە لـە هۆشـیارکردنەوە و ڕێکخسـتنیان و لـە ڕێکخسـتنەکانی (پ.د.ك) کاری

شانەیەکی نهێنی حزبیدا ئاشکرا بوو لەلایەن هێزە ئەمنییەکانەوە دەستگیر کرا، لە کاتی لێپرسینەوەی لە زیندان داوایان لێکردووە لە نامەیەکدا داوای بەزەیی پێکردن پێشکەش بە سەرۆك کۆمار ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر بکات و پەشیمانی خۆی نیشان بدات، بۆ ئەوەی سزاکەی سوك بکات، بەڵام ڕازی نەبووە و وتوویەتی: "**... من لە یەك سەرۆك و یەك سەرکردە بەولاوە ناناسم، شانازیش بە گەلەکەی خۆم و خەباتی ئەو حزبەوە دەکەم کەوا بە چوونە پاڵی سەربەرز بووم، هەموو ئەوەی بە هیوام ئەوەیە خوا لێم ببورێ لەوەی کە لە جێبەجێکردنی ئەو ئەرکەدا سەرنەکەوتم کە پێمسپێردرابوو، من ئامادەم بۆ مردن و داوای بەزەیی و لێبوردن لە هیچ جەلادێك ناکەم**"[١]. ئەم هەڵوێستەی ناوبراو بووە هۆی ئەوەی لە ١٢ی ئایاری ١٩٧٤ فەرمانی لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ بکرێت[٢]، دەتوانرێت بگوترێت لەیلا قاسم بوو بە یەکەمین ئافرەتی کورد لە مێژووی هاوچەرخی عێراق کە بە هۆکاری سیاسی لە سێدارە بدرێت[٣].

لە لایەکی تر دامودەزگا پۆلیسییەکان دەستیان کردەوە بە هەڵمەتی دەستگیرکردنی ئەندامانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان و ئەو ئافرەتانەی کە هاوسەرەکانیان لە ڕیزەکانی شۆڕش بوون بۆ نموونە چەند ئافرەتێك بەهۆی کاروچالاکییەکانیان لە نێو ڕێکخستنەکانی پارتی دەستگیر کران لەوانە لە دەڤەری بادینان، هەر یەك لە (قومری ئیسماعیل حاجی، زەینەب عوسمان) بۆ چەندجار لەلایەن دەزگا ئەمنییەکانەوە دەستگیرکراون[٤]. لە شاری هەولێریش بەپێی بەڵگەنامەکانی حکومەتی عێراق چەند

---

کردووە، دوای ئاشکرا بوونی شانە نهێنییەکەیان و دەستگیرکردنی لەگەڵ چوار لە هەڤاڵەکانی، ئەشکەنجە و سزای زۆردران بۆ ئاشکراکردنی نهێنی و شانەکانی دیکەی حزبی، لە ئەنجامدا بە بڕیاری ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر سەرۆك کۆماری عێراق لە ڕێکەوتی ١٢ی ئایاری ١٩٧٤ هاوڕێ لەگەڵ هەڤاڵەکانی لە سێدارە دران. بۆ زیاتر زانیاری لەمبارەیەوە بڕوانە: التاخي"جريدة"، ع (٣٩٨٥)، ٢٠٠٣/٥/١٣؛ وێ "گۆڤار" ژ (٥٩)، ئایاری ٢٠١٣، ل٩-١٢.

(١) مسعود بارزانی، سەرچاوەی پێشوو، ب (٣)، ل٨٦-٨٧.

(٢) الجمهورية العراقية، وزارة الصحة، مديرية الاحصاء، م/ صورة قيد وفاة، ١٩٧٤/٥/١٢.

(٣) خەباتی قوتابیان"گۆڤار"، ژ (٨٩)، ٢٠٠٩، ل٥.

(٤) ڕۆژین چلبی منیر، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٥٧.

ئافرەتێـك دەسـتگیر دەكرێـن بـە هـۆی پەیوەنـدی هاوسـەرەكانیان بـە شـۆڕش لەوانـە، عائیشـە مـلا یحیـی، فاتیمـە فقـی احمـد، زینـب حمـد حمـد، یاسـین عبداللـە، مریـم حمـد قـادر، هەمیـن احمـد عـولا، خدیجـە مـلا علـی(1).

سـوپای عێـراق لـە ڕێـگای بۆردوومانكردنـی دێهاتەكانـی كوردسـتان و ناوچەكانـی ژێـر دەسـەڵاتی شـۆڕش چەندیـن ئافرەتـی كـردە قوربانـی، لـە ناوچـەی بادینـان هـەر یـەك لـە (جەمیعـە سـەبری زێـوەی، خەدیجـە عومـەر)(2). لـە گونـدی باوەخۆشـێن لـە ناوچـەی سـلێمانی جەمیلـە عـادل فـەرەج(3). هەروەهـا لـە ٢٤ی نیسـانی ١٩٧٤ بۆردوومانـی شـارۆچكەی قـەڵادزێ كـرا و (١٣٤) كـەس بوونـە قوربانـی لـە ئافـرەت و پیـاو و منـداڵ(4)، لـە یـادی ئـەم بۆردوومانـەدا لـە ٢٤ی نیسـانی ١٩٨٢ خەڵكـی ئـەو شـارە دژی ئـەو تاوانـەی سـوپای عێـراق بەرامبـەر بـە هاووڵاتیـان خۆپیشـاندانێكیان ئەنجامـدا ولە ئەنجامی هێرشـی هێزەكانـی پۆلیـس و سـەربازی بـۆ سـەر خۆپیشـاندانەكە دوو ئافرەت بەناوی دایكـە ئامینە نـاسراو بـە (ئامینـە سـور) و سـنۆبەر مەحمـود ئەحمـەد كـوژران(5). هەروەهـا لـە شـەڕی شارسـتێن كـە لـە ٢٦ی كانونـی یەكەمـی ١٩٧٦ ڕوویـدا، لـە ئەنجامـی بۆردوومانەكانـی سـوپای عێـراق ژمارەیـەك ئافـرەت بوونـە قوربانـی لەوانـە، ئامینـە عبداللـە عەلـی، زێڕیـن قـادر محەمەدئەمیـن، نەجیبـە حمەعەلـی، خەدیجـە مەحمـود قـادر و ژمارەیـەك ئافرەتـی دیكـە برینـدار بـوون لەوانـە: هەمیـن عەبدولڕەحـمان، عائیشـە سـەعید، ئامینـە حسـێن مستەفا، ئەسـتی حەسـەن مستەفا، نەزیـرە عەلـی، ئامینـە عەزیـز، پیـرۆز سـاڵح، خەدیجـە

---

(١) وزارة الداخليـة، محافظـة اربيـل، الشـعبە: القلـم الـسری، ع: ٣٣٦٩/٢١، الموضـوع: اطـلاق سراح عوائـل محجوزە، ١٩٧٧/٨/٣.

(٢) دەنگی پێشمەرگە"گۆڤار"، ژ (١١٨)، ساڵ (١٠)، كانوونی دووەم، ل٤١.

(٣) علـی شـێخ عبدالقـادر عازەبانـی، مـام دەروێـش تەمەنێـك لـە تێكۆشـان، چ (١)، چاپخانـەی تـاران، ٢٠٢٠، ل١٨٠.

(٤) ئاری كەریم، چەند لاپەڕەیەكی زیندوو لە شۆڕشی ئەیلوول، چاپخانەی خەبات، ١٩٩٩، دهۆك، ل١٧٧.

(٥) ئـاراس عەبدولڕەحـمان مسـتەفا، خۆپیشـاندان و ڕاپەڕینەكانـی باشـوری كوردسـتان دژی حكومەتـی عێـراق ١٩٧٥- ١٩٨٨، چاپخانـەی كارۆ، سـلێمانی، ٢٠١٨، بـەرگ (٢)، ل ١٦٣ـ١٦٤؛ ئەحمـەد بانیخێڵانـی، بیرەوەرییەكانـم، سـوێد، ١٩٩٧، ل٤٤٦.

عبداللـە، حاسـمە عەبدولڕەحـمان، نەزیـرە حەمەئەمیـن[١] و چەنـد ئافرەتێـك سـزای لەسێدارەدانیان بەسـەردا سـەپێندرا، لەوانـە (شـیرین سـلێمان عەلـی) لـە قـەزای شـێخان بـوو کـە لـە سـاڵی ١٩٧٨ لـە بەندیخانـەی (ئەبـو غریـب) لـە سێدارەدرا.[٢] لـە دەڤـەری زاخـۆش بەهـۆی بۆردوومانـی سـوپا ئافرەتێـك لـە گونـدی مـەلا عـەرەب بەنـاوی (بەسـنا دیوالـی) دەکوژرێـت[٣]. هەروەهـا لـە گونـدی (لیفـو)ی سـەر بـە پارێـزگای دهـۆك بەهـۆی بۆردومانکردنـەوە ئافرەتێکـی تـر بـە نـاوی (صبریـە مروکـی) و کچێـك بەنـاوی (امیـرە عودیشـو) دەکوژرێـن[٤]، لـە ناوچـەی کانیـا خـەلا ئافرەتێکـی تـر بەنـاوی (حـوا حسـن دیریشـکی) بەهـۆی هێرشـی هێزەکانـی عێـراق کـوژرا[٥]، لـە ناوچـەی گەرمیانیـش چەنـد گوندێـك دووچـاری بۆردوومانـی فڕۆکـە جەنگییەکانـی سـوپای عێـراق بوونـەوە چەنـد ئافرەتێـك بوونـە قوربانـی لەوانـە (نەهیـە فـەرەج فەیزوڵـڵا) بـە هـۆی بۆردوومانـی سـاڵی ١٩٨٥ لـە گونـدی ئۆمەربـل کـوژرا و هەروەهـا (ئاسـکە محەمـەد فەتـاح) بەهـۆی بۆردومانـەوە دەسـوتێت و (ئامینـە سـدیق مەحمـود) و کچێـك بەنـاوی (بـوار أکـبر حاجـی روسـتەم) دەمـرن[٦].

دوای ئـەوەی شۆڕشـی کوردسـتان بـە هـۆی ڕێککەوتننامـەی جەزائیـری ١٩٧٥ تووشـی شکسـت بـووەوە و جموجـۆڵ و چالاکییەکانـی ئافرەتـان وەسـتا، بـەڵام ئـەو بارودۆخـە زۆری نەخایانـد شـۆڕش لـە باشـووری کوردسـتان لـە سـاڵی ١٩٧٦ هەڵگیرسـایەوە، بـەڵام

(١) ئەسـعەد عـەدۆ، مێـژووی سـەرەتای شۆڕشـی گـوڵان ١٩٧٦/٥/٢٦، چ (٢)، چاپخانـەی ڕۆکسـانا، هەولێـر، ٢٠٢١، ل٩١-٩٢ ؛ محەمـەد عەلـی ئیسـماعیل، سـەرچاوەی پێشـوو، ل ١٥٥-١٥٦.

(٢) شموس ساطعة، المصدر السابق، ص٣٤.

(٣) دەنگوباسی کوردستان"هەواڵنامە"، ژ (١٠٩)، کۆتایی تشرینی دووەم، ١٩٨٣، ل٦.

(٤) دەنگوباسی کوردستان"هەواڵنامە" ژ (١١٤)، ٢ی نیسانی١٩٨٤، ل٤

(٥) دەنگوباسی کوردستان "هەواڵنامە"، ژ (١٢٩)، مارت، ١٩٨٥، ل٣.

(٦) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ أکـبر حاجـی روسـتەم، کفـری، ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٢؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ حەسـەن عەلـی فـەرەج، کفـری، ٢٢ی شـوباتی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٧١ لـە گونـدی ئۆمەربل لـە دایکبووە، قۆناغـی سـەرەتایی لـەو گونـدە تـەواو کـردووە، دواتـر بەهـۆی پرۆسـەی شـاڵاوی ئەنفـال و نەمانـی قوتابخانـە لـە گوندەکـە لـە خوێنـدن دابـڕاوە و کەسـوکارەکەی هەموویـان ئەنفالکـراوە و بـە تاقانەیـی ماوەتـەوە، تـەواوی ڕووداوە گرنگەکانـی گوندەکـەی یاداشـتکردووە، ئێسـتا لـە کفـری دەژێـت.

ئـەوەی شۆڕشـی تـازەی لەگـەڵ شۆڕشـی ئەیلـوول لێـك جیادەكـردەوە دەركەوتنـی چەنـد پارتـی سیاسـی تـر بـوون كـە كاریگەرییـان هەبـوو لـە شۆڕشـدا، حكومەتـی عێـراق دوای دەسـتپێكردنەوەی شـۆڕش كەوتـەوە هەمـان ئـەو سیاسـەتانەی كـە پێشـتر دژ بـە ئافرەتـان پەیـڕەوی دەكـرد، بـەڵام لـەم قۆناغـەدا بنكـەی خەباتـی ئافرەتـان فراوانـتر بـوو، لـە كۆتایـی حەفتاكانـی سـەدەی بیسـتەم ژمارەیـەك لـە خانەوادەكانـی پێشـمەرگە دەسـتگیركران، لـە شـاری سـلێمانی هـەر یـەك لـە (تەلیعـە حوسـێن سـوارە، فاتیمـە فـەرەج ئەحمـەد، قەدریـە ئەحمـەد مسـتەفا، سـەبریە عوسـمان قـادر، ئامینـە حەمەئەمیـن فەتـاح، مـژدە سـەعید خەڵـەف، شـیرین محەمـەد عەلـی، فاتیمـە فـەرەج ئەحمـەد، بەهیـە مـارف حەمـەڕەش، فاتیمـە حەمەڕەحیـم حەمەشـەریف[1]، ژیـان عەلـی مەحمـود، كافیـە حاجـی محەمـەد ڕەسـوڵ، گەلاوێـژ حوسـێن قـادر، عەتیـە عەلـی، پرشـنگ عەلـی محەمـەد، تەڵعەتـە عومـەر كاكـە عبداللـە، گەلاوێـژ كەریـم عیسـا، سـارا كەریـم عیسـا) دەسـتگیركران[2]. هەروەهـا لـە سـاڵی ١٩٧٨ بـە هـۆی خۆپیشـاندانەكان كـە دژ بـە سیاسـەتی حكومەتـی عێـراق ئەنجـام دەدران، هەڵمەتـی دەسـتگیركردن دژی ئافرەتـان ئەنجـام درا، لـە خۆپیشـاندانەكانی هەڵەبجـە كـە لـە لایـەن كۆمەڵێـك قوتابـی ئەنجـام درا، چەندیـن قوتابـی كـچ كەوتنـە بـەر شـاڵاوی دەسـتگیركردن لەوانـە، فریشـە سـەید قـادر، ئەدیبـە حەسـەن سـاڵح، سـورەیا عەلـی و فاتیمـە عەلـی[3].

حكومەتـی عێـراق فەرمانـی لێبوردنـی دەركـرد و هەوڵـی ئـەوەی دەدا كـە هەڵاتووەكان

(١) چاوپێكەوتنێـك لەگـەڵ ئەمیـرە محەمـەد ئەمیـن، سـلێمانی، ٦ی كانـونی یەكەمـی ٢٠٢٢، لـە سـاڵی ١٩٥٢ لـە شـاری سـلێمانی لـە دایكبـووە، قۆناغەكانـی خوێندنـی لـەو شـارە تـەواو كـردووە، هـەر لەسـەرەتاكانی دامەزراندنـی یەكێتیـی نیشـتیمانی كوردسـتان پەیوەنـدی بـەو حزبـەوە كـردووە و سـاڵی ١٩٧٦ بەشـی زمـان و ئەدەبـی كـوردی لـە كۆلێـژی ئادابـی زانكـۆی سـلێمانی تـەواو كـردووە، ئێسـتا ئەندامـی مەكتەبـی بـۆرد و ئەرشـیف و مێـژووە لـە مەكتەبـی گەشـەپێدانی بیـر و هۆشـیاری ئـەو حزبـە، لـە شـاری سـلێمانی دەژێـت.

(٢) ئەمیـرە محەمـەد، هەسـتنامەی زینـدان، سـلێمانی، ٢٠١٧، چاپخانـەی حەمـدی، ب (١)، بـە (١)، ل١٢٧، ١٢١، ١٢٨؛ ڕووخـۆش عەلـی، بیرەوەرییەكانـی ژنانـی شـاخ، چاپخانـەی تـەوار، سـلێمانی، ٢٠٠٦، ل٢٠٧، ٢٩١، ٣٦٧، ٣٧١.

(٣) ئاراس عەبدولڕەحمان مستەفا، سەرچاوەی پێشوو، ل١٢٣.

لە ئێران بگەڕێنەوە، بەڵام بە پێی بەڵگەنامەیەکی دەزگای هەواڵگری ئاماژە بۆ ئەوە دەکات دوای نسکۆی شۆڕش لە ناوچەکانی کوردستان پڕوپاگەندەی ئەوە بڵاوبووەوە کە هەر کوردێك عێراقی بێت لە ئێران بگەڕێتەوە بۆ کوردستان دەسەڵاتدارانی عێراق لە سێدارەی دەدەن بە تایبەتی ئەو کەسانەی ڕیزی سوپایان جێهێشتووە[١].

دەتوانرێت بگوترێت ئەو پڕوپاگەندانە کاریگەری هەبوو لەسەر ئەوەی ئەو کەسانەی دەیانویست بگەڕێنەوە بە هۆی ئەو ترسەوە نەگەڕێنەوە بۆ عێراق، بەڵام دواتر دەرکەوت ئەو هەواڵانە دروست نین ژمارەیەکی زۆر لە پەناهەندەکان گەڕانەوە بۆ عێراق، بەڵام دوورخرانەوە بۆ شارەکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق، ئەو ئافرەتانەی لەم ماوەیەدا دوای گەڕانەوەیان ڕەوانەی ناوچەکانی خوارووی عێراق کران لەگەڵ هاوسەرەکانیان، همینە بشیر احمد، رمزیە عبدالله احمد، همینە محمود حسن، زهریە رسول کە خەڵکی ڕەواندز بوون ڕەوانەی شاری ناسریە کران و هەر یەك لە فاتیمە خدر، دیمن یونس، چیمن یونس، عیش ملا عبدالله، حوصت قادر، عائیشە حمدامین، نجیبە عمر، زینب عمر بۆ شاری ڕومادی گواسترانەوە، هەروەها رابی عبدالله، نظیفە خالد، کوثر خالد، حبیبە هەینی، جمیلە معروف، کاملە معروف، فهیمە معروف، عائیشە حارس، فاطمە عثمان علی بۆ شاری دیوانیە و هەر یەك لە نجیبە مصطفی سلیم، زلیخا احمد مصطفی، حمایل احمد، عائیشە ملا هەینی، حبیبە سعید، حبیبە مصطفی، عایشە سعید، فاطمە حسین، مریم حسین، امینە حسین بۆ شاری نەجەف گواسترانەوە و بهار بکر و نسرین بکر و مریم کریم ڕەوانەی شاری سەماوە کران[٢].

ڕاگواستنی خانەوادەکانی پێشمەرگە لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆیان بۆ شوێنێکی تر لە سیاسەتەکانی حکومەتی عێراق بوو کە پەیڕەوی دەکرد، بۆ نموونە لە قەزای کۆیە (٢٠) خانەوادە بە هۆی بوونی پێشمەرگە لە خێزانەکانیان دەرکراون، لەوانە ماڵی زەهرە سلێمان ئیسماعیل، مریەم ڕەسوڵ، حەلیمە حوسێن، گوڵێ موحسین

(١) مركز استخبارات اربيل، برقية سرية و فورية، ع (٧٤٠)، موضوع: نشر دعاية، ١٩٧٧/٧/١٤.

(٢) مديرية الاحوال المدينة محافظة اربيل، ع: س/ ٦١٤٧، موضوع: ترحيل قيود الاكراد، ١٩٧٧/٦/٢٨.

ئاغـا، نایلـە زاهیـر نـادر ئاغـا، زێبـا خالیـد رەشـید، حەلیمـە پاشـا فەتحوڵـڵا[١]. هەروەهـا لـە شـاری هەولێـر (٢٧) کـەس کـە سـەر بـە خانەوادەکانـی (مـولازم عبدالخالـق حمیـد، مـولازم هوشـیار شـاکر سـالح، مـولازم عمـر عثـمان علـی، مـولازم خـسرو فتـاح الاسـعدی) بـوون دەرکـراون[٢]. وەك لـە نوسراوێکـی فەرمـی وەزارەتـی ناوخـۆ هاتـووە ئـەم سیاسـەتەی حکومـەت کاریگـەری مەترسـیداری لێدەکەوێتـەوە بـە جۆرێـك کـە ئـەو بنەماڵانـەی کـە خـاوەن پێشـمەرگە بـوون پەنـا ببنـە وڵاتـی ئێـران لـە ترسـی ڕاپێـچ کردنیـان بـۆ ناوچـە سـنوریەکانی باشـووری عێـراق[٣]. هـەر بەهـۆی ئـەم مەترسـیە ژمارەیـەك لـەو ئافرەتانـەی هاوسـەرەکانیان پێشـمەرگە بـوون پەیوەنـدی بـە شۆڕشـەوە دەکـەن کـە دوای زانیـن دەزگا پۆلیسـییەکانیان لـێ ئـاگادار دەکرێتـەوە لەوانـە: خدیجـە مسـتەفا محمـود، قانعـە عثـمان، لعلـی عمـر داود، فوزیـە خـدر، ناجیـە خـدر، مریـم اسـماعیل احمـد، شـکریە معـروف محمدامیـن، فهمیـە معـروف[٤]. هـەر لـە هەمـان کاتـدا ژمارەیـەك لـەو ئافرەتانـەی کـە دەسـتگیر کـراون ڕەوانـەی بەندیخانەکانـی شـاری واسـت دەکرێـن لەوانـە، همیـن احمـد عـولا، ئایشـە محمـد مسـتەفا، عائیشـە حمـد علـی، سـتی علـی قـادر، صافیـە عبداللـە علـی[٥]، بدریـە خالـد، نجیـە مـلا عبداللـە، پیـمان مـلا عبداللـە، بدریـە اغـا مامنـد، بهیـە جمیـل حسـن، رحمـە حمـزە، نخشـین حمـزە، جیهـان احمـد، حلیمـە عبداللـە لاس، عائیشـە عزیـز محمـد، امنـە حمدامیـن، امیـرە مامنـد رسـول، فخریـە ابراهیـم مـلا، حلیمـە حمـد عبداللـە[٦].

(١) هەورین عەلی تۆفیق، سەرچاوەی پێشوو، ل٦٧ـ ٦٨.

(٢) مدیریـە شرطـة محافظـة أربیـل، القلـم السـري، الرقـم: ١٦٥٠/١٠، موضـوع : تسـفیر عوائـل متمردیـن، ١٩٧٤/٨/٨.

(٣) وزاره الداخلیـة، المخابـرات السریـة و السیاسـیة، الشـعبة: السریـة، الرقـم: ق.س/ ٨٢٣٧، موضـوع: هـروب عوائـل کردیـة، ١٩٧٧/٦/٢٧.

(٤)مدیریـە شرطـة محافظـة أربیـل، القلـم السـري، الرقـم: ٢٩/خ/٢٨٠٦، موضـوع: عوائـل الهاربیـن الـی جانـب المخربیـن، ١٩٧٧/٨/٨.

(٥)مدیریـە شرطـة محافظـة أربیـل، القلـم السـري، الرقـم: ٢٨٢٦، موضـوع: عوائـل الهاربیـن الـی جانـب المخربیـن، ١٩٧٧/٨/١٠.

(٦) مدیریـە شرطـة محافظـة واسـط، القلـم السـري، الرقـم: ٤/١ شـمال/ ١٥٩٤، موضـوع: ارسـال محجوزیـن، ١٩٧٧/٧/٢٦.

جێگای ئاماژەیە دوای ئەوەی حکومەتی عێراق فەرمانی لێخۆشبوون دەردەکات لە بروسکەیەکی نهێنی کە ئاراستەی پارێزگای سلێمانی و زیقار و هەواڵگری هەولێر دەکرێت[١]، داوا دەکات ئەو خێزانانە ڕەوانەی شوێنەکانیان بکرێنەوە کە هاوسەرەکانیان گەڕاونەتەوە ڕیزی نیشتیمانی بەمجۆرە ژمارەیەك لە خێزانە گیراوەکان لە پارێزگاکانی ئەنبار و سەماوە و ناسریە و واست و بەسرا ڕەوانەی شارەکانی کوردستان کراونەتەوە[٢].

لە لایەکی تر بە هۆی تێکچوونی بەرەی نیشتیمانی لە نێوان (حزبی شیوعی و حزبی بەعس) هەڵمەتێکی دەستگیرکردن بۆ ئەندامانی سەر بە حزبی شیوعی دەستپێکرد، چەندین کەس لە ئەندام و لایەنگرانی ئەم حزبە دەستگیرکران، چەندین ئافرەتیش لەم هەڵمەتەدا دەستگیرکران، لەوانە لە شاری کەرکوك، خەرامان شوکر لەتیف (پەروین)، گەلاوێژ شوکر لەتیف (شەرمین)، مەدیحە شوکر لەتیف (تارا)، ناسکە شوکر لەتیف (ئارە)، پەخشان ڕەزا کەبابچی، شیرین رەزا کەبابچی، نەسرین رەزا کەبابچی، سنور رەزا کەبابچی، گوڵالە ڕەزا کەبابچی، نازدار حەمە خورشید، کوردستان حەمید[٣]. هەروەها ژمارەیەك لە ئافرەتانی نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی و ڕێکخراوەکانی ئافرەتان لە شوێنی کارەکانیان لە دامەزراوەکانی حکومەت وەك سزادانێك گواسترانەوە بۆ سەر میلاکی وەزارەتەکانی تر، بەپێی نوسراوێکی وەزارەتی ناوخۆ چەند مامۆستایەکی ئافرەت بە هۆی پەیوەندییان بە حزبی شیوعییەوە ڕاژەیان لە سەر وەزارەتی پەروەردە بۆ سەر وەزارەتی پیشەسازی دەگوازرێتەوە لەوانە، ئامینە قادر عبداللە، سامیە شاکر صادق، حبیبە مستەفا مەزهەر، نسرین شاکر، سنۆبەر اسماعیل نصراللە، نجیبە صدقی عباس[٤].

هەر لە چوارچێوەی سزادانی ئافرەتان یەکێك لەو سیاسەتانەی کە حکومەت

---

(١) برقیة سریة الی محافظة السلیمانیة، ذیقار، استخبارات اربیل، ع: ٢٨٢٣/٢١، ١٩٧٧/٦/٢٢.

(٢) الجمهوریة العراقیة، مجلس قیادة الثورة اللجنه العلیا لشؤون الشمال، ع: ٦٠/١/٢٧، موضوع: اطلاق سراح محجوزین، ١٩٧٨/١/٣.

(٣) ڕێڕەوی تێکۆشان، بیرەوەرییەکانی کەریم ئەحمەد، سەرچاوەی پێشوو، ل٢٧٠؛ پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خەرامان شوکر لەتیف، هۆڵەندا، ١٥ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٤) شموس ساطعة، المصدر السابق، ص١٦٥.

پەیڕەوی دەکرد بریتی بوو لە دوورخستنەوەیان لە شوێنی کارکردنیان بۆ نمونە لە شاری هەولێر هەڵمەتی گواستنەوەی ڕاژەی هەندێك لە مامۆستایانی زانکۆی سەلاحەددین دەستپێکرد کە لەنێو قوتابیانی زانکۆدا هاندەری قوتابیان بوون لەسەر پرسە نەتەوەیی و نیشتیمانییەکان، هەر لەو ماوەیەدا (١٠٤) قوتابی کورد لە زانکۆی سەلاحەددین بۆ زانکۆکانی ناوەڕاست و خوارووی عێراق گواسترانەوە و (٣٧) مامۆستای کورد لە زانکۆی ناوبراو دوورخرانەوە بەسەر زانکۆکانی (موسڵ، بەسرا، بەغدا) دابەشکران[١]. پەروین ڕەحیم عەبدولڕەحمان یەکێك بوو لە مامۆستا دوورخراوەکان[٢].

هێزەکانی سەر بە دامودەزگا پۆلیس و ئەمنییەکان لە ساڵانی جەنگی نێوان عێراق و ئێران کەوتنە جێبەجێ کردنی هەڵمەتێکی فراوان بۆ سەر ئەندامانی سەر بە ڕێکخستنە سیاسییەکان لە ئەنجامی ئەو هەڵمەتەدا ژمارەیەك لە ئافرەتانی سەر بە پارتە سیاسییە کوردستانی و عێراقییەکان دەستگیرکران، بۆ نموونە بەپێی یەکێك لە بەڵگەنامەکانی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی کەرکوك (خەرامان شکر لەتیف) کە فەرمانبەر بووە لە لقی کشتوکاڵی کەرکوك لە ١٥ی شوباتی ١٩٨١ دەستگیر دەکرێت بە تۆمەتی ئەوەی کە پەیوەندی بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعییەوە هەیە بۆ ماوەی چوار مانگ لە ژێر لێپرسینەوەدا دەبێت و ١ی حوزیرانی ١٩٨٢ بە فەرمانی بەڕێوەبەرایەتی (ئەمنی عامە) ئازاد دەکرێت[٣]. هەر چەندە ناوبراو ڕووبەڕووی چەندین ئەشکەنجە

(١) کوردستان موکریانی، لە هەولێرەوە بۆ هەولێر، ژیان و بیرهاتی، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠٢٢، ل١٣٦.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ تامان عەبدوڵڵا شاکر، ئەڵمانیا، ٦/٦/ ٢٠٢٢. لە ساڵی ١٩٦٢ لەکۆیە لە دایکبووە، قۆناغەکانی خوێندنی لە شاری کۆیە تەواوکردووە، دوای نسکۆی شۆڕش پەیوەندی بە حزبی شیوعی عێراقەوە دەکات لە ڕێگەی (عائیشە گوڵ) و ڕاسپێردراوە بۆ گەیاندنی نامەکانی حزب بۆ ڕێکخستنەکانی شاری بەغدا، ساڵی ١٩٨٢ بەشداری لە خۆپیشاندانەکانی شاری هەولێر کردووە و بەو هۆیەوە بۆ ماوەی سێ مانگ دەستگیرکراوە، ساڵی ١٩٨٣ بەشی کوردی لە کۆلێژی ئاداب لە زانکۆی سەلاحەدین تەواو دەکات. دوای تەواوکردنی زانکۆ دەبێت بە پێشمەرگە و پەیوەندیەکانی بە حزبی شیوعی تا ساڵی ١٩٩١ بەردەوام دەبێت و دواتر دوور دەکەوێتەوە، خاوەن چەند بەرهەم و وتار و نوسین و بابەتی تایبەت بە ئافرەتانە، ئێستا بەهۆی بارودۆخی تەندروستییەوە لە وڵاتی ئەڵمانیا دەژێت.

(٣) المؤسسة العامة التسويق الزراعي، فرع التاميم، الذاتية، الرقم (٧٣)، موضوع/ اطلاق سراح

و ئازار و مەترسی دەبێتەوە، بەڵام ئامادە نابێت هیچ زانیارییەکی تایبەت بە خۆی و ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی لە شاری کەرکوك ئاشکرا بکات، ئەمەش یەکێك بووە لەو ئامرازە سەرەکییانە کە لە کاتی لێپرسینەوەکان لەگەڵ گیراوەکان گرنگی پێدراوە و هۆکارێك بووە بۆ ئازاد بوونیان[١]. هەروەها بەپێی بەڵگەنامەیەکی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی بەلدە کە ئاراستەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمنی هەولێر کراوە خێزان و کچەکانی (مەلا شوکر لەتیف) کە ئەندامی حزبی شیوعی- هەرێمی کوردستان بووە دوای ئەوەی لە شاری کەرکوك دێتە هەولێر لە گەڕەکی برایەتی نیشتەجێ دەبێت، بەڵام دوای ئەوەی شوێنەکەی ئاشکرا دەبێت لەلایەن مەفرەزەیەکی ئەمنی بەلدە هەڵدەکوتنە سەر ماڵەکەیان و هەریەکە لە کافیە شەریف وەلی خێزانی ناوبراو و هەردوو کچەکەی بە ناوەکانی (مەدیحە شوکر لەتیف و ئاسکە شوکر لەتیف) دەستگیر دەکەن و ڕەوانەی گرتووخانەی هەولێری دەکەن[٢]. هەروەها ژمارەیەکی تر لە ئافرەتانی سەر بە ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی دەستگیرکراون لەوانە، عایدە یاسین (هاوسەری بەهادین نوری) لە زیندان دەکوژرێت و ڕووفاتەکەی نەدراوەتەوە، نیشتیمان ئەحمەد، سروە ئەحمەد، گوڵشەن محەمەد ڕەشید، نەرمین فەرەج، گەلاوێژ کەریم، شلێر عوبێد سەعاتچی[٣]. بەپێ بەڵگەنامەیەکی سەرۆکایەتی دادگای شۆڕش بڕیاری زیندانی هەتا هەتایی بۆ گوڵشەن محەمەد ڕەشید بە هۆی ئاشکرابوونی لە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعی دەردەکات[٤].

هەر لە ساڵانی جەنگدا چەندین ئافرەت لە خانەوادەی پێشمەرگەکانی سەر بە پارتی دیموکراتی کوردستان دەستگیر کران بە مەبەستی فشار خستنە سەر کەسوکاریان تاکو خۆیان ڕادەستی حکومەت بکەنەوە، بۆ نموونە لە شاری هەولێر هەر یەك لە دڵسۆز نامیق سەعید، قومری محەمەد ساڵح، لەیلا کەکڵەیی، ندوە کمال رشید، سەبریە چۆمانی، عیشرەت حاجی ئەرگوشی، حەنیفە پیرۆ کەکڵەیی،

موظفة، ١٩٨٢/٦/١٤.

(١) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ خەرامان شوکر لەتیف، هۆڵەندا، ١٥ی ئایاری ٢٠٢٢.

(٢) مديرية أمن البلده، ع: ١٣٦١٧، الموضوع: ارسال عائله، ١٩٨٦/٨/٩.

(٣) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ نیشتیمان ئەحمەد محەمەد، سوێد، ٢ی کانوونی یەکەمی٢٠٢٢.

(٤) رئاسة محكمة الثورة، بغداد، رقم: ٤٩٢٠، موضوع: اصدار الحكم، ١٩٨٥/١/١٩.

خانـی ئەرگوشـی، سـەبریە ئەحمـەد، بەفریـن حاجـی ئەحمـەد، گـوڵ نەبـی، خەدیجـە حەسـەن، مامۆسـتا فەیـروز، حاجـی ئایشـێ دەسـتگیرکران[1]. جێـگای ئاماژەیـە هەندێـك لـەم ئافرەتانـە لـە کاتـی دەسـتگیرکردنیان دووگیـان بـوون و لـە نێـو زینداندا منداڵیـان لـە دایکبـووە لەوانـە، قومـری محەمـەد سـاڵح، لەیـلا کەکڵەیـی، نـدوە کـمال رشـید، سـەبریە چۆمانـی هەروەهـا لـە دەڤـەری بادینـان چەندیـن خانـەوادەی پێشـمەرگە دەسـتگیرکراون لەوانـە، بەسـنا حەسـەن یاسـین، رشـدیە عومـەر حەسـەن، ئەسـمەر عەلـی حسـێن، قـودرەت سـلێمان محەمـەد،ناریـن عەلـی حسـێن، بەهـار عەلـی حسـێن، فاتیمـە میـرزا، زێڕیـن عەبدولڕەحـمان، عزیـزا تاهـر چەلـو، دەغیلە نەشـئەت، نـازدار نەجمەدیـن، لاهیجان ئەحمـەد، جێـگای باسـە زێڕیـن عەبدولڕەحـمان لـە نێـو زینداندا منداڵێکـی دەبێـت و ناوێ لێدەنێـت (زینـدان)[2]. لـە شـاری خانەقینیـش دوو ئافـرەت کـە سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بوونـە لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی حکومەتـی عێراقیـەوە دەسـتگیرکراون بەناوەکانـی زێڕیـن عەبـاس قـادر و فیـردۆس سـەلمان مـوراد[3].

هەروەهـا چەندیـن ئافرەتـی دیکـە کـە سـەر بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان بـوون لـەم ماوەیـەدا کەوتنـە بـەر شـاڵاوی دەسـتگیرکردن لـە لایـەن دەزگا

(١) شاوشـکا"گۆڤار"، ژ (٧)، نـەورۆزی ٢٠٠٣، ل٤٠؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ قومـری محەمـەد سـاڵح، سـۆران، ٢٦ی کانونـی یەکەمـی٢٠٢٢، لـە سـاڵی١٩٦٢ لـە مێرگەسـور لـە دایکبـووە، سـاڵی ١٩٧٧ هاوسـەرگیری کـردووە لەگـەڵ پێشـمەرگەیەکی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بـە نـاوی (مەولـود گـەردی)، سـاڵی ١٩٧٨ لەلایـەن حکومەتـی عێراقـەوە بـە زۆرەملـێ گواسـتراوەتەوە ئـۆردۆگای هەریـر، سـاڵی ١٩٨٠ زینـدان کـراوە، تـا کۆتایـی سـاڵی ١٩٨٢ لەنێـو زینداندا یەکێـك لـە کوڕەکانـی لەدایکبـووە بەنـاوی (سـەبری)، ئێسـتا لـە سـۆران دەژێـت؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ نـدوە کەمـال رشـید، هەولێـر، ٢٥ـی کانونـی یەکەمـی٢٠٢٢: لـە سـاڵی ١٩٦٢ لـە چۆمـان لـە دایکبـووە، تـا پۆلـی سـێیەمی ناوەنـدی خوێنـدووە ،لـە سـاڵی ١٩٧٩ هاوسـەرگیری لەگـەڵ یەکێـك لـە پێشـمەرگەکانی پارتـی دیموکراتـی کوردسـتان بەناوی(خالیـد بـەرزە) کـردووە، لـە سـاڵی ١٩٨٠ زیندانکـراوە وەك فشارێك بـۆ سـەر هاوسـەرەکەی، تاکـو سـاڵی ١٩٨٢ لـە زینـدان ماوەتـەوە و یەکـەم سـاڵی زیندانـی کچێکـی لـە دایکبـووە و نـاوی لێنـاوە (بەنـدی)، ئێسـتا لـە شـاری هەولێـر دەژێـت.

(٢) سەربەسـت تروانشـی، بڕیـار و بەرخـوەدان، ڤەگێڕانـا ڕۆژانێـن کەهیکرنـا ئەڤرازییـان، چ (١)، دهۆك، ٢٠٢٢، چاپخانەیـا بەدرخانیان، ل٢٠-٢١.

(٣) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ پەروین عەلی (بیوکی)، هەولێر، ٨ی ئاداری ٢٠٢٢.

ئەمنییەکانـەوە بـۆ نموونـە لـە گەرمیـان مەهابـاد قەرەداغـی وەك ئەندامێکـی چالاکـی نێـو ڕێکخسـتنە نهێنییەکانـی کۆمەڵـەی ڕەنجدەرانـی کوردسـتان دەسـتگیرکرا بـۆ مـاوەی سـاڵێك زینـدان کـرا[1]، هەروەهـا چەندیـن خانـەوادەی نێـو ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان دەسـتگیرکران لەوانـە لـە شـاری سـلێمانی شـەوبۆ فەتـاح ئەحمـەد، بێگـەرد محەمـەد خوامـوراد، ئاسـکۆڵ ڕەشـید عبداللـە، نازەنین عوسـمان، شەمسـە ئەحمەد عبداللـە، نەسریـن عوسـمان کەریـم، بەدیعـە قـادر کەریم، سـدیقە قادر شـەریف، کوێسـتان کاکەحەمـەی خامـە، خاتـوون سـاڵح ئیسـماعیل[2]. لـە قـەڵادزە گەلاوێـژ حوسـێن ئەحمـەد بەهـۆی شـاردنەوەی چـەك و تەقەمەنـی لـە نـاو لانکـی منداڵەکەیـدا دەسـتگیرکراوە[3]، لـە نێـو بزووتنـەوەی سۆشیالیسـتیش کەسـوکاری پێشـمەرگەکانی ئـەو حزبـە ڕووبـەڕووی ڕاوەدوونـان و دەسـتگیرکردن دەبوونـەوە، بـۆ نموونـە هەریـەك لـە (گـەردە ڕۆسـتەم) هاوسـەر و (ئامینـە مەحمـود) خوشـکی محەمـەدی حاجـی مەحمـود سـکرتێری ئێسـتای حزبـی سۆشیالیسـتی کوردسـتان دەسـتگیرکران[4]. لەشـاری کفـری بەهەمانشـێوە چەندیـن خانـەوادەی پێشـمەرگە دەسـتگیرکران وەك: طـاوس عبدالعزیـز سـعید ئۆمەربلـی، خانـزاد سـاڵح، خەدیجـە محەمـەد کەریـم، ڕوونـاك فەقـێ عەلـی، ڕووخـۆش فەقـێ عەلـی، جوانـە فەقـێ عەلـی، ئەختـەر فەقـێ عەلـی، زەکیـە کەریـم سـان، هەدیـە ڕەشـید ئەحمـەد، فەوزیـە ڕەشـید ئەحمـەد، شـاناز عەبـاس حـارس، کـەژاڵ حەمیـد، شـازاد حوسـێن سـەعید، لەتیفـە هاوسـەری کەریـم فـارس، ژیـان کەریـم فـارس، تەلیعـە هاوسـەری حاجـی سـەعید، شـکریە حاجـی سـەعید، ئامینـە فـەرەج، پەرژیـن عبـاس محمـد أمیـن، ناهیـدە عبـاس محمـد أمیـن، عەینـە عبـاس محمـد أمیـن، گەلاوێـژ عبـاس محمد أمیـن، نیـگار بکـر عبـاس، سـۆیبە هاوسـەر بکـر عبـاس، ئامینـە دایکـی عەلـی پەرلەمـان، سـەبری هاوسـەری حاجـی

(١) مەهاباد قەرەداغی، چلچرا بیرەوەری، چاپخانەی ئاراس، هەولێر، ٢٠٠٧، ل٢٢.

(٢) ڕووخـۆش عەلـی، بیرەوەرییەکانـی ژنانـی شـاخ، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٧٥، ١٩٧ ؛ ئەمیـرە محەمـەد، هەسـتنامەی زینـدان، چاپخانـەی حەمـدی، ٢٠١٧، سـلێمانی، ب (٢)، بـە (١)، ل١٠٥، ١١١-١١٢، ١١٥، ١٣٠، ١٣٧، ٢١٩.

(٣) ئـاواز محمـد همـزە، دیمانەیـەك لەگـەڵ شـێرەژنێکی زیندانـی سیاسـی (گەلاوێـژ حوسـێن ئەحمـەد)، وره"گۆڤـار"، ژ (٣، ٤)، بەهـاری ٢٠٠٣، ل٤٥.

(٤) چاوپێکەوتنێك لەگەڵ تامین کاکە سور، سلێمانی، ١٣ی کانونی دووەمی ٢٠٢٢.

حەمۆمیـن، نەجیبـە جەبـار جەوهـەر، دێنـێ حەسـەن شـەریف. جێگـەی ئاماژەیـە هەندێك لـەم دەسـتگیرکراوانە دوای دەسـتگیرکردنی هاوسـەر یـان کوڕەکانیـان ئازادکـراون، یەکێـك لەوانـە طـاوس عبدالعزیـز سـعید دوای لـە سـێدارەدانی یەکێـك لـە کوڕەکانـی بەنـاوی (أسـکندەر حیـدر حاجـی روسـتم) لـە زینـدان ئـازاد دەکرێـت[1].

لـە شـاری هەولێریـش بەهەمـان شـێوە چەندیـن ئافـرەت لـە نێـو ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی نیشـتیمانی کوردسـتان دەسـتگیرکران لـە دیارترینیـان، کنێـر جەمیـل حەسـەن، کـەژاڵ عوسـمان حەسـەن، زەکیـە ئیبراهیـم عوسـمان، فریـال عبداللـە و هەروەهـا ئامینـە محەمـەد ئەمیـن[2]. لـە شـاری کۆیـە هەریـەك لـە کـوردە عومـەر عبداللـە (کوردەخـان)، زەهـرە سـلێمان ئیسـماعیل، زبێـدە ئەسـعەد، درەخشـان ئەسـوەد، چواربـاخ حەمـە سـەعید ئەسـعەد، منیـرە حەمـە سـەعید ئەسـعەد، دیمـەن حەمـە سـەعید ئەسـعەد، گەلاوێـژ حەمـە سـەعید ئەسـعەد، گورجـی میـرە ئەمیـر، بەدیعـە حەمـە سـدیق، شـنۆ چەتـۆ کەریـم دەسـتگیرکران[3].

(١) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ طـاوس عبدالعزیـز سـعید، کفـری، ٤ی شـوباتی٢٠٢٢، سـاڵی ١٩٤١ لـە گوندی ئۆمەربـل لـە دایکبـووە و لـە سـاڵی ١٩٥٤ هاوسـەرگیری کردوە لەگەڵ یەکێك لە پێشـمەرگەکانی شۆڕشـی ئەیلـوول بەنـاوی (حیـدر حاجـی روسـتم)، دواتـر دوو لەکوڕەکانـی بوونەتـە پێشـمەرگە ئەمـە هۆکارێـك بـووە، کـە بـەردەوام چاوی دەزگا ئەمنییەکانی لەسـەر خانەوادەکـەی بێت و چەندین جـار زیندانی کراوە دواجـار سـاڵی ١٩٨٠ زینـدان بـووە، دوای لـە سـێدارەدانی یەکێـك لـە کوڕەکانی ئـازاد دەکرێت، ئێسـتا لە کفـری دەژێـت؛ چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ هەدیە ڕەشـید ئەحمـەد، کفری، ٤ی شـوباتی٢٠٢٢.

(٢) پەیوەندی تەلەفۆنی لەگەڵ کنێر جەمیل حەسەن، هۆڵەندا، ١٨ی نیسانی٢٠٢٢.

(٣) چاوپێکەوتنێـك لەگـەڵ کـوردە عومـەر عبداللـە نـاسراو بە(کـوردە خـان)، کۆیە،١١ـی ئایـاری ٢٠٢٢، ناوبـراو لـە سـاڵی ١٩٦١ لـە کۆیـە لـە دایکبـووە، سـاڵی ٢٠٠٤ بڕوانامـەی بەکالۆریـۆس لـە مێـژوو لـە زانکـۆی کۆیـە بەدەسـت دەهێنێـت، سـاڵی ١٩٨٠ پەیوەنـدی بـە ڕێکخسـتنەکانی یەکێتـی دەکات، دوای ئاشـکرابوونی لەنێـو ڕێکخسـتنەکان لەلایـەن دەزگا ئەمنییەکانـی حکومەتی عێراقەوە دەسـتگیر دەکرێت و بـۆ ماوەیـەك دەسـت بەسـەر دەکرێـت بـەڵام بەهـۆی دانپێدانەنانـی هیـچ زانیارییـەك سـەبارەت بـە ڕێکخسـتنەکان ئـازاد دەکرێـت، سـاڵی ١٩٩٦ بـووە بـە کارگێـڕی مەڵبەنـدی (٧)ی کۆیـە، سـاڵی ٢٠٠٣ بـووە بـە قائیمقامـی کۆیـە. سـاڵی ٢٠١٠ بووەتـە بەڕێوەبـەری گشـتی بەرەنگاربوونـەوەی توندوتیـژی ئافرەتـان لـە وەزارەتـی ناوخـۆ، ئێسـتاش لـە هەولێـر دەژیـت؛ بـۆ زیاتـر زانیـاری سـەبارەت بـە ئافرەتـە زیندانکراوەکانـی شـاری کۆیـە بڕوانـە: هەوریـن عەلـی تۆفیـق، سـەرچاوەی پێشـوو، ل٦٩-٧٣

دەزگا ئەمنییەکانی عێراق لە ساڵی ١٩٨٧ جارێکی تر دەستیان بە هەڵمەتێکی دەستگیر کردن کردەوە، لەم هەڵمەتەیدا ژمارەیەك ئافرەت کە سەر بە ڕێکخستنە نهێنییەکان بوون کەوتنە بەر ئەم شاڵاوە ودەستگیرکران، بۆ نموونە (قومری ئیسماعیل حاجی) ناسراو بە (قومری زاخۆیی) یەکێك بوو لەو ئافرەتانەی کە دوای دەستگیرکردنی لە ١٠ی کانونی یەکەمی ١٩٨٧ بەهۆی بەشداریکردنی لە چالاکییە چەکدارییەکان کە لە زاخۆ و ناو شاری موسڵ ئەنجام درابوون کە ژمارەی چالاکییەکان (١٣) چالاکی بووە حوکمی لە سێدارەدانی بەسەردا جێبەجێ کراوە[١].

هەر لەم ماوەیەدا چەند ئافرەتێکی تر بە هۆی کاری سیاسییەوە دەستگیرکران و هەندێکیان بە توندترین شێوە سزا دران، یەکێك لە دیارترین ئەو ئافرەتانە کە لە نێو ڕێکخستنەکانی حزبی شیوعیدا لە شاری کۆیە کار و چالاکی سیاسی ئەنجام داوە (عائیشە قادر یونس) ناسراو بە (عائیشە گوڵ)، کە بەپێی بەڵگەنامەیەکی (ئەمنی عامە) کە ئاراستەی (ئەمنی هەولێر) کراوە هەواڵی کوشتنی ناوبراو بە ڕێکخستنەکانی (باکور) ڕادەگەیەنێت، وەك لە بەڵگەنامەکەدا هاتووە: "**... بە هۆی بارودۆخی ئەمنی تایبەت کە ئێستا لە ئارادایە پێش ٨ی ئابی ١٩٨٨ و ڕێگاگرتن لە جموجوڵ و چالاکی شیوعیەکان و لایەنە تێکدەرەکانی تر جێبەجێ کردنی فەرمانەکە بەشێوەیەکی دوور لەبەرچاو ئەنجامدراوە**"[٢]. جێگای ئاماژەیە ئەو کراسەی کە لە ڕۆژی گوللەبارانکردنی لەبەریدا بووە شوێنی (٦) گوللەی بەسەرەوە دیارە کە ئەمەش بەڵگەیە لەسەر گوللەبارنکردنی[٣]، بەپێی گێڕانەوەی کەلسوم حەلاق کچی ناوبراو، ئاماژە بۆ ئەوە دەکات کە یەکێك لەو ئافرەتانەی کە لەگەڵ دایکیدا زیندانی بووە باس لەوە دەکات کە ئازار و ئەشکەنجەی زۆری عائیشە گوڵ دراوە و تەنانەت (ئوتویان) لە جەستەی داوە و سینگیان (مەمکەکانیان) کون کردووە، بەڵام ناوبراو خۆڕاگر بووە و ناوی هیچ

---

(١) حزب البعث العربي الاشتراكي، قيادة شعبة زاخو، قيادة فرقة القادسية، الى المنظمات الحزبية كافة، الموضوع: معلومات، ع: ٢٧٠٠/٨، ١٩٨٧/١١/١٦.

(٢) رئاسة الجمهورية، السكرتير، مديرة الامن العامة، مديرية أمن محافظة اربيل، سرى وشخصى، ع: ش١، الموضوع: تنفيذ حكم، ١٩٨٨/٨/٨.

(٣) بۆ زیاتر زانیاری و بینینی وێنەی جلوبەرگی (عائیشە گوڵ). بڕوانە پاشکۆی ژمارە (٣٤).

کەسی لە ئەندامانی شانە نهێنییەکانی حزبەکەی ئاشکرا نەکردووە[١]. هەر لەو ساڵەدا چەندین ئافرەت لە شاری کۆیە گوللەباران کراون، لەوانە، گوڵەباغ بەکر مەلا، عالیە بەکر مەلا، لەعلی مەلا عبداللە، کافیە کەریم حەسەن، نازەنین عبداللە حەسەن[٢]، هەر لەو چوارچێوەدا لە ساڵی ١٩٨٩ گروپێکی ڕێکخستنی سەر بە حزبی شیوعی ئاشکرا دەبن یەکێك لە ئەندامانی گرووپەکە بەناوی (مەریم عومەر خارند مەرزانی) دوای دەستگیرکردنی لە سێدارە دەدرێت[٣].

